# ئەزموونی شیعریی جەلال مەلەکشا

نامەیەکە

پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆلێژی پەروەردە و زمان لە زانکۆی چەرموو– چەمچەماڵ کراوە،
وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا

لەلایەن

ثریا احمد عبدالله

بکالۆریۆس لە بەشی کوردی کۆلێژی زمان ساڵی (٢٠٠٠) زانکۆی سلێمانی

بە سەرپەرشتی

پ. ی. د. سامان عیزەدین سەعدون

تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ی زایینی　　　　خەزەڵوەری ٢٧٢٢ی کوردی

**بەڵێننامە**

بەڵێن دەدەم، کە ئەم ماستەرنامەیە بەناونیشانی (ئەزموونی شیعریی جەلال مەلەکشا) هەمووی بە ئەنجام گەیەنراوە لەلایەن خودی خۆمەوە، جگە لەو جێگایانەی، کە بەئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسین و ئەنجامەکانی توێژینەوە کاری سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لەهیچ شوێنێک بڵاونەکراوەتەوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە، بەڵێن دەدەم، کە لەهەر جێگەیەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەکەی کردووە...

ئیمزا:

ناوی خوێندکار: ثریا احمد عبدالله

بەرواری: ٢٤-٨-٢٠٢٢

## بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی

ئەم ماستەر نامەیە بە ناونیشانی (ئەزموونی شیعریی جەلال مەلەکشا)، کە لەلایەن (ثریا احمد عبدالله)ەوە، پێشکەشکراوە، لەلایەن خودی خۆمەوە لە ڕووی زانستییەوە پیاداچوونەوەی بۆ کراوە، پشتگیری دەکەم و ڕەزامەندین، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی تاووتوێکردن بکرێت.

هەڵسەنگێنەری زانستی: پ.د. علی طاهر حسین

بەروار: ٢٠٢٢/٩/١٨

## پشتگیری سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە بەسەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نووسراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی ئەدەبی کوردی و پشتگیری دەکەم، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی تاووتوێکردن بکرێت.

ئیمزا:

ناو: پ. ی. د. سامان عزالدین سعدون

بەروار:     -     - ٢٠٢٢

---

**پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراون وئاماژە بە پشتگیری سەرپەرشتیاری ئەم نامەیە، نامەکە دەنێرم بۆ لیژنەی گفتوگۆ.**

ئیمزا:

ناو: د. ئاسۆ عومەر مستەفا

سەرۆک بەش

بەروار:     -     -٢٠٢٢

# بڕیاری لیژنەی گفتۆگۆ

ئێمە وەک لیژنەی گفتۆگۆ، ماستەر نامەی خوێندکار (ثریا احمد عبدالله) بەناونیشانی (ئەزموونی شیعریی جەلال مەلەکشا)، خوێندەوە و لەگەڵ خودی خوێندکار گفتوگۆمان کرد، بۆیە بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە، بە پلەی (                    ) بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

ئیمزا:
پ. ی. د. جەلال انور سعید
ئەندام
ڕۆژ: ١٧- ١٠- ٢٠٢٢

ئیمزا:
پ. ی. د. سەرکەوت عومەر ئیبراهیم
ئەندام
ڕۆژ: ١٧- ١٠- ٢٠٢٢

ئیمزا:
پ. د. حەمە نوری عومەر کاکی
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: ١٧- ١٠- ٢٠٢٢

ئیمزا:
پ. ی. د. سامان عزالدین سعدون
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ: ١٧- ١٠- ٢٠٢٢

لەلایەن کۆلێژی پەروەردە و زمان_ زانکۆی چەرموو پەسەندکرا

د. سوزان سەعدولا عەبدولغەنی
ڕاگری کۆلێژی پەروەردە و زمان
بەروار:    -    - ٢٠٢٢

**پێشکەشە بە:**

- ❖ گیانە پاکی و بەرەنگاریخوازەکەی جەلال مەلەکشای زیندە یاد.
- ❖ هاوڕێ و هاوسەری ژیانم

## سوپاس و پێزانین

- ✓ سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ مامۆستای بەڕێزم (پ. ی. د. سامان عزالدین سعدون)، وێڕای ئەوەی وەک مامۆستایەک لە قۆناغی خوێندنی ماستەردا وانەی پێوتین، ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ، هەنگاو بەهەنگاو بەڕێنمایی و سەرنجی وردی لەگەڵمدا بوو، تا گەیشتین بە ئەم قۆناغە.
- ✓ سوپاسی زۆرم بۆ بەڕێز (د. ئاسۆ عومەر مستەفا) سەرۆکی بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە و زمان، کە وەک مامۆستا و وەک سەرۆکی بەش لە هەموو هەنگاوێکدا هاوکار و یارمەتیدەرمان بووە.
- ✓ سوپاسی زۆرم بۆ بەڕێزان: پ. د. عەلی تاهیر بەرزنجی، پ. د. شنۆ محمود محمد، کە بەشێوەی جۆراوجۆر هاوکار و یارمەتیدەرم بوون.
- ✓ سوپاسی زۆرم بۆ بەڕێزان: پ. د. محمد تاتانی، پ. د. بێستون حسن، کە بەشێوەی جۆراوجۆر دڵسۆزانە هاوکارم بوون.
- ✓ سوپاس بۆ هاوسەری ژیانم مامۆستا صدیق اورحمان، کە لە دەستپێکەوە تا دواقۆناغی ئەم نامەیە هاوکار و پشتیوانم بووە.

## پوختەی نامەکە

جەلال مەلەکشا یەکێکە لە شاعیرە دیار و نوێخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە سەرەتای تەمەنی لاوییەوە تێکەڵ بە دنیای شیعر و ئەدەبیات دەبێت، ئەزموونی شیعریی خۆی لە ڕێگای سوود وەرگرتن لە شاعیرانی نوێخوازی فارس و شاعیرانی کوردستانی باشوور دەوڵەمەند دەکات و وەک ڕابەرێکی ڕەوتی نوێخوازی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەناسرێت، سیمای دیاری شیعری ئەم شاعیرە شیعرە نیشتیمانیی و بەرەنگارییەکانییەتی بەم هۆیەوەشەوە دووچاری گرتن و زیندان و دەردەسەری زۆر بوو .

لە ڕوانگەی بایەخدان بە ئەدەبیاتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕەوتی نوێخوازی لەو ناوچەیە، ئەم لێکۆڵینەوەیەمان تەرخانکرد بۆ ئەم شاعیرە بە ناونیشانی (ئەزموونی شیعریی جەلال مەلەکشا) بۆ تیشک خستنە سەر ئەزموون و دنیای شیعریی شاعیر.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا کورتەیەک لە ژیان و کارو چالاکییەکانی لە بواری شیعر، چیرۆک، فەرهەنگ نووسی، ڕۆژنامەوانی و وەرگێڕان، هەروەها مەلەکشا لەژێر کاریگەری شاعیرانی فارس بە تایبەت ئەحمەد شاملوو، لەژێر کاریگەری شاعیرانی کوردستانی باشوور و دەوڵەمەند کردنی ئەزموونە شیعرییەکەی بەم کاریگەرییە خراوەتە ڕوو، هەروەها باسی ئەزموونی شیعریی و نوێگەری لای ئەم شاعیرە باسی لێوەکراوە، لەبەشی دووەمدا ناوەڕۆکی شیعریی مەلەکشا لە بابەتەکانی نیشتمانی، بەرەنگاری، فەلسەفی، مرۆڤایەتی، دڵداری ڕۆشنایی خراوەتە سەر، لە بەشی سێیەمیشدا بنیاتی شیعرەکانی لە ڕووی زمانی شیعریی، وێنەی شیعریی، ئاوازی شیعریی، ، تەکنیکی شیعریی، باسی لێوەکراوە و بەنموونەی شیعری ڕوونکراونەتەوە.

لە کۆتایشدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکە، سەرچاوە بەکارهاتووەکانیش بەشیوەیەکی زانستی ڕیزکراون.

**ناوەرۆک**


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ناونیشان | i |
| بەڵێننامە | ii |
| بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی | iii |
| پشتگیری سەرپەرشتیار | iv |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | V |
| پێشکەشکردن | Vi |
| سوپاس و پێزانین | Vii |
| پوختەی نامەکە | Viii |
| ناوەرۆک | x– ix |
| پێشەکی | ١– ٢ |
| **بەشی یەکەم: جەلال مەلەکشا لە بازنەی ئەدەبیی و نوێگەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا** | ٣– ٤٩ |
| **پاری یەکەم: سەردەم و ژیانی ڕۆشنبیری شاعیر** | ٤ |
| **پاری دووەم: کاریگەریی ئەدەبیاتی فارسی لەسەر جەلال مەلەکشا ئەحمەد شاملوو وەک نموونە** | ١٢ |
| **پاری سێیەم: کاریگەری بزاڤ و بزوتنەوە ئەدەبییەکانی باشوری کوردستان لەسەر جەلال مەلەکشا** | ٣٠ |

| | |
|---|---|
| پاری چوارەم: جەلال مەلەکشا و ئەزموونی نوێگەری | ٤٦ |
| **بەشی دووەم: ناوەرک و بابەتی شیعریی جەلال مەلەکشا** | ٥٠- ١٠٢ |
| پاری یەکەم: شیعری نیشتمانیی | ٥١ |
| پاری دووەم: شیعری بەرەنگاریی | ٦٠ |
| پاری سێیەم: شیعری فەلسەفی | ٧٥ |
| پاری چوارەم: شیعری مرۆڤایەتی | ٨٢ |
| پاری پێنجەم: شیعری خۆشەویستی | ٩١ |
| **بەشی سێیەم: بنیاتی هونەریی دەقە شیعرییەکانی جەلال مەلەکشا** | ١٠٣- ١٤٧ |
| پاری یەکەم: زمانی شیعریی | ١٠٤ |
| پاری دووەم: وێنەی شیعریی | ١١٢ |
| پاری سێیەم: ئاوازی شیعریی | ١٢٥ |
| پاری چوارەم: تەکنیکی شیعریی | ١٤٠ |
| ئەنجام | ١٤٨ |
| سەرچاوەکان | ١٥٠- ١٥٩ |
| Abstrct | A |

## پێشەکی:

جەلال مەلەکشا وەک یەکێک لە شاعیرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتای لاوێتییەوە بەنووسینی شیعری فارسی هاتە نێو دونیای ئەدەبیات و لە بوارەکانی تری وەک ڕۆژنامەگەری، چیرۆک نووسین، وەرگێرانی ئەدەبی و فەرهەنگ نووسی ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەری هەبووە و جێ پەنجەی دیارە، بەڵام لەناو ئەم بوارانەدا زیاتر بە شیعرە کوردییەکانییەوە ناسرا بەهۆی کاریگەی ئەدەبیاتی فارسی لەلایەک و شاعیرانی نوێخوازی باشوری کوردستان لەلایەکی ترەوە توانیویەتی شیعری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەوپێش ببات لەگەڵ شاعیرانی سەردەم و قۆناغی خۆی، لەلایەک وەک شاعیرێکی نوێخواز و ڕابەرێکی نوێگەری شیعری کوردی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دەناسرێت، لەلایەکی تر وەک شاعیرێکی بەرگریخواز و یاخی لە دەسەلاتی سیاسی و نەیارانی نەتەوەکەی، بەهۆی بەردەوامی لەسەر ئەم بیرەی قوربانی زۆری داوە و بەشێکی زۆری تەمەنی لە کونجی زینداندا بەسەربردووە..

**هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:** هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بەمەبەستی ئەوەیە، کە ئەزموونی شیعریی جەلال مەلەکشا بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و تیشک بخرێتە سەر لایەنەکانی نووسینی شیعر و ئەو کاریگەریی و هەژموونانەی لەسەریبوون و دواتر ڕۆڵی شاعیر دیاری بکرێت لەبازنە ئەدەبییەکەی خۆی، کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

**گرفتی لێکۆڵینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، ئایا تا چەندێک شاعیر توانیویەتی لە وەرگرتن و کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی فارسی و هەروەها بزاڤ و بزووتنەوە ئەدەبییەکانی باشوری کوردستان سوود وەربگرێت و ئەزموونە شیعرییەکەی دەوڵەمەندبکات؟ هەروەها لەڕووی ڕەهەند و مەبەستە شیعرییەکانی چۆن بابەتی بەرەنگاری و نیشتیمانی تەوزیف کردووە لە شیعردا مرۆڤ وەک پرسێکی جیهانی چۆن مامەڵەی لەگەڵداکراوە؟ لەڕووی فۆرمەوە چۆن مامەڵەی لەگەڵ کێش و سەروای ئازاد کردووە و تاچەندێک سەرکەوتووبووە لە بنیاتی وینەی شیعری و بەکارهێنانی تەکنیکی شیعریی؟

**بایەخی لێکۆڵینەوەکە:** بایەخی ئەم توێژینەوەیەش لە وەدایە، کە لەڕێگەیەوە دەکرێت ڕۆڵی شاعیرێکی وەک جەلال مەلەکشا دەربخەین لەڕووی دەرخستنی ئەزموونە شیعرییەکەیەوە، ڕۆڵی بزانین وەک

ڕابەرێکی نەوەی دووەمی شیعری نوێی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کە دوای (چاوە، سوارە، عەلی حەسەنیانی "هاوار") دەستیپێکردووە.

**ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە:** ئامانجمان خستنە ڕووی ڕایەڵ و ڕێگاکانی کامڵبوونی ئەزموونی شیعریی شاعیر و ڕاددەی سوود وەرگرتنییەتی لە دەوروبەر و شاعیرانی تر، وە خستنەڕووی ڕەهەندە جیاوازەکانی شیعری مەلەکشا و شێوەی بنیاتی دەقی شیعری شاعیرە، لەچەند بوارێکی ئاشکرا و دیارەوە .

**سنوری لێکۆڵینەوەکە:** سنوری لێکۆڵینەوەکەمان تەنها کارکردن بووە لەشیعرە کوردییەکانی جەلالی مەلەکشا لەناو دیوانەکەیدا.

**مێتۆدی لێکۆڵینەکە:** توێژینەوەکەمان بە ڕێبازی شیکاری وەسفی ئەنجامداوە و لەهەرکوێیەک پێویستمان بەرێبازێکی تربووبێت سوودمان لێوەرگرتووە، وەک ڕێبازی بەراوردکاری بۆ بابەتی کاریگەری ئەدەبیاتی فارسی لەسەر جەلال مەلەکشا.

**کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە**: کەرەسەی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەمان دیوانی شاعیر جەلال مەلەکشایە.

**پەیکەری لێکۆڵینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە، جگە لە پێشەکی لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە. بەشی یەکەم تایبەتە بەمەلەکشا لە بازنەی ئەدەبی و نوێگەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کە لە چوار پار پیکهاتووە، پاری یەکەم، باسی سەردەم و ژیانی ڕۆشنبیری، پاری دووەم کاریگەریی ئەدەبیاتی فارسی لەسەر جەلال مەلەکشا ئەحمەد شاملوو وەک نموونە، پاری سێیەم کاریگەریی بزاڤ و بزوتنەوە ئەدەبییەکانی باشوری کوردستان لەسەر جەلال مەلەکشا، پاری چوارەم جەلال مەلەکشا و ئەزموونی نوێگەری، بەشی دووەم تایبەتە بە ناوەرۆک و بابەتی شیعریی لای جەلال مەلەکشا، کە لە پێنج پار پێکهاتووە لە هەر پارێک باسی یەکێک لەم بابەتە شیعرییانە کراوە: نیشتیمانی، بەرەنگاری، فەلسەفی، مرۆڤایەتی، دڵداری، بەشی سێیەم تایبەتە بە بنیاتی هونەری دەقە  شیعرییەکانی جەلال مەلەکشا، کە لە چوارپار پێکهاتووە، پاری یەکەم زمانی شیعریی، پاری دووەم، وێنەی شیعریی، پاری سێیەم ئاوازی شیعریی، پاری چوارەم تەکنیکی شیعریی.

دواتریش ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتوون دانراون، سەرچاوە بەکارهاتووەکان ڕیزکراون، پوختەی نامەکەش بەزمانی ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم:

## جەلال مەلەکشا لە بازنەی ئەدەبی و نوێگەری لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

**پاری یەکەم: سەردەم و ژیانی ڕۆشنبیری شاعیر**

**پاری دووەم: کاریگەریی ئەدەبیاتی فارسی لەسەر جەلال مەلەکشا ئەحمەد شاملوو وەک نموونە**

**پاری سێیەم: کاریگەریی بزاڤ و بزوتنەوە ئەدەبییەکانی کوردستانی باشوور لەسەر جەلال مەلەکشا**

**پاری چوارەم: جەلال مەلەکشا و ئەزموونی نوێگەری**

## بەشی یەکەم:

## جەلال مەلەکشا لە بازنەی ئەدەبی و نوێگەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

### پاری یەکەم: سەردەم و ژیانی ڕۆشنبیری شاعیر

ئەدەبیاتی موکریان، کە لقیکە لە ئەدەبیاتی شیعریی بابان لەسەر دەستی وەفایی و میسباح الدیوان و حەریق لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە پەیڕەویکردنی شێوەی شیعریی بابان دەستی بە گەشە و نەش و نوماکرد، چەندین شاعیری بە توانا دەرکەوتن و ناویان لەو قوتابخانەیەدا دیار و بەرچاوە، وەک: مەلا مارفی کۆکەیی، شەوقی، سەیفولقوزات...هتد، ئەگەرچی زۆربەی توێژەرانی بواری ئەدەبی کوردی سەبارەت بەسەرەتای ئەو قوتابخانە شیعرییە دابەش دەبن بەسەر دوو بیروڕای جیاوازدا هەندێکیان ئەو سەرەتایە دەگێڕنەوە بۆ وەفایی و میسباح الدیوان ، بەو بەڵگەیەی کە شوێنی ژیان و لەدایک بوونیان موکریان بووە. هەندێکی تر لە لێکۆڵەران سەرەتای قوتابخانەی شیعری موکریان دەگێڕنەوە بۆ سەیفی قازی (سەیف القضاة) و مەلا مارفی کۆکەیی، خاڵی گرنگ ئەو هەنگاوە گەورەیەیە کە لە ڕەچە شکێنی و دەستپێکی گۆڕانکاری لەلای سەیفی قازییەوە دەست پێدەکات و لە دوای ئەوە شاعیرانی ناوچەی موکریان پەیڕەوی لێدەکەن.

بۆیە سەیفی قازی(١٨٧٧-١٩٤٤) بە "مامۆستای شاعیرانی موکریان ناودەبرێت" (هێمن، ٢٠١٤، ٤٨٣). هەرچەندە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت "کە نەتوانین شوێنی شێوازی شاعیرانی دیکە لەشیعری سەیف دا هەڵبگرین، بەپێچەوانەوە شیعری سەیف لەلایەکەوە لەژێر کارتێکردنی قوتابخانەی بابان و لەلایەکی ترەوە شوێن وەرگرتوو لە قوتابخانەی حاجی قادری کۆیی بووە" (مەحمودزادە، ١٣٩٧هـ ٣١). سەیفی قازی کەسێکی ڕوناکبیر و خوێندەوار بووە و زۆر هەوڵیداوە خۆی لە بەکارهێنانی وشەی بێگانە بپارێزێت و لەبری وشە و واژەی سادە و ساکاری کوردی بەکاربهێنێت. "ئەم هۆنەرە بەپێچەوانەی نالی و میسباح و وەفایی و زاناکانی پێش خۆی زۆر تێکۆشاوە لە بەکارهێنانی واژەی عەرەبی خۆ بپارێزێ و زمانێکی کوردی پاک و خاوێن بۆ دەربڕینی هەست و بیری شاعیرانەی خۆی بدۆزێتەوە" (ئەحمەد، ١٣٦١هـ ١٩). هەر لەم بارەیەوە (هێمن)ی شاعیر دەڵێت: "سەیفی قازی خۆی قوتابخانەیەکی نوێی لە ئەدەبی کوردیدا کردۆتەوە، بەیەکەمین شاعیری کوردستانی ئێران دەناسرێت، کە بایداوەتەوە سەر ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی و بەزمانی زەحمەتکێشان و ڕەنجبەرانی لادێ شیعری گوتووە، تێکۆشاوە تەعبیری ناسک و ڕەسەنی کوردانە لە شیعری ساکار و جوان و ڕەوانی خۆیدا بگونجێنێت، وشەی پەتی و ڕەسەنی کوردی بەکاربێنێت و زمانەکەمان بەچەشنێکی وەستایانە و شارەزایانە بژاربکا و وشەی بێگانەو نامۆی لێ دەربهاوێژێت و بە شایەدی هەموو زمانناسێک لەم کارە بەکەڵکەدا زۆر سەرکەوتوو بووە" (هێمن، ٢٠١٤، ٤٨٥). ئەمین گەردیگلانی سەبارەت بە سەیفولقوزات دەڵێت: "سەیفولقوزات ئەو ڕچە زمانییەی شکاند و تاڕادەیەک جلکی عەرووزیشی لەبەر

کچی شیعر دادڕی" (مەحمودزادە، ١٣٩٧هـ ٦٦٢) لێرەدا ئەم نموونە شیعرییە دەخەینە ڕوو، کە تێیدا شاعیر بەکەڵک وەرگرتن لە کۆمەڵێک وشەی سادە و ساکاری خۆماڵیی باوی ناو خەڵک و بەکارهێنانی ئاواز و کێشی خۆماڵی کوردی ڕەخنە لەکۆمەڵ دەگرێت و سەرکۆنەی دەکات، دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **شەمال و زریان دایم شەڕیانە** | **ئاغاوات شرن کرمانج قریانە** |
| **کرمانج دەوڵەتی بوو پاتاڵ بو** | **کۆچی دێ بە دێ بە مانگ و ساڵ بو** |
| **ئەویش لە دەس چو هێندە کۆچ مەکەن** | **کای سەرو نوێ کەن، جوتی زۆر بکەن** |
| **باغان دابێنن، داران بنێژن** | **نەجیبو عەسڵن، کۆن و لە مێژن** |
| **تاکەی لە دەرکان کزو بڵاو بین** | **بێ مەزن و گەورەو سەر بێ کڵاو بین؟ (ئەحمەد، ١٣٦١هـ ١٥)** |

سەیفی قازی "کاریگەریی لەسەر شاعیرانی دوای خۆی بەجێهێشتووە، لە هەردوو لایەنی شێوە و ناوەڕۆکەوە مۆرکی تازەگەریی و پێشکەوتن بە بەرهەمەکانییەوە دیارە" (محمود، ٢٠٠٧، ٢٩). بەمجۆرە سەیفی قازی هەنگاوی بەرەو پەتی وێژەیی و نوێبونەوەی شیعر هەڵگرت و خزمەتێکی زۆری زمانی کوردی کرد.

درێژەپێدەری ڕێگای سەیفی قازی، چەند شاعیری مەزنی وەکو خاڵەمین، سەید کامیلی ئیمامی (ئاوات)، عەباسی حەقیقی، محەمەدی عەتری گوڵانی (نوری)، هێمن، هەژار، هێدی.....هتد، ئەم شاعیرانەش "بەهۆی بارودۆخی ئەو کاتەی ئێران ... زۆربەی شیعرەکانیان بۆ نیشتمانپەروەری تەرخانکردبوو، ئامانجیان ڕزگارکردنی گەل و سەربەخۆیی نیشتمانیی بوو...، ئەم دیاردەیە لەسەردەمی کۆمەڵەی (ژ. ک) و پاشان لە ڕۆژانی کۆماری کوردستان لە مهاباد بەڕوونی دەبینرا" (محمود، ٢٠٠٧، ٢٩). بەدوای ئەم شاعیرانەش دا نەوەی یەکەمی شیعری نوێ لە کوردستانی ئێراندا سەرهەڵدەدەن، کە بریتین لە (سوارەی ئیلخانیزادە، فاتیحی شێخولئیسلامی(چاوە)، عەلی حەسەنیانی(هاوار) )، کە بە سێکوچکەی شیعری نوێ لە کوردستانی ئێراندا دادەنرێن. "ئەم سێ ناوە لە ساڵانی پەنجاکانەوە ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان لە نوێگەری شیعری کوردیدا هەبووە، ئەم سێ کەسە لە پرۆسەی سەرهەڵدان و سەقامگیر بوونی شیعری نوێدا گەلێک بنەڕەتی بوون و کارێکی ئەوتۆیان کرد پرۆسەی لەدایک بوون و پەرەسەندنی شیعری نوێ گەلێک خێراو بەبێ بەربەرەکانی ئەوتۆ لەلایەن داکۆکیکەرانی شیعری کۆنەوە بەڕێوە بچێت" (محمود، ٢٠٠٧، ٢٧). ئەم نەوەیەش "دەکرێت وەک شەپۆل یا ڕەوتی یەکەم ناویان بەرین" (مەحمودزادە، ١٣٩٧هـ ٥١٩). بەڵام، کاتێک باسی شیعری نوێ لە کوردستانی ئێران دەکرێت. ناوی سوارە زیاتر دەدرەوشێتەوە. "هەرچەند کاکە سوار سێیەم کەس بوو، کە لە کوردستانی ئێران دەستی بەدانانی شیعری نوێ کرد، بەڵام لەو مەیدانەدا بوو بە شاسوارێکی لێهاتوو و شیعری نوێی گەیاندە لوتکە (خەوەبەردینە)کەشی بەڵگەی ئەو سەرکەوتنەیە" (حەسەنیانی(هاوار)، ١٣٩٠، ٢٠). عەلی تاهیر بەرزنجی لە بارەی سوارەوە دەڵێت:

" ئەم شاعیرە بۆ یەکەمجار لە کوردستانی ئێراندا ڕچەی لاسایی و چاولێکەری شکاند...، شیعرەکانی سوارە دوو نیشانە دەپێکن یەکەمیان شکاندنی ڕچەی شیعری پێش خۆی و دووەمیان لە ئامێزگرتنی کۆمەڵێک مەبەست، کە خۆی لە چوارچێوەی ڕەمز و هێما و ئیشارەتی شاراوەدا دەبینێت" (بەرزنجی_ب، ۲۰۰۰، ۲۹). ئەو هەنگاوەی سوارەش سەرچاوەکەی پشت بەستن بووە بە ئەدەبیاتی فارسی و جیهانیی و سوودی لێوەرگرتوون واتە " گەنجینەکەی سوارە تەنها کوردی نەبووە، بەڵکو کاریگەری ئەدەبیاتی فارسی و جیهانیشی لەسەر بووە. بەمە شیعری نوێی کوردی گەیاندۆتە باڵا و هاوشانی نوێگەری فارسی و جیهانیی ڕۆیشتووە" (بەرزنجی_ب، ۲۰۰۰، ۳۰). هەر لەم بارەیەوە جەعفەر حوسێن پوور دەڵێت: "سوارە و فاتیحی شێخولئیسلامی(چاوە)و عەلی حەسەنیانی(هاوار)، کە سێ سواری لێهاتووی مەیدانی شیعری نوێن، لە زانستگەی تاراندا یەک دەگرنەوە، دیارە لە پێشدا هەرسێکیان بە فارسی شیعریان دەست پێکردووە" (فەلاح، ۲۰۱۳، ۳٦٥). سەرەتا عەلی حەسەنیانی(هاوار) "لەساڵی ۱۹٥۹ بەشیعری(جەللاد) بوێرانە ڕچەی شیعری نوێ لە کوردستانی ئێران دەشکێنێ...پاشان بەدوایدا شیعرێکی دی بەناوی(بۆمباران) دەخولقێنێ، دەڵێن مامۆستا هێمن کە چاوی بەشیعری (بۆمباران) دەکەوێ دەڵێت: "میللەتێک کە لە ئەدەبیاتەکەیدا ئەو شیعرەی هەبێ هەرگیز نامرێت" (حەسەنیانی(هاوار)، ۱۳۹۰، ۲۱)، کە لێرەدا کۆپلەیەکی دەخەینە ڕوو:

**جارجار قرەی قەل،**
**لەبنەی دار و باخ،**
**یان دەنگی گوندێک،**
**لەلای شاخ و داخ،**
**یا لوورەی گورگێک،**
**لەلای تەل و گرد،**
**بێدەنگی دێیان لە نێو لادەبرد...**
**جارجار دوو لک دار،**
**هەروەک دوو دڵدار،**
**سەریان وێک دێنا، سرتەیان دەکرد...** (حەسەنیانی(هاوار)، ۱۳۹۰، ۱۱۳)

دوای عەلی حەسەنیانی فاتیح شێخولئیسلامی (چاوە) یەکەم شیعری نوێی بەناوی(زستان) دادەنێت و بە دوایدا کۆمەڵێک شیعری تر بەناوی (شەوە، بووکی کۆستکەوتوو، کۆمباو....) دادەنێت بەدوای (چاوە) شدا سوارە یەکەم شیعری نوێی بەناوی (شار) دادەنێت. بەڵام ڕەوتی سوارە زۆر درێژەی نەکێشاو کورتخایەن بوو، حەمەی کەریمی دەڵێت: "ئەم کورتخایەنییەی ڕەوتی سوارەیی و نا دەوامی شیعری سوارەیی دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی ناهەمواری کوردستان لە ڕووی کەشوهەوای سیاسی و فەزای کلتورییەوە لەلایەک و لە لایەکی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەژمونیی شیعری نوێی باشووری کوردستان (پەیوەست بە ڕەوتی ڕوانگەو کفری) بەتایبەت ڕوانگەییەکان، کە بەتوندی شیعری بەرەی

پاش سوارەیان خستبووە ژێر سێبەری کارتێکردنی خۆیانەوە" (فەلاح، ٢٠١٣، ٤٠٣)، ئەمەش بوو بەهۆی سەرهەڵدانی بەرەی دووەمی ڕەوتی نوێخوازی کە لە کۆتایی دەیەی ٥٠ی هەتاوی و سەرەتای دەیەی ٦٠ی هەتاوی(١٩٨١ی زاینی)ییەوە بە "جەلال مەلەکشا، ساڵح سووزەنی، ڕەحیم لوقمانی، ڕەئووف مەحموودپوور، جەلیل عەباسی، کەریم دافعی و.....هتد" (مەحموودزادە، ١٣٩٧هـ ٥١٩) دەستپێدەکات. ئەم بەرەیە "بە ڕەچاوکردنی کەشوهەوای سیاسی و فەزای کولتووری و کۆمەڵایەتی ئێران بەگشتی و بەتایبەتی دۆخی نالەباری کوردستان (لەوسەردەمەدا) بەزمانێکی ڕەخنەگرانەوە لەڕێگای شیعرەکانیانەوە دژ بەسیستمی چەوسانەوەی داگیرکەران و دژی دەسەڵاتی سەرکوتکەر و هەر چەشنە چەوسانەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەنگیان هەڵبڕی" (مەحموودزادە، ١٣٩٧هـ ٤٧٢). ئەم ڕەوتە نوێیە شیعر دەکەنە هۆکارێک بۆ بەرگری کردن لەمافە کلتوری و ئینسانییەکان، هەروەها وێناکردنی کلتوری مۆدێرنیزم و بەرجەستەکردنی دیاردە نەرێنی و سلبییەکانی دنیای مۆدێرن لە ژیان و ژینگەی شاردا لە بابەتە سەرەکییەکانی ئەم ڕەوتەیە. لەنێو ئەم شەپۆلە نوێیەیی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا جەلال مەلەکشا ناوێکی ئاشناو دیارە، یەکێکە لە پێشەنگەکانی بزافی نوێخوازی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، بۆیە بەپێویستی دەزانین تیشک بخەینە سەر ژیان و کاروچالاکییەکانی لەناو دنیای ئەدەبدا کەبابەتی باسەکەمانە.

**یەکەم: ژیانی تایبەتی و خێزانی**

جەلال ڕەحیمی ناسراو بە جەلال مەلەکشا، شاعیر، چیرۆکنووس، ڕۆژنامە نووس، فەرهەنگنووس و وەرگێڕی بەتوانا ساڵی ١٣٣٠هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٥١ی زاینیی لەگوندی مەڵووشان(مەلەکشان)ی سەر بەشاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی جوتیار لەدایک بووە. (ڕەحمانی، ٢٠٢٠، ١٤). ناوبراو نازناوەکەشی هەر لەناوی گوندەکەیەوە وەرگرتووە، باوکی ناوی ئەحمەد ڕەحیمی مەلەکشان و دایکیشی ئامینە گەوێڵی کێلانەیە، جەلال یەکەم منداڵی خێزانەکەی بووە و خاوەنی سێ خوشک و سێ برای دیکەیە. باوکی خوێندەواری نەبووە، بەڵام جەلال "هەر لەمنداڵییەوە، پێش ئەوەی بڕواتە قوتابخانە لەژێر کاریگەری مامێکی خوێندەواری بە ناوی (عەبدولڕەزا) فێری خوێندن و نووسینی کوردی دەبێت، وەک خۆی باسی کردووە "پێنج ساڵان بووم، کە مامم بەهاندان و بەزۆر، شیعری شاعیرانی کلاسیکی وەکو نالی و مەحوی و ...هتد پێ لەبەر دەکردم" (جەلال مەلەکشاهـ ٢٠١٩). بەمجۆرە هەر لەمنداڵییەوە و "لەتەک مامیدا بە شیعر و ئەدەب ئاشنا دەبێت لە خزمەت مامی فێری شیعر و ئەدەبی شاعیرانی فارسی وەک حافزو سەعدی و مەولانا بووە" (حەسەنی ٢٠١٨، ١). سەبارەت بە خوێندنی "جەلال تا پۆلی سێی سەرەتایی لە گوندی مەڵووشان خوێندویەتی دواتر لەگەڵ بنەماڵەکەی هاتوونەتە شاری سنە و قۆناغەکانی تری خوێندنی لەشاری سنە تەواو دەکات" (ڕەحمانی، ٢٠٢٠، ١٤). دواتر بڕوانامەی دبلۆم لە ئەدەبیاتی فارسیدا وەردەگرێت.

لەبارەی ژیانی خیزانی شاعیرەوە وەک لە ماڵپەڕە فەرمییەکەی خۆیدا تۆمار کراوە جەلال مەلەکشا "ساڵی١٩٧٥ز لەتەمەنی بیست و چوارساڵیدا لەگەڵ خانمی بەهیە ئەژدەرنەژاد کچی بنەماڵەیەکی ناسراوی شاری ورمێ ،هاوسەرگیری دەکات و لە ژیانی هاوبەشیاندا دەبنە خاوەنی سێ کوڕ بە ناوەکانی کاوە، شاهۆ و نیما"( مەلەکشا ٢٠٢١).

جەلال مەلەکشا شاعیری تێکۆشەر و ئەویندارى نیشتمان، کە نەخۆشییەکی درێژخایەنی هەبوو سەرەنجام "لە ئێوارەی ڕۆژی شەممە ١٣٩٩\٨\١٠ی هەتاوی (٢٠٢٠\١٠\٣١ی زاینی) لە شاری سنە بەهۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد" (ڕەحمانی، ٢٠٢٠، ٢٢). تەرمەکەی لەڕێوڕەسمێکی پڕ شکۆدا و لەنێو ئاپۆڕای جەماوەردا لە گوندەکەی خۆی (مەلەکشان) لە زێدی باوو باپیرانیدا بە خاک سپێردرا.

**دووەم: شیعرو چیرۆک**

جەلال مەلەکشا هەر لە منداڵییەوە خولیای شیعرو ئەدەب و نووسین بووە و لەتەمەنێکی کەمدا دەست بەنووسین دەکات و بە وتەی خۆی یەکەم شیعری بەزمانی کوردی "کاتێ پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووە نووسیویەتی، خەمنامەیەک بۆ مەرگی کچە دراوسێیەکیان، کە نەخۆش دەکەوێ و لەبەر نەبوونی دکتۆر و دەرمان دەمرێت" (نووسەران ٢٠٢١، ٧).

سەرەتای ئەزموونی شیعریی لەتەمەنی لاوییەوە و بەنووسینی شیعر بەزمانی فارسی دەستپێدەکات هەر وەک شاعیر خۆی دەڵێت: "من پێش ئەوەی بەزمانی کوردی شیعر بڵێم لەبواری ئەدەبی فارسیدا سەرقاڵی چالاکی بووم. لەسالانی (١٣٤٦ و ١٣٤٧هەتاوی)یەوە من دەستم بەنووسینی فارسی کرد و زۆر زوو توانیم لەئەنجومەن و کۆڕە ئەدەبییەکانی ئەدەبیاتی فارسی، هەروەها لە ڕۆژنامە فارسییەکاندا جێگەی خۆم بکەمەوە." (ئەحمەدی، ٢٠٢٠، ٣٧) یەکەمین شیعری بەزمانی فارسی بە وتەی خۆی شیعرێک بوو بەناوی " (شهر من) لەساڵی ١٣٤٦هـ لە گۆڤارێکدا بەناوی (جەوانان)، کە بەزمانی فارسی دەردەچوو، لەچاپ درا" (ئەحمەدی، ٢٠٢٠، ٣٧). لەوەدوا بەردەوام شیعرەکانی چاپ دەکران و بڵاودەبوونەوە. هەروەها دەڵێت: "کاتیک شیعرەکانم بەرەوپێش جووڵایەوە، ئەوکاتە بوو کە لەگەڵ شاملوو (لە گۆڤاری "خووشە"دا بەرپرسی لاپەڕەی ئەدەبییەکانی بوو) ئاشنا بووم" (ش. فەلاح، ٢٠٢٠، ١٦٨، ١٦٩). هەروەها لەگەڵ چەند شاعیرێکی فارسی تر پەیوەندی و ئاشنایەتی پەیدا دەکات وەکو مەهدی ئەخەوان سالیس و سیاوەشی کەسرایی...هتد. جەلال مەلەکشا لەشیعری فارسیدا " لەژێر کاریگەری نیما یوشیج و مەهدی ئەخەوان سالیس و ئەحمەدی شاملوودا بووە." (کۆمەڵێک-نوسەر ٢٠٢١، ٩) بەهۆی چالاکی و بەردەوام بابەت بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە فارسییەکاندا، "بەبێ ئەوەی کتێبی چاپکراوی هەبێت دەبێتە ئەندامی(کانوونی نووسەرانی ئێران.)...لەکاتێکدامەرجی ئەندام بوون لەو گۆڤارە لەچاپدانی دوو کتێب بوو" (ئەحمەدی، ٢٠٢٠، ٣٨). جەلال مەلەکشا تا ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بەزمانی فارسی دەنووسێت، بەڵام لەهەمان ساڵدا و لەسەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێراندا بڕیار دەدات قەڵەمەکەی بۆ خزمەتی گەل و نەتەوەکەی

تەرخان بکات و بادەداتەوە سەر نووسین بەزمانی کوردی "لەدەستپێکی نووسینی شیعری کوردیدا عەبدوڵا گۆران و لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵاپەشێو و شێرکۆ بێکەس کاریگەریی زۆریان لەسەری هەبووە" (کۆمەڵێک-نوسەر ٢٠٢١، ٩-١٦).

لەدوای نەوەی یەکەمی شاعیرانی نوێخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان "نەوەیەکی نوێ لەشاعیرانی کورد دەستیان بە نووسین کرد کە بە بڕوای زۆر کەس جەلال مەلەکشا ئەستێرەی پرشنگداری ئەو نەوە تازەیە بوو کە ڕەوتێکی شیعری تایبەت بە خۆی بونیادنا و زۆر لەشاعیرانی ئەو سەردەمە بە دوای کەوتن." (مەلەکشا ٢٠٢١) مەلەکشا لەژیانی دا هەوراز و نشێویی زۆری بینیوە و شیعرەکانی هەڵگری خەم و ئازارەکانی کۆمەڵەکەیەتی و هەستی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری و بەرخۆدان و تێکۆشان لە پێناوی نیشتماندا لە شیعرەکانیدا ڕەنگدانەوەیان هەیە، جگە لەمانە شیعرەکانی هەڵگری پەیامی مرۆڤایەتی و دادپەروەری و ئاشتی و ئازادین. جەلال مەلەکشا "لەدەیەی ٨٠ی هەتاوی یەکەم کتێبی، کە گوڵبژێرێک لە شیعرە کوردییەکانی بوون بەناوی (زڕەی زنجیری وشە دیلەکان) چاپ و بڵاوکردەوە و ساڵی ١٣٩٤ی هەتاویش کۆی بەرهەمی شیعرە کوردی و فارسییەکانی زڕەی زنجیری وشە دیلەکان بە (کوردی) و (اوازهای فصل اضطراب (فارسی) چاپ کراوەتەوە" (ڕەحمانی، ٢٠٢٠، ٢٠). بەشێک لە شیعرەکانی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی (ئینگلیزی، فەڕەنسی، ڕووسی، عەرەبی، فارسی) ناوبراو لە نووسینی چیرۆکیشدا توانایەکی باشی هەبووە. " لە بەندیخانەی ڕژێمی پاشایەتیدا دەست بە نووسینی چیرۆکیش دەکات. زۆربەی چیرۆکەکانی لە بڵاوکراوە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمەدا چاپ کراون." (کۆمەڵێک-نوسەر ٢٠٢١، ١٢-١٦)، دواتر ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی کۆمەڵە چیرۆکی (کارەسات)ی بڵاوکردەوە لە چیرۆکەکانیدا زیاتر سودی وەرگرتووە لە شێوازی سیمبولیزم و هەندێ جار سوریالیزم، کە تایبەتمەندی قەڵەمی مەلەکشایە لە بواری نووسینی چیرۆکدا.

**سێیەم: ڕۆژنامەوانی**

دەستپێکی ئاشنا بوونی لەگەڵ ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای لاوێتی و لە تەمەنی ١٦ساڵیدا دەچێتە شاری شیراز و دەبێتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی شاری شیراز و بەردەوام شیعرو نووسین لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو دەکاتەوە. "بەردەوام کاری لەگەڵ ئەو گۆڤارە ١٧ساڵ دەخایەنێت" (ڕەحمانی، ٢٠٢٠، ١٥). هەروەها لە "ساڵی ١٩٦٦زایینی یەکەمین شیعری مەلەکشا بە زمانی فارسی لە گۆڤاری (جەوانان) چاپ و بڵاو دەبێتەوە... ئەم ئەزموونەش دەبێتە سەرەتای پەیوەندی جەلال لەگەڵ ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا و لەوەبەدوا شیعر و چیرۆک و وەرگێڕاوەکانی لە زمانی کوردییەوە بۆ سەر زمانی فارسی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە بە ناوبانگەکانی ئەو سەردەمەی ئێران وەکوو: کەیهان، فیردەوسی، کتێبی جومعە، ئیتلاعاتی حەوتانە، ئومێدی ئێران، چیستا،سوخەن...هتد.بڵاودەبنەوە"(ک-نوسەر، ٢٠٢١، ١٣) یەکەمین هەوڵی لەبواری ڕۆژنامەگەری

کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ "سەرەتای ساڵی ١٩٨٦ز لێرەوە دەست پێدەکات، ئەویش دوای بانگهێشت کردنی لەلایەن مامۆستا (هێمن)ەوە بۆ هاوکاری لەبەڕیوەبردنی گۆڤاری سروەدا" (کۆمەڵێک-نوسەر ٢٠٢١، ١٣) دوای کۆچی دوایی هێمن بۆ ماوەی ١٤ساڵ لە ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی(سەلاحەدینی ئەیووبی) لە ورمێ "بەرپرسی بەشی ئەدەبی و وەڵامدانەوەی نامەی خوێنەرانی گۆڤاری سروە بووە" (چەند،نووسەرێک ٢٠٢٠، ١٦). هەر وەک شاعیر خۆی لەبارەی کارکردنی لە گۆڤاری سروەدا دەڵێت "گۆڤاری سروەم وەک بەشێک لە گیانی خۆم خۆشدەویێت و دەزانم تەنیا گۆڤاری کوردی کوردستانی ئێرانە جێی هیوا و ئاواتی زۆربەی شاعیران و نووسەرانی کوردە. دەلاقەیەکە، پەنجەرەی هیوای قەڵەم بەدەستانە، بریا هێندە ژیابام سروەم لە ئاستێکی زۆر باڵادا دەبینی چیرۆک و شیعری ئەم کوردستانەم لە ئاستێکی جیهانیدا دەبینی و سروە دەبوو بە ئاوێنەی ئەم بەرهەمانە" (سالّح، ١٩٩٨، ٣٣). هاوشانی کەسانی وەک مارف ئاغایی و ئەحمەد قازی و سوارە فتووحی و چەندان نووسەری دیکە خزمەتێکی زۆریان بە زمانی کوردی و بواری ئەدەبی و ڕۆژنامە نووسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد. دوای سروە بۆ ماوەیەک دەوەستێت لە کاری ڕوژنامەوانی، تاکو ساڵی ١٩٩٩ " لەم گۆڤارەدا بۆ ئەو ماوەیەی کاری تیدا کردووە، بەپێی ئەو ئامارەی ئیمە بۆمان کردووە (١٦ چیرۆک، ١٠ شیعر، ١٠ وتاری ئەدەبی، ١وتار لەسەر وەرگێران، ٢ بابەتی فەرهەنگی) نووسیوە.

بۆ هاوکاری لەگەڵ بەشی کوردی تایبەت بە پارێزگای ورمێ ڕۆژنامەی(جام جەم) بانگهێشت دەکرێت نزیک بە ٤٠ ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە بەتەنیا چاپ دەکات و هەوڵدەدات کە لەو ڕێگەیەوە وەکو پردێک پێوەندییەکی باش لە نێوان حکومەتی هەرێم و باشووری کوردستان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بکات" (کۆمەڵێک-نوسەر ٢٠٢١، ١٥). پاش ڕاگرتنی ئەم ڕۆژنامەیە، لە ساڵی ١٩٩٩ز هەتا ساڵی ٢٠٠٢ز دێتە باشووری کوردستان و لە هەولێر نیشتەجێ دەبێت و لەوێش لەگەڵ زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤار وەک برایەتی، ئاشتی، ئاسۆ، هەولێر، کوردستان ...هتد بە نووسینی بابەت هاوکاری دەکات. هەروەها دەبێتە سەرنووسەری گۆڤاری ئەدەبی (پرشنگ) بۆنموونە لە ژمارە(٢)دا دوو شیعر بڵاو دەکاتەوە بەناوی (مزگێنی و دڵخۆشی) (ج. مەلەکشا، مزگێنی ٢٠٠٠، ٢٧)بووە، ئەم گۆڤارە پێنج ژمارەی لێ دەرچووە. ئەمەش هەنگاوی کۆتایی کاری ڕۆژنامەوانی جەلال مەلەکشایە.

**چوارەم: زیندان**

لەسەرەتای لاوییەوە شاعیر چەندین جار ڕووبەڕووی گرتن و مانەوە لە زیندان بووە و بەشێکی زۆری ژیانی خۆی لەناو زینداندا بەسەر بردووە، کە ئەویش بەهۆی هەڵویستەکانی و گیانی بەرگری خوازییەوە بووە، بەشێکی زۆری شیعرە بەرگرییە بەهێز و بەپێزەکانی لەناو زینداندا نووسیوە "پێش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران چەندین جار کەلەپچە لە دەستی دراوە و ڕادەستی بەندینخانەکان کراوە،

دوای ڕاپەڕینیش هەربەو شێوەیە بووە، سەرجەم ساڵەکانی بەندیخانە، کە بۆ چەند جارێک گیراوە، دەگەنە نزیکەی پازدە ساڵ" (چەند،نووسەرێک ٢٠٢٠، ١٨) لەم ڕووەوە خۆی دەڵێت: "چی دیواری بەندیخانەی ئێران هەیە یادگاری منی پێوەیە، زۆربەی شیعرەکانم بەرهەمی کونجی زیندانن" (ساڵح، ١٩٩٨، ٣٥).

## پینجەم: وەرگێڕان

جەلال مەلەکشا بەهۆی شارەزایی و زانینی زمانی فارسی و توانای زاڵبوونی بەسەر زمانی فارسی و کوردیدا و تا ڕادەیەکیش عەرەبی، کۆمەڵیک کاری وەرگێڕانی ئەنجام داوە. "شیعری شاعیرانی وەکو شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، جەوهەر کرمانج و ..هتد بۆسەر زمانی فارسی وەرگێڕاوە" (کۆمەڵێک-نوسەر ٢٠٢١، ١٥). مەلەکشا لەو پێشەنگانە بووە کە شیعری شاعیرانی کوردی بە کۆمەڵگای فارس و ئەدەبی فارسی ناساندووە، هەروەها "زۆر کورتە چیرۆکی لە کوردییەوە بۆ سەر فارسی و بە پێچەوانەشەوە وەرگێڕاوە. جیا لە بەرهەمە بەچاپ گەیشتووەکانی لە بواری وەرگێڕاندا، چەندین ڕۆمانیش لە ڕیزی وەرگێڕانەکانی مەلەکشادان کە تاکو ئێستا بەچاپ نەگەیشتوون" (کۆمەڵێک-نوسەر ٢٠٢١، ١٦). بۆ نموونە یەکێک لە چیرۆکەکانی بەناوی (گوێزەل) (ئابادی ٢٠٢١) کە بەرهەمی مەحموود دەوڵەت ئابادییە، لەفارسییەوە وەریگێڕاوە بۆ کوردی و دوای مەرگی مەلەکشا چاپ کراوە، ئەگەرچی مەلەکشا کاری وەرگێڕانی کردووە، بەڵام تا ڕادەیەکیش دژی وەرگێڕان بووە و لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ مادح ئەحمەدی دا لەبارەی وەرگێڕانەوە دەڵێت: "لەوباوەڕەدام کە هەمیشە وەرگێڕان لەتمە دەدات لە دەقی بابەتەکە...، بەڕاستی شیعری واقیعی بۆ سەر زمانێکی تر وەرناگێڕێتەوە، هەر زمانێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ وێنە زمانی کوردی هەندێ وشە و دەستەواژەی تایبەتی هەیە کە وەرناگێڕێتەوە بۆ سەر زمانێکی تر و ئەگەریش وەربگێڕێتەوە زۆر ناحەز دەبێت. هەروەها زمانی فارسی، زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی و... ئەو شتانە تۆ چیان لێ دەکەیت" (ش. فەلاح، ٢٠٢٠، ١٦٦)، وێڕای ئەمەش خۆی لە گۆڤاری سروەدا وتارێکی هەیە لەسەر وەرگێران بەناوی (وەرگێران هونەرە) (ج. مەلەکشا، وەرگێران هونەرە ١٣٧٨هـ ٤٥)

## شەشەم: چالاکییەکانی تری

ماوەیەک لەشاری ورمێ لە "دامەزراوەی فەرهەنگی ئەندێشەی ئەحمەدی خانی سەرقاڵی ڕاهێنان و پەروەردەی نووسەران و شاعیرانی گەنجی کورد بووە" (کۆمەڵێک-نوسەر ٢٠٢١، ١٦). هەروەها ماوەیەک لە شاری سنە لە ئەنستیتۆی زمانی کوردیی ڕاژە وەک مامۆستای زمانی کوردی وانەکانی فێربوونی زمانی کوردی دەڵێتەوە. "ساڵی١٣٩٣ی هەتاوی (٢٠١٤ی زاینی خەڵاتی (دار بەرووی زێڕین)ی ناوەندی فەرهەنگی و هونەری ڤەژینی لە شاری مەریوان پێی بەخشراوە و ساڵانە لەلایەن

کۆڕی ئەدیبانی  شاری سنە بۆماندوو بوون و خزمەتی زۆری ناوبراو بە ئەدەب و شیعری گەلەکەی ڕێزی لێ دەگیرا " (چەند،نووسەرێک ٢٠٢٠، ٢٢). لە چەندین شاری دیکە لەلایەن هەندێ ڕێکخراوی فەرهەنگی خوێندکارانی کوردەوە ڕێزی لێ نراوە.

هەروەها لەتەک ئەمانەدا کاری فەرهەنگ نووسی کردووە و بەزنجیرە لە گۆڤاری سروەدا چەند بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە بەناوی قامووس (ج. مەلەکشا، قامووس ١٣٧٠هـ ٥٢)، هەروەها (ج. مەلەکشا، قامووس ١٣٧١هـ)، تیایدا ئەو وشانەی نووسیوە، کە لەفەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی هەژاردا نەهاتوون.

## پاری دووەم: کاریگەریی ئەدەبیاتی فارسی لەسەر جەلال مەلەکشا، ئەحمەد شاملوو وەک نموونە

### یەکەم: شیعری فارسی زەمینەسازی و نوێکردنەوە:

- **هەنگاوەکانی نوێکردنەوە و ڕۆڵی (نیما و ئەحمەد شاملوو) وەک پێشەنگ و ڕابەرێکی شیعری نوێی فارسی.**

شیعری فارسی مێژوویەکی دێرینی پتر لە هەزار ساڵەی هەیە و لەماوەی ئەم مێژووەدا چەندین شاعیری بەتوانای وەک فیردەوسی، حافز، سەعدی، خەیام و ڕوودەکی تیا هەڵکەوتوون. بەڵام "قاڵبی شیعری فارسی لە (ڕودەکی)یەوە تا سەرەتای سەردەمی (بەهار) بەنزیکەیی زۆر جیاواز نین، لەبەرئەوەیە، لەماوەی ئەو هەزار ساڵەدا هیچ ڕووداوێکی گەورەی شارستانی و کولتووری، خەڵکی نەگۆڕیوە" (حوسێن، ٢٠٠٨، ٧٧). ئەمەش بەهۆی ئەوەی شیعری فارسی زیاتر شیعری دەربار و شانازی و تەسەوف و پیاهەڵدانی شا و بنەماڵەی شا بوو. "کۆمەڵگای ئێران لە سەردەمی حوکمی قاجاردا لە دۆخێکی وەستاو و بێ جووڵەدا بوو، دەرفەتی نەبوو لەناوخۆدا، گرو تین و جموجۆڵێکی وا پەیدا بکات ببێتە هۆی هێنانە کایەی ژیانێکی جودا" (مختاری، ١٣٧٩، ١١).

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا حوکمی قاجار لەڕووی زوڵم و ستەمەوە گەیشتبووە دوا ترۆپک و دەسەڵاتیان لەڕووی سیاسییەوە گەیشتبووە کۆتایی، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی مەشروتەوە کۆمەڵگای ئێران پێینایە قۆناغێکی نوێوە، وەک ئاشکرایە "شۆڕشی مەشروتەی ئێران لەساڵی (١٩٠٥ز)دا زەمینەیەکی لەباری بۆ گۆڕانکاری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ڕەخساند و بوارێکی لەباری بۆ گۆڕانکاری و نوێکردنەوە لە ئەدەبی فارسیدا رەخساند بەتایبەتی لای شاعیرانی وەک (عارفی قەزوینی و بەهارو لاهوتی و ....تاد) کە لە پاڵ خۆ دوورخستنەوە لە بابەتی دڵداری و ستایش بەرەو بابەتی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی هەنگاویان هەڵنا" (مستەفا، ٢٠٠٨، ١٨).

هەروەها بەهۆی پەرەپێدانی ڕۆژنامەنووسی و دامەزراندنی چاپەمەنی و وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبیی ئەوروپا بووە هۆی سەرنجراکێشانی خەڵکی و بڵاوبوونەوەی بیری نوێخوازی لە ئێراندا، "دەستپێکی ئاماژەکانی نوێکردنەوە لە شیعری فارسیدا، لەگەڵ شۆڕشی مەشروتەدا دەرکەوت. ئەمەش بەخەڵاتی ئەوروپا لەقەڵەم دەدراو لە کاتێکدا دەستی پێکردبوو، کە پەیوەندییە فەرهەنگییەکان لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەتایبەتی فەڕەنسا بەهۆی مامۆستای دارئەلفنون و سەفەری هەندێ ئێرانی بۆ خوێندن بۆ ئەوروپا پەرەی سەند" (اسوار، ١٣٨٤ هـ ٥٨). لەوسەردەمەدا شیعری فارسی لەڕووی ناوەڕۆکەوە گۆڕانێکی گەورەی بەخۆوە بینی و گەلێک "بابەتی نوێ لەژێر کاریگەری خۆرئاوادا هاتنە ناو شیعری فارسییەوە، وەک نیشتمان، دەستوور(ئازادی و یاسا)، ڕۆشنبیری و پەروەردەی نوێ، بەسەروەری سەیرکردنی زانستە نوێکان، ژن و یەکسانی لەگەڵ پیاو، ڕەخنەگرتن لە داب و نەریتی کۆن،...تاد، لەسەر قاڵبێکی دیاریکراوی شیعری نەوەستان و زۆر شێوازیان پەیڕەو دەکرد، وەک مەسنەوی، مستەزاد و قەسیدە...تاد" (ئەبوبەکر، ٢٠١٠، ٨٤) بەتایبەتی لای شاعیرانی وەک" محمد تەقی بەهار(١٨٨٣-١٩٥١)و ئیرەجی میرزا(١٨٧٠-١٩٢٣)، ئەدیبی مالیک(١٨٥٦-١٩١٥)و میرزادەی عیشقی(١٨٩١-١٠٢٤)و نیما یوشیج(١٨٩٧-١٩٥٩) (ئەبوبەکر، ٢٠١٠، ٨٤).

هەموو ئەو شاعیرانەی پێش نیما سەرەتای نوێکردنەوەیان دەستپێکرد زمانی فەڕەنسییان زانیوە و خاوەنی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی بوون و ئاگاداری شیعری نوێی تورکیش بوون. دواتر (نیما)، کە بە باوکی شیعری نوێی فارسی دەناسرێت بەتەنها توانی شۆڕشێکی گەورە و گۆڕانکاری ریشەیی بکات لە شیعری فارسیدا ئەوەش زیاتر لەبەرئەوەی لە قوتابخانەیەکی فەرەنسی خوێندوویەتی "نیما بەهۆی زمانی فەڕەنسییەوە، شیعری بۆدلێر و رامبۆ و مالارمێی دەخوێندەوە، بەهۆی ئەو خوێندنەوەیە پێویستی گۆڕینی شێوازی شیعری بەتەواوی درککرد" (ئ. حوسێن، ٢٠٠٨، ٢٠).

لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە "نیما یوشیج وەک کەسی دیاری شیعری نوێی فارسی، یەکەم کەس بوو لەهەموو بنەما عەروزییەکان لایدا" (ئەبوبەکر، ٢٠١٠، ٥٢). نیما یوشیج "بەسود وەرگرتن لەشیعری ڕۆمانتیک و سمبولیکی فەڕەنسی شیعریەتی خستە ناو شیعری فارسی، بەڵام هەر لەناو فەزای ئێرانیدا مایەوە کلتوری ئێرانی کەرەستەی بنچینەی شیعرەکانی بوون. ئاوێتە بوونی تەکنیک و کلتور، شتێکی نوێی لێ کەوتەوە" (ئ. حوسێن، ٢٠٠٨، ٢٣) . بەم جۆرە نیما ئاگایانە بنیاد و پێکهاتەی شیعری کۆنی فارسی تێکشکاند فۆڕمێکی تایبەت بەخۆی خوڵقاند، کە دواتر دەستەیەک لە شاعیران پەیڕەوییان لەم شێوازەی نووسین و هەنگاوە نوێیانەی نیما کرد وەک: "مەنوچەهری شەیبانی و سیاوەشی کسرایی و هۆشەنگی ئیبتیهاج و ئەحمەدی شاملو، پەروێزی خانلەری...تاد" (ئەبوبەکر، ٢٠١٠، ١٠).

ئەحمەد شاملوو وەک یەکێک لە شوێن پێ هەڵگرانی نیما و دەنگێکی دیاری نوێکردنەوەی شیعری فارسی سەبارەت بە کاریگەری نیما لەسەر خۆی دەڵێت: "هەموومان لە ژێرکاریگەری یەکتردابن

ئەگەر وانەبێت، ئەوا هیچ فێر نەبووین. ئێمە هەموو تەمەنمان دەچینە قوتابخانە و شت فێردەبین، چۆن مومکینە شیعرێک بخوێنینەوە کە هەستت بجولێنێت، بەڵام هیچ کاریگەرییەکت لەسەر بەجێ نەهێڵێ؟ من لەژێر کاریگەریی هەمووواندام هەربەوجۆرەی کە زۆرێک لە ژێر کاریگەری مندان و منیش لە ژێرکاریگەریی نیمادا دەستم پێکرد" (تەها، ٢٠١٤، ١٠١).

بەڵام شاملوو بەوەوە نەوەستا، بەردەوام بوو لە گۆڕانکاری و بۆیە ناوی درەوشاوەترە لەهەموو ئەوانەی لە دوای نیماوە هاتن و وەک نەوەی دوای نیما ناویان دێت بەوەی "ئەحمەد شاملوو دووهەمین گۆڕانی بەسەر شیعری خۆماڵیدا هێنا ئەویش بەلابردنی کێش بوو کە لەشیعرەکانی نیمادا هەرمابوو. ناوبراو شیعرێکی داهێنا کە کێش و قافیەی نەبوو، جۆرێک بوو لە شیعر کە لەهەمان کاتدا خاوەنی ناوەرۆکێکی گونجاو و پوخت و پتەو بوو کە لە چاو هاوچەشنەکانی خۆیدا بێ هاوتابوو" (تەها، ٢٠١٤، ٩٨).

ئەمانیش کاریگەرییان لەسەر نەوەی دوای خۆیان جێهێشت لە شاعیرانی فارس و کوردا، لەو نێوەدا جەلال مەلەکشا وەک شاعیرێکی کورد، بە ڕوونی دان بەوەدا دەنێت، کە لەژێر کاریگەریی و پەیوەندی ڕاستەوخۆدا بووە لەگەڵ شاعیرانی فارسدا بەتایبەتی ئەحمەد شاملوو.

- **ڕایەڵی پەیوەندی نێوان مەلەکشا و ئەحمەد شاملوو**

جەلال مەلەکشا یەکێک لەشاعیرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە دەستپێکی هاتنە دونیای ئەدەب و نووسینی شیعر، بەنووسینی شیعرە فارسییەکانی هەنگاوی گەورەی ناوە بیگومان ئەمەش بەدەر نەبووە لە کاریگەریی شاعیرانی فارس لە سەری وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "من لە ئەدەبیاتی فارسیدا سەرکەوتنێکی زۆر باشم بوو. تا ساڵی ١٣٥٧هـ من بەتەواوی لەسەر شیعر و چیرۆکی فارسی کارم دەکرد. ئەوەندە شیعرم لە بڵاوکراوە و ڕۆژنامەکاندا بڵاوبوونەوە، کاتێک بۆ بە ئەندام بوون لە (کانوونی نووسەرانی ئێران) دا پێشنیار کرام، کە بە پێشنیاری ئەو کاتەی بەرێز (فەرەیدون تونکابۆنی) بوو، بە ئاماژە بەوەی، کە مەرجی ئەندام وەرگرتن لەو کانوونەدا، لەچاپدانی دوو کتێب بوو، بەڵام من هەر بەو بۆنەوە، کە شیعری زۆرم لە بڵاڤۆکەکاندا لە چاپ دابوو، وەرگیرام و بووم بە ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران. لێرەوە دیارە کاریگەریم وەرگرتووە" (ئەحمەدی، ٢٠٢٠، ٣٩).

بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت لە نووسین و دواتر لادەکاتەوە لە نووسین بەزمانی کوردی، شیعرەکانی بەهەردوو زمان دەنووسێت، خۆی جیا لەوەی، کە بەزمانی فارسی نووسیویەتی بەشێکی دیوانەکەی بۆ ئەم شیعرانە تەرخان کراوە، لەوەڵامی ئەوەی ئایا کاریگەریی شیعری فارسی لەسەرهەبووە؟ وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، دەڵێت: " بەڵێ سێبەری ئەدەبیاتی فارسی بێگومان بەسەر شیعرەکانمەوە هەیە، چونکە ئەگەر ئێمە سەرنج بدەین دەبینین کە شیعری کوردی شاعیرانی

باشوری کوردستان سێبەری شیعری عەرەبی بەسەرەوەیە و شیعری ئەوانەی، کە لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شیعر دەڵێن، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەبواری شیعری فارسیدا کاریان کردووە ، بەجۆرێک کاریگەرییان لەئەدەبی فارسی وەرگرتووە" (ئەحمەدی، ٢٠٢٠، ٣٨). هەروەها مەلەکشا لەگەڵ شاعیرانی فارسدا بەتایبەتی ئەحمەدی شاملوو، ئەخەوان ثالث، سیاوەش کەسرایی ...هتد پەیوەندی پتەویان هەبووە، خۆی دەڵێت: " لە نزیکەوە لەگەڵ (سیاوەشی کەسرایی) دا ئاشنایەتیم هەبوو، لەگەڵ ئەخەوان سالسدا ئاشناییم هەبوو و لەگەڵ چەند شاعیرێکی بەناوبانگی دیکەی فارسیدا پەیوەندییم هەبوو" (ئەحمەدی، ٢٠٢٠، ٣٧).

بە گەڕانەوەشمان بۆ مێژووی ئەدەبی بەراوردکاری فەرەنسی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە "بەراوردی ئەدەبی لە فەرەنسا لەسەر بنەمای پەیوەندی ڕۆشنبیرییەکان پەیدا بووە" (شوان ٢٠١٤، ٢٣) لێرەش دۆخەکە هەر بەو جۆرە ڕەخساوە.

بەهۆی بوونی ئەم پەیوەندییە بەهێزەی لەگەڵ شاعیرانی فارس و نزیکی و پێکەوە ژیانی هەردوو نەتەوەی کورد و فارس زۆر بەرهەم و بیری هاوبەش دێنێتە کایەوە و بەبێ ئەوەی تایبەتمەندی خۆیان لەدەست بدەن " لێکچوونی فاکتە ئەدەبییەکان لەوەیە کە لەسەر بنەمای نزیکی و وەکیەکیی باری کلتوریی کۆمەڵەکان و پەیوەندیی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییانەوە بێت، ئەم باری هاو چەشنی و لێک نزیکییەیان بەهۆی کاریگەریی و کار لێکتریکردنیانەوە مانای تێکەڵاوییان نییە و هەرگیز ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە تایبەتمەندی خۆیان لەدەست بدەن" (محمد، ٢٠١١، ٧).

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بۆ سەرەتاییترین پێناسەی ئەدەبی بەراوردکاری و ئەرکی ئەم زانستە بگەڕێینەوە کە دەڵێت: "ئەدەبی بەراوردکاری بریتییە لە توێژینەوەی ئەدەبی نەتەوەیی لە پەیوەندییە مێژووییەکەی لەگەڵ ئەدەبەکانی تردا، چۆن ئەم ئەدەبە بەو ئەدەبەی تر پەیوەندی کردووە؟ چۆن کاریگەرییان لەیەکتر کردووە؟ چی وەرگرتووە و چی بەخشیوە؟ " (معروف، ٢٠٠٨، ١٠).

لەژێر ڕۆشنایی ئەو بنەمایانەی کە لەپێناسەکەدا هاتووە و توێژینەوەی ئەدەبی بەراوردی باسی ئەم گواستنەوانە لە ئەدەبێکەوە بۆ ئەدەبێکی تر دەکات، وەک: "واتاکانی زمانەوانی، بابەتەکان، وێنەکان، شێوازەکانی هونەری، بەدەردەکەون، ئەدەبی بەراوردکاری کرۆک و بنەڕەتە بۆ مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی، چونکە سەرچاوەی شەپۆلەکانی هونەری و هزری ئەدەبی نەتەوایەتی دەدۆزێتەوە" (معروف، ٢٠٠٨، ١٠). بۆ هەر هەنگاو و کارێکی بەراوردکاری لەناو دنیای ئەدەبیدا، پێوستمان بە دەستنیشانکردنی ئەدەبی کاریگەر و پێ کاریگەر هەیە و دەبێ بیدۆزینەوە " واتە لە نێوان ئەدەبی کارتێکەر و ئەدەبی کەوتووەوە بەکاریگەریدا... دیارە ئەوەی یەکەم دەبەخشێت و ئەوەی دووەم وەردەگرێت. هەرچەندە هەردووکیان سەر بەهەمان دیاردەی ئەدەبین، بەڵام نابێ تێکەڵ بکرێن. دەبێ ڕەچاوەی ئەوەش بکرێت، کە وەرگرتن – پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزترە تا

کارتێکردن" (محمد، ٢٠١١، ١١٧)، بۆ سەلماندن و خستنە ڕووی کارتێکردن و کارتێکراو، بۆ ئەوەی بە بەڵگەوە نموونەکانمان بخەینە ڕوو، دەبێت ئەو هێڵە گشتی و بنەمایانەی وەک مەرج دانراون بۆ کاری بەراوردکاری ئەدەب، کە پەیڕەوانی قوتابخانەی فەرەنسی جەختی لێدەکەنەوە و وەک بنەمای کاری بەراوردکاریی بەکاری دەهێنن ئەوانیش: "ئەدەبی نەتەوایەتی سنگی کردبێتەوە و دەستی بۆ ئەدەبی بێگانە درێژکردبێت، ئەدەبی بیگانە بوونی هەبێت، ئاشکرا کردنی پەیوەندی مێژوویی نێوان ئەم دوو ئەدەبە، زمانی نوسینی ئەم دوو ئەدەبە جیاوازبێت، هۆی پەڕینەوەی ئەم کاریگەرییە چییە و دواتر ئەوە دیاری بکرێت ئایا لاساییکردنەوە و وەرگرتنەکە چۆن بووە؟ " (گەردی، ١٩٨٧، ١٩-٢١).

لەم پارەدا کاریگەریی ئەحمەد شاملوو لەسەر جەلال مەلەکشا دەخەینەڕوو، شاملوو یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی وڵاتی ئێران و خۆی دانی بەوەداناوە، دەڵێت: " من قوتابی نیما بووم و ئاگام لە بیر و بۆ چوونەکانی بوو" (شاملوو، بەڕۆژ ئاکرەیی، ٢٠١٣، ٥٣)، کە لای هەمووان ڕوونە نیما بەڕابەری تازەکردنەوەی شیعری فارسی دادەنرێت و شاملوو شوێن پێ هەڵگر و درێژە پێدەری ڕێبازەکەیەتی و جەلال مەلەکشا لە ژێر کاریگەریی شاملوودا توانیویەتی شیعری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێ بباتە قۆناغێکی باڵاتر.

دوای ئەوەی، کە مەلەکشا دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لەگۆڤارێکدا، کە شاملوو سەرپەرشتی دەکرد، کارەکانی دەبێتە مایەی بایەخی خوێنەران و دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە و بەجۆرێک دەبێت، " ئەحمەد شاملوو بە نووسینەکانی جەلال مەلەکشا زۆر خۆشحاڵ دەبوو، بەشێوەیەک ئەگەر لەگۆڤارەکەی جار و بار نووسینی جەلال مەلەکشا نەبووایە، لە پێشەکی نووسەر ناوی دەهێنا و دەیگوت مەخابن ئەمجارە گۆڤارەکەمان لە نووسینەکانی جەلال مەلەکشا بێ بەهرەیە" (ڕەحمانی، ٢٠٢٠، ١٥) لەڕووی توانای شیعریی و لیهاتووییەوە ئەم دوو شاعیرە جیا لەوەی پەیوەندییەکی دۆستانەی بەهێزیان هەبووە خودی ئەحمەد شاملوو بەتوانای مەلەکشا زۆر سەرسام بووە و " لە کۆڕێکدا باسی هەڵسەنگاندنی جەلال مەلەکشای کردووە و بە شاعیرێکی گەورە و کاریگەری داناوە" (ڕەحمانی، ٢٠٢٠، ١٦).

جەلال مەلەکشا خۆی دان بەو ڕاستییەدا دەنێت، کە بەهۆی نزیکی لە ئەحمەد شاملوو شیعرەکانی بەرەو پێشەوە چوون و لەم بارەوە دەڵێت: " بەتایبەت شیعرم کاتێک نەختێک بەرەو پێش جوڵایەوە، ئەو کاتە بوو کە لەگەڵ شاملوو لە گۆڤاری (خووشە)دا بەرپرسی لاپەڕەی ئەدەبییەکانی بوو ئاشنابووم" (ئەحمەدی، ٢٠٢٠، ٣٧). لەبارەی پەیوەندی خۆی و ئەحمەد شاملوو، جەلال مەلەکشا دەڵێت: " هەر لەو کاتەوە لەگەڵ شاملوودا پەیوەندییم هەبوو و شاملووم دەناسی و چەند جارێکیش

که دەچوومە تاران لەگەڵ یەک دانیشتنمان هەبوو و هاتوچۆی یەکترمان دەکرد و پیاوەتی هەبوو لە هەمبەر مندا" (ئەحمەدی، ٢٠٢٠، ٣٧).

ئەحمەد شاملوو " لەساڵی ١٩٢٥ز لە تاران لە دایکبووە لەژێر کاریگەریی (نیما یوشیج) نویکەرەوەی شیعری فارسی پەرەی بە توانا شیعرییەکانی خۆی داوە و توانیویەتی ماوەی پێنج دەیە وەک یەکێک لە شاعیرە هاوچەرخ و نوێخوازەکانی وڵاتی ئێران بناسرێت و لەساڵی ٢٠٠٠ز لەکەرەج کۆچی دوایی کردووە" (تـەها، ٢٠١٤، ٣٥). هەرچی تایبەتە بە ژیانی جەلال مەلەکشا " لە ساڵی ١٩٥١ زایینی لە گوندی مەڵووشان (مەلەکشان)ی سەر بەشاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، لە تەمەنی شانزە ساڵیەوە ڕووی کردۆتە شاری شیراز و بووە بەئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری شاری شیراز بۆ ماوەی حەڤدە ساڵ بەردەوام بووە و تا دواتر پەیوەندی دەکات بە گۆڤاری دونیای سووخەن بە سەرنووسەری ئەحمەد شاملوو و تا ساڵی ١٩٧٩ زایینی تەنها شیعری بەزمانی فارسی نووسیوە، لە ٣١-١٠-٢٠٢٠ لە تەمەنی ٦٩ ساڵی کۆچی دوایی دەکات و لە گوندەکەی خۆی مەلەکشان بەخاک دەسپێردرێت" (ڕەحمانی، ٢٠٢٠، ٢٢). ئەوەی ئێمە دەمانەوێت جەختی لێبکەینەوە لێرەدا ئەو بوارانەیە، کە زۆر بەڕوونی کاریگەریی شاملوو لەسەر جەلال مەلەکشا بەدی دەکرێت، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە بڵێین، کە جەلال مەلەکشا لە هەر وەرگرتنێکدا توانیویەتی گۆڕانکاری و داهێنانی تێدا بەرجەستە بکات و گیانێکی خۆماڵییانەی تیا بەدی بکرێت و مۆرکی تایبەتی خۆی پێوەبێت.

**دووەم: بوارەکانی کاریگەری ئەحمەد شاملوو لەسەر جەلال مەلەکشا:**

- **وێنەی شیعری:**

یەکێک لەو بوارانەی کە جەلال مەلەکشا کەوتۆتە ژێر کاریگەری شاملووە وێنەی شیعرییە، وینەی شیعریی کە " مەبەست لێی ئەو وێنە و ئەندێشە خەیاڵییەیە بۆ هەر شتێک، کە زۆر نزیکە لێیەوە، واتە نەخش و وێنەی کەسێک یان شتێکە وەک ئەوەی لە ئاوێنەدا ببینی، کە دواجار ئەو وەسف و بەراوردکارییە خەیاڵیەی دەبێتە هۆی ڕۆڵ بینین لە هزری خوێنەر و گوێگردا" (داد، ١٣٩٢، ١٣٩) ئەگەر سەرنجی هەر دوو دیوانی ئەم دوو شاعیرە بدەین بەر وێنەیەک دەکەوین، کە لای شاملوو هەیە و لای جەلال مەلەکشا بەهەمان شێوە یان زۆر نزیک لەوەوە وەرگیراوە و داڕێژراوەتەوە، بۆ نموونە شاملوو
لە دیوانی (قەقنەس لە بەر باراندا ١٩٦٥-١٩٦٦) لەشیعری (گۆڤاری بچوک- ٣) کە بۆ عەباس جوانمردی نووسیوە وێنەیەکی شیعریی هێناوە کە لاشەی خۆی کردۆتە سەرشان و بۆ گۆڕستانێک دەگەڕێت و دەڵێت:

دەقی شیعرەکە بەزمانی فارسی بەم شێوەیەیە:
**به هنگامی که همجنس باز و قصاب**
**بر سر تقسیم لاشه**
**خنجر به گلوی یک دیگر نهادند**
**من جنازەی خود را بر دوش داشتم**
**و خسته و نومید**
**گورستانی می جستم.**
**(شاملوو، ١٣٨٤، ٥٧٥)**

دەقی شیعرە بەزمانی کوردی بەم شێوەیەیە:
**لەو کاتە دا کە قەساب و هاو ڕەگەز باز**
**لە بەشینەوەی کەلاکدا**
**خەنجەریان خستە سەر قورگی یەکدی**
**من مەیتی خۆمم لەسەر شان بوو**
**شەکەت و نەومید**
**لە گۆڕستانێک دەگەڕام.**
**(شاملوو، بەڕۆژ ئاکرەیی، ٢٠١٣، ٣٨٧)**

مەلەکشا بەسوود وەرگرتن لەم وێنەیە شیعری (بێ وڵات ١٩٨٦)ی داناوە و هەمان وێنەی وەک خۆی وەرگرتووە و جارێکی دیکە دایڕشتۆتەوە و دەڵێت:

**چل ساڵە من**
**تەرمی خۆمم لە کۆڵ ناوە**
**دەیگێڕم و ئەشک ئەڕێژم**
**ڕێگەی دووری تەمەن ئەبڕم**
**بستێ خاکم دەست ناکەوێ**
**ئەم جەستە پڕ لە ئازارەی**
**تیا بنێژم!** (مەلەکشا،١٣٩١، ٣١)

لەم دوو نموونەی پێشوودا سەرنجی ئەوەدەدەین هەردوو شاعیر هەست بەنامۆیی قووڵ دەکەن لەوڵاتی خۆیاندا، هەستی نائومێدی بە جۆرێک زاڵ بووە بە سەریاندا تەنانەت لە دوای مەرگیش شوێنێک شک نابەن جەستەی خۆیانی تێدا بنێژن و ئۆقرە بگرێت  خودی ماوەی ژیانیان وەک مەرگێکی بێدەنگ و بەردەوام وایە و ئەم جەستە مردووەی خۆیان بە کۆڵیانەوەیە و لەگەڵ خۆیاندا دەیگێڕن.

لە وێنەیەکی تردا ئەحمەد شاملوو، کە لە (غەزەلی سڵاو وماڵئاوایی)دا وێنەی ژیانمان بۆ دەخاتە ڕوو و ژیان بە چرکەساتێک لە نێوان سڵاوێک و ماڵئاواییەک دەچوێنێت و هیچی تر، دەڵێت:

دەقی فارسییەکەی بەم شێوەیەیە:
**با درودی به خانه می ائی و**
**با بدرودی**
**خان را ترک می گوئی.**
**ای سازنده!**
**لحظه ی عمر من**
**به جز فاصلەی میان این درود و بدرود نیست:**
**این لحظه ی واقعی است**
**که لحظه دیگر را انتظار می کشد.**
**(شاملوو، ١٣٨٤، ٥٤٨)**

دەقی شیعرەکە بەزمانی کوردی بەم شێوەیەیە:
**بە سڵاوێک دێیتەوە ماڵ و**
**بە ماڵئاواییەک**
**ماڵ بەجێ دێڵیت.**
**ئەی سازێنەر!**
**چرکە ساتی تەمەنی من**
**جگە لەمەودای نێوان ئەم سڵاوە و ماڵئاواییە نییە:**
**ئەمە ئەو چرکە ساتە ڕاستینەیە**
**کە چاوەڕێی ساتێکی دیکەیە.**
**(شاملوو، بەڕۆژ ئاکرەیی، ٢٠١٣، ٣٣٠)**

ئەم وێنەیە لەلای مەلەکشا بەهەمان گوزارشت دووبارە دەبێتەوە و ژیان وا وێنا دەکات کە بریتییە لەماوەی نێوان ڕووداوی هاتنە دنیا و ڕووداوی مردن، لە شیعری (دوو تابلۆی ژیان) دا دەڵێت:

**چاوەڕوانین!**
**هەموو کاتەکانی ژینمان**
**چاوەڕوانی ڕووداوێکین**
**ڕووداوەکان ڕوو دەدەن و**
**ئێمە هەروا چاوەڕوانین!**
**لەدایک بوون، ڕووداوێکە**
**مردن ڕووداوێکی دیکە**
**ژین مەترسی نێوان ئەو دوو ڕووداوەیە!** (مەلەکشا،١٣٩١، ٨٥)

لەم دوو وێنەیەوە هاوڕایی هەردوولا دەبینین لە وێنا کردنی ژیان لە نێوان ساتی لە دایکبوون و مردنی هەکەرسێکدا هەرسێ ڕووداوەکە (لەدایکبوون، ژیان، مردن) وەک یەک دەبینین و لەیەکی جوداناکەنەوە.

لەوێنەیەکی تردا شاملوو وێنای تاریکی شەو و تەنیاییمان بۆدەکات لە شیعری (لعنت)دا بەم جۆرە دەنووسێت:

**در تمام شب چراغی نیست**
**در تمام شهر نیست یک فریاد**
**ای خداوندان خوف انگیز شب پیمان ظلمت دوست!** (شاملو، ١٣٩٨هـ ١٥٥)

***

دەقەکە بەزمانی کوردی:

**لە هەموو شەودا چرایەک نییە**

**لە هەموو شاردا**

**هاوارێک نییە**

**ئەی خواوەندە ترسناکەکانی شەو بەڵێن و تاریکی دۆست**

مەلەکشا لە شیعری (قەقنەس) دا لە ساڵی ١٩٩٢ز نووسیویەتی، هەمان وینە دەهێنێت و بێدادی خۆی لە دەستی شەوە زەنگ و تەنیایی ڕادەگەیەنێت و دەڵێت:

**تاریکە و شەوەزەنگ**

**گەلەگورگ**

**دەوریان لێداوم**

**چرایەک ناسووتێ،**

**چرای دەروونی خۆم نەبێ. ...**

**چرایەک ناسووتێ**

**باش ڕێگا نابینم**

**پەروانەی بێ ئۆقرەم**

**چەواشەی ئەوینم**

**گەلە گورگ**

**خێڵی سەگ**

**ڕێگەیان تەنیوم** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٨٨)

بەڵام لەگەڵ وەرگرتنی وێنەکەدا هەست بەوەدەکەیت، کە مەلەکشا بێ دەسەڵات نەوەستاوە و داهێنان و ئیزافەی بۆ کردووە و وەک گیانێکی بەرگری خوازیی، کە هەمیشە لەلای مەلەکشا ئامادەیی هەیە چرای دەروونی خۆی داگیرساوە و ڕێگای ژیانی بۆ ڕۆشنکردۆتەوە.

- **ناونیشان:**

ناونیشان ڕەگەزێکی گرنگی دەقە کە زۆر جار وەک کلیل و شوناسێک وایە بۆ دەقەکان ئەگەر سەرنجی دیوانی هەردوو شاعیر بدەین دەبینین چەندین ناونیشانی دووبارە و هاوشێوە بەدی دەکەین، کە زۆر جار لە ناواخنیش دا وێنەکان و بابەتەکانیان هاو شێوە و ڕەنگدانەوەی ئەحمەد شاملووە لەسەر خودی جەلال مەلەکشا.

لە کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی مەلەکشا لە دیوانە شیعرییەکەیدا بەشی کوردییەکەی ناوی (زڕەی زنجیری وشە دیلەکان)ە، کە ئەمەش لە ژێر ڕۆشنایی چەند نیوە دێڕ و دەستەواژەیەکی ناو شیعرەکانی شاملوو وەرگێراوە کە دەڵێت:

| دەقی شیعرەکە بەزمانی فارسی | دەقی شیعرەکە بەزمانی کوردی |
|---|---|
| **دوست داشتن زندان شعر** | **خۆشویستنی زیندانی شیعر** |
| **با زنجیرهای گران اش:** | **بە زنجیرە قورسەکانییەوە** |
| **- زنجیر الفاظ** | **- زنجیری پەیڤەکان** |
| **-زنجیر قوافی... (شاملو، ١٣٩٨هـ ٦٠)** | **-زنجیری سەرواکان** (شاملوو، ٢٠١٣، ١١٢) |

یان دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **کەطنین اش بەصدای زنجیربردەگان می مانست** | **کە زایەڵەی لە زرەی زنجیری کۆیلەکان دەچوو** |
| **بە شک افتادە بود. (شاملو، ١٣٩٨هـ ٧٣)** | **کەوتبووە گومانەوە. (شاملوو، ٢٠١٣، ١٢٠)** |

ئەگەر سەرنج لە وێنەی یەکەم بدەین بەر ئەو بۆ چوونە دەکەوێن، کە شاملوو (شیعر بە زیندانی وشە دادەنێت و کە تیایدا پەیڤەکان و سەرواکان بە زنجیر بەستراونەتەوە) لەهەمان کاتدا ناوی بەشە کوردییەکەی دیوانی مەلەکشا زرەی زنجیری وشە دیلەکان هەمان بۆچوونی شاملووە، چونکە مەلەکشا وشەکانی ناو دیوانەکەی وەک بەندییەک و دیوانەکەی وەک بەندیخانەی وشەکان دەبینێت، کە بەزنجیر بەستراونەتەوە.

ئەوەی پەیوەستە بە ناونیشانەوە، ئێمە هەوڵدەدەین ناونیشانە هاوبەشەکان لەلای هەردوو شاعیر لە خشتەیەکدا بخەینە ڕوو دواتر ناوەرۆکی شیعرێک، کە هەمان ناونیشانیان هەیە بخەینە ڕوو و لەبارەیانەوە بدوێین.

| ناونیشان لەلای ئەحمەد شاملوو | ناونیشان لەلای جەلال مەلەکشا |
|---|---|
| **شەوانە، ل ١٤٢، ١٤٤، ١٤٦، ١٤٨،** | **شەو، ١٧٥** |
| **تەنیا، ل ١٧٣** | **تەنیایی، ل ٥٠، ٢١٤، ٢٢٩** |
| **قەفەز، ل ٥٥٧** | **چریکەی نێو قەفەز، ل ١٦٣، ٢٣٠** |
| **ژوان، ل ٣٤٢** | **ژوان، ل، ٩٦، ٢٢٠** |
| **من و تۆ، ل ٣١٦** | **من و تۆ، ١١٦** |
| **تاسە، ل ٤٠٠** | **گۆرپچەی تاسە، ل، ٣٨** |
| **هاوارێک، ل ٢٣٠** | **گازاندە، ل ٦٧، ٩٨** |
| **لەسێدارەدان، ١٣٧** | **ئیعدامی، ل ١٤٢** |

ئێمە لێرەدا تەنها شیعری (قەفەز) لای هەر دوو شاعیر وەک نموونە وەردەگرین و دەیانخەینە ڕوو، لەدیوانی (لەئاستانەدا ١٩٨٥) ئەحمەد شاملوو بەم شێوەیە دیالۆگی نێوان خۆی و باڵندەی نێو قەفەز دەستپێدەکات و دەڵێت:

| دەقی شیعرە بەزمانی فارسی | دەقی شیعرەکە بەزمانی کوردی |
| --- | --- |
| **قفس** | **قەفەس** |
| **قفس قفس این قفس ...** | **قەفەس  قەفەسە ئەم قەفەسە...** |
| **پرنده** | **باڵندە** |
| **در خواب اش از یاد می برد** | **لەخەودا فەرامۆشی دەکا** |
| **من اما در خواب  می بینم اش،** | **من بەڵام لەخەودا دەیبینم،** |
| **که خود** | **چونکە خۆم** |
| **به بیداری** | **لە وشیاریدا** |
| **نقشی به کمال ام** | **نەخشێکی تەواوم** |
| **از قفس.** | **لە قەفەس.** |
| **از ما دو** | **من و تۆ** |
| **کدام ؟ -** | **کاممان ؟-** |
| **تو که زندان ات تو را زمزمه می کند** | **تۆ کە زیندانەکەت سۆزەت دەکا** |
| **یا من** | **یان من** |
| **که غریو خود را نیز** | **کە هاواری خۆیشم** |
| **نمی شنوم ؟** | **ناگاتە گوێم؟** |
| **تو که زندان ات مرا غریو می کشد،** | **تۆ کە زیندانەکەت هاوارم دەکا،** |
| **یا من** | **یان من** |
| **که زمزمەی تو** | **کە سۆزەی تۆ** |
| **در این بهاران ام** | **لەم بەهارانەدا** |
| **مجال باغ و دماغ سبزەزارنمی دهد ؟-** | **دەرفەتی باخ و دەماغی سەوزە زار نادا ؟-** |
| **از ما دو** | **لە ئێمە هەردووکمان** |
| **کدام؟ (شاملو، ١٣٨٦، ١٠٠٥)** | **کاممان؟(شاملوو، ئاکرەیی،٢٠١٣، ٥٥٨)** |

جەلال مەلەکشا بەسوود وەرگرتن لەناوەرۆکی شیعرەکە و بەهەمان ناونیشان لە شیعری (چریکەی ناو قەفەز ١٩٩٢) بەسەرهاتی خۆی و باڵندەی نێو قەفەز دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

**هەموو شەوێ**
**لەئەو دیوی دیوارەوە**
**باڵندەیەکی دیلی قەفەز، تێی دەچریکاند!**
**بەستەکانی**
**ڕووداوانی نیشتیمانی خوێن و ئاگر و هەڵمەت بوون**
**لاوک، حەیران، سیاو چەمانەی**
**ئەکرد بەپرد**
**هەڵگورد دەستی شاهۆی ئەگرت**
**لەگەڵ قەندیل، بەسەر پردا**
**بۆلای چیای ئاگر ئەچوون!**
**هەموو شەوێ**
**منیش لە پشت دەلاقەی ژوورەکەمەوە**
**زنجیری دیلیم دەپساند و**
**ئەسپی خەیاڵم زین دەکرد**
**بەشارێگەی حەنجەرەی ئەو باڵندەدا**
**بۆ نیشتیمان ئەچوومەوە**
**دوێنێ شەوێ**
**شەو بۆنی خەم، بۆنی ماتەمی لێ ئەهات**
**تا بەیانی چاوەڕوان بووم**
**دەنگی باڵندەکە نەهات**
**ئەورۆ بیستم**
**لەکازیوەی سپێدەدا**
**باڵندە دەنگ خۆشەکەیان سەر بڕیوە**
**بۆ تێکدانی بنکەی سووری بەستەکانی**
**ڕەگ بە ڕەگی حەنجەرەیان هەڵدڕیوە.** (مەلەکشا،١٣٩١، ١٦٤)

ئەگەر سەرنج بدەین لە هەردوو دەقە شیعرییەکەدا بە شێوەی گێڕانەوە دەست پێدەکات و لە هەردوو دەقەکە دا باسی لە باڵندەیەکی دیلی ناو قەفەز و کەسێکی بەڕواڵەت ئازاد دەکرێت لە دەرەوەدا بەڵام هەردوو شاعیر کە خۆیان لە ڕواڵەتدا ئازادن هەست بە دیلی و زیندانی و تەنیاییەکی زۆر دەکەن هەردوو لا گفتوگۆ و بەراورد دەکەن و حەیران و سەراسیمە وەستاون لەنێوان دیلی خۆیان و باڵندەدا و نازانن ئاخۆ ئەبێت کامیان دیلتر و بەندتربن، بەڵام ئەوەی لای جەلال مەلەکشا جیاوازە، شاعیر هاتووە وێنەکە گیانێکی کوردی و کوردەوارییانەی کردووە بەبەر شیعرەکەی

شاملوودا و چەند ڕەمزێکی کەلەپووری تێکەڵکردووە وەک: لاوک، حەیران و سیاوچەمانە. هەروەها ناوی چەند لووتکە چیایەکی وەک ڕەمز و هێمای بەرەنگاریی و مانەوە بەکار هێناوە لەوانە: هەڵگورد، شاهۆ، قەندیل و چیای ئاگری، دواتر لای مەلەکشا لە کۆپلەی کۆتاییی شیعرەکەی مەرگی باڵندەکە جارێکی دیکە دەکاتەوە بەمژدەی لە دایکبوونێکی نوێ بەوەی کە دەڵێت:

**ئیمشەو دڵم دەکورکێنێ**

**باڵندەیەکی باڵ و پەل و پۆ خوێناوی**

**لەسەر لقی شیعرێکی پرتاسە و نەگوتراوم**

**هەڵنیشتووە و دەچریکێنێ! (مەلەکشا،١٣٩١، ١٦٤)**

- **تەکنیکی شیعری :**

یەکێک لەو بوارانەی کە مایەی کەوتنە ژێرکاریگەری شاعیرێکە بۆ شاعیرێکی تر تەکنیک و هونەری شیعرییە، بۆیە زۆر جار شاعیران هەوڵی نوێکردنەوە و گۆڕانکارییان داوە لە دەقی شیعری خۆیاندا لەرێگای تەکنیکی شیعرییەوە چونکە تەکنیک، کە بریتییە لە " کومەڵێک ڕێوشوێن و هونەری ئەدەبی جۆراوجۆرن کەوا بنیاتی دەقی شیعریی پێکدەهێنن و یەکانگیریی و ئۆرگانیکی فۆرم و ناوەرۆک بەدەقی شیعری دەبەخشێت. تەکنیکی شیعری بەگوێرەی قۆناغ و قوتابخانە ئەدەبییەکان هاتوون و پەرەیان سەندووە"(دەشتی, بەرزنجی و مەحموود، ١٣٩٧، ١٤٤) شیعری نوێ و هاوچەرخی کوردی بەچەندین قۆناغ و وێستگەدا تێپەڕیوە تا ئەم شکڵ و شێوەی بەخۆیەوە گرتووە و لێرەشدا ناوەستێت و بەردەوام دەبێت لە گۆڕاندا، ئەوەی لای جەلال مەلەکشا بەدی دەکرێت لەم بوارەشدا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەحمەد شاملووەوە و لەو ڕووەوە هەوڵی بەرجەستەکردنی چەند تەکنیکی نوێی داوە لە شیعرەکانیدا لەوانە:

- **خاڵبەندی:_**

یەکێک لەو تەکنیکانەی کە لەدەقی هەر نووسینێک و بەتایبەتر لە دەقی شیعرییدا بەکاردێت هونەری خاڵبەندییە، کە یارمەتی ئەوەدەدات واتای وشەکان بەو جۆرە بێت، کە شاعیر مەبەستییەتی گوزارشتی لێبکات، ئەم هونەرە لای ئەحمەد شاملوو هەیە و بەم شێوەیە لە دیوانی (ئیبراهیم لە ئاگردا ١٩٦٩) بەم جۆرە خاڵبەندی بەکار هێناوە و ئێمە لێرەدا هەر دوو دەقە فارسی و وەرگێڕانە کوردییەکە دەخەینە ڕوو بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر:

| | |
|---|---|
| <<- اە،اسفندیار مغموم ! | <<- ئاهـ اسفندیاری خەمبار! |
| تو را ان بە کە چشم | چاترە تۆ |
| فرووچوشیدە باشی!>> | چاوت لێک نابن!>> |
| <<- ایا نە | <<- ئایا نا |

| | |
|---|---|
| یەکی نە | نایەک |
| بسندە بود | بەس بوو |
| کە سرنوشت  مرا بسازد؟ | کە چارەنووسی من بسازێ؟ |
| من | من |
| تنها فریاد زدم | بەس هاوارم کرد |
| نە! | نا! |
| من از | من سڵم |
| فرورفتن | لە ڕۆچوون |
| تن زدم. | کرد. |
| (شاملو،١٣٦٤، ٦٩٤) | (شاملوو، بەڕۆژ ئاکرەیی، ٢٠١٣، ٤٤٤) |

جەلالی مەلەکشا بەهەمان شێوە سوودی لەم ئەزموونە بینیوە و بۆ نموونە لەشیعری (کاروان کاروان- ١٩٩٠ز) و هەروەها لە شیعری (ئاخاوتن لە ئەوین-١٩٩٨ز)  زۆر بەوردی بایەخی بە هونەری خاڵبەندی داوە و بەم شێوەیە:

**کاروان، کاروان!**
**کێ نووستووە، کێ بێدارە؟**
**ئەم ڕێگایە پێدا دەچن...**
**هەر ڕێگا کۆنەکەی پارە! (مەلەکشا،١٣٩١، ١٦٤)**
**یان**
**دەتەوێ، لە ئەوێن بپەیڤی؟**
**ڕاوەستە بابزانم،**
**لە پشتی دەرکەوە**
**کۆڵەیان لێ نە گرتووین؟  (مەلەکشا،١٣٩١، ١٢٠)**

- **تۆبۆگرافیا:**

یەکێکی دیکە لەو تەکنیکانەی، کە لای ئەحمەد شاملوو هەیە تۆبۆگرافیای شیعرەکانییەتی، کە ئەمەش دەبێتە مایەی گۆڕانکاری لە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر و ئاسۆیەکی نوێ دێنێتە دی، "دەبنە هۆی سەرهەڵدانی شیعرێکی نوێ، کە جیاوازە لە ئاسۆی چاوەڕوانی دەق و خوێنەری پێش خۆی" (بەرزنجی، ٢٠١٤، ٢٢)، ئەویش خۆی لە پەرتکردنی ڕستە بۆ وشە و زۆر جار بڵاوە پیکردنی

وشەکانی بە شێوەیەکی نوێ بەسەر ڕووی لاپەڕەکاندا بەدی دەکەین وەک لەم نموونانەدا دەیانخەینە ڕوو:

| دەقی شیعرەکە بەزمانی فارسی | دەقی شیعرەکە بەزمانی کوردی |
| --- | --- |
| **دوست داشتن مردم** | **خۆشویستنی خەڵک** |
| **که می میرند** | **کە دەمرن** |
| **اب می شوند** | **دەبن بە ئاو و** |
| **و در خاک خشک بی روح** | **لە خاکی وشکی بێ گیاندا** |
| **دسته دسته** | **دەستە دەستە** |
| **گروه گروه** | **چین چین** |
| **انبوه انبوه** | **پۆل پۆل** |
| **فرو می روند** | **ڕۆدەچن** |
| **فرو می روند و** | **ڕۆدەچن و** |
| **فرو** | **ڕۆ** |
| **می روند** | **دەچن** |
| **دوست داشتن سکوت زمزمه و فریاد** | **خۆشویستنی بێدەنگی و سۆز و هاوار** |
| **(شاملوو، ١٣٨٤، ٤٣)** | **(شاملوو، بەڕۆژ ئاکرەیی، ٢٠١٣، ١١٢)** |
| **دختران رفت و امد** | **کچانی هاموشۆ** |
| **در دشت مزده!** | **لە دەشتی تەم گرتوودا!** |
| **دختران شرم** | **کچانی شەرم** |
| **شبنم** | **شەونم** |
| **افتادەگی** | **داهێزان** |
| **رمه! –** | **مێگەل!–** |
| **(شاملوو، ١٣٨٤، ١٠٧)** | **(شاملوو، بەڕۆژ ئاکرەیی، ٢٠١٣، ١٣١)** |

لەلای جەلال مەلەکشا ئەم تەکنیکی پەرتکردنی گشت بۆ بەشە بە ڕستەوە نەوەستاوە بەڵکو شاعیر هاتووە وشەکان پەرتدەکات بۆ پیت و بەم شێوەیە لەسەر ڕووی پەڕەکان بایەخ بەم لایەنە تۆبۆگرافییە دەدات، کە لەشیعری (من دڵداری کوردستانم) و ( بێ قەرار)، چەند شوێنێکی تردا لە دیوانەکەی ئەم هونەرەی بەکار هێناوە و لەگەڵ ڕێنووسەکەدا مانایەکی وێنەیی بە وشە پەرتکراوەکە بەخشیوە دەتوانین بلێین لەتەک وەرگرتنەکەدا جۆرێک لە داهێنانی تێدا کردووە، زیاتر ئەو وشانەی پەرتکردووە، کە وەک یەکەیەک بۆ پێوانەی ئاو بەکاردێن، بۆ نموونە وشەی (دڵۆپ، چۆڕ) ی پەرتکردووە بەم شێوەیە:

**سنورەکان بشێوێنن**
**کورد بنەڕەتی جیهانی ناو**
**خۆی لە چینی دیوارەکاندا پڕووکا**
**بوو بە خوێن و**
**د**
**ڵ**
**ۆ**
**پ**
**د**
**ڵ**
**ۆ**
**پ**
**بە سەر هەموو دنیا تکا!**
**من دڵداری کوردستانم**
**وڵاتەکەم پێدەنەوە**
**نەخشەی جیهان بخوێنن و ...**
**سنورەکان شی کەنەوە! (مەلەکشا،١٣٩١، ١٦٤)**
**یان**
**تۆ دەریامی**
**منیش زامێکی ناسۆرم**
**تینووی قومێ، تنووکەیێ**
**چ**
**ۆ**
**ڕ**
**ێ**
**ئاوم! (مەلەکشا،١٣٩١، ١٠٥)**

- **ئاوازی ناوەوە:ـ**

لەپێناو بەخشینی مۆسیقایەک بەشیعرەکە شاعیر ئەزموونی خۆی بەکار دەهێنێت لەم بوارەدا، بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر، ئاسانی لەدەربڕین و جەختکردنەوە لەوەی دەیەوێت گوزارشتی لێبکات، بەم جۆرە "ئاوازی ناوەوەی شیعر خۆی لە ڕێکخستن و بەدوای یەکدا هاتنی وشە و دەستەواژە و ڕستەکانی ناو دێڕ و نیوەدێڕەکانی شیعردا دەنوێنێت، یان لە دووبارەکردنەوەی وشەیەک و

دەستەواژەیەک و دەنگێک یان چەند دەنگێک، کە چەند جار دووبارە دەبنەوە جا ئەو دەنگانە بزوێن یان نەبزوێن بن، جۆرە ئاواز و مۆسیقایەکی سازگار و خۆش پێکدەهێنن، کە لیهاتوویی و توانا و دەسەڵاتی شاعیر لەو داهێنانەدا نیشان دەدات" (محمود، ٢٠٠٧، ١٤٦). ئەم هونەرە لە شیعری نوێدا فۆڕمی نوێی هەیە و جیاواز لە هونەرە ڕەوانبێژییەکان وشەیەک یان دەستەواژەیەک، کە شاعیر خۆی دەیەوێت، چەند جارێک وشەکان دووبارە بەکار دەهێنێتەوە بۆ هینانەدی مەبەستە شیعرییەکەی وەک ئەم نموونەیە لە دیوانی (هەوای تازە- ١٩٤٧) ی ئەحمەد شاملوو کە لە شیعری (بڕوانە)دا دەڵێت:

| دەقی شیعرەکە بە زمانی فارسی | دەقی شیعرەکە بە زمانی کوردی |
|---|---|
| **سال بد** | **ساڵی بەد** |
| **سال باد** | **ساڵی با** |
| **سال اشک** | **ساڵی فرمێسک** |
| **سال شک.** | **ساڵی گومان** |
| **سال روزهای دراز و استقامت های کم** | **ساڵی ڕۆژە درێژەکان وخۆڕاگرییەکورتەکان** |
| **سالی کە غرور گدائی کرد.** | **ساڵێک کە لوتبەرزی سواڵی کرد** |
| **سال پست** | **ساڵی پەست** |
| **سال درد** | **ساڵی ژان** |
| **سال عزا** | **ساڵی پرسە** |
| **سال اشک پوری** | **ساڵی فرمێسکی پوریێ** |
| **سال خون مرتضی** | **ساڵی خوێنی مرتضا** |
| **سال کبیسه ...** | **ساڵی پڕ ...** |
| **( شاملو، ١٣٨٤، ٢١١)** | **(شاملوو، بەڕۆژ ئاکرەیی، ٢٠١٣، ١٥٨)** |

ئەگەر سەرنج بدەین لە دەقە شیعرییەی سەرەوەدا (١٣) جار وشەی ساڵ هاتووە و دووبارە بۆتەوە. یان لە شیعری ( ماڵئاوایی – ١٩٥٥) (٩) جار وشەی (دڵ) بەکار دەهێنێت و بەم شێوەیە دەنوسێت:

**بۆ ژیان دوو دڵ گەرەکە**
**دڵێک کە حەزبکا، دڵێک کە حەزی لێ بکرێ**
**دڵێک کە ببەخشێ، دڵێک کە وەربگرێ**
**دڵێک کە بدوێ، دڵێک کە وەڵام بداتەوە**
**دڵێک بۆ من، دڵێک بۆ مرۆڤێک کە من گەرەکمە**
**تا هەست بە هەبوونی مرۆڤ لەلای خۆم بکەم. (شاملوو، بەڕۆژ ئاکرەیی، ٢٠١٣، ١٨٩)**

ئەم جۆرە تەکنیکە لەلای جەلالی مەلەکشا لەشیعری (سوارۆ)دا بەم شێوە ڕەنگی داوەتەوە کەخۆی لە دووبارەکردنەوەی ناوێکدا دەبینێتەوە و  دەنووسێ:

**سوارۆ گڕێکە کە شەو ڕادەماڵێ**

**سوارۆ شەمێکە کە سیبەر سەردەبڕێ**

**سوارۆ سەمای عیشق و خوێنە**

**سوارۆ پەیامی بەهارە**

**سوارۆ چرۆی بەر بەرۆکی ژیان و گوولۆوکی ئەوینە   (مەلەکشا،١٣٩١، ٦٤)**

دەبینین لەم شیعرەدا وشەی (سوارۆ) پێنج جار دووبارە بۆتەوە هەروەها لە شیعری (زیندان)دا، وشەی زیندانی چەند جارێک دووبارەکردۆتەوە خستویەتییە دوای ئەو وشانەی، کە خۆی مەبەستییەتی بەم شێوەیە:

**دنیا، زیندان!**

**وڵات، زیندان!**

**شار، زیندان و**

**خانوو، زیندان**

**ئاخ، نازانم...**

**گەر بتوانێ مشکی زەمان**

**تیمانی ژەنگ گرتووی قەفەز**

**لێک بپچڕێ**

**باڵندەی دیل**

**بۆ کوێ دەفڕێ؟! ...  (مەلەکشا،١٣٩١، ٢١٩)**

ئەم هونەرە بەشێوەیەکی بەرچاو لە دیوانەکانی ئەحمەد شاملوو دەبینرێت و لەلای جەلالی مەلەکشا بەهەمان شێوە ڕەنگی داوەتەوە و شاعیر توانیویەتی لە تەک وەرگرتنی هونەرەکەدا گیانێکی خۆماڵییانەی بەبەردا بکات.

بۆیە لەتەواوی وەرگرتنەکاندا ئەوە بەدی دەکرێت کە شاعیر لەهەموو هەنگاوێکدا توانیویەتی دەسەڵاتی شاعیرانە و هونەرمەندانەی خۆی بەسەر وەرگرتنەکەدا بسەپێنیت و مۆرکی خۆی پێوە دیاربێت.

دەکرێت بە پوختی بڵێین: جەلال مەلەکشا بەهۆی پەیوەندی پتەو و دۆستانەی لەگەڵ شاعیر ئەحمەد شاملوو بەتەواوی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەم شاعیرە و لەچەند بوارێکدا بەڕوونی ئەم کاریگەریی و پێ کاریگەر بوونە بەدی دەکرێت، لە بواری وێنەی شیعرییدا چەندین وێنەی شیعریی دەبینین کە مەلەکشا وەک خۆی لە ئەحمەد شاملووی وەرگرتووە و بەکاری هێناوەتەوە، لە بواری ناونیشانی شیعری ناونیشانی دووبارەی زۆر دەبینین کە لای شاملوو بەکار هاتووە و بەهەمان شێوە لای

مەلەکشا بەکار هاتۆتەوە و زۆر جار دەقە شیعرییەکان هەمان ناوەرۆکیان هەیە، تەنانەت ناونیشانی بەشە کوردییەکەی دیوانەکەی لە چەند دەستەواژە و دەربڕینێکی شاملوو، وەرگرتووە، لە ڕووی تەکنیکی شیعرییەوە لە چەند بوارێکی وەک خاڵبەندی، توبۆگرافیای شیعریی و ئاوازی ناوەوەی شیعر دووبارەکردنەوەی وشە و دەستەواژە مەلەکشا سوودی بینیوە لە ئەحمەد شاملوو و ئەم هونەرانەی وەرگرتووە و مۆرکێکی تایبەتی خۆی پێبەخشیون.

## پاری سێیەم: کاریگەریی بزاڤ و بزوتنەوە ئەدەبییەکانی باشووری کوردستان لەسەر جەلال مەلەکشا

ئاشکرایە کە ژیان بەردەوام لە گۆڕان  و پێشکەوتندایە ئەمەش لە ئەنجامی گۆڕانی باری ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە ڕوودەدات. بێگومان ئەوەی ئەمڕۆ نوێیە لە داهاتوودا کۆن دەبێت و شتی تازە شوێنی دەگرێتەوە. بەمجۆرە "لەئەدەبدا بەگشتی و شیعر بەتایبەتی لە ئەنجامی بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری کۆمەڵگاوە دێتە ئاراوە و شاعیریش وەکو کەسێکی ڕۆشنبیرو شارەزا زوو درک بەو ڕەوتی گۆڕانکاریانە دەکات چونکە لەگەڵ پەیوەندییەکان و بیروباوەڕی شارستانیەتیدا  دەژی، لەگەڵ دەربڕینی بەرهەمەکانی ئاوێتەی دەکات" (عەزیز، ٢٠٠٦، ١٣٧) . لەهەر سەردەم و قۆناغێکدا بەپێی پێویستی ئەو سەردەم و قۆناغە بزوتنەوەیەکی نوێگەری سەری هەڵداوە، کە لەگەڵ بیروباوەڕو ڕادەی شارستانی و ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگایەدا بگونجێت و دەربڕی گیروگرفتەکانی خەڵکی بێت. گەلی کوردیش هەمیشە هەوڵی داوە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بڕوات و هەوڵی داهێنان و  بەرجەستەکردنی دیاردە نوێیەکان لە شیعردا بدات.

ئەگەر  سەرنج لە ئەدەبی کوردی بەتایبەتی شیعری کوردی بدەین دەبینین " لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی سەر بەڕیبازی (کلاسیک) بوو، شیعر لەو قۆناغەیدا کۆمەڵێک یاساو دەستوری پیادە دەکرد..لە قاڵبی دیاریکراودا خولی دەخواردەوە، بەڵام دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کاتێک گۆڕانکاری لەهەموو ئاستەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانستیدا ڕوویدا...، توێژێکی نوێی خوێندەوار و ڕۆشنبیر پەیدابوون کە ژمارەیان لە زیادبووندا بوو" (حەوێز، ٢٠١٨، ١٠٢) . خولیابوونی ئەم توێژە بۆ هێنانە کایەی ئەدەبێکی نوێ و هەروەها بەهۆی بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی لای تاکی کورد و ئەوگۆڕانکارییانەی بەسەر بارودۆخی کوردستاندا هات  ئەدەبێکی نوێی پێویست بوو، کە شان بەشانی گۆڕانکارییەکان هەنگاو بنێ و گوزارشت لە ناوەرۆکێک بکات، کە دەربڕی ئەو بارودۆخە بێت. هەروەکو (عەزیز گەردی) دەڵێت: "لەئەنجامی گۆڕانی باری ژیان و پەرەسەندنی ڕۆشنبیری و باوەشکردنەوە بۆ شارستانیەتی گەلانی تر و زیادبوونی بزوتنەوەی وەرگێڕانی بەرهەمی بیری نەتەوەکانی تر ئەمانە هەموویان کردیانە کارێ کە نرکەی داواکردنی نوێکردنەوە لە شیعردا بەرز ببێتەوە" (گەردی، ١٩٧٤، ١٠٦). بەم جۆرە "قوتابخانەی شیعری کلاسیکی

بەرەبەرە کشایەوە دواوە، دوای ئەوەی ئەو بابەتانەی مەبەستە شیعرییەکانی پێکدەهێنا نەیانتوانی گوزارشت و دەربڕین لە گیروگرفتەکانی جەماوەر بکەن" (کاکی، ٢٠١٢، ٦٥). هەر بۆیە بابەتەکانی نیشتمانی و نەتەوایەتی و گیروگرفتە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکان شوێنی بابەتە کلاسیکییەکانی وەک لیریک و تەسەوەف و وەسف و ستایشی گرتەوە لەشیعردا "لەم ڕووەوە شیعرە نیشتیمانییەکانی حاجی قادری کۆیی و هۆنراوە کۆمەڵایەتییەکانی پیرەمێرد لەپێشڕەوی شیعری کۆمەڵێک لەشاعیرانی سەرەتای سەدەی بیستەم بوون. (طاهر، ٢٠٠٦، ٨٤)

دواتر سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو بزوتنەوەیەکی نوێکردنەوە لەشیعری کوردیدا لەژێر کاریگەری ئەدەبی تورکیدا سەری هەڵدا. (دڵشاد عەلی) ڕای وایە کە "لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا بزوتنەوەیەکی نوێخوازی لەسەردەستی شێخ نوری شێخ ساڵح بەکاریگەری ئەدەبی تورکی بەرپاکراوە و هەر لەوسالانەدا بەتایبەتی لەنیوەی دووەمی بیستەکاندا کۆمەڵێ شاعیر ڕوویان لەو بزوتنەوەیە کرد کە لەناویاندا ڕەشید نەجیب و گۆران لە ڕیزی پێشەوەیاندا دەبینرێت...ئەو ڕێچکەیەش تا سەرەتای سییەکان بڕی کرد" (علی، ٢٠٠٧، ٤٥). بێگومان ئەمەش بە خۆدەربازکردن بوو لە ژێرکاریگەری شیعری فارسی و دەستپێکی قۆناغێکی دیکەی شیعریی.

دەکرێت لە ڕووی سەرچاوەی کاریگەرییەوە شیعری نوێ بە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی شیعری کوردیدا دابنێین، هەروەها نابێت ئەوە لەیادبکەین، کە گەڕانەوەی هەندێ شاعێری کورد لە تورکیا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی "لەسەرو هەموویانەوە حاجی تۆفیق(پیرەمێرد)، لەگەڵ گەڕانەوەیدا هەوڵی دەدا بە کاریگەریی بیری نەتەوەیی و بە لاسایکردنەوەی شاعیرە تورکەکان...کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردیی و فەرهەنگی زمانی لادێییەکان زیندوو بکاتەوە و لەشیعرەکانیدا بەکاری بێنێ. بۆیە پیرەمێرد بەسەردەستەی تازەکردنەوەی شیعری کوردی لەڕووی زمانێکی سادەو ڕەوانی کوردی و بەکارهێنانی کێشی بڕگە بە کاریگەری شاعیرانی زاری گۆران دەژمێردرێت" (هیمدادحسێن، ٢٠٢٠، ٤٢٤). هەر لەسەر بناغەی ئەو ڕێچکە نوێیەی پیرەمێرد و کاریگەری بۆ سەر (گۆران) دڵشاد عەلی دەڵێت: "ڕێچکەیەکی نوێتر لەسەر دەستی (گۆران) بەخۆداماڵین لە کاریگەری ئەدەبی تورکی و هاتنە دەرەوە لەباوەشی ئەدەبی تورکی و چونەوە ناو باوەشی کوردی بەگشتی و جیهانە دەوڵەمەندەکەی شیعری هەورامی و دەقەکانی (مەولەوی) بە تایبەتی کرایەوە، هەر ئەو ڕێچکە شیعرییەش بوو کە شاعیرانی تر بەڕادەیەک ڕوویان تێ کرد و بۆخۆی بووە ڕێبازێکی شیعریی... کە بەڕێبازی شیعری نوێی کوردی ناسراوە." (علی، ٢٠٠٧، ٤٥) بەمجۆرە (گۆران)ی شاعیر "بەنوێخوازی و یاخی بوون لەشیعری نەریتی کوردی هەروەها بە ئیلهام و ڕوانگە و هەوڵی تازەترەوە دێتە مەیدانی خۆتاقیکردنەوە و دانوستان لەگەڵ شیعری نوێی کوردیدا دەکات." (حەبیبی، ٢٠٢٠، ٩٢)، دەبێتە پێشەنگ بۆ شاعیرانی سەردەمی خۆی و دوای خۆی و ئەم ڕێچکەیە تا ساڵی ١٩٧٠ بەردەوام دەبێت.

پاشان ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٤) ماوەیەکی کورت و کەمخایەن بوو، بەڵام تا بڵێی گرنگ و کاریگەر بوو کاریگەری گەورەی هەبوو بەسەر ئەدەبی کوردی و شیعری کوردییەوە هەروەها بارودۆخی کوردستان لە رووی سیاسییەوە گۆڕانکاری گەورەی بە خۆیەوە بینی ئەمەش کاریگەری بەسەر بواری ڕۆشنبیری کۆمەڵگای کوردییەوە هەبوو. "ساڵی ١٩٧٠ وەرچەرخانێکی گەورە لە ئاست بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردا ڕویدا، ئەویش دەرچوونی بەیاننامەی یانزەی ئازار بوو، کە تێیدا داننرا بە مافە ڕەواکانی گەلی کورددا و هەوایەکی سیاسی باڵی کێشا بەسەر زۆربەی بوارەکاندا" (حسێن، ٢٠٠٠، ٤٨)، هەروەها ئازادی را دەربڕین و دەرچوونی چەندەها گۆڤار و ڕۆژنامە بووە هۆی سەرهەڵدانی گروپ و بزوتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، کە بوونە هۆی گەشەو بەرەو پێشچوونی ئاستی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کۆمەڵگای کوردی دیارترین ئەو گروپ و بزوتنەوانەی لەو قۆناغەدا دروست بوون بزوتنەوەی ڕوانگە و گروپی کفری بوون.

**یەکەم: بزوتنەوەی ڕوانگە**

یەکەمین بزافی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی نوێخواز بوو لە مێژووی ئەدەبیی میللەتی کوردا، کە خاوەنی تێڕوانینێکی جیاواز بوون بۆ شیعر و ئەدەب و ژیان، هەڵگری پەیامی یاخیبوون بوون. ئەم بزافە "بەیاننامەی دامەزراندنی خۆی لە بەرواری(٢٥-٤-١٩٧٠) لە ژمارەی (١٥)ی ڕۆژنامەی ((هاوکاری))دا بڵاوکرووەتەوە بەناوی (بانگەوازێک لە ڕوانگەی ئەدەبی کوردی نوێمانەوە). ئەم بەیاننامەیە لەلایەن کۆمەڵێک نووسەری دیارو گەنجی ئەو قۆناغەوە ئیمزا کراوە. (شێرکۆ بێکەس، کەمال ڕەوف محەمەد، جەمال شارباژێری، جەلال میرزا کەریم، حسێن عارف، کاکە مەم فەخری بۆتانی" (میرە، ٢٠١٢، ٨٢) بڵاوکراوەیەکیان دەرکرد بەناوی (ڕوانگە)، کە تەنها سێ ژمارەی لێ دەرچوو. ڕوانگە " لەژێر سێ وتەزای گەورە و گرنگدا بانگەشەی نوێکردنەوە و گۆڕانیان دەکرد، سەرچاوەی دروشمەکانیان هەڵگۆزراوی ناوەخنی ئاینی زەردەشتی بوون. (بیری نوێ، وتەی نوێ، کرداری نوێ) ئەو سێ نوێییە بوو (ڕوانگە) لە ڕێیەوە بەگژ هەموو بیرێکی کۆندا دەچووەوە." (میرە، ٢٠١٢، ٨٤) سەبارەت بە کاریگەری و فاکتەری هاتنەکایەوەی ئەم بزافە شێرکۆ بێکەس دەڵێت: "پێش ئەوەی گۆڤاری (٦٩)ی شیعری عێراقی بێتە کایەوە، ئێمە موتابەعەی گۆڤاری (الشعر)ی (ئەدۆنیس)مان دەکرد. جۆرێک لە دەرگای تازەکردنەوەی کردبۆوە هەروەها میسرییەکانیش گەلەری (٦٨)یان هەبوو، (ئاداب)ی بەیروتیشمان دەست دەکەوت، ئەمانەمان دەخوێندەوە هاتنەکایەوەیەکی بەزۆر نەبوو، سەردەم و بارودۆخی سیاسی و ئەدەبی هێنایە کایەوە" (حسێن، ٢٠٠٠، ١٠٢). هەروەها هەر لەبارەی (ڕوانگە)وە شێرکۆ بێکەس لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ شێرزاد هەینی دەڵێت: "شاری بەغدا و بزافە ئەدەبییەکەی وایکرد ئێمە باشتر چاومان بکرێتەوە، ئاگامان لە هەموو بزوتنەوە ئەدەبیەکان بوو، هەر لە گەلەری میسری ١٩٦٨ تا بەیانی شیعری عێراقی ساڵی١٩٦٩ و بەیانە کۆنەکانی ئەدەبی جیهانی، ئەوانە و ئازادییەکەی لە ئەنجامی بەیانی ١١ی ئازار ڕەخسابوو، گۆڕانەکانی کە لەو

سەردەمانەدا هەبوون، هەر لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، کە کاریگەرییان هەبووە، بۆ نموونە تا ئەو ساڵانەش لەسەر ڕاپەڕینی خوێندکارانی فەڕەنسا ئەنووسرا، دەرکەوتنی (گیڤارا) لە ئەمریکای لاتینی، ئەو مەسەلە تازەگەریانە باکگراوند بوون کە ڕوانگە بێتە کایەوە." (هەینی ٢٠١٥، ٢٢٧) کەواتە هەموو ئەو هۆکارانە بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەم بزافە نوێخوازە، کە گەشە و جوڵەیەکی زۆری خستە ناو ئەدەبی کوردییەوە و گفتوگۆی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا لەلایەن یار و نەیارانییەوە، ئاشکرایە، کە شێرکۆ بێکەس وەکو کەسی دیاری ئەو بزوتنەوەیە زیاتر دەرکەوت، کە کاریگەری لەسەر شاعیرانی سەردەمی خۆی و دوای خۆی بەجێهێشت، تا ئێستاش ئەو کاریگەرییە بەردەوامە.

**دووەم: گرووپی (کفری_کەرکوک)**

گرووپێکی شیعری نوێخواز بوون، کە لەناوچەکانی کفری و دەوروبەری پەیدا بوون. لەژێر کاریگەری "شیعری نوێی عەرەبی و ئەوروپاییدا بوون شاعیرانی نێو گروپەکە شیعری( سەیاب و بەیاتی و نازک الملائکە و بلّند حەیدەری و حسێن مەردان و شاعیرە فەلەستینییەکانیان دەخوێندەوە" (عبدالله، ٢٠١٠، ٩). ئەندامانی ئەم گروپە پێکهاتبوون لە( لەتیف هەڵمەت، ئەنوەر شاکەلی، ئەحمەد شاکەلی، لەتیف حامید) ئەمانە بەهۆی زانینی زمانی عەرەبی و ئاگادارییان لە بەرهەمی شاعیرانی نوێخوازی عەرەب کەوتوونەتە ژێر کاریگەری  نوسەرە هاوچەرخەکانی عەرەبەوە و هەروەها گۆڤارو بڵاوکراوەکانی وەک (الکلمە) و (الشعر ٦٩)عێراقی و (أداب)ی بەیروتی سەرچاوەیەکی باشبوون بۆ ئاگاداربوون لە ڕەوتە نوێیەکانی شیعر و تەکنیکە نوێیەکان لەشیعردا. ئەم گروپە بەیاننامەکەیان بە ناوی "(شێتەکان، سەرنج، هەڵوێست، پرۆژە) خراوەتە ڕوو، کە لە ڕێیەوە بیروبۆچوونی خۆیان دەربارەی شیعر و ئەدەب بەگشتی و شیعر و ئەدەبی کوردی بەتایبەتی و تازەگەری خستۆتە ڕوو" (بەرزنجی، ٢٠٠٠، ٢١٨). (لەتیف هەڵمەت) یەکێکە لە دەنگە دیارەکانی ئەو گروپە کە گیانی یاخیبوون و بەگژداچوونەوە لە بەرهەمەکانی دا بەدیدەکرێت هەروەکو (لەتیف حامد)یش دەربارەی لەتیف هەڵمەت دەڵێت: "باشترین ئەدیب لەم بوارەدا لای من شاعیری تازە پێگەیشتوو( لەتیف هەڵمەت)ە، ئەوەی لەتیف لەوانی تر جیادەکاتەوە، گیانی بەرەنگاری و یاخیبونێتی، دیوانە شیعرەکەی (خواو شارە بچکۆلەکەم) مزگێنی و نوقڵانەی شیعری نوێی تێدایە" (عبدالله، ٢٠١٠، ٩). شیعر بەرەو نوێبوونەوە هەنگاوی نا لەڕووی فۆڕمەوە  لەشیعری ستوونییەوە بەرەو شیعری ئازاد و سەربەست و لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە گیانی یاخیبوون و بەرەنگاری بەگژداچوونەوەی داب و نەریت و کلتوور و سیستمی کۆمەڵایەتی قۆناغەکە وەستانەوە.

جیاواز لەم گرووپانە و لەدەرەوەی بازنەی بزوتنەوە ئەدەبییەکانی باشوور، عەبدوڵا پەشێو یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی نێو ئەدەبی کوردی، کە لە ساڵانی حەفتادا خاوەنی دەنگێکی تایبەتی خۆی بوو، دەربارەی تەجاوزی ئەزموونی گۆران دەڵێت: "باوەڕم بە تەجاوز نییە ئەدەبیات بەگشتی

بریتییە لە ئیزافات شتێک دەخەمە سەر ئەوەی هەیە هەر کەسێ لە سەردەمی خۆی دەژی، (گۆران) وەڵامی پرسیارەکانی سەردەمەکەی خۆی دایەوە بەکەرەسەیەکی لەڕادەبەدەر جوان، ئێمەش ڕەنگە بتوانین وەڵامی پرسیارەکانی ئێستا بدەینەوە بەو کەرەسانەی لەبەردەستماندان" (هیمادحسێن، ٢٠٢٠، ٦٤)، بەمجۆرە عەبدوڵا پەشێو باوەڕی وایە مرۆڤ لە هەر سەردەمێکدا دەتوانێت بەپێی گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەمە داهێنان بکات و هەنگاو بنێت، زیادەیەک بخاتە سەر ئەوەی هەیە نەک ڕەتکردنەوەی ئەوەی پێش خۆی، عەبدوڵا پەشێو وەک شاعیرێکی بە توانا و کاریگەر توانی کاریگەریی خۆی لەسەر شاعیرانی دوای خۆی بەجێبهێڵێت، کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە.

**سێیەم: شیعری نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

هەر لەو ساڵانەشدا، کە "بزافی نوێخوازی ڕوانگە و کفری سەریهەڵدا لە ئەدەبی کوردیدا، لە ئەدەبی فارسی و عەرەبیشدا بزوتنەوەی نوێخوازی سەریانهەڵدا کە ئەوانیش بەیاننامەی شیعری (حجم)ی فارسی و بەیاننامەی (٦٩)عەرەبی" (بەرزنجی،٢٠٠٠، ٢١٥)، کە دیارە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە. کاتێک سەرنج لە شیعری کوردی لە کوردستانی ئێران دەدەین دەبینین شیعری کوردی لە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی دا بووە، هەموو ئەو ڕووداوانەی دوای جەنگی جیهانی دووەم و دروستبوونی (کۆماری کوردستان) لەمهاباد کاریگەری گەورەیان هەبوو لەسەر ئەدەب و ڕوشنبیری لە کوردستانی ئێراندا نەوەیەک لە شاعیرانی وەک (حەقیقی، خاڵەمین، سید کامیلی ئیمامی(ئاوات)، هێمن، هەژار، هێدی،..... هتد)ی پێگەیاند، کە خاوەن دەنگێکی دیار و گەنجینەیەکی بەنرخی وشەی جوان و ناسکی شیوەزاری موکریانن، بێگومان ئەمانیش درێژەپێدەری مامۆستای شاعیرانی موکریان سەیفی قازی بوون، کە زۆر تێکۆشا بۆ بژارکردنی زمانی شیعریی لە وشەی بێگانە و بەکارهێنانی زمانێکی کوردی پەتی، کە زمانی سادە و گوندنشینان و جوتیار و زەحمەتکێش بوو.

هەربۆیە دەکرێت بڵێین یەکەم هەنگاوی نوێگەری لە (سەیفی قازی)ەوە دەست پێدەکات. دەبێت ئەوەش بڵێین ئەم نەوەیە کاریگەری شیعری شاعیرانی(نالی، سالم مەولەوی، حاجی قادر)یان لەسەربووە دوا بەدوای ئەم قۆناغەش قۆناغێکی نوێ دەستپێدەکات لەشیعری کوردی لە کوردستانی ئێراندا ئەویش قۆناغی نوێبوونەوەی شیعری کوردییە شاعیرانێکی وەک سوارەی ئیلخانی زادە، فاتیح شێخ ئیسلامی(چاوە)، عەلی حەسەنیانی (هاوار). پێشەنگی نوێکردنەوەی شیعری کوردین لە کوردستانی ئێراندا، بەڵام سوارە لەناو هاوڕێکانیدا وەک ئەستێرەیەکی درەوشاوەی نێو ئەدەبی کوردی زیاتر دەرکەوت و دەنگی دایەوە. "گەنجینەی سوارەش تەنها کوردی نەبووە، بەڵکو کاریگەری ئەدەبی فارسی و جیهانیشی لەسەر بووە." (حسێن، ٢٠٠٠، ٢٩) شیعری کوردی بەرەو قۆناغێکی نوێتر برد.

"کاتێک سوارە دێت و دەست دەکات بە نووسینی شیعری نوێ بە جۆرێک لاسایی نیما یوشیج دەکاتەوە (لەسەرکێشی عەرووزی تەویل) لەسەر وەزنی هیجایی نییە وەک شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس و عەبدولا پەشێو)، بەڵکو لەسەر وەزنێکە کە نیما ئەو جۆرە نووسینەی لە شیعری فارسیدا دەست پێکرد" (گەردیگلانی، ٢٠٠٦، ٥٠). سوارە لە ساڵی حەفتاکاندا بەرنامەیەکی ئەدەبی بەناوی(تاپۆ و بوومەلێڵ) لە بەشی کوردی ڕادیۆی تاران پێشکەش دەکرد، کە لە ماوەیەکی کەمدا توانی لایەنگر و گوێگرێکی زۆر لە خۆی کۆبکاتەوە. لەو بەرنامانەی پێشکەشی دەکردن باس لە شیعری نوێ و شیعرە نوێیەکانی (گۆران)یش کراوە، هەروەها پەخشان و کورتە چیرۆکیش باسی لەبارەوە کراوە.

لەوتارێکدا بەنێوی (شار و نوێگەرێتی شیعرمان) تیشک دەخرێتە سەر هەندێ دیاردەی نوێگەری لای (سوارە) و دەڵێت: "هۆنراوەی (شار)ی سوارە یەکێکە لە هۆنراوە چاکەکانی سەردەمی پێشەنگی، دەتوانین بڵێین، تا ئەمڕۆش بەو شێوەیە باس لە چوارچێوەی شار نەکراوە، ئەگەر لە شیعری کوردیدا شار هەروەک ناو، تەشبیهێک، یان ڕەمزێک هاتبێت، ئەوا لە شیعری سوارەدا، ڕوخسار و چوارچێوە مادییەکەی شار و شێوەی پەیوەندییە ئینسانییەکان بەرجەستە کراوە" (حسێن، ٢٠٠٠، ٣٠).

سەبارەت بەکاریگەریی ئەو ئەزموونانەی کە لەبەر دەستی سوارەدا بووە ، هەر لە ئەزموونی شاعیرانی کلاسیکی نوێی وەک (هێمن، هەژار، هێدی،......هتد) و ئەزموونی (گۆران)ی شاعیر و ئەزموونی نیما و دوای نیما د. ڕەهبەر مەحمودزادە دەڵێت: "لەنێوان ئەو چەند ئەزموونەدا، سوارە لەژێر تەئسیری نیمادا بووە و پێیوایە کە ئەوەی لە شیعری (خەوە بەردینە) و شیعرەکانی دیکەی سوارەدا کراوە جۆرێک تەئسیر وەرگرتن و تەعامولی فۆڕمی بووە لەنێوان شیعری سوارە و شیعری نوێی فارسی، کە نیما پێشەنگایەتی کردووە" (یەعقوبی، ٢٠١٧، ٢٤٨).

لەدوای سوارەش قۆناغێکی تر دەستپێدەکات لە شیعری کوردی لە کوردستانی ئێران بەڕای زۆربەی لێکۆڵەران جەلال مەلەکشا پێشەنگی ئەو قۆناغەیە و ڕێگە بۆ کۆمەڵێک شاعیری وەک (مارف ئاغایی و ڕەحیم لوقمانی و ژیلا حسەینی ) و شاعیری دی خۆشدەکات هەمان ڕێچکە بگرنە بەر، ئەو قۆناغەش بە دابڕان لە ئەزموونی سوارە و کەوتنە ژێر کاریگەری شاعیرانی کوردستانی باشوور دەستپێدەکات هەروەک مەسعود بینەندە دەڵێت: "مەلەکشا ئەگەرچی بەگشتیی کاریگەریی هەندێ لە شاعیرانی ڕۆژهەڵات وەکو هێمن و سوارەی پێوە دیارە، بەڵام لە باری فۆڕم و زمانی شیعرییەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری سێ کوچکەی شیعری باشوور واتە پەشێو، هەڵمەت، شێرکۆ و... بەدەرگاکردنەوە لە ئەزموونی شاعیرانی ڕوانگە لە باشووری کوردستان و کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی نوێخوازی شاعیرانی ئەدەبی فارسی: شاملوو، ئەخەوان و کەسرایی، ئاستی ڕەوتی نوێخوازی لەشیعری کوردیی ڕۆژهەڵاتدا چەند قۆناغ دەباتە پێشەوە" (کۆمەڵێک_نووسەر، ٢٠٢١، ١٣٨). مەلەکشا لە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوییەوە(١٩٧٩ز) دەست بە نووسینی شیعر بە زمانی کوردی دەکات ئەزموونی سوارەی لەبەر دەستدا بووە، هەروەها مەلەکشا

پەیوەندی لەگەڵ سوارەدا هەبووە و لە نزیکەوە ئاگاداری کارەکانی بووە وەک خۆی دەڵێت: "من بەگوێرەی تەمەنم، سوارەم دەناسی، لە نیزیکەوە دەمناسی، چەند جارێکیش پێکەوە دانیشتووین. لانی کەم بەرهەمەکانم خوێندۆتەوە، یان گوێم لێبووە، هەموو بەرنامەکانی تاپۆ و بوومەلێڵم بیستووە... لە قووڵایی دڵمەوە دەڵێم سوارە یەکێ لەباشترین شاعیرانی کوردی کوردستانی ئێرانە" (بەهرەوەر ١٣٩٥هـ ١٩٤)، هەروەها مەلەکشا لەدیوانە شیعرییەکەیدا هۆنراوەیەکی بەناوی (تاپۆی بوومەلێڵ) بۆ سوارە نووسیوە، بەڵام کاتێک دەست بە نووسینی شیعر بە زمانی کوردی دەکات ڕێگەیەکی تر دەگرێتە بەر د. ڕەهبەر مەحموود زادە لەم بارەیەوە دەڵێت: "مەلەکشا سوارەی باش دەناسی و لە ناوەندی گۆڤاری سروەدا وێڕای کەسانێکی وەک ئەحمەدی قازی و مارف ئاغایی، شەن و کەوی پسپۆڕانەی شێوازی شیعری سوارە یەکێک لە بابەتەکانی باس و لێدوانی بەردەوامی نێوانیان بووە، بەڵام ئەو ڕێچکەیەی مەلەکشا لە شیعری خۆیدا تاقیکردەوە، ڕێچکەی سوارە نەبوو، بەڵکو ڕێچکەی گۆران و دواتر عەبدوڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت بوو." (کۆمەڵێک_نووسەر، ٢٠٢١، ٩٠)، هەروەها (گەردیگلانی)یش پشت ڕاستی هەمان بۆچوون دەکاتەوە و دەڵێت: "مەلەکشا بەخوێندنەوەی بەرهەمەکانی باشووری کوردستان، ڕێچکەیەکی نوێ دەگرێتە بەر" (گەردیگلانی، ٢٠٠٦، ٥٠)، هەروەها شێرکۆ بێکەس لەبارەی شیعری ڕۆژهەڵات و مەلەکشا دەڵێت: "ئەگەر چی لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەماندا فەزای ئازادی بۆ زمانی کوردی تەنگەبەر و مەودای هەڵفڕینی کەم کورت بووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیعر لە خوێندنی خۆی نەکەوتووە، لەهەر قۆناغێکدا چەند تاریکیش بووبێ مۆمێکی جوانی شیعریی هەر تیا بووە، لە ڕێڕەوی نوێبوونەوەی شیعری کوردیدا و لەم ڕۆژهەڵاتی زمانەدا لە دوای سوارەی ئیلخانی زادە، جەلالی مەلەکشا یەکێکە لەو شاعیرە پڕ بەهرانەی، کە ئەبێتە نیشانەی تازەگەری و ئەفراندن و گڕوتینێکی هاوچەرخانە ئەداتەوە بە زمانەکەمان" (کۆمەڵێک_نووسەر، ٢٠٢١، ١٧). بەمجۆرە مەلەکشا لەنووسینی شیعر بە زمانی کوردی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی شاعیرانی کوردستانی باشوور و بەتایبەت (شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و عەبوڵا پەشێو) لەم بارەیەوە چەندین نموونەی شیعریی لە دیوانەکەیدا هەن کە بەڵگە و سەلمێنەری ئەو کاریگەرییەن هەروەها دەتوانین بڵێین تەنانەت نموونەی شیعریی هەن کە کاریگەریی (گۆران)ی شاعیر بە ڕوونی دیارە لێرەدا هەوڵدەدەین چەند نموونەیەک لەشیعری ئەم شاعیرانە لەگەڵ شیعری مەلەکشا بخەینە ڕوو

- **جەلال مەلەکشا و گۆران**

گۆرانی شاعیر کەڕابەری قۆناغێکی دیار و پێشەنگی شاعیرانی باشووری کوردستانە وەک ڕابەرێک، کە هەوڵی نوێکردنەوەی شیعرییان داوە، لەم ڕووەوە کاریگەریی لەسەر زۆربەی شاعیران درووستکردووە و لای مەلەکشا هەست بە شوێنەواری ئەم کاریگەرییە دەکەین، ئەگەرچی جیاوازی

نیوان قۆناغە شیعرییەکەیان تاڕادەیەک زۆرە، شیعری (بەستەی دڵدار) ی گۆران کە لە دیوانی (بەهەشتی دڵ)دایە دەڵێت:

**"نە لە شار و نە لە دێ**
**نەمدی کەس**
**وەک تۆ جوان بێ!**
**توێت و بەس**
**کچە کوردێک دڵ پێی شادبێ!**
**وەک فریشتە و پەریزاد بێ!** " (گۆران ١٣٩٣هـ ٥٤)

هەمان وێنە و ناوەرۆک لەلای مەلەکشا دووبارە دەبێتەوە لە شیعرێکیدا بەناوی (دڵتەنگییەکانی فەرهاد) شیعرەکە بەم جۆرەیە:

**چەند گەڕام**
**لە شار لە دێ**
**لە نیشتمان، لە بیانی**
**سوێند دەخۆم**
**نەمدیوە کەس**
**وەک تۆ کچێ**
**شەنگ و چەلەنگ!**
**لە ناو کچانی دنیادا**
**هەر تۆ جوانی! (مەلەکشا، ١٣٩٧هـ ٥٧)**

ئەم شیعرەی مەلەکشا هەمان شیعری (بەستەی دڵدار)ی (گۆران)ی شاعیرمان دێنێتەوە یاد و ناسینەوەی سێبەری گۆران لەم شیعرەدا ئاستەم نییە و بەڕوونی دیارە لەم بارەیەوە (ڕەهبەر مەحموود زادە)ش هەمان ڕای هەیە، دەڵێت: "مەلەکشا شیعری ئەوتۆی هەیە لە بەشێکی شیعرەکەدا قۆڵی لە قۆڵی گۆراندایە و لە بەشێکی تریدا دەستی لەناو دەستی لەتیف هەڵمەتدایە" (کۆمەڵێک_نووسەر، ٢٠٢١، ٩١)، کە ئاماژەی بەهەمان نموونە کردووە، کە ئێمە دامان ناوە.

- **جەلال مەلەکشا و شێرکۆ بێکەس**

شێرکۆ بێکەس وەک ڕابەری ڕوانگە و ڕابەری نەوەیەکی نوێخوازی لە کوردستانی باشوور کاریگەریی بۆ سەر شاعیران و ڕۆشنبیران هەبووە و بێگومان ئەم کاریگەرییە پەڕیوەتەوە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات و مەلەکشاش یەکێکە لەو شاعیرانەی، کاتێک دەست بە نووسینی شیعر بەزمانی کوردی دەکات دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو ڕەوتە نوێخوازییەی کوردستانی باشوور بە تایبەت هەر دوو گرووپی ڕوانگەو کفری تەنانەت مەلەکشا ئەو کاتانەش کە شیعری بە فارسی

نووسیووه شیعری (شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و شیعری ئەو شاعیرە کوردانەی بە کۆمەڵگای فارسی زمان و شاعیرانی فارس ناساندووە لەم بارەیەوە مەلەکشا دەڵێت: "ڕەنگە یەکەم کەس بم لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کە شیعری شاعیرانی کوردم بە فارسەکان ناساند...وەک  شێرکۆ بێکەس" (نووسەر، ٢٠٢٠، ٣٦)، هەروەها مەلەکشا شیعرێکی هەیە بەناوی(تفەنگ و خوێن و چیا) (مەلەکشا ١٣٩٧هـ ٢٠٧)، کە تایبەت بۆ شێرکۆ بێکەسی نووسیووە.

بێگومان کاریگەریی شێرکۆ بێکەس لەشیعرەکانی مەلکشادا ڕەنگدانەوەیان هەیە و لێرەدا چەند کۆپلەیەک لە شیعری (داربەڕوو)ی شێرکۆ بێکەس دەخەینە ڕوو ، لە دیوانی(کەژاوەی گریان)، کە لەساڵی (١٩٦٩ز) نووسراوە و ئەم شیعرەی شێرکۆ بۆتە هەوێنی شیعرێکی دوورودرێژی مەلەکشا بە ناوی(داستانی دارەپیرە)، کە شاعیر لە ساڵی ١٩٨٨ز نووسیویەتی، ناونیشانی هەردوو شیعرەکە هاوواتان و لەڕووی تەکنیکەوە هەردووکیان گێڕانەوەن، هەروەها ناوەڕۆکی هەردوو شیعرەکە یەک باسە و لە خۆڕاگری و مانەوەی گەلی کورد لە زێد و خاکی خۆیان و مانەوە و زیندووبوونەوەیان ئەدوێن. شێرکۆبێکەس دەڵێت:

**پێش هەزار پشت، ڕۆژانی زوو**
**کاتێ هێشتا.. تازە نەوەی،**
**یەکەمی کورد.. لەدایک ئەبوو.**
**کاتێ تازە.. منداڵی بیر،**
**لە ناو شاخا، پێی گرتبوو**
**پێش هەزار پشت، ئەگێڕنەوە**
**عومری مێژوو**
**چیرۆکی پیرە دار بەڕوو**
**ئەهێننەوە،**
**لەداستانی دەماودەما**
**لەزستانا**
**لەماڵانی کوردستانا** (بێکەس، ٢٠٠٩، ٢٤٣)

مەلەکشا لە (داستانی  دارەپیرە)دا دەڵێ:

**هەبوو نەبوو..ساڵانی زوو**
**لەسەریاڵی بەرزی مێژوو**
**پیرەدارێک بەساڵاچوو، ڕاوەستابوو!**
**سەری نابووە کۆشی خەیاڵ**
**بیری لە ژین ئەکردەوە!** (مەلەکشا ١٣٩٧هـ ١٢٣)

له کۆپله‌یه‌کی تردا شێرکۆ بێکه‌س ده‌ڵێت:

**ئه‌و سه‌رده‌مه‌، داری به‌ڕوو**
**له‌ژێره‌وه‌، ڕه‌گی قووڵی،**
**له‌سه‌ر پشتی (گاو ماسی)یه‌که**
**داکووتی بوو! (بێکه‌س، ٢٠٠٩، ٢٤٤)**

له‌لای مه‌له‌کشاش هه‌مان وێنه له‌م داستانه‌دا به‌دی ده‌کرێت و ده‌ڵێت:

**داره‌پیره‌، به‌ر له مێژوو**
**له نێو ئه‌م خاکه ڕوابوو...**
**داره‌پیره ڕیشه‌ی ژینی**
**تا نێو دڵی گابۆر و ماسی کوتا بوو!!!** (مه‌له‌کشـا ١٣٩٧هـ ١٢٣)

شێرکۆ بێکه‌س له کۆپله‌ی کۆتایی دا ئاماژه به هاتنه‌وه‌ی مه‌ل و باڵنده و سه‌رله‌نوێ زیندووبوونه‌وه و ژیانه‌وه ده‌کات و ده‌ڵێت:

**زوو بێ و دره‌نگ**
**مه‌ل دێنه‌وه..**
**ئه‌وسا پۆل پۆل ئه‌که‌ونه ڕێ**
**بۆ کام دره‌خت، شوێنی دووره**
**وه‌ک من جه‌رگی، زه‌وی سووره**
**داستانی دار به‌ڕووی زیندووی**
**هیوا گرتووی**
**ئه‌م وڵاته.. ئه‌گێڕنه‌وه**
**زوو بێ و دره‌نگ**
**من هه‌ر ئه‌بێ، بژێمه‌وه**
**ئه‌ژێمه‌وه، ئه‌ژێمه‌وه! (بێکه‌س، ٢٠٠٩، ٢٥٠)**

(مه‌له‌کشا)ش له کۆپله‌ی کۆتاییدا له‌سه‌ر زمانی باڵنده‌کان هه‌واڵی سه‌رله‌نوێ زیندووبوونه‌وه و ژیانه‌وه‌ی پیره‌دار باس ده‌کات و ده‌ڵێت:

**دوای شینگێڕی داره‌پیره**
**مقۆ مقۆ که‌وته چیا..!**
**باڵنده‌کان هه‌واڵێکیان بۆ یه‌ک ئه‌برد!**
**پیرۆزبایی سه‌رکه‌وتنیان له یه‌ک ئه‌کرد!**
**وتم چیه‌؟ چی قه‌وماوه‌؟**

**لە دوای مەرگی دارەپیرە**
**جگە خوێن و ئەشک و ماتەم**
**چیمان ماوە؟**
**وتیان: نابێ بیدرکێنین**
**نهێنی و ڕەمز و ڕازە**
**دەبێ بە چاو خۆت بیبینی!**
**کاتێ چوومە سەر مەزاری دارەپیرە**
**بە چاوی خۆم ئەوەم بینی**
**گۆپکە و چووزەی چەتری تازە!** (مەلەکشـا ١٣٩٧هـ ١٣٠)

- **جەلال مەلەکشا و لەتیف هەڵمەت**

مەلەکشا شیعری لەتیف هەڵمەتی زۆر بەدڵ بووە و کاری تێکردووە، خۆی بەڕوونی ئاماژە بەوەدەکات لە سەردەمێکدا بەهۆی سەرسامی بە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت) بەشێکیانی وەرگێڕاوە بۆ سەرزمانی فارسی لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوە شیعرییەکاندا شیعری وەرگێڕدراوی (لەتیف هەڵمەت)ی خوێندۆتەوە، کە بۆتە مایەی سەرسامی شاعیرانی فارس وەک خۆی دەڵێت: " لەتیف هەڵمەت کتێبێکی لە چاپ دابوو، بەناوی (گەردەلوولی سپی)، لەو کتێبەدا شیعرێک بوو بەناوی (بتانەوێ و نەتانەوێ نالی بۆ حەبیبە دێتەوە). من ئەو شیعرەم، کە شیعرێکی درێژیش بوو وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی. بۆ چەندین جار سیاوەیش کەسرایی داوای دەکرد کە من ئەو شیعرە بخوێنمەوە و هەر جارێک کەمن ئەو شیعرەم دەخوێندەوە، سیاوەشی کەسرایی دەستی دەکرد بە گریان" (نووسەر، ٢٠٢٠، ٣٨)، ئەم وابەستەییەی مەلەکشا بە شاعیرەوە بە جۆرێکە لە زۆر دەقی شیعریدا سێبەر و ڕەنگدانەوەی لەتیف هەڵمەت بەڕوونی بەسەر دەقە شیعرەکانییەوە بە شێوەی جۆراوجۆر دەردەکەوێت، بۆ نموونە لەتیف هەڵمەت لە شیعرێکیدا بەناوی (کۆچێک لەوەرزێکی تردا)، لە دیوانی (پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە ١٩٧٧)، باس لەوەدەکات کە لەلایەن دەوربەرییەوە چواردیوارێک بە دەوری شیعرەکانیدا کێشراوە و ویستی ئەوەیان هەیە ڕێگا لە دەنگی بگرن و نەهێڵن بگات بە دەرەوەی ئەو سنور و شورایە و دەڵێت:

**هەر چوار دەورمیان کرد بە دیوار**
**نەیانزانی هۆنراوە**
**وەک چۆلەکە لە پەناوە**
**ماچەکانم دەبات بۆ یار**
**نامەکانم دەبات بۆ شار**
**وەیان زانی بە چەند شورە و دیوارێ**

**پەیوەندیمان دەوەرێنن**

**وایان زانی بە مۆرەیەک دڵمان لەیەک دەترازێنن"** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٩٥)

لە سێبەری ئەم تێکستەدا دوو دەقی شیعری مەلەکشا دەبینین، لەشیعری(لاسار)دا، کە لە ساڵی ١٩٨٩ز دا نووسیویەتی هەمان وینەی بەکارهێناوە و دەڵێت:

**دیوارێکیان بەدەور شیعرەکانما کیشا و**

**پەرژینیان کرد...**

**ئەودیویان لێ پاوان کردم...**

**شیعرێکم هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیا**

**بزۆز و شێت و لاسار بوو**

**بەگژ دار و بەردا ئەچوو...**

**هەڵدەبەزی بۆ ئەو دیو دیوارەکە سەری ئەبرد**

**لە ئاکامدا بڕیاری دا،**

**شوورەی دەستکرد بڕوخێنێ**

**نهێنی و ڕازی ئەو دیو دیوارەکە بدرکێنێ."** (مەلەکشـا ١٣٩٧هـ ١٧)

هەروەها لە شیعری (گەمارۆ)دا، کە مەلەکشا لەساڵی ١٩٩٤ز دا نووسیویەتی، بنیاتی دەقەکە لەسەر هەمان وێنەی شیعرییەکەی (لەتیف هەڵمەت)ە، دەڵێت:

**بە دەورما**

**دیواری ئاسن و پۆلایان کێشاوە**

**سەربان و بەر دەرکە**

**تەنانەت لە سەر ڕێی خەیاڵما**

**چاودێریان داناوە...**

**شیعری من**

**هاواری ئەوینە و**

**شورەی ئەم قەڵایە کون دەکا**

**لە سەدان دەرکەوە ڕەت دەبێ**

**بە دەستی دڵداری خۆی دەگا! "** (مەلەکشـا ١٣٩٧هـ ١٠٢)

دەبینین لە هەرسێ دەقە شیعرییەکەدا یەک وینە هەیە و چوارچیوە گشتییەکەی یەک شتە لای لەتیف هەڵمەت چۆنە، لای مەلەکشا بەهەمان شێوە دیوار و شورەی دەستکرد بە دەوری شیعرەکانیدا کیشراوە و بەڵام دەنگ و سەدای شیعری شاعیر ئەو سنوورە دەستکرد و دیوارانە دەشکێنێت و بەدەستی دڵداری خۆیان دەگەن کە خوێنەرانیانن، مەبەست لێی ئەوەیە پەیامی ئازادی و دادپەروەری

هەر دەگاتە خەڵکی ئەگەرچی بەربەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوونی هەبێت پردی پەیوەندی نێوان شاعیر و خەڵکی زۆر پتەو و سنوربەزێنە .

هەروەها لە نموونەکانی تری کە تەنیا ئاماژە بەناونیشانی شیعرەکان دەکەین، کە لەژێر سێبەر و کاریگەری (لەتیف هەڵمەت) دا نووسراون، وەک:شیعری(گلەییەکی کۆن) ی لەتیف هەڵمەت لەدیوانی(وشەی جوان گوڵە گوڵ ١٩٧٩) (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٤٤١) و شیعری(گلەیی) مەلەکشا (مەلەکشا ١٣٩٧هـ ٦٣) هەروەها شیعری (جانتا)ی لەتیف هەڵمەت (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٩٢٦) و شیعری (بێ وڵات)ی مەلەکشا (مەلەکشا ١٣٩٧هـ ٣١)، هەروەها ئەم وێنەیە لای (ئەحمەد شاملوو)هەیە ،کە پێشتر ئاماژەمان پێکردووە.

- **جەلال مەلەکشا و عەبدوڵا پەشێو**

عەبدوڵا پەشێو دەنگێکی دیاری نێو ئەدەبی نوێی کوردییە ئەگەرچی ساڵانێکی زۆرە و لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانەوە لە دەرەوەی وڵاتە، لە ناوخۆی کوردستاندا بەشداری هیچ گروپ و دەستەیەک نەبووە بەڵام وەک شاعیرێکی بوێر و خاوەن هەڵویست خاوەنی دەنگێکی ئازا و ئازاد بووە و بەتەنیا وەک پیشەنگێک توانیویەتی لە پانتایی ئەدەبی کوردی و دنیای شیعریدا پێگەی تایبەتی خۆی هەبێت و بەشێک لە شاعیرانی هاوزەمان و دوای ئەو وەک شوێن پێ هەڵگر و کاریگەر پێی سێبەر و تارمایی پەشێو بەسەر شیعرەکانیانەوە دیارە، یەک لەو شاعیرانە جەلال مەلەکشایە، کە لەزۆر دەقی شیعریدا بەر وێنەی جۆراو جۆر دەکەوین، کە هەمان وێنە و واتا پێشتر لای پەشێو بینراوە، وە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانیاندا هەبووە و مەلەکشا لەم ڕووە دەڵێت: " ساڵانێکی زوو من چەند شیعرێکم نارد بۆ مامۆستا (عەبدوڵا پەشێو) و لەڕێگەی نامەوە لەگەڵ یەک پەیوەندیمان هەبوو، واتە ئەو کاتەی کە لە مۆسکۆ و لیبیا بوو، شیعرم بۆ دەنارد، ئەوکاتە... پەشێو چەند شیعرێکی منی وەرگێڕابووە سەرزمانی ڕووسی، دواتریش لە فەرەنسا چەند شیعرێکی دیکەمیان وەرگێرابووە سەر زمانی فەڕەنسی" (نووسەر، ٢٠٢٠، ٣٤)، هەروەها مەلەکشا لە دیوانەکەیدا شیعرێکی هەیە بە ناوی(تاسە) (مەلەکشا ١٣٩٧هـ ١٨٢)، کە تایبەت بۆ پەشێوی نووسیووە بۆ خستنەڕووی ئەو پەیوەندی و کاریگەرییەی (عەبدوڵا پەشێو) لەسەر مەلەکشا چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو: وەک لە شیعری (بوکیان دزی)، کە پەشێو لە ساڵی (١٩٧٣ز) نووسیویەتی دەقەکە بەم شێوەیەیە:

**بووکیان دزی،**
**زوڕنامان خۆش!**
**بوکیان کڕی**
**دەهۆڵمان خۆش!**
**بووک ئێوە خۆش**
**هەڵپەڕکێی ناو سەهۆڵمان خۆش!**

**زاوا- هەڵسە!**

**هەڵسە، ڕابە...**

**زوڕناكانیان وردو خاش كە،**

**زمانەكانیان لە ئاش كە!** (پەشێو، ٢٠١٤، ٢٩٢)

مەلەكشا شیعرێكی هەیە بە هەمان ناونیشان (بوكیان دزی) كە ساڵی(١٩٩١ز) نووسیویەتی هەمان وێنە و ناوەرۆكی هەیە ودەڵێت:

**زاوا خۆش بێ، بووكیان دزی**

**ها...سواران**

**بە جەلیت و تەقلەكوت**

**بردیان بۆ پەردووی بێگانە**

**سەری ئێوە سەلامەت بێ**

**ئێمە گشتمان پەردووگیر بووین**

**زەماوەندمان بوو بە ماتەم**

**بیرەوەری بووكی دزراو...**

**لەسەر دڵمان بوو بە داخ و**

**سمێڵە خیچكەی زاوای تازە**

**لە چاومانا بوو بە تانە** (مەلەكشا ١٣٩٧هـ ٢٠)

عەبولا پەشێو لەشیعرێكیدا هەیە بەناوی (شەوێك دوژمن) لە دیوانی (براكوژی) (پەشێو ٢٠٠٨، ٤٣٧) كە لە ساڵی ١٩٨٤ز نووسیویەتی ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری(لەسەر شانۆی براكوژی) (مەلەكشا ١٣٩٧هـ ٩٦) مەلەكشا، كە لە ساڵی ١٩٩٧ز نووسیویەتی واتە سیانزە ساڵ دوای شیعرەكەی پەشێو ئەگەر سەرنج بدەین هەمان ناوەڕۆك و هەمان وێنە هاوبەشە .

**شەوێك دوژمن دەستێكی كرمنی كڕی.**

**بۆ شنۆی برد**

**مەزاری شای هەڵۆیانی پێ هەڵدڕی.**

**ئەمەی كرد و وەك ریژسێور خۆی پەنادا،**

**بەفیكەیەك پەردەی لەسەر شانۆ لادا...**

**ئیتر هەڵۆ لە هێلانەی شێواو دەربوون:**

**دەم لە زمان،**

**دەست لە پەنجە،**

**چاوەكانیش لە گلێنەی خۆیان بەربوون.**

**لە گەورەم پرسی: "چ باسە؟"..............**

**گوتی: "دوژمن بەختی هەیە"**
**کە هەڵۆ هێندە دەبەنگە"**

ئەگەر سەرنج بدەین مەلەکشا لە شیعری(لە سەر شانۆی برا کوژی)دا، هەمان ناوەرۆک، کە باسی براکوژی و دەستی ناحەزان دەکات و نیشتیمان وەک تەختی شانۆ و هاونیشتیمانیانی کورد وەک کاراکتەرێک دەبینێت کە بەدەستی دوژمنان پلانی ئەوان جێبەجێدەکەن یاخود دوژمن دەیەوێت ئەو پلانە نەگریسەی هەیەتی وەک دیمەنی شانۆیی پییان جێبەجێبکات، دەقەکەی مەلەکشا بەو شێوەیەیە:

**بڕیار وا بوو**
**ئاکتۆرەکان**
**بە پێی شانۆ لەسەر میرات**
**یەکتر بکوژن**
**ماوەیەک بوو**
**هەموو شەوێ**
**کارەساتی براکوژی**
**دووپات ئەبوو**
**پاڵەوانی شانۆ هەستا**
**بەپێچەوانەی ڕێژیسۆر**
**بەرەو لای چەپ کەوتە ڕێگە**
**هاواریان کرد...**
**شانۆنامەکە تێک مەدە**
**بەرەو لای ڕاست بگەڕێوە**
**لەپشتەوە پەلاماری براکەت بە...** (مەلەکشـا ١٣٩٧هـ ٩٦)

هەروەها ڕەهبەر مەحموود زادە ئاماژە بە شیعرێکی مەلەکشا دەکات بەناوی(پەری شیعر)،کە لەساڵی ١٩٩٢ز نووسراوە و دەڵێت: "ئەم شیعرە کامە شیعری بەناوبانگی پەشێوتان دەخاتەوە بیر؟ شیعری مەلەکشا لەژێر کاریگەریەتی شیعری (لەبەر دەرگە)ی پەشێو گوتراوە" (زادە_ب، ٢٠٠٨، ١٩٠). لێرەدا بەشێک لە شیعری (لەبەردەرگە) کە لە دیوانی(شەونامەی شاعیرێکی تینوو)دایە (پەشێو، ٢٠١٤، ١٤٥) دەخەینە ڕوو شاعیر دەڵێت:

**شەو ڕاکشا،**
**ئەژنۆم شل بوو،**
**مانگ بەتاقی ئاسمانەوە هەڵپرووکا.**
**دەرگەکەتم لێ بکەوە!**

**ئەمشەو هاتووم**
**بۆ چنینی**
**چەپکە نێرگزێکی چاوت،**
**بۆ وچانێ،**
**بۆ خەونێ، تۆزە گریانێ**
**لەسەر هەوری قژی خاوت. .......**
**دەرگەکەتم لێ بکەوە!**
**هەر دڵدارەکەی جارانم،**
**هەر کێڵگەکەی بەر دەرگەتم،**
**هەر تینووەکەی بەر کرێوە و با و بارانم.**

ئەگەر سەرنج بدەین شیعری(پەری شیعر)ی مەلەکشا، بە دووبارەبوونەوەی هەمان وێنە و ناوەرۆک، تەنانەت دەستەواژەکان شاعیر دەقێکی شیعریی بنیاتناوە، کە وەرگرتنێکی ئاشکراو بەرچاوی شاعیرە لە دەقەی پەشێوەوە، کە پەشێو لە ساڵی ١٩٦٩ز نووسیویەتی مەلەکشا دەڵێت:

**پەری!**
**دەرکەم لێ کەرەوە**
**بارانێکی لێڵ دەبارێ**
**ئیمشەو هاتووم...**
**خەمەکانم لە باوەشتا بتوێنمەوە**
**تەمەنێکە ڕێگا دەبرم**
**کەوشی پۆڵام داڕزاوە**
**گۆچانی ئاسنم شکاوە**
**توێشە خاڵی، ڕۆحم تەنیا**
**خۆم غەریب و دڵم هێلانەی باڵندەی**
**هەزار ئاواتی سووتاوە!**
**پەری!**
**دەرکەم لێ کەرەوە**
**ئەوناقم کردا!**
**ڕۆحم وێنەی چۆلەکەی بەر لێزمەی باران هەڵدەلەرزێ**
**لەبەر دەرکەی ماڵەکەدا ڕاوەستاوم**" (مەلەکشا ١٣٩٧هـ ٨٤)

ئەگەرچی ڕەهبەر مەحموود زادە پێیوایە "ئەگەر ڕۆژێک بڕیار بدرێت نموونە دەقی هەڵکەوتەی شیعری کوردی، لە دووتوێی کۆمەڵە تێکستێکی مێژوویدا بڵاوبێتەوە، ئەگەر بێتوو شیعری(لەبەر

دەرگە)ی پەشێو لەم کۆمەڵە تێکستەدا بنووسرێ، گومانتان لەوەدا نابێ، شیعری(پەری شیعر)ی مەلەکشا جێگەیەکی لەم تێکستە مێژووییەدا بۆ ناکرێتەوە" (زادە_ب، ٢٠٠٨، ١٩١). ئێمە هاوڕای ئەم بۆچوونە نین، بەوپێیەی ئەگەر لە ئەزموونی شیعریی هەر شاعیرێک بڕوانی بەم قۆناغەدا تێپەڕیوە یان لەم جۆرە تێکستانە لەناو دیوانەکەیدا دەدۆزیتەوە، واتا شاعیران بەدەرنین لە کاریگەریی و پێ کاریگەربوون بە شاعیرانی تر لە نەتەوەی خۆیان و شاعیرانی جیاواز لە نەتەوەی خۆیان، جیا لەوەی ئەم ئەزموونە دەبێتە هۆی هێنانەدی چەندین دەقی باڵا و نوێ لە ژێر ڕۆشنایی و سێبەری ئەو دەقانەی کە شاعیر بە جۆرێک لەجۆرەکان وەریگرتوون و کردوونیە بنەمای هێنانەدی دەقی نوێ.

مەلەکشا یەکێکە لەو شاعیرانەی کە وەک ڕابەرێکی شیعری نوێ لە قۆناغێکی دیارکراودا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ژێر کاریگەری شاعیرانی فارس وەک پێشتر ئاماژەمان پێکردووە و هەروەها دەستەیەک لەشاعیرانی باشووری کوردستان کە نموونەکانیانمان خستۆتە ڕوو توانیویەتی چەندین دەقی شیعری نوێ بنات بنێت، بەو هۆیەوە وەک دەنگێکی دیاری شیعری ڕۆژهەڵات دەربکەویت و ئەم ئەزموونەی بۆتە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەزموونە شیعرییە گشتییەکەی خۆی.

بۆیە دەکرێت لەلایەک خۆی وەک پێشەنگێک لێی بڕوانرێت، کە ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەلایەکی ترەوە مینبەرێک بووە بۆ گەیاندنی دەنگ و ناوەرۆک و شێوازی شیعریی شاعیرانی پێشەنگی باشووری کوردستان بە ڕۆژهەڵات و بایەخ پێدانی ئەم شێوازەی شاعیران.

## پاری چوارەم: جەلال مەلەکشا و ئەزموونی نوێگەری:

سەرەتا دەبێت بزانین، کە ئەزموونی شیعریی چییە؟

ئەزموونی شیعریی "هەڵوێستێکی شیعرییە، کە لەگەڵ هەستەکانی شاعیردا کارلێکی کردووە و کاریگەری لەسەر ویژدان و بوونی بەجێهێشتووە، ئاوێتە دەبێت لەگەڵ بیر و خەیاڵیدا، دواتر بە وردبینی و وردەکارییەوە دایدەڕێژێت و گوزارشتی لێدەکات، بەرهەمێکی شیعریی تەواو بە ڕەگەزە بیریی و هونەرییەکان دادەهێنێت." (فروجی، ٢٠١٢، ٧) کاتێک دەروونی شاعیر دەکەوێتە ژێر کاریگەری بابەتێک، کە خولیایەتی و بیری لێدەکاتەوە، نوقمی بیرکردنەوەکانی دەبێت و دووچاری تێڕامانی دەکات، تا کانیاوی داهێنانەکەی دەتەقێتەوە و لە چوارچێوەی دەقی شیعریی گونجاودا ئەم ئەزموونە دادەڕێژێتەوە.

جۆرەکانی ئەزموونی شیعریی بریتین لە "ئەزموونی خودی (زاتی)، ئەزموونی گشتی، ئەزموونی تێکەڵ (ئاوێتە)" (العوضی، ٢٠١٠)، کە لێرەدا هەوڵدەدەین ڕوونیان بکەینەوە:

١-ئەزموونی خودی (زاتی): ئەو ئەزموونەیە، کە گوزارشت لە هەستە تایبەتییەکانی خودی شاعیر دەکات و هەست و سۆزەکانی وێنا دەکات. واتە بابەتە خودییەکانی تایبەتن بەشاعیر وەک خۆشەویستی. مەرگ و دابڕان و...هتد ، ئەو بابەتانەی کەسین.

جەلال مەلەکشا لە شیعری (عەشقێکی پاوان) دا، کە باس لە ئەزموونێکی خودی خۆی دەکات ئاخ هەڵدەکێشێت بۆ ئەوینێک کە قەت ناگاتە بەیەکگەیشتن بەهۆی جیاوازی تەمەنەوە و دەڵێت:

**کچێکم خۆش دەوێ**
**وەک پەڕەی گوڵ وایە!**
**هێندە جوان و ناسکە**
**هێند شیرین**
**کە دەڵێی دەستکردی خودایە!.........**
**بەڵام ئاخ!**
**ئەو مانگی یەکەمی بەهارە**
**من مانگی کۆتایی زستانم**
**دوو هێڵی تەریبین**
**قەد ناگەین بەیەکتر**
**هەرچەند زۆر لە یەکتر نزیکین!** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ١٦٦)

٢-ئەزموونی گشتی: ئەو ئەزموونەیە، کە شاعیر پێیدا تێدەپەڕێت وتیایدا گوزارشت لە پرسە گشتییە ئینسانییەکان و پرسە کۆمەڵایەتییەکان و پرسە سیاسی و نیشتمانیەکان دەکات، کە ڕەهەندێکی گشتی و مرۆڤایەتییان هەیە. بۆ نموونە لە شیعری (تاوان)دا شاعیر داوای ئازادیی و یەکسانی و سەربەستی و خۆشەویستی دەکات بۆ هەمووان، کە مافێکی ڕەوای هەموو مرۆڤێکە، دەڵێت:

**چونکە ئەموت:**
**مرۆڤ دەبێ،**
**ئازاد و شاد و سەربەست بێ**
**شادی، دڵداری، ئازادی**
**بنەڕەتی ژیان بێت و**
**بچووکترین وشەی ئەوین**
**ماچ و ئاواز و هەڵبەست بێ.**
**دڵیان کۆلیم (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٩٧)**

٣-ئەزموونی تێکەڵ (ئاوێتە): ئەم ئەزموونە ئەزموونێکی خودییە گۆڕاوە بە ئەزموونێکی گشتی شاعیر ئاوێتەیان دەکات، پەرۆشی شاعیر بۆ بابەتێکی دیاریکراو و چڕکردنەوەی هەست و سۆزی و

تێکەڵکردنی لەگەڵ بابەتێکی گشتی دەبێتە ئەزموونی تێکەڵ بۆ نموونە وەک غوربەت، نۆستالژیا....هتد، جەلال مەلەکشا لە شیعری (هێلانەی من...)دا هەست و سۆزی خودی خۆی ئاوێتەی پرسێکی نیشتمانی و گشتی دەکات، دەڵێت:

**هۆ کیژۆڵە قژ سەوزەکەی دارستانی هەست و شیعرم**

**چۆن بێمەوە؟!**

**تا چاو بڕ کات**

**هەر بڵێسە و کڵپەی ئاگر**

**بەرەو ئاسمان هەڵئەچێت و**

**دووکەڵ دنیای داپۆشیوە** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٢٠٠)

ئەزموونی شیعریی شاعیریش لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و پێداویستییەکانی کۆمەڵگا بەرەو نوێبوونەوە و داهێنان هەنگاو دەنێت. "هیچ شاعیرێکی گەورە نییە لە ڕێگەی ئەزموونکردنەوە ڕەهەندێکی نوێی زیاد نەکردبێت لەسەر هونەری شیعریی، تاقیکردنەوە و هەوڵدان بۆ زیادکردنی ڕەنگێکی تەندروست و پێویست بۆ هەموو هونەرێکی ڕەسەن، هەموو شاعیرێک ئەم خواستەی هەیە دەیەوێت زیادیبکات بۆ ئەوەی دووبارە لاسایی نەکاتەوە، پێویستە کاری ئەدەبی و بە تایبەت شیعر لەسەر بنەمای فرە ڕەنگی بێت." (أحمد، ٢٠١٧، ٢٥)

نوێبوونەوە یان نوێگەری "بەوە ناسراوە، کە بزاوتێکە هەوڵی تازەکردنەوە و خوێندنەوەی سایکۆلۆژیای مرۆیی لە ناوەوە دەدات کە لەوەشدا پشت بە ئامرازگەلێکی تەکنیکی نوێ دەبەستێت لە ڕاستیدا زۆربەی بزوتنەوە هونەرییەکان شتی تازەیان هێناو لەبەردەمماندا شۆڕشێک بوون وەکو ئەوەی لە نیگار و مۆسیقا و شیعر (بەتایبەتیش شیعری سەربەست)دا هەیە." (حسێن، ٢٠٠٠، ٦) واتە نوێبوونەوە بزووتنەوەیەکە پشت بە کۆمەڵێک ڕوانینی نوێ دەبەستێت بۆ لێکۆڵینەوە لە دەروونی مرۆڤ، هەروەها پشت بە گەلێک لایەنی هونەری نوێ دەبەستێت بۆ نوێبوونەوە.

نوێبوونەوەش لە ناوەڕۆک و ڕوخساردا دەبێت، چونکە ڕوخسار و ناوەڕۆک لە بەرهەمی ئەدەبیدا تەواوکەری یەکترن "دەقی داهێنەر ئەوەی یەکلا کردۆتەوە، کە روخسار و ناوەڕۆک پێکەوە هەڵدەکەن، پێوەندی نێوان فۆڕم و ناوەڕۆک پەیوەندییەک نییە لەسەر بنچینەی دوورکەوتنەوە و جیاکاری دروست بوو بێت، بەڵکو گشت ناوەڕۆکێک فۆڕمێکی تایبەتی پێویستە، چونکە فۆڕم شێوازی بوونی ناوەڕۆکە، شێوازێک، کە تەنیا بەهۆی ئەوەوە ناوەڕۆک دەتوانێت دەربکەوێت، واتە ناوەڕۆک ناتوانێت واز لە شێواز بێنێت و بە تەنیا دەقی داهێنەرانە بخوڵقێنێت" (حوسێن، ٢٠٢٠، ٧٤). جەلال مەلەکشا خۆی لەبارەی نوێگەرییەوە دەڵێت: "شاعیر دەبێت دیاردەیەکی نوێ بخوڵقێنێت، شیعر دەبێت زیادکردن بێت، نەک دووبارەوێژی، وێنە و ڕوانین دەبێت تازە بێت، شیعر دەبێت سەربەخۆ بێت، سەربەخۆیی بیر و ئەندێشە و زمانی تێدا بێت، کاتێ شاعیر گەیشتە ئەو ڕادەیە کە بتوانێ زبان و

ئەندێشەیەکی سەربەخۆ لە شیعرەکانیدا ڕەچاو بکات، دەڵێن شاعیر خاوەنی شێوازە، شێواز لە بنەڕەتیترین کەرەستەی زبانە بۆ شاعیر، نووسەر و هونەرمەند" (مەلەکشاە، ٢٠٢١، ٢٧).

لەم ڕووەوە جەلال مەلەکشا لە ڕەهەندی مەبەست و ناوەرۆکی شیعرییدا ئەزموونە شیعرییەکەی لە ژێر ڕۆشنایی کاریگەرییەکانی ئەدەبیاتی فارسی لەسەری، هەروەها کاریگەریی شاعیرانی باشووری کوردستان و ڕەوتی نوێگەری هەردوو گروپی ڕوانگە و کفری و گواستنەوەی ئەم ئەزموونە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان و بەرجەستەکردنی لە بنیاتی دەقی شیعریدا، لەلای شاعیر.

وەک لە هەردوو پاری پێشووی ئەم بەشەدا هەڵوێستەمان لەسەر کردووە و لەبارەیانەوە دواوین، شاعیر ئەزموونی تایبەتی خۆی و دۆخی ژیانی، باردۆخی سیاسی وڵات و خۆی کە پیایدا تێپەڕیوە چ وەک تاک چ وەک نەتەوەکەی بەتەواوی ڕەنگی داوەتەوە لە شعیرە بەرەنگارییەکانیدا و وەک مۆرکێکی تایبەتی خۆی، وەک شاعیرێکی بەرەنگاری خوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێبەری ئەم ڕەوتە بەرەنگارییە دەردەکەوێت، سەرەڕای لاکردنەوەی لە بابەتگەلی تری وەک مرۆڤایەتی، فەلەسەفی، نیشتیمانی و خۆشەویستی.

بێگومان ئەم ناوەرۆکە بۆ ئەوەی تەواو ئەزموونەکەی بەرەو کامڵ بوون و پێگەیشتن ببات و لە چوارچێوەی فۆڕمێکی نوێی شیعرییدا دایبرێژێت بۆتە هۆی ئەوەی شاعیر لە ڕووی تەکنیک و هونەری بنیاتنانی دەقی شیعرییەوە سوودی لە چەندین تەکنیکی فرەچەشن بینیوە، کە لەناونیشانی دەق و چۆنییەتی هەڵبژاردنییەوە دەستپێدەکات و لە بەکارهێنانی کێش و سەروای ئازاد و ڕەوانبێژیی نوێ و زمان وەک پردی پەیوەندی نێوان خۆی و  خوێنەر، ڕۆڵی بەرچاو دەبنێت و وێڕای وێنەگەلی جۆراوجۆر و ڕەمز و ئاوێتەکردنی تەکنیکەکانی تری ژانرە جیاوازەکانی دیکەی ئەدەب وەک گێڕانەوە، دیالۆگ و مۆنۆلۆگ.

هەموو ئەمانە وەک ئامرازێک لای شاعیر بەکارهاتوون و ئامانج لێیان گەیاندنی ناوەرۆکێکی شیعریی بووە، کە مەبەستی بووە بگاتە خوێنەرانی نەتەوەکەی و هێنانەدی ئامانجە دوورەکەی، کە دەربڕینی ناخ و گوزارشتکردن بووە لێی و دواجار هۆشیارکردنەوەی خەڵکی، لەبەر ئەم گرنگی و بایەخە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ ڕەهەندەکانی ناوەرۆکی شیعریی لای جەلال مەلەکشا و لەو ڕووەوە لە چەند بابەتێکی جێی مەبەستی شاعیر دەدوێین، لەبەشی دواتر  بنیاتی هونەری دەقە شیعرییەکانی شاعیر دەکرێنە تەوەرەکانی باسکردن و لەبارەیانەوە دەدوێین.

## بەشی دووەم:

# ناوەرۆک و بابەتی شیعریی جەلال مەلەکشا

### پاری یەکەم: شیعری نیشتمانی

### پاری دووەم: شیعری بەرەنگاریی

### پاری سێیەم: شیعری فەلسەفی

### پاری چوارەم:  شیعری مرۆڤایەتی

### پاری پێنجەم: شیعری خۆشەویستی

# بەشی دووەم:

# ناوەڕۆک و بابەتی شیعریی جەلال مەلەکشا

## پاری یەکەم: شیعری نیشتمانی

بابەتێکی شیعریی بەرفراوانە لەناو پانتایی دەقی شیعری کوردیدا، زۆرجار تەنیا لە ژێر ناونیشانی شیعری نیشتمانیدا شیعری سیاسی و نەتەوەیش کۆدەبێتەوە هەندێ جاریش پۆلێن دەکرێت بۆ شیعری (نیشتمانی، سیاسی، نەتەوەیی) بەو پێیەی شیعری نیشتمانی گوزارشتکردنە لە سۆزو خۆشەویستی شاعیر بۆ نیشتمان و خاکی خۆی و پەیوەندی ڕوحیی شاعیر و پەیوەست بوون و وابەستە بوونییەتی بەزێد و شوێنی ژیانییەوە. "شیعری نیشتمانی بە نیشتماندا هەڵدانە، چونکە بێشکەی منداڵ و شانۆی لاو و دایکی دڵسۆزی مندالانە، کە بەشیری خۆی پەروەردەیان دەکات و خۆشەویستی بە جگەرگۆشەکانی دەدا، کاریگەری زۆری هەیە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ بە نیشتمانەکەیەوە و خۆبەختکردن لە پێناویدا" (العویشق، ١٩٧٠، ٧٠). خەمی خاک و نەتەوە، تێکۆشان لە پێناوی نیشتماندا، میللەت پەروەری و شانازیکردن بە زمان و داب و نەریتی نەتەوەیی هەمیشە لە بیر و ئاوەزی شاعیراندا ئامادەییان هەبووە هەربۆیە لەم بابەتە شیعرییەدا سۆزێکی ڕاستەقینە هەیە، "بۆن و بەرامەی خاک و خۆڵی وڵاتی لێ بەرز دەبێتەوە. دەنگی ڕەسەنایەتی هەستە پیرۆزەکەی ڕۆڵەکانی نەتەوە بە دنیا ئەگەیەنێت و هەوێنی پاکێتی و دڵسۆزی تیا ئەژی و گەردی پۆخڵی ڕۆژگاری لێ نەنیشتووە و ڕەنگدانەوەی ڕەسەنایەتی و سروشتی بێگەردی هەستی بەرزی مرۆڤایەتییە." (موفتی، ٢٠٠٦، ٣٨).

ئەوەی تایبەتە بە سیاسەت "وەکو زاراوە ئەو بیر و چالاکییانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندییان بە کاروبار و هەڵسوڕانی حوکم و جۆری دەسەڵات و سیستەمی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵی مرۆڤەوە هەیە، بەو مانایەی سیاسەتیش لەڕووی مێژووییەوە یەکێکە لە کۆڵەکە و پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ واتە دیاردەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە بەمەبەستی پێشکەوتن و شارستانیەت." (صعب، ١٩٧٧، ٢٤٢). بۆیە شیعری سیاسی"ئەو شیعرەیە پەیوەست بێت بە سیاسەتەوە یان بۆن و بەرامەی سیاسەتی لێبێت، ئەوا شیعری سیاسییە، ئیتر پەیوەندی بە دەسەڵاتی حوکمڕانی ناوخۆ یان دەرەوە بێت... یان نوێنەری ئەو بۆچوون و دەسەڵاتە بێت و بەرگری لێبکات یان دژی بێت، واتە بیرەکان تایبەتن بە بیرو بۆچوونی شاعیر خۆی." (کەساس-جەباری، ٢٠٠٨، ٢٧٩).

هەرچی تایبەتە بە پێناسەی نەتەوایەتی ئەوا " نەتەوایەتی ئەو بیروباوەڕە (مذهب)ەیە، بەدوای ئەو خەسڵەتە بنچینەییانەدا دەگەڕێت، کە دەستنیشانی نەتەوەکان دەکات" (ئاگرین، ١٩٩٩، ٣٨). نەتەوایەتی بیروباوەڕێکی زیندووە، کە لێوانلێوە لە خۆشەویستی و وەفاداریی، کە دەبێتە هۆی جوڵاندنی هەستی نەتەوایەتی و کۆششکردن و پەرەپێدانی نەتەوەخوازی "نەتەوەخوازی

(Nationalism) خواستی کۆمەڵە خەڵکێکە بۆ دروستکردنی وڵاتێکی سەربەخۆ، کە ڕەگەز و زمان و کەلتووری هاوبەشیان هەیە" (مستەفا، ٢٠١٥، ١٩). هەر بۆیە نیازی نەتەوەخوازی "لە کرۆکدا بەدەستهێنانی سەربەخۆییە" (حورانی، ٢٠١٠، ٤١٢). سەبارەت بە بیری نەتەوەیی کوردی (کوردایەتی) "ئەو هەستە بزوێنەرە سروشتییەی ناخی مێشک و دەروونی مرۆڤە، بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە و ڕاژەی گشتی و خۆبەستنەوە بەرەوشتی بەرز و نەریتە پیرۆزەکانی ناو کۆمەڵ لە کاردایە و خاوەنی خەسڵەتە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤە وەک (وەفا، لێبووردن، دڵسۆزی، خۆشەویستی، جوامێری) و هەموو هەلومەرجە موقەدەسەکانی ناو کۆمەڵگا، خاوەنی هەستی نەتەوەیی چی بۆ خۆی و نەتەوەکەی دەوێت، هەمان دەستکەوت و کاری باشەی بۆ هەموو مرۆڤ و نەتەوەکانی دی دەوێت" (ئاگرین، ١٩٩٩، ٤١-٤٢). چەندین فاکتەری جۆراوجۆر هەن، کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی، بەڵام داواکارییەکان هەر یەکن و ئامانج گەیشتنە بە سەربەخۆیی و ئازادی و ئاڵای تایبەت و ئابووری سەربەخۆ و چوونی نەتەوە بۆ نێو جوگرافیای سیاسی و جیهانی.

ئەگەر سەرنج لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی بدەین دەبینین سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نیشتمانی و نەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەم، دەتوانیین لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانی دا ئەو سیمایە بەدی بکەین  هەرچەندە پێشتریش مەلای جزیری باسی کوردستان و بۆتان دەکات وەک زێدی خۆی، بەڵام وەک ئەحمەدی خانی باسێکی بنچینەی و سەرەکی نەبووە لە نێو بەرهەمەکانیدا.

لەسەدەی نۆزدەیەمیشدا حاجی قادری کۆیی بەشیعرە نیشتمانی و نەتەوەییە پڕ جۆش و خرۆشەکانی درێژە پێدەری هەمان ڕێچکە و ڕێبازی خانی دەبێت و شیعرەکانی دەخاتە خزمەت مەسەلەی نیشتمانی و نەتەوەییەوە و "بەهەستێکی نوێ و  گیانێکی نەتەوایەتی قووڵەوە هاتە مەیدانی شیعر نووسین و شیعری وەک چەک بەکارهێنا بۆ خزمەتی سیاسی و هۆشیار کردنەوەی خەڵک" (جەمال، ١٩٩٦، ١٢). بەمەش ڕوانینێکی نوێی بەمەسەلەی نیشتمانی و نەتەوایەتی بەخشی و کاریگەریی لەسەر شاعیرانی دوای خۆی جێهێشت، "بەپێشڕەوی کاروانی ئەو شاعیرە کوردانە دادەنرێت، کە ڕێگەی خەبات و تێکۆشانیان بۆ نەتەوەی کورد کێشاوە و شیعریان کردووە بە بەشێکی جیانەکراوە لە خەباتی گەل" (رسول، ١٩٦٦، ٧٢).

بیری نیشتمانی و نەتەوەیی لە شیعری شاعیرانی کلاسیکیدا ڕەنگی داوەتەوە  و هەروەک د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ دەڵێت: "باسێکی دیار لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، کە ڕەنگە تا ڕادەیەک لە زۆر بەرهەمی ڕۆژهەڵاتی جیا بکاتەوە باسی وڵات و نیشتمان پەروەرییە کە زۆر زوو لەشیعری کوردیدا سەری هەڵداوە" (ڕەسوڵ، ١٩٨٥، ١٩٤). لای شاعیرانی کرمانجی خوارووش ئەم هەستە نیشتمانی و نەتەوەییە بۆتە هەوێنی چەندین قەسیدەی جوان و ڕەنگین دواتر سەدەی بیستەم

مێژوویەکی پڕ گۆڕانکاری وجموجۆڵ بوو بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتدا "یەکێک لە سیما بنەڕەتییەکانی ئەوە بوو کە سەدەی شۆڕش و جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی بوو" (حنا-مینە، ١٩٧٨، ١٤٧).

بیری ئازادیخوازی و هەوڵدان بۆ سەربەستی، ئازادی و دەستەبەرکردنی ژیانێکی نوێ بۆ گەل دەروونی خەڵکی جۆشدەدا  لە قۆناغی ڕۆمانتیک و ڕیالیزم دا ئەم بابەتە زیاتر برەوی سەند و بەهۆی ئەو بارودۆخە ئاڵۆز و ناهەموارەی میللەتی تێکەوتبوو ئەم بابەتە شیعرییە سەرەکیترین بابەت بوو لای شاعیران ئەمەش لە شیعری شاعیرانی وەک ( پیرەمێرد، بێکەس، قەدری جان، دڵدار، دیلان.....هتد) بە ڕوونی دەبینرێت.

بەهۆی بێبەشی کۆمەڵی کوردەواری لە سەرەتاییترین مافی، کە نیشتمانێکی ئازاد و ئارامە شیعری نیشتمانی لەبەرهەمی زۆربەی شاعیراندا وەک ناوەڕۆکێکی شیعریی ڕەنگیداوەتەوە و هۆکارێک بووە بۆدەربڕینی نارەزایی و هۆشیارکردنەوەی میللەت لەناوچەی موکریانیشدا سەیفی قازی (سیف القضاة)(١٨٧٦-١٩٤٤ز) ڕابەرایەتی بیری نیشتمانی دەکات. "شیعری بەرزی...سەیفی قازی، کە بەحەق بەپیرەمێردی موکریان ناسراوە، ئەویش هاودەنگ لەگەڵ حاجی قادر و مەلا موحەمەدی کۆیە بۆتە چرای ڕووناککەرەوەی شەقامە تاریکەکانی کوردەواری لەسەردەمی خۆیدا" (ئەوڕەحمان، ٢٠١٥، ٩١) و کاریگەری لەسەر شاعیرانی دوای خۆی بەجێهێشتووە، هەروەها مستەفا شەوقی(١٨٩٦-١٩٥٠ز)یەکێکە لەو شاعیرانەی بەهۆی شیعرە نیشتمانی و سیاسییەکانی لەو ڕۆژگارەدا کاریگەریی هەبووە لەسەر بوژانەوەی هەستی نەتەوایەتی بەدوای ئەمانیشدا دەستەیەک لەشاعیرانی وەک(خاڵەمین، سیدکامیلی ئیمامی(ئاوات)، عەباسی حەقیقی، محەمەد عەتری گوڵانی(نوری)، هەژاری موکریانی، هێمن، هێدی،...هتد) هەمان ڕێچکە و ڕێبازی سەیفی قازی دەگرنەبەر و لە شیعرەکانیاندا هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری  بەڕوونی دیارە.

(جەلال مەلەکشا)ی شاعیریش یەکێکە لەو شاعیرانەی ئەویندار و عاشقی سەرسەختی نیشتمان بوو ئەو هەر لەمنداڵییەوە و کاتێک دەخرێتە بەرخوێندن و ناتوانێت بە زمانی خۆی بخوێنێت، وەک منداڵێکی وریا هەست بە زۆرداری و نایەکسانی و چەوسانەوە دەکات بۆیە هەر لەسەرەتاوە بەهۆی هەست و سۆز و بیروباوەڕی نەتەوەییەوە تۆوی هیوا و هەستی نیشتمانی و نەتەوایەتی، تیا دەخولقێت و لەپێناو گەیشتن بە ئامانجێکی مەزن و پیرۆز درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدات و ژیانی ئاوێتەی ژیانی چەوساوەکان دەکات و ڕێگەی  کوردایەتی هەڵدەبژێرێت لەو مەیدانەشدا تووشی ئەشکەنجەی زۆر و دەردەسەری و گرتن و زیندان دەبێت.

لەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ز بەدواوە، کە دەست بە نووسینی شیعر بە زمانی کوردی دەکات قەڵەمەکەی دەخاتە خزمەت نیشتمان و گەلەکەی، لەشیعرەکانیدا هەستی نیشتمانپەروەری و بیری نەتەوەیی ڕەنگدانەوەیەکی قوڵیان هەیە و لەزۆربەی شیعرەکانیدا سیمای ئازارەکانی کورد لە نیشتمانی خۆی، بێبەشی نەتەوەی کورد لە ئازادی، دەوڵەتی کوردی، دەرد و

ئازار، مەینەتی و  چەوساندنەوە بەڕوونی دیارە مەلەکشا  ژیانی بۆ گەلەکەی تەرخان کرد و بۆ خۆی نەژیا شیعرەکانی بۆ ڕاچەنینی گەل، خۆشەویستی نیشتیمان و بەگژداچوونەوەی توندو تیژی تەرخانکرد دژی  دەسەڵاتداران و نەیاران و دوژمنانی گەلەکەی وەستاوەیەوە.

مەلەکشا لەشیعری (بێ وڵات) دا، کە پێشتر ئاماژەمان پێداوە لەژێر کاریگەریی شاملوودا نووسیویەتی و هەمان وێنە لای شاملوش هەیە، دەیەوێت باس لە بێبەشی کورد لە نیشتمان و زێدی خۆی بکات و دەڵێت:-

**چل ساڵە من**
**تەرمی خۆمم لە کۆڵ ناوە**
**دەیگێڕم و ئەشک ئەڕێژم**
**ڕێگەی دووری تەمەن ئەبڕم**
**بستێ خاکم دەست ناکەوێ**
**ئەم جەستە پڕ لە ئازارەی**
**تیا بنێژم!** (مەلەکشا، ١٣٩١، ٣١)

مەلەکشا لەم شیعرەدا باسی خەم و ئازاری سەدان ساڵەی گەلێکی ستەم دیدە و نەحەساوەمان بۆ دەکات، ئەویش ئازاری بێ وڵاتییە، کە بەهۆی ستەمی داگیرکەرەوە گەلی کوردی لێ بێبەشکراوە، شاعیر لە وڵاتی خۆیدا هەست بە نامۆیی و غەریبی دەکات بەهۆی نەبوونی بستێ خاکی ئازاد وەک دەوڵەتی دانپێدانراو لەسەر نەخشەی جیهان بۆ کورد. چەوسانەوە و زوڵم و زۆرداری داگیرکەران فرمێسک و ئەسرینی زۆری بە شاعیر ڕشتووە، هەروەها ئاماژە بە کاروانی پڕ خەبات و تێکۆشانی گەلیکی ستەملێکراو دەکات لەپێناو نیشتماندا ئەوەندە ئازار و مەینەتی لەو ڕێگەیەدا چەشتووە جەستەی لاواز بووە، بۆتە بارێکی گران بەسەر شانییەوە و  بستێ خاک وەک نیشتمانێکی ئازادکراو شک نابات تاکاتێک مرد تەرمەکەی تیا بنێژن.

لە شیعری(نیشتمان)دا مەلەکشا وێنەی نیشتیمانی خۆیمان بەم جۆرە بۆ دەنەخشێنیت: گەلێکی بێ وڵات، ڕاستی لەدار دراو و دیلی نێو قەفەز و کوردستانێکی پارچە پارچەکراومان بۆ دەکێشێت و دەڵێت:-

**دیوانی شیعری شاعیرێ بێ وڵاتم**
**ئەخوێندەوە**
**تەنیا یەک وشەی تێدا بوو**
**(نیشتمانێکی) چوارپەل بڕاو!**
**دیوانی شیعری کوردێکی**
**دیلی چاوەڕوانی مەرگم ئەخوێندەوە**

**تەنیا سێ وشەی تێدا بوو**
**(انا الحق)ێ لە دار دراو!**
**(ئا...س...ما...ن...ێکی) لەت لەت کراو**
**(نیشتمانێکی) چوارپەل بڕاو!** (مەلەکشا، ١٣٩١، ٢١٣)

مەلەکشا لێرەدا سەربوردە و مێژووی نەتەوەیەکی بێ نیشتمان و بێ وڵاتمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە چۆن بەدرێژایی مێژوو داگیرکەران و دوژمنان وڵاتیان داگیر کردوین و نیشتمانی کوردیان دابەشکردووە بەسەر چوار وڵاتدا و چوار پارچەی خاکی کوردستان لێکترازاندوە و چوار پەلیان بڕیوە زوڵم و زۆرداریی داگیرکەر بەجۆرێکە ئاسمانیشیان لەت لەت کردووە بێ بەزەییانە خەڵکەکەی ئەچەوسێننەوە، کاتێک دیوانی شیعری شاعیرانی کورد دەخوێنیتەوە هەست بەو زامە قوڵە دەکەیت، شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی بەشێکی زۆری بەرهەمی شیعرییانی پێکهێناوە، کە گوزارشت لە نەبوونی نیشتمانێکی ئازاد دەکەن بۆ کورد، هەروەها شاعیر پێمان دەڵێت، کە چۆن داگیرکەر ڕێگە بە هیچ دەنگێکی حەق نادات و چارەنووسی مرۆڤی خەباتکەر و تێکۆشەر و حەق بێژ وەک حەلاج پەتی سێدارەیە.

مەلەکشا لەشیعری (من دڵداری کوردستانم) (مەلەکشا، ١٣٩١، ١٨٧)دا، سۆز و خۆشەویستی بۆ نیشتمانی خۆی دەردەبڕێت و وەک عاشقێکی سەرسەختی داروبەردی وڵاتەکەی ئەوێندارانە هەستی خۆی و شەیدابوونی خۆی بۆ نیشتیمان دەردەبڕێت. خەسڵەتێکی هەرە دیاری بیروباوەڕی نەتەوەیی پەروەردە و گۆشکردنی مرۆڤە بە خۆشەویستی نەتەوە و نیشتمان و سەرجەم مرۆڤایەتی، ...خۆشەویستی بەرامبەر دار و بەردی نیشتمان، وا لە مرۆڤ دەکات لە دەستدرێژیی بیپارێزێت و کۆشش لە پێناوی سەربەخۆیی نیشتمان و ئازادیی مرۆڤی کورددا بکات" (ئاگرین، ١٩٩٩، ١١٤-١١٥). هەر ئەم خۆشەویستییەش وا لە شاعیر دەکات، پەیامی یاخیبوون لە سنوری دەستکرد ڕابگەیەنێت و دەڵێت:

**سنوورەکان بشێوێنن**
**من تامەزرۆی بۆن و تامی نیشتمانم**
**چۆن هەنگ شەیدای گوڵەباخە**
**من دڵداری کوردستانم!**

تەنها بەوەوە ناوەستێت هەستێکی ڕووتی شاعیرانە دەربڕێت و هیچیتر بەڵکو ئەو بیری یەکێتی خاکی نیشتیمان و نەخشەی بیری ئازادیخوازی بۆ یەکخستنی نیشتیمانی کوردان دادەڕێژێت و پڕ بە گەرووی هاوار دەکات و دەڵێت: دەبێت ئەم نیشتیمانە پارچە پارچەیە یەکبگرێت و لە هەر پارچەیەکی بەم جۆرە گوزارشت لە بوونی خۆیبکات بۆیە دەڵێت:

**من ئەمەوێ**
**لەشەقامە قۆرغەکانی دیاربەکرا**
**شمشاڵ لێدەم،**
**قام و حەیران بخوێنمەوە،**
**لە چوارچرای مەهابادا**
**هەڵکەم ئاڵاکەی کوردستان**
**لە قامیشلی هاوار کەم و**
**لەگەڵ چینی کرێکارا شاری کەرکوک**
**بەمان گرتن بژێنمەوە!**

لە شیعری (زیندان) (مەلەکشا، ١٣٩١، ٢١٩)دا، شاعیر بەهۆی ئەو دۆخ و پێشهاتانەی بۆی هاتۆتە پێش و بەهۆی زەوتکردنی مافەکانی خۆی و هاونیشتیمانیانی تەواوی ژیان و گشت کونج کەلەبەرێکی لێبووە بە زیندان و هەریەک لە (دنیا، وڵات، شار، خانوو، تەنانەت جەستەی خۆی) بە زیندان دەچوێنێت تەنانەت جەستەی خۆشی زیندان کراوە و ناتوانێت بە ئازادی بژی و دەڵێت ئاخۆ کەی بێت ئەم باڵندە دیلە شورای دەستکرد بپچڕێنێ و بفڕێت، بەڵام بۆکوێ؟ هێچ شوێنێک شک نابات چونکە هەمووی زیندانە، دەڵێت:

**دنیا، زیندان!**
**وڵات، زیندان!**
**شار، زیندان و**
**خانوو، زیندان!**
**جەستەم زیندان**
**ئاخ، نازانم...**
**گەر بتوانێ مشکی زەمان**
**تێمانی ژەنگ گرتووی قەفەز**
**لێک بپچڕێ**
**باڵندەی دیل**
**بۆ کوێ دەفڕێ؟!...**

لە شیعری (دۆزەخ) دا شاعیر نیشتمانەکەی بە دۆزەخ ناو دەبات، چونکە چی ئازار و دەرد و ئەشکەنجەیە لەسەر ئەم نیشتیمانە دەیبینێت، لە کوشتن، زیندان، چەوسانەوە، ئازاردان، پاکتاوی ڕەگەزی، ڕاگواستن، ئەمانە وەک ئامرازەکانی سزادانی دۆزەخ دەبینێت و بەم سیمایەوە نیشتیمان بووە بە دۆزەخێک لە دنیادا بۆ شاعیر، کە ڕۆژانە هەزارجار تێیدا دەسوتێت و هەڵدەقرچێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قەت ناتوانیت زێد و نیشتمانی خۆی بەجێبهێڵێت و بە بەهەشتی سەر دنیای

ناگۆڕێتەوە، ناتوانێت بەبێ ئەو بژی، چونکە پەیوەست بوون و خۆشەویستی نیشتیمان لەگەڵ گیانی مرۆڤ ئاوێتەیە و مرۆڤ تەنها لە نیشتمانی خۆیدا هەست بە بوونی خۆی دەکات و دەڵێت:

**لەناو گڕ و کڵپەی ئازاری ئەم دۆزەخەدا**

**دەسووتێم و هەڵدەقرچێم**

**ڕۆژێ هەزار کەڕەت دەمرم!**

**بەڵام هەرگیز ناتوانم، نا...**

**بەجێ بێڵم**

**ئەو بەهەشتە شاد و سەربەستە بۆ ئێوە و ...**

**بە کامتان بێ...**

**من تەنیا هەر لەم دۆزەخە**

**هەست بە بوونی خۆم دەکەم و ئارام دەگرم!** (مەلەکشا، ١٣٩١، ٣٠)

هەرچی سەبارەت بە شیعری سیاسییە شاعیر دەڵێت: "من لە ڕابردوودا لە بارودۆخی سەرەتای شۆڕشی کوردستانی خۆرهەڵاتدا، زۆربەی شیعرەکانم شیعاری (دروشم) بوون، ڕووت و پەتی، بەبێ بەکارهێنانی وێنە و ڕەمز و ئیستعارە و ئەو جۆرە شتانە لەگەڵ خەڵکدا قسەم دەکرد ئاگایانەش ئەو جۆرە شیعرانەم دەگوت، هەلومەرج ئەوەی هەڵدەگرت، دوایی کاتێک کەوتمە پاڵاوتنی شیعرەکانم لە دەفتەرەکانمدا دەرهێنا و ئارشیفم کردن بۆ مێژووی شاعیریی خۆم" (ئەحمەدی، ٢٠٢٠، ٣١)، هەروەها لەبارەی بیر و بۆچوونی دەربارەی شیعری سیاسی شاعیر دەڵێت: "بە بڕوای من شیعری سیاسی لەگەڵ شیعری شۆڕشگێڕانە جیاوازە، شیعری سیاسی وەک سیاسەتڤانە و شیعری شۆڕشگێڕانە وەک پێشمەرگە و پارتیزانە، لە نێوان ئەم دوانەشدا فەرق زۆرە، شیعری سیاسی وەکوو خودی سیاسەت هەندێ مەکر و دەغەلی تیایە، شیعری سیاسی نوقرچک گرتنە و شیعری شۆڕشگێڕانە قەڵەم لەچاو دوژمنکردنە" (ئەحمەدی، ٢٠٢٠، ٣١).

کاتێک شاعیر بیەوێت "شیعرەکانی بکاتە هۆیەک یان شێوازێک بۆ خۆ تێگەیاندن لە بابەتەکانی ڕۆژ و کێشە جۆراوجۆرەکان، بیەوێت یان نەیەوێت مۆرکێکی سیاسی دەداتە شیعرەکانی هۆیەکەشی ئەوەیە، شیعر کاریگەرییەکی زۆرتری هەیە و باشتر دەتوانێ خوێنەر بجوڵێنێت...، بە زمانێکی سادە و ساکار و ڕاستەوخۆ و دوور لە ئاڵۆزی و ڕەمز و هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەنووسرێ و مەبەستی کارێکی وروژێنەرانەیە و دەیەوێت باس لە ڕووداوێک یان دەستکەوتێکی ڕۆژانە بکات" (خۆشناو، ٢٠٠٢، ٧٧-٧٨). ئەگەرچی شاعیر خۆی ئاماژە بەوەدەکات، کە شیعرەکانی پاڵاوتووە و شیعرە سیاسییەکانی لە نێو دەفتەری شیعرەکانی دەرهێناون، بەڵام کاتێک چاو بەدیوانەکەیدا دەگێڕیت، چەند شیعرێکت بەرچاو دەکەوێت، کە بەڕوونی دیارە سیاسین و هەڵگری پەیامی سیاسین و دوورن لە بەکارهێنانی وێنە و خوازە و ئێستاتیکای شیعریی ئەمەش لە شیعری (بیستوومە دەڵێن...) دا بە ڕوونی دیارە، کە بەزمانێکی زۆر سادە و ساکار ڕەخنە لە دەسەڵاتی سیاسی حکوومەتی هەرێمی

کوردستان دەگرێت، کە ڕێگە دەدەن بە کەسی خائین بە گەل و وڵات بەشداری بکەن لە دەسەڵاتدا و پێشمەرگە دێرینەکانی(شۆڕشی ئەیلول) یان لەیادکردووە، کە پشتیوانی شۆڕش بوون، سەرکردەی حیزبەکان لەسەر ژمارەی کورسی پەرلەمان، لە جیاتی خەڵکی شۆڕشگێڕ لەگەڵ مستەشار و کۆنە جاش مامەڵەی کورسی پەرلەمان و مێزی وەزارەت دەکەن و خەریکن چەک هەڵدەگرن لەیەکتر، دەڵێت:

**بیستوومە دەڵێن،**
**هەندێ لە پێشمەرگەکانی ئەیلوول**
**ئیختیار و پەککەوتە**
**لەبەر مەیخانەکانی شار!**
**ڕیشۆڵە و پاقلە دەفرۆشن**
**هەندێ لە مستشارەکانی پێشوو**
**بۆ کورسی بەتاڵی پەرلەمان و مێزی وەزارەت**
**لەگەڵ سەرانی حیزبە شۆڕشگێڕەکان!**
**مامەڵە دەکەن و چەک و شیر لە یەکتر دەکێشن!** (مەلەکشا، ١٣٩١، ٢١٦)

هەروەها شاعیر ڕەخنە لەکار بەدەستانی حکومەتی هەریمی کوردستان دەگرێت، کە چۆن مەسئوولی حیزبەکان بێ باکن و لەخەمی خۆیاندان لە سایەی ئەم حکومەتە و بەزمانێکی زۆرسادە پێیان دەڵێت شەرمەزارییە خێزانی پیشمەرگە شۆڕشگێڕەکان، کە گیانیان فیدای کوردستان کرد لەئێستادا ناچارن بۆ بژێوی ژیان سواڵ بکەن و مەسئوولە شۆڕشگێڕەکانیش تەنها لەخەمی تێر کردنی ئارەزووەکانی خۆیاندان و هەموو شتێکیان لە بیر کردووە، لە جیاتی ئاوەدانی سروشت و ژینگەی کوردستان پێچەوانەکەی دەکەن و خەریکی وێرانکردنی ئەم سروشت و نیشتیمانەن و تەنانەت بەزەییان بە ئاژەڵەکانی ناویشیدا نایەتەوە و دەڵێت:

**بیستوومە دەڵێن،**
**نازانم دایک، یان خوشکی مامەڕیشە**
**لە شەقامەکانی سلێمانیدا سواڵی دەکا**
**یاخوا درۆبێ، بەڵام ئەگەر ڕاستە**
**ئاخۆ ئەو مەسئوولە شۆڕشگێڕە داناڕزێ**
**وا خەریکە هەر ڕۆژە و**
**یەک لە ئاسکە وەحشەتەکانی دەشتی**
**شارەزوور ماڵی دەکا (مەلەکشا، ١٣٩١، ٢١٧)**

هەرچی پەیوەستە بە شیعری نەتەوەییەوە مەلەکشا لەشیعری (ئاواتێک...) وەک هەستێکی قووڵی یەکخستنی نەتەوە و وەک شاعیرێکی نەتەوەیی ئاوات و خەونی یەکخستنی نەتەوەکەیەتی دەیەوێت سنوورە دەستکردەکان بسڕێتەوە پارچەکانی یەکخاو تاکەکانی ئەم نەتەوەیە بە ئاسایی و بە ئازادی گوزەربکەن بەنێوان هەر شار و شوێنێک کە خواستیانە و دەڵێت:

**ئاخۆ دەبێ،**

**ئەو ڕۆژەبێ**

**کاوەی کوڕم**

**جانتای سەفەر کاتە شانی؟**

**دەڵاڵانی بەر گاراژی شاری سنە،**

**هاوار بکەن:**

**سلێمانی، سلێمانی!** (مەلەکشا، ١٣٩١، ٤٥)

شاعیر بەدوای شوناسی خوێدا وێڵەو لەویوە دەیەوێت بە پرسیار شوناسی نەتەوەیی و مێژووی خۆی بسەلمێنێت و شارەزایانە و لێهاتووانە شوناس و مێژووی نەتەوەکەی لە بیرێکی جوان و هونەریدا دادەڕێژێت، لە شیعری (کوردستانم بۆ بێننەوە) (مەلەکشا، ١٣٩١، ١٩٥)، کە بە شێوەی دیالۆک داڕێژراوە ، گفتوگۆ لەگەڵ دایکی دەکات و دەڵێت:

**...کەخۆم ناسی،**

**وتم: دایە!ێ**

**من کێم و چیم؟**

**خەڵکی کام شار**

**کام مەڵبەندی ڕووی سەر زەویم؟**

**وتی**

**وتی: ڕۆڵە...**

**تۆ کوردی و دیل و هەژار**

**نیشتیمانت کوردستانە**

**بەڵام ناوی نیشتیمانت،**

**لەسەر نەخشەی جیهان نییە**

**بێ نیشانە!!**

دواتر شاعیر نەخشە ڕێیەک بۆ ڕزگاریی و یەکێتی نەتەوەیی کورد دادەنێت لە زمانی دایکییەوە، کە خۆی لە شێواندنی سنورە دەستکردەکان و دۆزینەوەی سیمای ڕاستەقینەی کوردبوون و بەدەستهێنانەوەی خاکی داگیرکراوی کوردستان و لێکدانەوەی یەک یەک لە پارچەی داگیر کراو و

بەش بەشکراوی ئەم نیشتیمانە دەبێنێتەوە تا نەتەوەکەی بە ئازادی و بەختەوەری ژیان بکەن و پێکەوە سروودی خۆشگوزەرانی بچڕن، لەسەر زمانی دایکییەوە دەڵێت:

**سنورەکان بشێوێنە**
**کوردستانم بۆ بێنەوە**
**با بەدەوریا بسوورمەوە**
**کوردستانم بۆ بێنەوە**
**با دانیشم لەتە لەتە**
**وڵاتەکەم بدورمەوە!**

لەتەواوی ئەم بابەتەدا شاعیر لە سێ گۆشەی (نیشتیمان، سیاسەت، نەتەوە) بەدەوری خاڵێکدا دەسوڕێتەوە و پێنووسەکەی لە پێناو ڕزگاری نیشتیمان و یەکخستنی نەتەوە، هەروەها چاکسازی لە دەسەڵاتی نەتەوە لە پارچەیەکی ڕزگار کراوی نیشتیمان یەکخستووە، تەنها ئامانجی ئەوەیە لەسەر نیشتیمانێکی ئازاد گەلێکی یەکگرتوو هەبێت، کە دادپەروەرانە فەرمانڕەوایی بکات و ئازادی و یەکسانی بچەسپێنێت.

**پاری دووەم: شیعری بەرەنگاریی:-**

لەهەر شوێنێکی دنیا زوڵم و زۆرداری هەبێت لەوشوێنە جۆرێک لەخۆڕاگری، بەرەنگاری و ڕاچەنین لەدایک دەبێت لە ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەکدا لەئەم جۆرە شیعرە هەیە، ئەگەر چاوێک بە مێژووی ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دنیادا بخشێنین دەبینین دیاردەی بەرەنگاربوونەوە هەر لەکۆنەوە و لە ئەدەبیاتی زۆربەی گەلاندا بوونی هەبووە بۆ نموونە لە ئەدەبی یۆناندا "چیرۆکی سیزیف لەو چیرۆکانەیە کە شەڕو و ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ بەرامبەر بە جیهان نیشان دەدا، لەم چیرۆکەدا دەستەڵاتداری کۆرنت تەنانەت مەرگ فریو دەدا و سوکایەتی بە زیۆس دەکا و بەم جۆرە بە تۆڵەی خوداکان گرفتار دەبێت" (شکری، ١٣٦٦هـ ٢). بەدرێژایی مێژوو مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵ و تێکۆشاندا بووە و کۆڵی نەداوە لەپێناو گەیشتن بە ئازادی و مافی ڕەوای خۆی بەگژ زۆرداران و داگیرکەراندا چۆتەوە و ئەم بەرەنگارییەش لە مێژووی ئەدەبدا ڕەنگیداوەتەوە بۆ نموونە "ئەدەبیاتی یۆنانییەکان لەسەردەمی کۆیلەداریدا، ئەدەبیاتی بەرگری ئیتالییەکان لەسەردەمی ڕێنسانسدا، سکۆتلەندییەکان و ئیرلەندییەکان لە دوای ڕێنسانس، ڕووسەکان لەدەوروبەری شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧دا ...فەڕەنسییەکان لەجەنگی دووەمی جیهانیدا کاتێک وڵاتەکەیان لەلایەن نازییەکانەوە داگیر دەکرێت" (شەبەق، ٢٠١٣، ١٧٢). ئەدەبیاتی بەرەنگاری ئەدەبیاتێکی تەواو ئینسانییە، کە ناتوانرێت بخرێتە قاڵبی سەردەم یا تایبەت بە نەتەوەیەک بێت "سنوورەکانی ناسیۆنالیزم تێدەپەڕێنێ و ویژدانی مرۆڤ بەگشتی دەکاتە بەردەنگی خۆی...هاواری مەزڵوومانەی مرۆڤ لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بەرز

دەکاتەوە" (حەبیبی، ٢٠١٤، ٦٢). بۆ گەیشتن بە مافە ئینسانییەکانی خۆی لەڕێگەی خەبات و تێکۆشانەوە، هەربۆیە " ئەم ئەدەبە جاری وایە بەتەواوی تورە و ڕاساو و پەلاماردەرانەیە، جاری واشە دەچێتە قاڵبی درامایەکی خەمناک و دڵتەزێنەوە، جاری وایە دەناڵێنێ و دەلاوێنێ، جاری واشە دەگرمێنێ و دەگوڕێنێت" (شەبەق، ٢٠١٣، ١٧٢). لە ئەدەبیاتی بەرەنگاری جیهانیشدا گەلێک شاعیر هەن، کە ناویان هەمیشە لەدڵی مێژوودا پارێزراوە و پاڵپشتی نەتەوەکەی خۆیان کردووە و شان بەشانی میللەت لەخەباتدا بوون بەرهەمەکانیان کاریگەریی بەرچاویان هەبووە لەهۆشیارکردنەوەی نەتەوەکەیان "یانیس ڕینسوس لەو کەسایەتییە بەناوبانگانەی یۆنانی هاوچەرخە، کە بەتایبەت لەدەورەی ڕەش و تاریکی هەشت ساڵەی دەستەڵاتداریی سەرهەنگان بەسەر یۆنان (لەساڵەکانی ١٩٦٧ تا ١٩٧٤ز)دا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگا هەبووە و نووسراوەکانی، نموونەیەکی بەرچاوی ئەدەبی خۆڕاگرین...،یاکووس کامیبانل لە یۆنان...، لە ئەدەبی شۆڕشگێڕی مەجەڕیشدا (شاندۆر پیتۆڤی) ...لەساڵی ١٨٤٩ز لە خەباتی دژ بە ئیمپڕاتۆری نەمسا گیانی لە پێناو ئامانجی ڕزگاریخوازانەیدا بەخت کرد...، پابلۆ نێرۆدا لە شیلی و مەحموود دەروێش لە فەلەستین و (هاریت بیچراستۆ) ژنی سپی پێستی ئەمریکایی، کە دژ بە دەستەڵاتداریی سپی پێستەکانی ئەمریکا و ڕێکخستنی خەباتی ڕەش پێستەکان لە ساڵی١٨٥٢ز یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆی بڵاوکردەوە...، ئێلوار و ئاراگۆن و سارتر و کامۆ، هەر کام لە جێی خۆیاندا دەکرێت نموونەیەکی ئاشکرا لە ئەدەبیاتی بەرەنگاری خەڵکی فەڕەنسا بن" (حەبیبی، ٢٠١٤، ٦٢).

سەبارەت بە هەردوو چەمکی شیعری بەرەنگاری و بەرگری تێکەڵی و بەناویەکداچوونێک هەیە، زۆر جاریش جیاکاری دەکریت لە نێوانیاندا، ئەدەبی بەرەنگاری " ئەو چەمک و دەستەواژەیە، کە شاعیران، نووسەران و رووناکبیرانی هەر گەل و نەتەوەیەک، بۆ بەرگری لە بەها مرۆیی، کولتوری و بەها نیشتیمانییەکانیان، کە لەلایەن داگیرکەرەوە پەلاماریان دەدرێت، لە ڕێگای هونەری شیعر و نووسینەوە ئەدەبێکی شۆڕشگێرانە دەئافرێنن، بەمەبەستی وریاکردنەوەی کۆمەڵگە و پێدانی هۆشیاری نیشتیمانی و سیاسی" (ئەلیاسی، ٢٠٢٠، ١٦٨) ئامانجیش لەم کارە زەمینەسازی و هێنانە دی بارودۆخێکە، کە "هەموو تاکەکانی نیشتیمان بگەنە پلەیەک لە هۆشیاری ڕۆشنبیریی، کە بتوانن بە ماڵ و گیانیان، پارێزگاری لە خۆیان، زمانەکەیان، کلتور و بەها نیشتیمانییەکانیان بکەن. پلەو ڕادەی ئەو هۆشیارییە، کەشی بەگژداچوونەوەی بەکردەوە، یان هەر هەمان خەباتی چەکداری خۆش دەکات، تا ڕادەیەک، کە هەموو هاونیشتیمانییەک، بۆ خۆبەختکردن لە پێناو داهاتووی نیشتیمانەکەیان، بەها و نرخە نەتەوایەتییەکانیان ئامادەی فیداکاری و خوێندان و سەروگیان بەخشینن" (ئەلیاسی، ٢٠٢٠، ١٦٩).

بەڵام هەندێک کەس پێیان وایە، کە چەمکی شیعری بەرگری جیاوازە لە چەمکی شیعری بەرەنگاری، بەم شێوەیە سنورێک دەکێشن لە نێوانیاندا، چەمکی بەرگری وا پێناسە دەکەن، کە

"بەرگریکردنە لەو دەستکەوتە نیشتیمانییانەی، کە پێشتر خەباتی ئەدەبی بەرەنگاری، هاوشان لەگەڵ شێوەکانی دیکەی خەبات، لە ڕێگەی بەگژداچوونەوەی بەکردەوە، بۆ وەدەرنانی هێزی داگیرکەر، لە ڕاچەنین و ڕاسانەوەدا بووە" (ئەلیاسی، ٢٠٢٠، ١٦٩)، بەدەست هاتوون. یان "شیعرێکە کە شاعیر  بە قووڵی و بەشێوەیەکی ڕەسەن هەستی خۆی دەردەبڕێت سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوایەتی و کلتووری خۆی، کە ئاواتەخوازی ئازادی ڕاستەقینەی خۆی بێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەستدرێژیکار بە هەر فۆڕمێکی خۆیدا لە میراتی شارستانی خۆی و بەها باڵا کۆمەڵایەتییەکانییەوە دەستپێدەکات، کە ئەو دەیەوێت بۆی بژی و بژی" (عباس، ٢٠٢٠، ٣٤).

بەڵام (ئەبوبەکر خۆشناو) ڕای وایە، کە " لە زمانی کوردیدا، بێجگە لە وشەی بەرگری لە بەرانبەر وشەی (مقاومە)ی عەرەبی و (Resistsance)ی ئینگلیزیدا، وشەی بەرەنگاربوونەوە و بەرەنگاری هەیە، کە ماناکەی تا ڕاددەیەکی زۆر هاوشانی واتاکەیەتی" (خۆشناو-ب، ٢٠٠٢، ٣٢). لەم ڕووەوە ئێمەش هاو ڕای ئەم بۆچوونەین و هەست ناکەین ئەو هێڵە جیاکەرەوانەی لەنێوان ئەم دوو دەستەواژەیە (بەرگری و بەرەنگاری) دادەنرێت بتوانن سنورێکی ڕاستەقینە بکێشن و بەڵکو هەردووکی یەک مەبەست دەگرێتەوە و لەم نێوەدا ئێمە بەکارهێنانی شیعری بەرەنگاری بە درووستر و پڕ بە پێستی مەبەستەکە دەزانین.

ئەم جۆرە شیعرە (بەرەنگاری) هەمیشە دەلاقەیەک بووە بۆ تروسکایی هیوا و ئومێد بە داهاتوویەکی پرشنگدار و مەشخەڵێک بووە بۆ ڕووناک کردنەوەی شەوانی تاریک و ئەنگوستەچاو، هەر بۆیە شیعرێکی "پەیامدارە، کە هیچ کات لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی تاکڕەودا نەبووە و ئەمەش لە زمانە شیعرییەکەیدا بە ڕوونی دیارە، ک زمانێکی بێ پێچ و پەنایە...ڕاستییەکان بەڕوونی بۆ خوێنەر دەرئەخات و لەوبارەشدا، کە چەپاندنی سیاسی هەبێت لەڕێی ڕمزە شیعرییەکانەوە مەبەستی خۆی دەگەیەنێت." (تەها، ٢٠١٧، ١٠٨)

تایبەتمەندییەکانی شیعری بەرەنگاری:

١- "باوەڕبوون بەگەل، متمانە بە توانایان بۆ بنبڕکردنی نادادپەروەری، دڵنیایی ڕەهایان هەبێت لە سەرکەوتنی داهاتوویان.
٢- شیعری بەرەنگاری بە ڕەنگکردن لە نێوان یاخی بوون و داواکاری ئازادی بۆ نیشتمان و تاک جیا دەکرێتەوە.
٣- شیعری بەرەنگاری بە ڕێزگرتن لە شەهیدان و تیشک خستنە سەر گرنگی ئەو قوربانییانەی کە شەهیدان داویانە بۆ ئەوەی  وەک چرایەک ڕێگاکە ڕووناک بکاتەوە جیادەکرێتەوە" (ریغی، ٢٠١٥، ١٩).

هەروەها ئیبراهیم ئەحمەدی نیا لە وتارێکدا بە ناوی (جەلال مەلەکشا پێشەنگی کاروانی شیعریمانە) تیشک دەخاتەسەر ، خەسڵەتەکانی شیعری بەرەنگاری و دەڵێت دیارترین خاسیەتەکانی ئەمانەن" دەربڕینی ڕاستەوخۆی پەیام و ناوەڕۆکی شیعر، ئەمەکناسی و پێداگری لەسەر بیر و بڕوای شاعیر، پێوەندی نزیک لەتەک خوێنەر و جەماوەردا، جەخت کردن لەسەر ئامانج و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل، جووڵاندنی هەست و سۆز و عاتیفەی جەماوەر" (نیا، ٢٠٢١، ٥١)

نەتەوەی کورد بەهۆی ئەوەی بەردەوام خاکەکەی داگیرکراوە و گەلەکەی چەوسێنراوەتەوە هەمیشە لە هەوڵی ڕزگارکردنی خاک و بەدیهێنانی ئامانج و مافەڕەواکانی خۆیدا بووە، هەمیشە لەململانێ و بەرەنگاربوونەوەی نەیاران و داگیرکەراندا بووە، دابەشکردنی خاکی کوردستان لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی بەسەر چوار وڵاتدا یەکێکە لەو کارەساتانەی، کە کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر گەلی کورد و لە شیعری شاعیران و ڕۆشنبیراندا ڕەنگیداوەتەوە، "ئەگەر شیعرەکانی باباتاهیری هەمەدانی (٩٣٥-١٠١٠) لەوەدا کە دژی زوڵم و ستەمی دەستەڵاتداران بووە و بەردەوام پرسیاری گومان و وروژێنەری لە نایەکسانی هەژار و دەوڵەمەندان کردووە بە ڕەگی ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردی بزانین ئەوا دەتوانیین بڵێین سەرەتای شیعری کوردی ڕەتکردنەوە و ناڕەزایی بووە لە دژی ئەو واقیعەی تیایدا ژیاوە" (خۆشناو-ب، ٢٠٠٢، ٦٣) هاوار وناڵەی نەتەوەی کورد بۆ سەربەخۆی و ئازادی و مافە زەوتکراوەکانی لەمێژە لە داستان و بەرهەمی شاعیراندا بوونەتە خوڵقێنەری چەندان داستانی شیعریی و شاکاری ئەدەبی هەر لە داستانی (مەم و زین) ئەحمەدی خانی، داستانی (قەڵای دمدم)ی شەرەفخانی بەدلیسی، تا دەگاتە شیعری حاجی قادری کۆیی.

بە بڕوای د. سامان عزالدین لە توێژینەوەیەکدا بەناوی (ڕۆڵی شیعری سیاسی لە جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردیدا) گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی، کە شیعری بەرەنگاریی لەڕووی مێژووییەوە بەچوار قۆناغدا تێپەڕیوە، کە بریتین لە:

١- "قۆناغی شیعری نیشتمانی: بریتییە لەو شیعرانەی کە شاعیرانی کورد تۆوی خۆشەویستی نیشنمان دەچێنن و بە وەسفەکانیان بۆ جوانی سروشت و خاکی کوردستان، خۆشەویستی خۆیان بۆ نیشتمان و پەیوەستبوونیان پێوەی دەردەبڕن، کە ئامانجیان بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نیشتمانییە لە نێو خەڵکدا.

٢- قۆناغی شیعری ڕزگاریخوازیی: بریتییە لەو شیعرانەی کە شاعیرانی کورد بانگەشە بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان دەکات و هانی گەل دەدات بۆ خەبات و تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان و دادپەروەریی و یەکسانی، لەم قۆناغەشدا بیری نەتەوەیی سەریهەڵدا.

٣- قۆناغی شیعریی سیاسی: ئەوەیە کە باس لە مەسەلەیەکی دیاریکراو دەکات لە هەوڵ و تەقەلا و هەڵوێستی فیکری و کردەیی دەدوێ، لە پێناوی دامەزراندنی حوکم و دەسەڵاتێکی دیاریکراو یاخود

گۆڕانکاری بەسەر دەسەڵاتی حوکمدا، لەم قۆناغەدا بیری نەتەوەیی زیاتر گەشەی کرد و پێشکەوتنی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە.

٤- قۆناغی شیعری بەرەنگاریی: ئەو شیعریە لە شۆڕشی چەکداریدا دەنووسرێت و بڵاودەبێتەوە. کار لە خەڵک و پێشمەرگە دەکات و هانیان دەدا بۆ بەگژداچوونەوەی داگیرکەران. سەرهەڵدانی ئەم جۆرە لە شیعر لە ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیست، کاتێک خەباتی چەکداری وەکو ڕێگایەک بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستان بە ناچاری پەنای بۆ برا" (سعدون، ٢٠١٨، ٣٨٧-٣٨٨).

کەواتە ئەگەرچی دیاردەی بەرەنگاری هەر لە کۆنەوە لە هەست و دەروونی شاعیراندا لە فۆڕمی تردا هەبووە و گوزارشتی لێکراوە، بەڵام وەک بابەتێکی شیعریی لە ساڵانی شەستەکانەوە شاعیران لە شیعرەکانیاندا پەیڕەویان کردووە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان "بەهۆی پێشێلکردنی مافی نەتەوەیی و سیاسی و تەنانەت مافە ئینسانی و کەلتورییەکانی مرۆڤی کورد لەلایەن دەوڵەتی پەهلەوییەوە یەکێک لە ئەرک و ئامانجی بنەڕەتی شاعیران و ڕووناکبیرانی کوردیش لە ئاست سیاسەتی کورد و تواندنەوەی حکوومەتی ناوەندیدا، جۆشدانی هەستی نەتەوەیی و وەشاندنی تۆوی خەبات و ململانێ و بەربەرەکانی بووە هەروەها گرنگترین چەکی بەرەنگاریش بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو سیاسەتە شیعر بووە." (دەشتی، ٢٠٠١، ٨٤)، لە قۆناغی دواتریشدا ئەم شێوە خەباتە بەردەوامی و درێژەی هەبووە، شیعر بەردەوام وەک چەکێکی کاریگەر شان بەشانی تێکۆشەران لە سەنگەردا بووە و ڕۆڵی کاریگەری گێڕاوە لە بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و جوڵاندنی سۆز و عاتیفەی جەماوەر بۆ بەگژداچوونەوەی داگیرکەر، هەر بۆیە نووسەرانی ئەدەبی بەرەنگاری "زیاتر لە توخمی عاتیفە و سۆزداری کەڵک وەردەگرن، بۆیە زیاتر لە شیعر ئاوڕدەدەنەوە وەک لە چیرۆک و ژانرەکانی تر" (نیا، ٢٠٢١، ٥١).

هادی حەبیبی لە وتارێکدا بە ناوی (شیعری هاوچەرخ و ئەدەبی بەرگری) دەڵێت:" زۆربەی شاعیرانی ئێمە گەوهەری شیعری بەرگرییان لە ئاسەواری خۆیاندا پاراستووە و ڕەنگە نەتوانین بە تایبەت ناوی شاعیری بەرگری لە زۆریان بنێین، بەڵام من پێم وایە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، مامۆستا هێمن، دەتوانێ وێنەیەکی سەرکەوتووی بەرچاوی شیعری بەرگری بێ...هەر تەنیا (فرمێسکی ڕونوو) دەتوانێ ناسنامەی بەرگری گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ." (حەبیبی، ٢٠١٤، ٦٤)دیارە کە ڕێگەی خەبات و تێکۆشان سەخت و دژوارە، گرتنەبەری ئەم ڕێگایەش مرۆڤی کۆڵنەدەری دەوێت هاندانی ڕۆڵەکانی کورد بۆ هەڵمەت بردن و بەگژداچوونەوەی زۆرداری و نا دادپەروەری بۆ گەیشتن بەئامانجی لە مێژینەی کورد کە ڕزگاری کوردستان و گەیشتن بە مافە ئینسانیەکانی خۆی و نیشتمانێکی ئازاد وەک هەر گەلێکی تر لە قۆناغی دواتردا و لە شیعری نوێی کوردستانی ئێراندا "شاعیرانی وەک سوارە ئیلخانی زادە، عەلی حەسەنیانی، جەلال مەلەکشا، ڕەحیم

لوقمانی، ساڵح سووزەنی، مارف ئاغایی، فەرەیدوون ئەرشەدی و...تاد دەبینین کە شوێن پێی بەرگرییان پێوە دیارە" (حەبیبی، ٢٠١٤، ٦٤).

جەلال مەلەکشا بەهۆی ئەو پاشخان و ئەزموونەی لە نووسینی شیعر و چیرۆکی فارسیدا هەیبوو، بووە هۆی ئەوەی لە مەیدانی نووسینی شیعر و چیرۆکی کوردیشدا سەرکەوتوو بێت هەر لەسەرەتای نووسینی شیعر بە زمانی کوردی ڕێگەی نووسینی شیعری شۆڕشگێڕانە و بەرگریکارانە هەڵدەبژێریت بۆ بەرگریکردن و داکۆکیکردن لە مافی گەلەکەی.

مەلەکشا، کە باس لە شیعر دەکات دەڵێت "شیعر شۆڕشی هەستە، بەڵام دەبێت هۆیەک هەستت ڕاپەڕێنێت، من شاعیرێکی هێدی نیم و شیعرەکانم توڕەن، وشەکانیشم نەرم و نیان نین، بڕوام بە هونەر و بەتایبەتی شیعری بەرخۆدان(مقاومەت) زۆرە هەڵبەتە وا نەبێت جوانی کارم تێناکا...زۆربەی شیعرەکانم لە خوێن و تفەنگ و حەماسە دەدوێن، شەهید بوونی شۆڕشگێڕێکی ئازادیخواز، دڵۆپە ئەسرینی دایکی شەهید هەوێنی شیعری منە، کاتێ بۆ لوتکەی بەرزی چیایەکی کوردستان دەڕوانم ئیلهامی لێ وەردەگرم، کاتێ ترپەترپی دڵی کوردستان لەژێر پۆستاڵی داگیرکەردا دەبیستم، شیعر لە دەروونمدا پەنگ دەخواتەوە" (نووسەر، ٢٠٢٠، ٢٦).

بەسەرنجدان لە دیوانی ئەم شاعیرە تێکۆشەر و شۆڕشگێڕە و بەهەڵدانەوەی یەکەم پەرە لە دیوانەکەی شیعری(چەپکێ تیشک) دەکەوێتە بەر دیدەمان کە تێیدا شاعیر ئاماژە بەو ڕێگەیە دەدات، کە هەڵیبژاردووە ئەویش ڕێی خەبات و تێکۆشان، بەرگری لە چەوساوەکان و ستەملێکراوان ئەمەش لە ڕێگەی شیعرە بەرەنگارییەکانیەوە، کە بەردەوام وەک تفەنگ بەرووی نەیاراندا وەستاوەتەوە هەروەک مەلەکشا خۆی دەڵێت" شاعیری شۆڕشگێڕ ئەو کەسەیە قەڵەمەکەی بەردەوام دژی دوژمن و نەیاری نیشتمانەکەی لە خەباتدا بێت، سەر بۆ زوڵم و ستەم شۆڕ نەکاتەوە پێویست بەوە ناکات شاعیر تفەنگ هەڵبگرێت، تفەنگی ئەو قەڵەمەکەیەتی" (نووسەر، ٢٠٢٠، ٢٩). شاعیر هەر لە یەکەم شیعری دیوانەکەیەوە هانی خەڵکی دەدات بەگژ زۆرداری و زوڵمدا بچنەوە و ئاڵای بەرگری و بەرخۆدان هەڵگرن لە پێناو گەیشتن بەخۆری ئازادی و هەڵکردنی مەشخەڵی ڕووناکی و هێنانی چەپکێ تیشک بۆ پرچی شەوەزەنگ مەلەکشا دەڵێت:

**دەپرسی بۆ**<br>
**خۆم خستە ناو ئەم فەرتەنە؟**<br>
**من دەمەوێ،**<br>
**بە گاسنی وشەی شیعر**<br>
**وەرزی تازە بکێڵمەوە**<br>
**بۆ چاندنی زەردەخەنە**<br>
**بووم بە شاعیر،**

**دەرد و ئازارم هەڵبژارد**
**لە کارگەی چەوساوانا**
**شیعرەکانم کردە تفەنگ**
**بەڵێنم داوە چەپکێ تیشک**
**لە خۆر بدزم بیدەم لە پرچی شەوەزەنگ!** (مەلەکشا، ١٣٩١، ١٥)

قادر عەلیخا لە شیکردنەوەی ئەم شیعرەی مەلەکشادا دەڵێت: "جەلال مەلەکشا بەیەکەم شیعری دیوانەکەی چاوی خوێنەری شیعرەکانی بە کلی تیشک و شیعری بەرەنگاربوونەوە دەرێژێت و ئاڵای خەبات و بەرخۆدانی دەداتە دەست فێری دەکات، کە لە کونجی تاریکی و دیلی دانەنیشێت و قەتیس دانەمێنێت و بە شوێن زەردەخەنە و تیشکی خۆریدا دەنێرێت تیشکی خۆر، کە سەرچاوەیەکی هەرە مەزنە لە ژیانی مرۆڤدا و بزە و زەردەخەنە و هەوێن و شیلەی ژیانە، دەیکاتە تێمی سەرەکی ئەم شیعرە و یەکەم لاپەڕە و دەروازەی کتێبەکەی پێ دەڕازێنێتەوە، لە قەڵەمەکەی مەلەکشاوە پرشنگی خۆر هەڵدێ و زەردەخەنەی ژیان دەپشکوێت" (عەلیخا، ٢٠١٣، ١٥٤). ئەم شاعیرە بەهەڵوێست و حەقبێژە بەهیچ شێوەیەک لە هەمبەر دەرد و ئازار و ترس و زیندانی و تۆقان و زیندانیدا بە چۆکدا نەهات، ئاخر ئەو بەڵێنی بە گەل دابوو بۆ هێنانی زەردەخەنە شیعرەکانی بکاتە تفەنگ بۆ دوژمنان.

فەرەیدوون ئەرشەدی پێیوایە "ئەم چەشنە دەربڕینە بەم شوبهاندن و وێکچواندنن و هێما و هەڵوێستی ئاشکراییە، تا کاتی هاتنە مەیدانی جەلالی مەلەکشا، لەشیعری نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بوونی نییە، ئەم جۆرە دەربڕینە ڕاستەوخۆ و دوور لە ئیماژ و ئیستعارەی باوی نێو ئەدەبیاتی ڕەسمی، ڕاست وەڵامدەری کەش و هەوای شۆڕشگێڕانەی ئەو کاتی کوردستانە، کە هێزی خەڵک بەرانبەر بە هێزی دژ بە ئازادییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوورییەکان، لە شەڕێکی نابەرانبەردایە" (ئەرشەدی، ٢٠٢١، ٢٠٧).

لە شیعری (وشەی پیرۆز) دا پەیامی خۆی دووپات دەکاتەوە بۆ داگیرکەران، کە ناتوانن بە تاوانەکانتان بەرامبەر بە کورد و کوردستان هەر لە زیندان و ئەنفال و کیمیاباران و کۆمەڵکوژی...تاد، کە بەدرێژایی مێژوو پەیڕەوتان کردووە بۆ سڕینەوەی ناسنامەیی نەتەوەیی ئێمەی کورد دەستەمۆ بکەن و بیری نەتەوە و کوردستان لە هزری ئێمەدا بسڕنەوە، هەروەها ئاماژە بە مێژووی تاڵی پڕ لە زۆرداری و چەوسانەوەی میللەتی کورد دەکات لەلایەن دوژمنان و دەڵێت:

**مێژوو دەڵێ**
**سەدان کەڕەت**
**گۆڕەپانی منیان کردە جەهەندەم و**
**وڵاتێکیان تیا هەڵقرچان!**
**بەڵام هەرگیز نەیانتوانی**

**دوو دیاردە**

**لەسەر سینگم بسڕنەوە**

**یەکیان کورد و**

**ئەوی تریان**

**وشەی پیرۆزی کوردستان** (مەلەکشا، ١٣٩١، ٣٢)

لە(شیعری یاخی) دا مەلەکشا تابلۆیەک دەنەخشێنێت بە ڕەنگکردنی یاخی بوون و داواکاری بۆ مافی تاک و ئازادی نیشتمان ئەمەش ڕێگەیەکی سەخت و دژوارە، پڕە لە دەرد و ئازار و مەلەکشا لەم پێناوەدا گرتن و ڕاونان و تاوانبارکردن بە نانەوەی ئاژاوە و زیندان و دەردەسەری زۆری بینیووە، بەڵام گڕی دەروونی ئەو تا دێت کڵپە دەستێنێت و دانامرکێت و ناترسێت لە هەڕەشە و ستەمکارییەکانی دوژمن و دەڵێت:

**لەو ڕۆژەوە**

**شیعرەکانم**

**ئاڵای ئاژاوەیان هەڵدا**

**هەزار هەزار چەقۆی سیخوڕ**

**وێڵن بە شوێن شاعیرێکا**

**وا داگیرسا و**

**گڕی لە گیانی شەو بەردا** (مەلەکشا، ١٣٩١، ١١٤)

لەشیعری (دڵخۆشی) مەلەکشا، شانازی بە قەڵەمە نەبەز و چاو نەترسەکەیەوە دەکات، کە بۆ گەیاندنی پەیامەکانی لە هیچ شتێک سڵ ناکات، نە بەرامبەر سوڵتان و فەرمانڕەوا، نە بەرامبەر داگیرکەر و دوژمن، ئەوی تێکۆشەری ڕێی خەبات، دڵسۆزانە قەڵەمەکەی شان بەشانی تفەنگ و بە شیعرە پڕجۆش و خرۆشەکانی بۆ سەندنی مافی خوراوی میللەتە ژێردەستەکەی بە باوەڕێکی بەتینەوە ئەڕوانێتە خۆری ئازادی و سەربەستی، ئاخر ئەو ئەوینداری نیشتمان و وڵاتی خۆیەتی و لەو پێناوەشدا تفەنگ و قەڵەم پێکەوە دەست لەناودەست دەجەنگن و شاعیریش دەڕوانێتە ئاسۆیەکی ڕوون بۆ داهاتوو ئەمەش شاعیر دڵخۆش دەکات و دەڵێت:

**کڵاوم لارە!**

**قەڵەمەکەم**

**لە بەرامبەر چی سوڵتانن و**

**فەرمانڕەواو ... داگیرکەرە**

**کڕنووش نابات!**

**هیچیش وەک ئەو**

**تفەنگە دەم بە هاوارە**
**وا لە پەنا قەڵەمێکدا**
**لەسەر پێیە...**
**منی ئەوینداری وڵات**
**دڵخۆش ناکات!** (مەلەکشا، ١٣٩١، ٦٢)

لە شیعری (من قەقنەسم) مەلەکشا بەسوود وەرگرتن لە ئەفسانەی قەقنەس و بەگەڕخستنی کردنی لە شیعردا وێنەیەکی جوان دەنەخشێنێت خۆڕاگری و کۆڵنەدان و دووبارە ژیانەوە بۆ گەیاندنی هاواری گەلە چەساوەکەی بە مێژوو گەر هەزاران جاریش وەک قەقنەس بیکوژن، ئەو قەقنەس ئاسا لە خۆڵەمێشەکەیەوە زیندوو دەبێتەوە و سرودی ژیانەوە دەچڕێت مەلەکشا پەیامی خۆی بە گوێی داگیرکەراندا دەدات و پێیان دەڵێت ئێوەی دوژمن ناتوانن بڵێسەی ئەو ئاگرەی لە هەناوی میللەتێکی ئازادیخواز هەڵقوڵاوە دابمرکێنن، ئەم گەلە قەقنەس ئاسا نەمر و بەهێزە هەزاران جار لەناو ئاگردا سوتاوە و ژیاوەتەوە.

**من قەقنەسم**
**لە ئەفسانە و لە مێژوودا ناوم هەیە**
**گەر بمکوژن هەزاران جار**
**من خۆڵەمێش ئەکەم بە هێلانەی هاوار** (مەلەکشا، ١٣٩١، ١٤٠)

شەهید هێمای خەبات و قوربانیدانە لە پێناو فەراهەم کردنی نیشتمانێکی ئازاددا وشەی شەهید لەهزر و ئاوەزی هەمووواندا وشەیەکی پیرۆزە، شەهید پلەو پایەیەکی بەرزی هەیە دیارە هیچ ئامانجێک بەبێ قوربانیدان و خۆبەختکردن و گیان بەخشین ناگاتە ئەنجام شاعیرانیش بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدان و بەرز نرخاندنی پێگەی شەهیدان لە دیوانەکانیاندا ناوازەترین شیعریان بۆ شەهید هۆنیوەتەوە تا هەمیشە یاد و یادەوەری شەهیدان لەبیری جەماوەردا بە نەمری بمێنێتەوە لەناو شیعری بەرەنگاری شاعیراندا تابلۆی شەهید بە جوانترین وشە نەخشێنراوە شیعری(شەهید)، یەکێکە لەو شیعرانەی لێوان لێوە لەجوامێری و نەبەزی، بەرز ڕاگرتنی ناوی شەهید و وەسفکردنی دڵی بە پاپوڕی ئەوین و پردێک بۆ پەڕینەوە، هاندان بۆ قوربانی دان بە خوێن و شڵەقاندنی گۆمی مەنگ و سڕینەوەی سنورەکان و بانگکردنی عاشقانی نیشتمان بەرەو کوێستان و هەڵگرتنی تفەنگ بۆسەندنی مافی ئینسانی گەلی ستەملێکراو و هاندانی ڕۆڵەکانی گەل بۆ گرتنەبەری ڕێگای ئازادیخوازی و چوونە ناو ڕیزەکانی جەنگاوەران گرتنەبەری ڕێگەی شەهیدان، ئازاد ڕۆستەمی سەبارەت بەم شیعرەی مەلەکشا دەڵێت: "جەلالی نەمر لە پاش ئەو شیعرە نەیتوانی ساتێک ئارامی بە ژیانی خۆی و بنەماڵەکەیەوە ببینێت و تا دوا ساتەکانی ژیانی هەر لەژێر گوشار و ئازاردا بوو...وەکو هەموو ئەو شاعیرانەی ڕۆژهەڵات و سەرانسەری ئێران کە تێچووی ئێجگار زۆریان لە پێناوی ئاشتی و ئازادی

و دیموکراسیدا داوە، بەوەشەوە هیچکات خۆی نەچەماند و تەسلیمی زوڵم و زۆر نەبوو و نیشتمانپەروەر مایەوە و بووە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان." (نووسەر، ٢٠٢٠، ١١٢)

**کاتێ زانیان،**
**دڵت پاپۆڕی ئەوینە و**
**بۆ گەیشتن بە بەندەری خۆشەویستی**
**دەریای شەختە و سەهۆڵ ئەبڕێ**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی!...............**
**کاتێ زانیان،**
**ناوت بووە بە جوانترین وشەی ئەوین**
**دڵدارەکان دەبزوێنێ**
**دەنگت بووە بە چەپکە تیشک**
**شەوی چڵکن ئەشڵەقێنێ**
**شانت داوە بە ژێر خەمی نیشتمانا و**
**فرمێسک لە چاو هەژار ئەسڕی**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی!**
**کاتێ زانیان،**
**کوێستانت کردووە هێلانە و**
**بەشمشاڵی لوولەی تفەنگ**
**ئەویندارن بۆ جێژوانی چیا ئەچڕی**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی!**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی!** (مەلەکشا، ١٣٩١، ١٣٤)

مەلەکشا بەهۆی بیروڕا و چالاکی سیاسی ساڵانیکی زۆر زیندانی کراوە و لەژێر چاودێری و لێپرسینەوە و ئەشکەنجەدا بووە، بەڵام زیندان دەبێتە زانستگایەک بۆ ئەم شاعیرە کۆڵنەدەر و تێکۆشەرە، هەروەکو خۆی دەڵێت" زۆربەی شاکارە ئەدەبییەکانی جیهان لە زینداندا هاتوونەتە بەرهەم...دیارە بە ئاماژە بەوەی، کە ئازارو ئەشکەنجەی زۆرم چەشتووە، زۆربەی ئەو زیندانانەش، کە تێمپەڕاندووە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی سیاسی کوردەواریدا بووە...زۆربەی شیعرەکانم بەرهەمی گۆشەی زیندانن ئەو شیعرانەی کە دەردی تیایە، هاواری تێدایە، ڕەنجی تێدایە...هی گۆشەی زیندانەکانن" (نووسەر، ٢٠٢٠، ٤٢). زیندان و ئەشکەنجە و ئازار ناتوانن شاعیری ئەویندری خاک و نیشتمان، دەستەمۆ بکات مەلەکشا لە شیعری (فەرمان) دا دەڵێت:

**ڕایەخیکیان بۆ ڕاخستم**
**قەڵەمێکی دەستەمۆیان دایە دەستم!**
**وتیان، بنووسە شەوەزەنگ**
**لەم وڵاتە سروشتییە...**
**بۆنی گوڵ و تیشک و هەتاو دەمار ئەگرێ**
**ئەوەی بەرەو ئاسمان ئەفڕێ ئەشقیایە**
**عومری باڵندەی بەرزەفڕ**
**کورتە بەقەد تەمەنی گوڵ**
**_هەر زوو ئەمرێ!_ .........**
**لقی شکاوی گوڵێکم کردە قەڵەم**
**بە خوێناوی بولبولێکی کوژراو نووسیم:**
**نووسیم: ئاسمان قەڵەمڕەوی باڵندەیە**
**نووسیم ئەوین یاسای بێ خەوشی دڵدارە**
**گوڵ و ئاسمان و ئازادی**
**قانوونی خوای ئەویندارە** (مەلەکشا، ١٣٩١، ٢٤)

لە (شیعری لاسار)دا (مەلەکشا، ١٣٩١، ١٧)، شاعیر باس لەوەدەکات، نەیارانی ویستویانە لە خەباتی بەرەنگاری دووریخەنەوە وەک شاعیرێک بە بەژن و باڵای ئافرەت و لەش و لاریدا هەڵدات و تەنها ئەوە ببێتە بابەتی بیرکردنەوەی و لە گیانە بەرەنگاری خوازییەکەی دوورکەوێتەوە، دەڵێت:

**دیوارێکیان بە دەور شیعرەکانما کێشا و**
**پەرژینیان کرد...**
**ئەودیویان لێ پاوان کردم...**
**لەم دیو دیوار**
**تابلۆی ژنێکیان هەڵواسی**
**وتیان فەرموو**
**ئەوە باخی سینگ و مەمک**
**ئەوە نازی چاوی جوان و**
**شەکری لێو و**
**باڵای سەرو و**
**ئەمەش قەڵەم!......**

بەڵام مەلەکشا لەوەڵامی ئەمانەدا، وەک هەمیشە سەربەرز و یاخی بەگژ سنوری دەستەمۆییدا دەچێتەوە و گشت سنورێکی دەستکرد دەڕووخێنی و بڕیاری بەردەوامی لە تێکۆشان و خەباتی ئازادیخوازانەی خۆی دەدات و دەڵێت:

**شیعرم هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیا**
**بزۆز و شێت و لاسار بوو**
**بەگژ داروبەردا ئەچوو...**
**هەڵدەبەزی**
**بۆ ئەودیوی دیوارەکە سەری ئەبرد**
**لە ئاکامدا...**
**بڕیاری دا،**
**شوورەی دەستکرد بڕووخێنێ...**
**نهێنی و ڕازی ئەودیو، دیوارەکە بدرکێنێ،**

کاتێک شاعیر لە خەباتە بەرەنگاریخوازییەکەی خۆی بەردەوام دەبێت، دیواری دەستکردی دوژمن دەڕوخێنێ، ڕاستەخۆ ڕووبەڕووی پەلاماردان و سەرکوتکردن دەبێتەوە، واتە گشت وشەیەکی ڕاستی و بەرپەرچدانەوەی نەیاری خاک و خەڵک سەرکوت دەکرێت تا گەل نەگاتە هۆشیاری، دەڵێت:

**بە قاڵدرمەی وشەکانا،**
**هەرکە گەیشتە سەر دیوار**
**خێرا هاتن، بە دەست و برد**
**پێی و دەست و دەمیان بەست و...**
**ئاگریان دا و...**
**جەستەیان بە خۆڵەمێش کردا!**

لەدەقی(شیعری تازە)دا (مەلەکشا، ١٣٩١، ١١٠)، مەلەکشا باسی هەموو جۆرە ستەمێک و ڕێگای جۆراو جۆری ستەم دەکات، هەر لە کوشتنی وشەکانی ناو فەرهەنگی بیرکردنەوەی، کەلەپچە و زیندان و ئاگر، لە بەرانبەر هەر وشەیەکی ئازادیخوازانەی کە وتوویەتی بەکار هاتووە، دەڵێت:

**کوڕەکانی هۆلاکۆخان**
**کاتێ بەسەر شیعرەکانما**
**نەوتیان پرژاند**
**بوو بە جەژنی وشەکوژان!**
**ماری قامچی دەمی نابووە کانی خوێنم**
**کەڵبەی کەلەبچە وەک چەقەڵ**

**دەستی هونەرمی، ئەکرۆژا**
**شقارتەیان داگیرساند و**
**بوو بە قاقا و چەپڵەڕێزان**

مەلەکشا زیندان و ئەشکەنجە دانابرێت لە خەڵک و خەمی خاک، چونکە خۆی لەڕێزی چەوساوە و هەژاراندا دەبینێت، بۆیە دەڵێت هەرگیز گەندەڵ و ئاگری نەیار هێزی سووتانی وشە و شیعری ئەویان نییە، بەردەوام هێزی تورەیی ئەو وشەی نوێ و شیعری نوێ لە بیر و هزریدا دەچێنێت و دەڵێت:

**هاوارم کرد:**
**من شاعیری چەوساوانم**
**هەزار کوانووی پڕ لە ئاگر**
**شیعرەکانم ناسووتێنێ**
**گۆمی گەندەڵ کەی ئەتوانێ**
**چیای هاوار لەناو خۆیا بخنکێنێ**
**هەر لەوکاتا شیعرەکانم**
**لەناو گڕدا هەڵئەقرچان**
**دەستی مێشکم**
**لەناو هێڵی تووڕەی دڵما**
**وشەی شیعری تازەی ئەچان**

لە شیعری (کاروان، کاوان)دا مەلەکشا ئازایانە و چاو نەترسانە بیروڕای خۆی دەردەبڕێت، گەل هۆشیاردەکاتەوە، لە گۆڕینی ڕێگای خەبات و دووبارەنەکردنەوەی ڕێگای کۆن، هانی ڕۆڵەکانی گەل دەدات هۆشیاربن و چاوبکەنەوە و ڕێگای نوێ بدۆزنەوە بۆ خەبات و تێکۆشان، دەڵێت:

**کاروان، کاروان!**
**کێ نوستووە، کێ بێدارە؟**
**ئەم ڕێگایە پێدا دەچن...**
**هەر ڕێگا کۆنەکەی پارە!**
**دەوروبەرتان گورگە لوورە**
**چەقەڵ کاسەی سەر و گۆشتی دڵتان ئەخوات.......**

شاعیر بەردەوام دەبێت لە هۆشیارکردنەوەی گەل و بە خەباتکارانی ڕێگای ڕزگاری دەڵێت، ڕێگای خەبات ڕۆشن بکەن، ڕێگا و ئامرازی نوێ بەکاربهێنن، چونکە ڕێگای دووبارە دەتانخاتە هەڵەی دووبارە و ناگەن بە ئامانج بۆیە سەرکەوتن، بیری نوێ و خەباتی نوێ و ڕێگای نوێی پێویستە ئەمەش بەشێکە لە شیعری بەرەنگاری ڕاستەقینە لە پێناو هۆشیاری راستەقینە بۆ گەل و دەڵێت:

**چرای ئەندێشەتان هەڵکەن**
**ڕێگاو ڕەوتی هەنگاوەکانتان بگۆڕن.......**
**ئەم هەورازەی وەک مێرووله**
**پێدا ڕێچکەتان بەستووە**
**دەتانباتە هەڵدێرەکەی ساڵی پێشوو**
**ئەو بنارەش**
**وا بە ئێسک و کاسەی سەرتان داپۆشراوە**
**دەگاتەوە بەفرەچاڵی کلیلەی ڕندوو**
**کاروان... کاروان!**
**ڕێگای تازە بدۆزنەوە...** (مەلەکشا، ١٣٩١، ١٣٢)

مەلەکشا لە شیعری (بۆ کاوە، شاهۆ، نیما)دا (مەلەکشا، ١٣٩١، ١٣٦)، کە لە ڕواڵەتدا بەناوی منداڵەکانی خۆیەوە نووسیویەتی و بەڵام لە ڕاستیدا بۆ هەموو ڕۆڵەیەکی گەلەکەیەتی و سەرەتا بە مێژووی نەتەوەکەی دەست پێدەکات و بە سوود وەرگرتن لە ئەفسانەی (کاوەی ئاسنگەر) وەک هێمای جوامێری و نەبەردی و زوحاک وەک هێمایەک بۆ زۆرداری و خوێنمژی سەربووردەی گەلێکی زوڵملێکراو دەگێڕێتەوە، دەڵێت:

**ئەی کاوە گیان!**
**لەمێژ ساڵە**
**زوحاک بەسەرمانا زاڵە**
**بادەی جامی مارەکانی**
**خوێنی لاوی کرچ و کاڵە!**

بۆیە شاعیر نەخشەی ڕێگای بەرەنگاربوونەوە و خەبات و تێکۆشان دەستنیشان دەکات، کە ئەویش خەباتی چەکداری و چەک هەڵگرتنە لە پێناو ڕزگاری نیشتیمان و ئەویندارانی ئەم ڕێگایە بە دەنگی بەرز مەقام و بەستە بڵێن و بە شادییەوە بەرە و ڕێگای تێکۆشان هەنگاو بنێن، دەڵێت:

**ئەی شاهۆ گیان!**
**چیا دەبێ، لە دەروونیا**
**بچریکێنێ لوولەی تفەنگ**
**ئەوینداران بۆ ئازادی**
**لەسەر دوندی**
**بڵێن قام و بەستە و ئاهەنگ**

هەروەها بۆ کاوەی کوڕی شوێنی خەبات دیاری دەکات، کە ئەویش شاخ و چیاکانی کوردستانە، کە وەک شوێنێک بۆ خەبات و تێکۆشان و ڕاپەڕین، بۆ حەوانەوە و ئارامیش بەهەمان شێوە قەڵاو سەنگەرەکانی بەرخودانن، بۆیە دەڵێت:

**کاوەی دلێر**
**بۆ ڕاپەڕین چیای ئەویٚ**
**بۆ حەسان و پاڵ پێوەدان**
**قەڵای ئەویٚ!**

بۆیە دواجار دوای دیاریکردنی نەخشە و پلانی خەبات و تێکۆشان هیوای هەیە و بە ئومێدەوە دەڕوانێتە ئاینده، شیعر وەک فیشەک و چەکی دەستی هەژاران دەبینێت و هەر ئەم شیعرانەشی بوونە هەوێنی بیری لاوان و بەهۆیەوە چەندین کەس چوونە خەباتی شاخ و ژیانی ژێردەستەییان جێهێشتووە لە ڕیزی تێکۆشەرانی گەلەکەیاندا درێژەیان بەخەبات داوە، دەڵێت:

**ئەی نیما گیان!**
**پەلکەی کچی هیواکانم بهۆنەوە**
**وشە یاخییە بیٚ لانەکان**
**دەستەمۆکە، وێنەی فیشەک**
**شیعرێک بڵیٚ بۆ هەژاران ببیٚ بە چەک**

سەرنجام دەگاتە ئەوەی بەردەوام بێت لەو بەڵێنەی بە گەل و نەتەوەکەیداوە، کە لەم پێناوەدا حەماسەت و هەژانێک بهێنێتە ئاراوە دەنگبداتەوە و ئەم دەنگدانەوەیە بکرێت بە هۆنراوە و دواجار بەهەمووان پێکەوە ئەم هۆنراوەیە بکەن بە سروودی ڕاپەڕین و سەرکەوتن، دەڵێت:

**شاهۆ، کاوە!**
**من بەڵێنم بە گەل داوە**
**حەماسەیەک بخولْقێنین**
**نیما بیکا بە هۆنراوە!**

شیعری بەرەنگاری، کە ڕووبەرێکی فراوانی لە دیوانی ئەم شاعیرە داگیر کردووە، تەنانەت بۆتە سیمایەک بۆ ئەم شاعیرە و زۆربەی شیعرەکانی بە وشەکانی خوێن، تفەنگ، چیا، زیندان، کەلەپچە، گورگ، کوردستان، کوێستان، ئازادی، شەهید، سێدارە، زریکە...هتد، تەنراون بێگومان شاعیر بەدەر نەبووە لە ڕەخنە لەلایەن کەسانێک، کە لۆمەی شیعرە بەرەنگارییەکانیان کردووە، هەر بۆیە شاعیر لە وەڵامی هەموو ئەوکەسانەدا، کە ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستە دەکەن لە شیعری (تفەنگ و خوێن و چیا)دا (مەلەکشا، ١٣٩١، ٢٠٧) دەڵێت:

**وتیان: کاکە!**
**وشەی تفەنگ**
**ڕەقە، زەقە، ناهەموارە**
**بەرهەڵستی گەشەو نەشەی شیعرەکانتە**
**شانی شیعرت**
**بەوبۆنەوە برینداره!**
**ئەی من چ بکەم؟**
**نەخشەی گەورەی وڵاتەکەم**
**تفەنگێکە و**
**بتانەوێ و نەتانەوێ**
**لەناو هەموو نووسراوەکانمدا دیاره!**

بەم شێوەیە، شاعیری یاخی لە ستەم و زۆرداری و چەوسانەوە بەدەنگێکی ئازایانە و بوێرانە، بە گیانە بەرگریخوازییەکەی، کە وەک سیمایەکی شیعریی ئەو ناسراون، بە دەربڕینی ڕاستەو خۆی مانا و مەبەستەکانی، سووربوون و قوربانیدانی لەسەر بیرو باوەڕی خۆی و چەشتنی ئازار و زیندان و چەرمەسەری لەو پێناوەدا، نزیکی و ئاوێتەبوونی لەتەک خەڵکیدا، وەک خۆی ئاماژە بەوەدەکات، کەشاعیری چەوساوەکانە، هەروەها دیاریکردنی ئامانج و ڕێگای خەبات و هاندان و هۆشیارکردنەوەی گەلەکەی، توانی ڕاستگۆ بێت لەگەڵ نەتەوە و هەستی خۆیدا، لەسەر ڕێبازی کوردایەتی بەردەوام بوو، وەفادار بوو بۆ گەل و نەتەوەکەی وەکو خۆی دەڵێت (من پەیمانەکەم نەشکاند.) سەری بۆ هیچ داگیرکەر و زۆردارێک نەوی نەکرد و بەهەموو ئەمانە شیعری بەرەنگاری لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا دەگەیەنێتە لووتکە و شیعرەکانی دەبنە هەوێنی هاندانی لاوان بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی و هەروەها دەبنە داینەمۆی بەردەوامیی لە دڵی هەموو کوردێکدا لە شار و شاخ و هەرکوێیەکی دونیادا هەیە، بۆ مانەوە و ڕاسان و تەسلیم نەبوون بە ئیرادەی نەزۆکی داگیرکەران.

**پاری سێیەم: شیعری فەلسەفی:ــ**

فەلسەفە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا ڕەگێکی قوڵی هەیە و بیرکردنەوە و تێڕامانی مرۆڤ بۆ تێگەیشتنی ژیرانە لە بنچینە و حەقیقەتی شتەکان و پرسیارەکانی مرۆڤ سەبارەت بە بوون، ژیان و مردن، گەردوون...هتد. بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەو پرسیارانەی لە بیر و ئاوەزی مرۆڤدان، فەلسەفە لەدایکبوو فەلسەفە، کە "بەشێکی گرنگی زانیارییە.. بنچینەی ڕۆشنبیرییە.. بیری کۆمەڵە و ستوونی شارستانییە.. ئەو کۆمەڵانەی لەسەر بیری نادیار ئەڕۆن و پشت بەخۆ نابەستن، ملکەچی ڕووداو و بەسەرهاتن، دەستەمۆی بیر و باوەڕی سەپێنراون، بەدواکەوتوویی ماونەتەوە.. ئەوانەش کە

بیرکردنەوەیان لەسەر بەڵگەی ژیری و ڕێبازی زانستی و بەجێییە پێشکەوتوون" (سادق، ١٩٨٩، ٥٦) هەر بۆیە فەلسەفە کارێکی گەورەی کردۆتە سەر ژیانی مرۆڤایەتی، چونکە فەلسەفە فێرمان دەکات چۆن بیر بکەینەوە و چۆن بژین "فەلسەفە جیهانبینییەکی، ژیرەکییە چالاکییەکی تیۆرییە لە ڕێگای بیرکردنەوە و سەرنجدانی هۆشیارانەی ڕێبازەکییەوە هەوڵ ئەدات جەوهەر و ڕاستەقینەی شت نەک ڕواڵەت دوا هۆ نەک هۆی نزیکی ڕوودانی شت بزانێت، وەڵامی ئەو پرسیار و کێشانە بدۆزێتەوە کە لە بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیان دەکەونەوە و وەک گرێ کوێرە و کۆسپ دێنە بەرچاو" (مەحموود، ٢٠٠٦، ٥٥)، هەر بۆیە دەوترێت " فەلسەفە، خواستی مرۆڤە بۆ کامڵبوون و بەرزکردنەوەی نەفسی مرۆڤە بەرەو کەماڵ، بەهۆی پەیبردن بە حەقیقەتی بوون، بەوجۆرەی، کە لە واقیعدا هەیە و (حوکمدان) بەسەر بوون و هەبووندا بەشێوەی لێکۆڵینەوە و پێدانی بەڵگە نەک بە لاسایکردنەوە و گومان، هەموو ئەمانەش لە چوارچێوەی توانایی مرۆڤدا" (عەبدولڕەحمان، ٢٠١٤، ٧٩) بەمەبەستی زانینی شتەکان لەگەڵ حەقیقەتە گشتگیرەکانیان، هەرچی دەربارەی شیعرە "یەکێکە لە چەشنە ئەدەبییەکان، کە پێکهاتەکانی بریتین لە زمانی ئەدەبی، مۆسیقای شیعری، وێنەی جوانیناسی و گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو و گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراوە." (روباری، ٢٠٢١).

هەردوو چەمکی شیعر و فەلسەفە پەیوەندییەکی توند و تۆڵ و بەتین لەنێوانیاندا هەیە "بەدرێژایی مێژووی ئەدەب و فەلسەفە، شیعر یەکێک بووە لە ژانرە پڕ جەدەلەکان چ لای ئەوانەی ڕەتیان کردۆتەوە، یان لای ئەوانەی پەسەندیان کردووە، لە ئەفلاتونەوە تا سەردەمی ئێستا، بیرمەندان لە شیعر دواون" (طقوس، ٢٠٢٢، ٤)، چونکە شیعر زیاتر لە هزر و هەست و دەروونی مرۆڤەوە نزیکە، هزر و هەستیش سەرجەم بابەتە جیاوازەکانی نووسین بەرهەم دێنن و دەڕژێنە ناو ژیانی مرۆڤیشەوە. تەنانەت شێوازی نووسینی فەلسەفیی هەندێ لە بیرمەندان نزیکە لە شێوازی شیعریی و ناوەڕۆکی هەندێ شیعریش نزیکە لە بابەتی فەلسەفە، بەبێ ئەوەی نوسراوە فەلسەفییەکە ببێتە شیعر و شیعرەکەش ببێتە فەلسەفە، لەم بارەیەوە هایدیگەر دەڵێت: "هەموو بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی بەتایبەتی ئەوانەی قوڵترینن لەنێو خۆیاندا شیعرین، بەڵام هێشتا نابن بە هونەری شیعربەهەمان شێوە بەرهەمی شیعری وەکو سرودەکانی هۆڵدەرلین خاوەنی هزری بەرزن، بەڵام فەلسەفە نین" (کەمال، ٢٠١٧، ١٨٧) دیارە ئەمەش بەهۆی جیاوازی هەریەک لە شێواز و ڕەگەزەکانی شیعر و فەلسەفەوەیە.

ئەم پەیوەندی و بەناو یەکداچوونەی شیعر و فەلسەفە جێگای جەدەل و قسە و باسی زۆر لە شارەزایانی نێوان هەردوو بوارەکەیە و ئەوەش بۆ مێژووی دوور و درێژی ئەم پەیوەندییە دەگەڕێتەوە، چونکە وەک ئاماژەمان پێدا پەیوەندیی شیعرو فەلسەفە پەیوەندییەکی لەمێژینەیە، لە مێژووی فەلسەفەدا کەم فەیلەسوف هەن قسەیان لەبارەی شیعرەوە نەکردبێت و لە مێژووی ئەدەبیاتیشدا کەم ئەدیب هەن لەژێر کاریگەریی فەیلەسوفێک، یان قوتابخانەو ڕێبازێکی فەلسەفی نەبووبن، هەروەها هەموو ڕێبازو ڕەوتە ڕەخنەییەکانیش پاشخانێکی فەلسەفییان هەیە و لە پشتیانەوە

فەلسەفەیەک ئامادەیی هەیە. "لەم بەستێنەوە دەشێ بڵێین هیچ شیعرێکی راستەقینە نییە، هەڵگری بیرێکی مەعریفی، فیکری و فەلسەفی نەبێ، لەپشت هەموو شیعرێکی باش حەقیقەتێکی بوون خۆی حەشارداوە، شیعر دەرخەری ڕاستییەکانی بوونە، یان هاوشێوەی فەلسەفە بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە. کەواتە شیعر تەنها بۆ سەرگەرمی و چێژ، تە نها بۆ یار و پیاهەڵدانی یار و دڵداری و ستایش نییە، بەڵکو ئەرکێکی مەعریفی و وجودیی هەیە، ئەویش گەڕان و دۆزینەوە و کەشفی ماناکانی بوونە. ئەمە بارێک نییە بخرێتە سەر شانی شیعر، بەڵکو جەوهەری شیعری راستەقینە گەیاندنی پەیامێکی مەعریفیی و فیکرییە و راستییەک دەردەخات، ڕاستی(حەقیقەت)یش بەلای هایدگەر گونجانی شتەکانە لەگەڵ ژیری داو سەر بە ئازادییە، تا بکەر ئازاد نەبێ راستی نادۆزرێتەوە، راستی ئازادبوونی بکەرە" (طقوس، ٢٠٢٢، ٤)

دەتوانین پەیوەندی و هاوبەشی شیعر و فەلسەفە لە چەند خاڵێکدا کۆبکەینەوە:

١- پەیوەندی هاوبەشی نێوان شیعر و فە لسەفە زمانە "زمان ئەو ڕووبەرە بەرین و فراوانەیە کە تێیدا شیعر و فەلسەفە، یان مەعریفە و ئەدەب بەگشتی تێیدا گەشە دەکەن، لە نێو ئەو ڕووبەرە ئەفسووناوییە، گەڕانەکان و داهێنانەکان و گەمە زمانەوانییەکان و پرسیارەکان دێنە بوون و گەشە دەکەن" (حەسەن، ٢٠١٧، ٩١).

٢- شیعر و فەلسەفە هەردووکیان پێناسەیەکی جێگیر و نەگۆڕیان نییە واتە ناتوانین لە چوارچێوەی پێناسەیەکەدا لە قاڵبیان بدەین، چونکە هەردووکیان بوونێکی گەردوونییان هەیە و ناکرێت لە یەک گۆشە نیگاوە بیانبینین.

٣- پرسیار خاڵێکی تری هاوبەشی نێوان شیعر و فەلسەفەیە " شیعر یەکێک لە ئامانجەکانی دروستکردنی گومان و پرسیارە لای خوێنەر، یان زۆرجار، لە ڕێگای پرسیارەوە مەبەست و ئامانجەکانی خۆی قوڵتر پیشان دەدات...فەلسەفەش لە بنەڕەتەوە لەڕێگەی پرسیارەوە دەبێت بە فەلسەفە...فەلسەفە بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوەش ورووژاندنی پرسیارە." (حەسەن، ٢٠١٧، ٩١)

٤- پەیوەندی مرۆڤ بە شتەکانی دەوروبەرییەوە و بابەتەکانی وەک: خودا. ناسینی بوون، کۆمەڵگە، ئەخلاق، کلتوور.....،هتد لەشیعرو فەلسەفەدا مەودای کارکردنن و لەهەردووکیاندا مرۆڤ ناوەندە.

٥- "شاعیران سوود لە هزرە فەلسەفیەکان وەردەگرن و لەناو فۆرمی شیعردا دەریدەبڕن بەو مەبەستەی وشکی و ئاڵۆزی هزرەکان کەم بکەنەوە و بابەتەکە لە خوێنەر و مێشکی نزیک بکەنەوە....، بەم کارەیان جۆرە گۆڕانکارییەک دەکەن لە کەش و هەوای داخراو و پڕ مەرجی قورسی نووسینی هزرە فەلسەفییەکان بەشێوەی وتاری درێژ و کتێبی قەوارە گەورە" (مەحموود ٢٠١٤، ٣٣).

سەرەڕای بوونی ئەم پەیوەندییە هاوبەشانەی نێوان شیعرو فەلسەفە لە هەندێ شوێندا ناتەبان و هەریەکەیان ڕێگەیەکی جیاواز دەگرنەبەر :

١-"ڕوونکردنەوە و شرۆڤە کردن و دەربڕینی ڕاستییەکان لە فەلسەفەدا ڕاستەوخۆیە واتە فەلسەفە دوور لە کۆد و هێماکان بە زمانێکی ڕووت و ڕەوان لە شتەکان دەدوێت، بەڵام شیعر لەسەر میتافۆر و ئاماژە و هێماکان ئیش دەکات...دەتوانین بڵێین لە شیعردا دەربڕینی مەبەست و ئامانجەکان ناڕاستەوخۆن" (حەسەن، ٢٠١٧، ٩٢).

٢-فەلسەفە پرسیار دەخاتە ڕوو بەدوای شرۆڤە کردن، لێکدانەوە و شیکارکردنیانەوەیە، بەڵام شیعر پرسیار دەوروژێنێت و وەڵام بۆ خوێنەر جێ دێڵێت واتە وەڵامی پرسیار ناداتەوە.

٣-"دەربڕینی فەلسەفی لە واقیعەوە نزیکە، بەو پێیەی کە ئاراستەی عەقڵی مرۆڤی دەکات و هانی دەدات بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێت، لەکاتێکدا دەربڕینی شیعری لە لایەنە مەعریفییەکانیدا پەیوەستە بە ئاسۆی گەردوونی و خەیاڵ لە لایەنە داهێنەرەکانیدا بە ئامانجی چێژ و جوانییە." (روباری، ٢٠٢١)

لە ئەدەبیاتی کوردیشدا شاعیرانی کورد هەر لە کۆنەوە و بیرۆکە و بیر و بۆچوونی فەلسەفی لەناو بەرهەمە شیعرییەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە هەر لە بابا تاهیری هەمەدانییەوە، کە گلەیی لە چەرخی گەردوون دەکات تا شاعیرانی وەک مەلای جزیری و خانی و مەحوی و مەولەوی، هەتا شاعیرانی سەدەی بیستەم، پاشان لای شاعیرانی هاوچەرخیش زۆر پرسیار و بیری فەلسەفی بوونەتە ئەفراندنی گەلێک بەرهەمی شیعریی بێگومان جەلال مەلەکشا یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە لەناو دەقە شیعرییەکانیدا بەر هەندێ بابەتی فەلسەفی دەکەوین کە شاعیر لای لێکردوونەتەوە.

لە شیعری (دووتابلۆی ژیان)دا مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی بێدەسەڵات و ناجێگیر بەرجەستە دەبێت بەرامبەر بە چارەنووس و هەموو ئەو ڕووداوانەی، کە لە ژیاندا دێنە ڕێی و بەبەرچاویدا تێدەپەڕێت مرۆڤ جگە لە چاوەڕوانی و دەستەوەستان بەرامبەر بە گەردوون، بەرامبەربە ژیان و مردن، بەرامبەر بەو چارەنووسەی بۆی دیایکراوە چارەیەکی، تری نییە ژینی مرۆڤ هەمیشە لە دڵەڕاوکێ و لەبەردەم مەترسی گەورەی لەناوچووندایە، شاعیر ئاماژە بەوە دەکات، کە ئێمەی مرۆڤ بەهۆی ئەو چارەنووسەی بۆمان دیاریکراوە کات و ساتەکانی ژیانمان هەمووی بە چاوەڕوانی بەڕێدەکەین هەروەک چۆن لەدایکبوون و مردن بە ویستی مرۆڤ نییە، دەڵێت:

**چاوەڕوانین!**<br>**هەموو کاتەکانی ژینمان**<br>**چاوەڕوانی ڕووداوێکین**<br>**ڕووداوەکان ڕوو دەدەن و**

**ئێمە هەروا چاوەڕوانین!**
**لەدایک بوون، ڕووداوێکە**
**مردن ڕووداوێکی دیکە**
**ژین مەترسی نێوان ئەو دوو ڕووداوەیە!** (مەلەکشا، ١٣٩١، ٨٥)

لە شیعری (قولەی قافی ئاوات)دا، شاعیر یاخی دەبێت لە ژیان و وەک ئەسپێک وێنای دەکات بەڵام ئەم زین دەکاتە پشتی ئەم ئەسپە و دەیەوێت بەم یاخیبوونەی بەردەوامی بەژیان بدات، دروشمی ئەو دەبێتە بەردەوامی، دەیەوێت لێرەوە وەڵامی ئەو پرسیارەبداتەوە، کە چارەنووس دیاریکراوە و لەهەمان کاتدا جۆریکە لە وەڵام بۆ دەقی شیعریی پێشووی خۆی و جۆرێک لە پارادۆکسی هێناوەتە کایەوە بەوەی، کە دەڵێت خۆڵی مردن دەکاتە چاوی فەلەک و بەدەستی خۆی چارەنووسی خۆی دیاریدەکات، خۆی لە دیلی ڕزگار دەکات، دەڵێت:

**دەبێ زین لە کۆڵی ملەی تووشی ژین کەم**
**بڕۆم و نەوەستان ببێ بە دروشمم**
**خۆڵی بۆڕ و مردن لە چاوی فەڵەک کەم**
**بڕۆم تاکوو ئەشکێ ڕکەی تەسکی دیلی**

مەلەکشا پۆلێنی هەردوو دەسەڵاتی گەردوونی و مرۆیی دەکات و لەوەڵامی بێدەسەڵاتی مرۆڤدا بەرانبەر دەسەڵاتی گەردوون، دەیەوێت بە هێزی ئەوین و خۆشەویستی فەلەک بکاتە گۆڕەپانی شانۆ و ڕوح ئازادانە سەمای تێدا بکات، جیهانیش وەک ئەوەی دەمانەوێت دەتوانین بیگۆڕێن، بۆیە شاعیر بە هێزە و دەڵێت من دەتوانم بەڵێ دەتوانم، بۆ خۆلقاندنی دونیایەکی نوێ و جیاواز لەوەی چارەنووس بۆی بڕیارداوە، بەڵام مەرجی ئەوەیە تەنیا نەبێت و یار لە گەڵیدا بێت، یان مرۆڤایەتی هاودەردی بێت و تەنیا نەبێت، لێرەدا لە جیاتی  پرسیار هەوڵیداوە وەڵامی پرسیارگەلی فەلسەفی و قووڵ بداتەوە بە گیانێکی یاخییانەی خۆی بەرانبەر بە دەسەڵاتی گەردوون و کۆت و بەندی مرۆڤ لەو جیهانەی بۆیان خولقاندووە، دەڵێت.

**بە قووەی ئەوین گۆڕەپانی فەڵەک کەم بە شانۆی سەمای ڕوح**
**لە ئاستی بەشەردا**
**جیهان مێوە، دەکری بگۆڕدرێ بە هەرچی**
**دەڕووخێنم ئەم نەزمە**
**دەکارم، دەکارم**
**جیهانێکی دیکە بخوڵقێنم ئەمما**
**ئەگەر بێی لەگەڵما!** (مەلەکشا، ١٣٩١، ٧٥)

لەشیعری (غەڵبەغەڵبی ژیان)دا شاعیر خۆی لە دیوانەکەیدا ئاماژەی بەوەکردووە، کە ناوەرۆکی ئەم شیعرەی لە فرانس کافکا وەرگرتووە مەلەکشا چەند بابەتێکی فەلسەفی دەوروژێنێت وەک: مەرگ، تاریکی، ڕووناکی، خنکان، گەیشتن بە حەقیقەت، ئەم بابەتانە بەپرسیارگەلی بێ وەڵام جێدەهێڵێت و وێڵی بەدەست هێنانی ڕاستییەکانە. "ئیشی فەلسەفەش وێڵبوونە بەدوای بنچینەکاندا، حاڵیبوونە لە ڕەچەڵەکی چەشنەکانی ناو گەردوون.... فەلسەفەکردن هەوڵێکە بۆ بینینی نەبیراو لەکاتی گەڕانەکانیشمان بەدوای بنچینەکاندا پێویستمان بەوەیە تێڕامان لە نەبینراو و نادیاردا بکەین." (حەمە، ٢٠٢١، ١٤٧) شاعیر ئاماژە بە دەنگی مەرگ دەکات لە دالآنی دەروونیدا وەک ئەو مەترسییەی، کە هەمیشە هەڕەشە لە ژیان و بوونی مرۆڤ دەکات و دەبێتە مایەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بۆی، وردە وردە جەستەی دەجوێ و دەیخنکێنێت، پاشان شاعیر پرسیارێکی فەلسەفی دەورووژێنێت و دەڵێت: لەم پەنجەرە ڕووناکەوە ئەودیوی تاریکی حەقیقەت دیار نییە، ئەمەش ئەو بابەتەیە کە فەلسەفە پێوەی سەرقاڵە، واتە گەڕان بەدوای حەقیقەتی شتەکان و دەستکەوتنی وەڵام، هەروەها تێگەیشتن لە ماناکانی پشت هەر زەردەخەنەیەک، کە بە ڕوویدا دەکرێت، دەڵێت:

**دەنگی مۆریانەی مەرگ**
**لە دەروونمدا**
**جەستەم دەجوێ!**
**تۆزقاڵ تۆزقاڵ**
**غەڵبەغەڵبی دەخنکێنێ!**
**ئاخ! لەم پەنجەرە ڕووناکەوە**
**ئەودیوی تاریکی حەقیقەت**
**دیار نییە**
**کەس نازانێ**
**لەپشت ئەم زەردەخەنە گەمژانەوە**
**پڕاوپڕی**
**چەند گۆڕستان**
**فرمێسک تێیدا قەتیس ماوە!** (مەلەکشا، ١٣٩١، ٢٦٣)

لە شیعری (سەرئەنجام!) دا مەلەکشا دەڵێت: خاڵ بە خاڵی ڕێگەی ئەم دنیایە هەر پرسیارە مرۆڤ تا دەمرێت وەڵامی هەندێ پرسیاری هەرگیز دەست ناکەوێت، مرۆڤ وەک ڕێبوارێکی ڕێی پرسیارکردن دەبینێت و دواجار مەرگی ئەم ڕێبوارە بە پرسیار کۆتایی دێت، "پرسیاری فەلسەفیی نە تایبەت و دیاریکراوە و نە سنوردارە و هەمیشەیش پێویستی بە ئاوەزێکە بۆ بیرکردنەوە و تێڕامانیشە لەسەر بابەتەکانی ناو بوونی مرۆڤ و ئازادیی ئەم مرۆڤە، بۆیە ڕێڕەوی پرسیاری فەلسەفی تێڕامانە، لە ڕێبازی جیاوە بە دیدی جۆراوجۆر دەگات. بەپێی ئەوەی پرسیاری فەلسەفی

هەوڵە بۆ گەیشتن بە زانین، بۆ نموونە تایبەت بە دیاردەیەکی وەک جەنگ یان لافاو، دادپەروەریی یان درۆ، بۆیە پرسیاری فەلسەفیی ڕووبەڕووی نیگەرانیی و گومان دەبێتەوە، بەڵام سروشتی پرسیاری فەلسەفیی بە جۆرێک بنیاتنراوە ئاڕاستەی جیا وەردەگرێت، ئاڕاستەکانی بەردەوام دیدی نوێ و پرسیاری نوێ دروستدەکەن." (حەمە، ٢٠٢١، ١٧٩) ئەو ویڕای ئەوەی خۆی دەپرسێ وێڵ و سەرگەردانیشە بەدوایی وەڵامدا " فەلسەفەش ئەو دەمە بوونی هەیە، کە خۆی گیرۆدەی پرسیار دەکات." (حەمە، ٢٠٢١، ١٤٥) شاعیر دەڵێت:

**پرسیار، پرسیار...**
**تا چاو بڕکات**
**خاڵ بەخاڵی ڕێگە هەموو**
**هەر پرسیارە**
**من ڕێبوارێکم ئەناسی**
**بەدرێژایی ڕێگە تەنانەت نەیتوانی**
**لە سێبەری وەڵامێکدا**
**نەختێ ماندوویی خۆی دەرکا**
**سەرئەنجام لە ڕێگا، عاسی**
**خۆی بە ئەڵقەی پرسیارێکەوە هەڵواسی.** (مەلەکشا، ١٣٩١، ١١٩)

دواجار شیعرو فەلسەفە تەواوکەری یەکترن، "بۆ شیعر و فەلسەفەش لەیەک کاتدا مەرگ، بوون، ئەوین، تەنیایی، ڕاڕایی و ئەو ڕەشاییانەی ژیان داگیردەکەن، هەبوونمان تێکدەدەن، هەمیشە بابەتی تێرامان بوونە" (حەمە-ب، ٢٠١٣). ئەگەر فەلسەفە لە گەڕاندا بەدوای حەقیقەتدا ڕوح دەربخات ئەوا شیعر ڕوح لە خۆشەویستی و قەشەنگی دا دەردەخات شاعیریش وەک مرۆڤێکی هەست ناسک بچووکترین شت کە هەست و سۆزی بوروژێنێت کاریگەری لەسەری هەبێت، دەکرێت ببێتە هەوێنی لە دایکبوونی شیعرێک بە سەرنجدان و وردبوونەوە لە دیاردەیەکی تر شیعرێکی نوێتر لە جۆر و فۆڕمێکی نوێ دەخوڵقێنێت، بۆیە شیعر و فەلسەفە هەریەکەیان ڕۆڵی خۆی هەیە وهەریەکەیان بە شێوازی خۆیان خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکەن، بەڵام مەیدانی کارکردنی هەریەکەیان جیایە، مەلەکشا لەم بوارەدا، ئەگەرچی دەقە شیعرییەکانی ژمارەیان کەمن، بەڵام هەوڵیداوە چەند پرسیارگەلێک، کە مایەی بایەخ و جێگای تێرامانی بوون بخاتە ڕوو وەک بنەمایەکی گرنگی بیریی فەلەسەفی و هەروەها وروژاندنی هەندی پرسیاری بێ وەڵام یان پرسی گرنگ لەمەڕ ژیان و ڕەهەندەکانی وە هەوڵی داوە بەزمانێکی سادە و سوکتر لەوەی فەلسەفەی پێداڕێژراوە، بیرەکانی خۆی بخاتە ڕوو، کەئەمەش ئەرکی شیعرە، فەلسەفە لەو ئاڵۆزییەی هەیەتی ڕزگار بکات و شاعیر لێرەدا مەبەستەکەی پێکاوە.

## پاری چوارەم: شیعری مرۆڤایەتی (مرۆڤدۆستی)

جۆرێک شیعرە کە هەموو مرۆڤێک خۆی تیا دەدۆزێتەوە جا لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بن، چونکە تایبەتە بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی، بەها و گرنگی مرۆڤ وەک تاک و وەک کۆمەڵ دەکاتە پێوەر و جەخت لە مافەکانی، داکۆکی لە ئازادی و یەکسانی و بەختەوەری مرۆڤ دەکات "هیومانیزم یان مرۆڤدۆستی humanism بە عەرەبی (المذهب الانسانی)،...ڕەگی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (مرۆڤ) لە زمانی یۆنانی کۆندا وشەی humanus بۆ پیاو بەکارهاتووە، هەروەها ئەم وشەیە پەیوەندی بە چەند وشەیەکی تری نزیکەوە هەیە وەک humanity واتە ئینسانی humane واتە بەبەزەیی humanitarian واتە یارمەتیبەخش." (ئەسوەد، ٢٠١٥، ٤٠٢) ئەم وشەیە مانا و ئاماژەی جۆراو جۆری هەیە و لەهەر سەردەمێکدا لە فۆڕمی جیاوازدا بەکار هاتووە.

هیومانیزم "ئەو فەلسەفەیەیە، کە بەهاو پلەی مرۆڤ دەنرخێنێت و مرۆڤ دەکاتە پێوەری هەموو شتێک، بە واتایەکی تر سروشتی مرۆڤ و سنوور و پەیوەستییە سروشتییەکانی مرۆڤ دەکاتە بابەتی خۆی" (تەها-ب، ٢٠١٣، ٤)، لەم فەلسەفەیەدا مرۆڤ سەنتەرە "ئەم فەلسەفەیە جەخت لەسەر باوەڕبوون بە توانا و تواناکانی مرۆڤ دەکاتەوە بۆ گەیشتن بە ژیانێکی دنیایی بەختەوەر لە ژێر پەردەی ئەخلاقی عەقڵانیدا" (داد، ١٣٩٢هـ ٦١) هیومانینزم وەک بزوتنەوەیەکی فەلسەفی و ئەدەبی" لە نیوەی دووهەمی سەدەی چواردەهەم لە ئیتالیا سەری هەڵدا و بەرەو وڵاتانی تری ئەوروپا گەشەی سەند، ئەم بزوتنەوەیە یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕووناکبیری نوێ." (تەها-ب، ٢٠١٣، ٤)، ڕەگ و ڕیشەی ئەم زاراوەیە کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی کلاسیکی یۆنان و ڕۆمان "بەگەڕانەوە بۆ فەلسەفەی گریکی، فەیلەسوفێکی وەک (پرۆتاگۆراس) ئەو فەیلەسوفەیە کە بڕوایەکی بەهێزی بەمرۆڤ هەبووە، مرۆڤی وەک پێوانەیەکی دنیا سەیرکردووە، ئەو وەک فەیلەسوفێکی یۆنانی پێش سوکرات، لەو بڕوایەدا بوو کە مرۆڤ پێوانەی دنیایە." (حمەامین، ٢٠٢١)، بۆیە هەر لە کۆنەوە و لە سەردەمی گریکی کۆنەوە باسکردن لە مرۆڤ و مرۆڤبوون جێگەی بایەخ و گرنگی پێدان بووە، هەروەها "شاعیری ڕۆمانتیکی کۆلریدج بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨١٢ ئەم زاراوەیەی بەکار هێناوە." (ئەسوەد، ٢٠١٥، ٤٠٢) کاتێک ئەم دەستەواژەیە لە ساڵی ١٨٧٥ لە فەرەنسا بڵاوبووەوە، "مانایەکی بەرفراوانی بەدەستهێنا، مرۆڤ لە ڕێگەی زانستە مرۆییەکانەوە پێناسەی ڕەوشتە جوانەکان دەکات، ئەو کەسەیە کە دەقە دێرینەکان پراکتیزە دەکات ئەمرۆ ئەم زاراوەیە مانایەکی فراوانتر وەردەگرێت، هیومانیزم ئەوەیە کە هەموو ئەو شتانە بەرز دەنرخێنێت کە مرۆڤێک گەورە دەکات، هەر بۆیە سارتەر بوونگەرایی بە مرۆڤدۆستی پێناسەکردووە" (طامین، ٢٠٢١، ١٩٧). کەواتە زاراوەی هیومانیزم لە مانا هاوچەرخەکەیدا بریتییە لە "باوەڕهێنان بە ئینسان، پشت بەو هەڵوێستە فەلسەفیانە دەبەستێت کە باوەڕیان بە تواناکانی مرۆڤ هەیە و دەیانەوێت هەموو گەردوون و سەرجەمی دەستکەوتەکان لە خزمەتی بەختەوەریی مرۆڤ و یەکسانی نێوان مرۆڤەکانیدا بێت، کاری فەلسەفەش بریتی بێت لە

بیرکردنەوە لە ئینسان و داکۆکیکردن لە ئازادی و یەکسانی و کەرامەتی مرۆڤ لە دژی هەموو جۆرە چەوسانەوە و ستەم و داپڵۆسینێک." (ئەسوەد، ٢٠١٥، ٤٠٣)، هەروەها دکتۆر دڵشاد عەلی لە پێناسەی چەمکی مرۆڤایەتی دا دەڵێت" هەموو ئەو هەست و سۆز و بیرانە دەگرێتەوە، کە بایەخ بە مافەکانی مرۆڤ دەدەن وەک تاک و وەک کۆمەڵ لە چوارچێوەیەکی مرۆڤدۆستانەی ئەوتۆ کە دوور بێت لە هەموو سیما و شەقڵێکی ڕەگەزپەرستانە." (تەها-ب، ٢٠١٣، ٦)

بەمجۆرە چەمکی مرۆڤایەتی مرۆڤ دەکاتە پێوەر وە بایەخ بە مافەکانی مرۆڤ دەدات بەبێ جیاوازی ڕەگەز و ئاین و نەتەوە و شێوە، چونکە تێڕوانینی بۆ هەموو مرۆڤەکان وەک یەکە، شیعری مرۆڤدۆستی یەکێکە لە بنەماکانی ئەدەبی جیهانی، واتە تایبەتمەندی و سیمای دیاری ئەدەبی جیهانی ئەوەیە، کە بایەخ بە ژیانی مرۆڤایەتی بدات و لەخەمی سەپاندنی دادپەروەری بێت، بێ جیاوازی ڕەگەزیی و ئاینی و زمان.....

گرنگترین بنەما فکرییەکانی هیومانیزم بریتین لە" دەسەڵاتی مرۆڤ لە بەرامبەر دەستەڵاتی خوا، جەختکردنەوە لەسەر ئازادی و ویستی مرۆڤ، عەقڵی مرۆڤ باڵایە، سروشتگەرایی، پێکەوە ژیان، ئەخلاق" (تەها-ب، ٢٠١٣، ٢٣) لە بەرهەمی شیعری شاعیرانیشدا ئەو بابەتانەی کە تایبەتن بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە پاڵ مەبەستە شیعرییەکانی تردا جێگای بایەخ بووە و شاعیرانی کوردیش لەشیعرەکانیاندا باسیان لە بابەتی پێکەوە ژیان و ژیاندۆستی و مافەکانی تاک، خۆشەویستی، ئازادی بۆ هەموو گەلان و زۆر بابەتی تری مرۆڤ دۆستی کردووە شیعری مرۆڤایەتی شیعرێکە، کە هەموو مرۆڤێک خۆی تیا دەبینێتەوە هیچ تایبەتمەندییەکی نەتەوەیی نییە، چونکە گرنگی بە سۆز و هەستی مرۆڤ دەدات و گوزارشت لە بیری ئینسانی و مافەکانی دەکات بەبێ جیاوازی لە هەر شوێنێکی دنیا بێت تەوەرەکانی مرۆڤایەتیش لە شیعری کوردی هاوچەرخدا بریتین لە "ئازادی نیشتمان، جەنگ و ماڵ وێرانی و ئاوارەیی، جەختکردنەوە لەسەر پێگەی ژن، ڕەخنە و پێشنیاری مرۆڤ دۆستانەی شاعیر، خۆشەویستی، پەیامدارێتی لە شیعری مرۆڤ دۆستیدا...هتد" (تەها-ب، ٢٠١٣، ٣٧-٧١)

لە ئەزموونی شیعری ساڵانی پەنجاو شەستەکانی سەدەی بیستدا لەلای کۆمەڵێک شاعیری سەربە ڕەوتی شیوعی و دواتر نەتەوەییەکان بەچەند دەقێک هەستی مرۆڤدۆستانەی خۆیان دەربڕیوە، وەکو پشتیوانییەک بۆ گەلانی مافخوراوی وەکو جەزائیر و فەلەستین و ڤێتنام و کۆبا و......هتد، لەلایەن شاعیرانی وەکو گۆران، دیلان، کامەران، هێمن، کاکەی فەللاح، شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت و پەشێو....هتد.

جەلال مەلەکشا وەک شاعیرێکی مرۆڤدۆست، کە هەمیشە هاوبەشی ئازار و خەمی چەوساوەکان بوو، تینوی ئازادی نیشتمان و سەربەخۆی بۆ مرۆڤ بوو داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ و بەرگریکار و بەگژداچوونەوەی نەیار و دوژمن شیعری ئەو ئاوێتەی نەهامەتییەکانی ئینسانن هەروەک خۆی دەڵێت "شیعری من جیا لە خەڵک نییە، جیا لە ڕەنج و ئازاری خەڵک نییە، جیا لە کۆمەڵگە نییە، جیا لە دەردە

کۆمەڵایەتییەکان نییە، ئیتر تایبەتمەندییەکی جیا لەم بابەتانە لەناو شیعری مندا نییە." (نووسەر، ٢٠٢٠، ٣٣) ئەم شاعیرە قەڵەم ڕەنگین و بوێرە کاتێک لە دەرگای دیوانەکەیەوە دەچیتە نێو ماڵی شیعرەکانییەوە و ئاوێزانی وشە قەشەنگ و جوانەکانی دەبیت هەستی تێڕامان و بیرکردنەوە دەتبات بەرە و ناسینی وڵاتێکی ژێردەستە و بێبەشکراو لە سەرەتاپترین مافە ئینسانییەکان بێبەش لە نیشتمانێکی ئازاد ، بۆیە بووە شاعیرێکی مرۆڤ دۆست و لە پێناوی خۆی وەک مرۆڤێک و تەواوی مرۆڤایەتی نووسیویەتی و بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی ئەم هەستە مرۆڤ پەروەری و مرۆڤ دۆستییەیەتی، هەمیشە قەڵەمەکەی بۆ خزمەتی مرۆڤ و گەلەکەی بەکارهێنا، کاتێک وەک مرۆڤێک شیعری مەلەکشا دەخوێنیتەوە لە زۆر وێستگەیدا خۆتی تێدا دەدۆزیتەوە، چونکە ئەو پەیامی هەیە و مرۆڤ لای ئەو چەقی بابەتە و ئامانجی نووسین و دەربڕینییەتی، خودی خۆی وەک شاعیرێک ناوی لەدڵی میللەت دا هەمیشە بە نەمری و زیندوویی، دەمێنێتەوە.

کاتێک بە شیعرەکانی جەلال مەلەکشا دا گوزەر دەکەین بەر هەندێ لە تەوەرەکانی شیعری مرۆڤدۆستی دەکەوین، کە پەیوەندی ڕوحی و ئینسانی سەرجەم مرۆڤەکانی دنیا پێناسە دەکات و هاواری شاعیر لەپێناوی مرۆڤایەتی و خۆشبەختی و ئازادییە بەبێ جیاوازی بۆ هەمووان ئەمەش لە شیعری(تاوان) دا بە ڕوونی دیارە شاعیر داوای ڕەوای بۆ ئازادی و شادی و دڵداری وەک بنەڕەتی ژیان و مرۆڤایەتی، خۆشەویستی و ئاواز و گۆرانی وەک بنەمای ژیاندۆستی جوانترین تابلۆ دەنەخشێنێت، کە دیارە باجی ئەم داوایەش لەلایەن دوژمنانی دژ بە مرۆڤدۆستی زیندان و ئازار و ئەشکەنجەدانی شاعیرە بۆ کپ کردنی هەموو دەنگێکی ناڕازی، شاعیر دەڵێت:

**چونکە ئەموت:**
**مرۆڤ دەبێ،**
**ئازاد و سەربەست بێ**
**شادی، دڵداری، ئازادی**
**بنەڕەتی ژیان بێت و**
**بچووکترین وشەی ئەوین**
**ماچ و ئاواز و هەڵبەست بێ.**
**دڵیان کۆڵیم**
**داخی هەزار خەمیان چزان بە جەرگمەوە**
**مۆری سووری قاچاخ بوونیان**
**کوتا بەسەر وشە و شیعر و دەفتەرمەوە!** (مەلەکشا، ١٣٩١، ٩٧)

تەنیایی مرۆڤ بابەتێکی گرنگی ناو دەقی شیعری مرۆڤایەتی مەلەکشایە ئەو لە شیعری (تەنیایی) باس لەوە دەکات، کە لەم سەدەیەدا مرۆڤ تەواو تەنیایە وەک ئاسکێکی سەرگەردان وایە، کە خۆی

لە وڵات و نشتیمانی خۆی نامۆیە، نەیار و دەسەڵاتدار، بڕیار لە چارەنووسی ئەدەن، مرۆڤی تەنیا لە دۆخێکدایە کە بەدەستی مرۆڤی تر چارەنووسی دیاریدەکرێت و لەناو دەبرێت کاتێک، کە ئەم دەقە دەخوێنیتەوە، ئەگەر لە هەر زمان و گەل و نەتەوەیەک بێت و لە دۆخێکی تەنیایی و بێ کەسیدابیت خۆتی تیا ئەدۆزیتەوە وەک کەسێکی تەنیا و بێ پشت و پەنا، دەڵێت:

**ئەم سەردەمە**
**چەرخی دەردە**
**سەدەی تەنیایی ئینسانە**
**لە پانتایی ئەم کەویرە پان و پۆڕە**
**تۆ ئەو ئاسکە سەرگەردانەی**
**خێڵی ڕاوچی**
**لەسەر چارەنووست ئەدوێن.**
**بڕیار دەدەن**
**بازنەی گەمارۆ کات بەکات**
**تەنگتر دەبێ**
**لە هەرلاوە دەستڕێژ دەکەن!**
**تۆ نازانی لەکام لاوە**
**لە دۆزەخی تەنیاییدا**
**لاشەت دابێژ دابێژ دەکەن.** (مەلەکشا، ١٣٩١، ٥٠)

شاعیر هەڵەبجە وەک کەیسێکی ئینسانی و نموونەی مرۆڤی تەنیا و دڕەندەیی مرۆڤ بەرانبەر بە مرۆڤ دێنێتەوە و بەهاواری ئینسان ناوی دەبات، کە ڕوو لە هەر لایەک دەکات بێ پشت و پەنا هەموو چوار دەوری کوشتن و پلانی داگیرکەرە، بۆیە شاعیر ئەم کەیسە مرۆییە شار بە شار و وڵات بە وڵات دەگێڕیت، تا سکالای مرۆڤی بێ تاوان تۆمار بکات، وەک ڕووداوی قێزەونی لە مێژوودا بمێنتەوە، دەڵێت:

**هەڵەبجە!**
**هاواری ئینسانە**
**ئینسانی بێ پەنا و تەنیای ئەم زەمانە**
**وەک ڕەوە ئاسکێکە بێ داڵدە**
**لە هەموو لاییکەوە دەستڕێژی لێ ئەکەن**
**بۆ هەرلا ڕوو دەکا هەر تەڵە و هەر داوە!**
**هەڵەبجە شکاتی گەلێکە**

**وڵات بە وڵات و شار بە شار دەیگێڕم**
**نازانم لە کامە دادگای عادڵدا، وەک تفێک**
**تەژی لە نەفرەت و ڕق و قین**
**هەڵیداویمە نێو چاوانی ئەم قەڕنە بەد ناوە!** (مەلەکشا، ١٣٩١، ٧١)

شاعیر ئەم دۆخی تەنیاییەی مرۆڤی گەردوون کە لەزۆر شوێن و وڵاتی دونیا دووچاری دێت، وادەبینی کە بەناوی ئاین و هێزی بێ وێژدانی مرۆڤەوە بەرانبەری دەکرێت ناچار کە هیچ کەس شک نابات پەنا دەباتەوە بۆ ناو ڕوحی خۆی و دەڵێت:

**لەئاسمان لەعنەت و ڕقی خوا دەبارێ**
**لەزەوی دوپشک و مار دەڕوێت**
**داڵدەیەک شک نابەم**
**جگە لەناو خەڵوەتی ڕوحی خۆم!** (مەلەکشا، ١٣٩١، ٢١٤)

بۆیە سەرەنجام گومان لە ڕەگەزی مرۆڤ بوونی خۆی دەکات، دەڵێت: لەجنسی ئەم خاک و خەڵکە نیم، کە ئەمەش خۆ جیاکردنەوەی خۆیەتی لە خەڵک و جۆرێک لە نەرگسیەتی شاعیرە، هەروەها پرسیاری ئەوە دەوروژێنێت، کە بۆ دەبێت زمانی هەمووکەس بزانێت و کەس لە زمانی ئەم نەگات، سنوری تەنیاییەکەی بۆتە کەیسێکی جیهانی و گوزارشتێکە لەدۆخی هەر مرۆڤێکی سەرگۆی ئەم زەمینە، کە هەمان دۆخ و حاڵی هەیە، هەرکەس لەهەر گۆشەیەکی ئەم دونیایە دووچاری فەرامۆشکردن، گوێ لێنەگرتن و زەوتکردنی مافەکانی بووبێتەوە لەم شیعرەی مەلەکشادا خۆی دەبینێتەوە، جیا لەوەی شیعرەکە شیعرێکی مرۆڤایەتییە، هاوکات پەیامێکی گشتگیری هاواری مرۆڤی تەنیا و چەوساوەیە، دەڵێت:

**هەست دەکەم**
**لە جنسی ئەم خاک و خەڵکە نیم**
**زمانی باڵندە و دار و بەرد دەزانم**
**بەڵام کەس لە زمانی من ناگات**
**گەیشتوومە تەنیایی جیهان و**
**تەنیایی خۆم بە جێ هێشتووە!** (مەلەکشا، ١٣٩١، ٢١٤)

مەلەکشا لە شیعری (تاراوگە) (مەلەکشا، ١٣٩١، ٧٦) مرۆڤی ستەمکار وەک خوای زەوی ناودەبات، چونکە تەواوی دەسەڵاتی سەرزەوییان بۆ خۆیان بردووە، دەستیان بەسەر ئاسمانیشدا گرتووە لە پێناوی چەوساندنەوەی مرڤی تردا ئەویش بە کوشتن و کوشتار و خوێن ڕشتن و سەدەی بیستەمیان کردۆتە دەریایەکی قووڵ لە خوێن، بۆیە ئەم هاوارێکی ئینسانی دەکات لە پێناو ڕەوینەوەی تارمایی

مەرگ و بێ دادی مرۆڤی چەوساوە و بێ دەسەڵات نیشان دەدات و بەرگرییان لێدەکات دیارە بەرگریکردن لەمرۆڤی هەر نەتەوەیەک هەر لە خزمەتی بەرگرییە لە سەرجەم مرۆڤایەتی، دەڵێت:

**خواکانی زەوی،**
**دەفری ئاسمانیان**
**لە ئەستێرە و ڕۆژ، لە مانگ داتەکان...**
**لە هەموو لاوە**
**ڕووباری خوێنە**
**دەڕژێتە دەریای قووڵی سەدەی بیست**
**ڕێگەی ڕزگاری مرۆڤ بەستراوە**
**لەم کەویرەدا،**
**شەکەت و ماندوو**
**ڕوو لەهەر لایێ دەکەی سەرابە**
**بارانی دەرد و ڕەنجە دەبارێ**
**بۆ باڵندەی دیل، پەرواز خەونێکە و**
**ئاسمان قۆرخە**
**زەوی بست بە بست**
**تەپکەی دەستکرد و تامووسک و داوە!**

شاعیر لە پێناو ئازادی مرۆڤدا تێکۆشاوە و قوربانی داوە، بۆیە بەراوردی مرۆڤی ئازادیخواز و مرۆڤی کۆنە پەرست دەکات و خۆی وەک مرۆڤێکی ئازادیخواز و باڵا دەبینێت و بەرامبەریشی وەک مرۆڤێکی بچووک و نابووت پیشنیان دەدات، بە شایانی ئەوەیان نازانێ کە بیان دوێنێ، خۆی بە لووتکە دادەنێت وەک کەسێکی ئازادیخواز و ئەوانیش بە هیچ و دەڵێت:

**ئێوە چین من بتاندوێنم**
**هێندە چووکەن**
**تەنانەت بە مێروولەتان ناشوبهێنم**
**من شاعیری دڵی خۆمم**
**چیتان دەوێ بەرماوخۆران**
**بۆ چەقۆتان هەڵگرتووە**
**سینگی شیعرەکانم بدڕن!؟...**
**ئێوە چین من بتاندوێنم**
**من دارێکی باڵا بەرزم**

**گەرچی تووشی مەرگەساتی وەرزی ڕەشم**
**بەڵام هەرگیز**
**سەرم بۆ چی دارکونکەری دنیا هەیە دانانەوێنم!...**
**مشتێ خاکی دەشتی عەشقم،**
**بەڵام لە ئاستی ئێوەدا**
**لووتکەم، لووتکە!**
**ئێوەی تەڵخەک لە بنارما وەک چەقۆی کول**
**بۆ ڕووخانی باڵای بەرزم**
**بەردی خاراو هەڵدەکۆڵن**
**منی لووتکەش پێدەکەنم**

شاعیر ئامانجی خۆی و ئەوان دەخاتە ڕوو، چونکە پەیامی شاعیر پەیامێکی گەورەی مرۆڤدۆستی بڵند و باڵایە و پەیامی نەیارانی پەیامی بچووک و کورت و هەوەس پەرستی و دواکەوتنی ئارەزوو بازییە و دەڵێت:

**دەردی من و دەردی ئێوە جیاوازە**
**شەرافەتی دەردێکی خۆم**
**بەگشت ژین و ماڵ و حاڵتان نا گۆڕمەوە**
**دەردی من، دەردی ئینسانە**
**دەردی ئێوەش زۆر گەورەیە**
**بەڵام هەتا لای گونتانە!**

مەلەکشا لە شیعری(شیعری تازە)دا (مەلەکشا، ١٣٩١، ١١٠) بەرگری دەکات و پەیامی خۆی بە ڕوونی دووپات دەکاتەوە، کە ئەو شاعیری چەوساوەکانە و ترس و تۆقان و ئاگر ناتوانێت هەرەسی پێبێنێت و شیعرەکانی لەناوببات بۆ بەرگریکردن لە مافی چەوساوەکان وەک چیایەک لە بەرامبەر دوژمنان و نەیاراندا دەوەستێتەوە و دەڵێت:

**من شاعیری چەوساوانم**
**هەزار کوانووی پڕ لە ئاگر**
**شیعرەکانم ناسووتێنێ**
**گۆمی گەندەڵ کەی ئەتوانێ**
**چیای هاوار لە ناو خۆیا بخنکێنێ**

مەلەکشا لە شیعری (شەهید)دا پەیامی ئاشتیخوازانەی مرۆڤی ژیاندۆست و مرۆڤدۆست، پەیامی میللەتێکی ژێردەست بە گوێی تەواوی مرۆڤایەتی ڕادەگەیەنێت و وێنەی دەسەڵاتێکی دڕندە و خوێنمژ

نیشانده‌دات و ڕووی دزێوی نه‌یارانی ئاشتی ده‌خاته ڕوو، وه‌ک چۆن هه‌میشه دژی جوانی و ئاشتی و پێکه‌وه ژیانن و هه‌ڵگری ئه‌م په‌یامه پاکه که کۆتری سپییه و هێمای ئاشتی پێکه‌وه ژیانه ده‌کوژن به‌به‌رچاوی ته‌واوی دونیاوه ناهێڵن په‌یامه‌که‌ی بگات، شاعیر ده‌ڵێت:

**کۆتری سپی،**
**نامه‌ی ئاشتی،**
**وڵاتێکی زامداری بۆ مێژوو ئه‌برد.**
**ڕاوچی هاتن**
**دێو جامه‌یان بۆ ڕاگرت و**
**ده‌سرێژیان کرد.**
**له‌پڕ زه‌وی زریکاندی**
**ئاسمان له‌خه‌و ڕاچڵه‌کا**
**خوێنی کۆتر**
**دڵۆپ**
**دڵۆپ**
**به‌سه‌ر هه‌موو دنیا تکا!**

مه‌له‌کشا له شیعری(شیعر و تفه‌نگ)دا (مه‌له‌کشا، ١٣٩١، ١٨٠) دووانه‌ی شیعر و تفه‌نگ وه‌ک زامێکی بێ ده‌رمان له‌سه‌ر سینگی دوژمن وێنا ده‌کات و هه‌موو ئه‌و نه‌ته‌وانه‌ی بۆ مافی ئینسانی خۆیان تێده‌کۆشن په‌نای بۆ ده‌به‌ن و شیعر شان به‌شانی تفه‌نگ له سه‌نگه‌ردایه و شاعیر و پێشمه‌رگه وه‌ک یه‌ک هه‌ڵمه‌ت ده‌به‌ن و ڕووبه‌ڕووی که‌له‌بچه و مه‌رگ ده‌بنه‌وه له پێناو گه‌یشتن به مافی ڕه‌وای میلله‌ته‌که‌یان، شاعیر ده‌ڵێت:

**ئاخۆ له‌سه‌ر سینگی دوژمن**
**زامی شیعر بێ ده‌رمانه**
**یا هی تفه‌نگ؟!...........**
**له کازیوه‌ی ته‌نگه‌به‌را**
**تێگه‌یشتم**
**شیعرو تفه‌نگ، دوو هاوپشتن**
**که‌چی بینیم**
**شاعیرێک و پێشمه‌رگه‌یه‌ک**
**ده‌ستیان له یه‌ک که‌له‌پچه‌دا**
**به‌ره‌و مردن ده‌ڕۆیشتن!**

شاعیر لە شیعری (توورەیی)دا  ئۆقرەی نامێنێت و دەڵێت: چۆن توورە نەبم؟ تەنانەت باڵندەش نیشتمانی خۆی هەیە، مەلەکشا پرسی بێ نیشتمانی و نەبوونی سەربەستی و ئاڵا دەوروژێنێت، کە لەم جیهانەدا یاسا دەستکردەکان زۆر مرۆڤ و نەتەوەیان لێ بێبەش کردووە، کورد وەک نموونەیەکی مرۆڤی بێ وڵات نیشان دەدات، بەبێ سەربەستی و ئازادی مرۆڤایەتی هیچ مانایەک نابەخشێت نەبوونی ئازادی واتە بەند کردنی مرۆڤ و چەوسانەوەی و پێشێلکردنی هەموو مافە ئینسانییەکانی، کە ئەمە سەرەتایترین مافی مرۆڤە و قۆرغ کراوە لەلایەن زۆردارەوە کەمینەیەکی زۆردار مرۆڤەکان دەچەوسێنێتەوە و لە بری ئەوان بڕیار دەدات و بیر دەکاتەوە و ئازادی ئەوانی تر بەرتەسک دەکاتەوە و ناهێڵێت بە سەربەستی و ئازادی لە نیشتمانی خۆیاندا بژین.

**لەم جیهانە،**<br>
**پەلەوەریش**<br>
**نیشتمانی بۆ خۆی هەیە**<br>
**دارستانێ، تاقەدارێ**<br>
**ئاوارەش بێ**<br>
**نێو ئەشکەوتێ، بن پاسارێ!...**<br>
**هیچم ناوێ لەم جیهانە**<br>
**جگە لە نەختێ سەربەستی و**<br>
**بستێ خاک و**<br>
**ئاڵایەک و**<br>
**ڕەشماڵێکی قەرەجانە** (مەلەکشا، ١٣٩١، ٢٠٣)

لەکۆی بابەتی شیعری مرۆڤایەتی لای مەلەکشا وەک شاعیرێکی مرۆڤدۆست خۆی تا لووتکەی مرۆڤ بوون تێکۆشاوە، لەپێناو مرۆڤدا چەوساوەتەوە و بەشێکی ژیانی لە زینداندا بەسەر بردووە، زۆرێک لە شیعرەکانی مۆرکێکی گشتی جیهانیان پێوە دیارە لە چوارچێوەی داکۆکیکردن لە مرۆڤی تەنیا و بێ پشتێوان و بێ وڵاتدا دەسورێنەوە، بەم پێیە لە هەر گۆشە و سەرزەمینێک دەیانخوێنیتەوە ئەگەر لە دۆخێکی وادا بیت یان هەست بە ئازاری مرۆڤ گەلێکی وابکەیت خۆتی تێدا دەبینیتەوە، نهێنی وەرگێرانی شیعرەکانی مەلەکشا بۆ زۆر زمانی زیندووی دونیا هەر ئەوەیە کە شاعیر لە موڵکی نەتەوەکەیەوە وەک خۆی دەلێت سنور ناناسێ بۆتە دەنگێکی جێهانی لە پێناو گەیاندنی پەیامێکی مرۆڤ دۆستانە کە تەنها مرۆڤ بوون سەنتەریەتی.

## پاری پێنجەم: شیعری خۆشەویستی (دڵداری)

ئەڤین و خۆشەویستی ڕووبەرێکی فراوانیان لە شیعری شاعیران پیکهێناوە و ئەم بابەتە لە ئەدەبیاتی هەموو گەلاندا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە پەیوەندی بە ناخ و هەست و سۆزی مرۆڤەوە هەیە و پەیوەندی ڕوحی نێوان مرۆڤەکانە ، بابەتێکی زیندووە و ژیان بێ خۆشەویستی نابێت، بۆیە هەر لە کۆنەوە شاعیران بایەخیان بە ئەم مەبەستە شیعرییەداوە و فەرامۆشیان نەکردووە، ئەگەر چاوێک بە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردیدا بخشێنین دەبینین چەندین داستانی دڵداری وەک( مەم و زین، شیرین و فەرهاد، خەج و سیامەند،...هتد)مان هەن، کە نموونەی خۆشەویستی پاک و وەفاداری بێ وێنەی میللەتی کورد نیشاندەدەن لە پێناو عەشق و خۆشەویستی لە نێوان مرۆڤدا.

ئەم بابەتە "کۆنترین هونەری شیعرییە و پەیوەندییەکی بەتینی بە سروشتی مرۆڤەوە هەبووە، شیعری خۆشەویستی زمانێکی جیهانییە و ئارەزوویەکی خۆرسکە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەبووە" (ئەوڕەحمان، ٢٠١٥، ٨٠) وەک ئاماژمان پیدا لە ئەدەبی فۆلکلۆرەوە ڕەگ و ڕیشەی دەربڕینی ئەم هەستە ئینسانییە دەبینین و لە گشت قۆناغ و قوتابخانە جیاوازەکانی تری ئەدەبیاتدا بەشێوە و ڕێگای جۆرا و جۆر گوزراشت لە هەست و سۆزی و خۆشەویستی کراوە. بۆیە شاعیرانی کلاسیک و شاعیرانی هاوچەرخ ئەم مەبەستە شیعرییەیان لە هەناوی شیعریاندا پاراستووە و جوانترین و ڕازاوەترین شیعری دڵدارییان نووسیووە .

عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ پێی وایە "دەنگی شیعری ڕۆژهەلاتیش لەناو هارمۆنیای شیعری مرۆڤایەتیدا ئاوازێکی بڵندە، لەبەرئەوە شاعیر و دیوان بێ سۆز و دڵداری ناگونجێت." (رسول-ب، ١٩٧٨، ٥٢). هەروەها سەبارەت بە توانا و دەسەلاتی شاعیران بۆ نووسن و گوزارشتکردن لەم جۆرە بابەتە دڵشاد عەلی دەڵێت "ڕەنگە ئەگەر شاعیرێک هۆنراوەی دڵداری نەبووبێ ئەوە بەبێ دەسەلات و بێ توانایان دانابێ و بەشاعیریان نەزانی بێ، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو شاعیرانەی سۆفی بوون و خاوەنی هیج جۆرە تاقیکردنەوەیەکی دڵداری نەبوون لە ژیاندا، هۆنراوەی دڵداری بڵێن یاخود هەوڵی ئەوە بدەن کە چەشنە بەرگێکی دڵداری بکەن بەبەر هۆنراوە ئاینییەکانیاندا." (عەلی، ١٩٨١، ٢٠)، بۆیە مەرج نییە لەشیعری خۆشەویستیدا دڵدارێک بوونی هەبێت لە ژیانی شاعیردا و شاعیر شیعری بۆ نووسیبێت، بەڵکو هەندێجار شاعیر وەک مەبەستێکی شیعری لای لەم بابەتە کردۆتەوە و توانای شیعریی خۆی دەرخستووە، یان زۆرجار ئەو دڵدارەی شاعیر لە نێو شیعرەکەیدا لە بارەیەوە دەدوێت خەیاڵییە و وەک پەیکەرێک لە ئاوەزی شاعیردایە و شاعیر بە وشەی جوان و قەشەنگ بە باڵایدا هەڵدەدات و هەست و سۆز و خۆشەویستی خۆی بۆ دەردەبڕێت.

لەڕووی بایەخی ئەم بابەتەوە عزەدین مستەفا شیعری دڵداری بە یەکێک لە پایەکانی شیعر و ئەدەبیات دادەنێت و پۆلێنێک بۆ جۆرەکانی شیعری دڵداری دەکات و دەڵێت "لەئەدەبیاتی ڕۆژهەلات دا سێ جۆرە شیعری دڵداری دیارە : یەکەمیان دڵداری بۆ لاسایکردنەوە، دووەم: دڵداری ڕاستەقینە،

سێیەم: دڵداری حەقیقی" (رسول-ب، ١٩٧٨، ٥٣) دیارە مەبەست لە دڵداری ڕاستەقینەش بوونی ئافرەتێکی ڕاستەقینەیە لە ژیانی شاعیر دا و شاعیر هەست و سۆزی خۆی بۆ دەردەبڕێت، هەرچی سەبارەت بە دڵداری حەقیقییە عەشقی خوایە و دەچێتە خانەی سۆفیگەرییەوە.

شیعری دڵداریش لەگەڵ بەرەو پیشچوون و تازەبوونەوەی ئەدەبدا گۆڕانی بەسەردا هات و وەک خۆی نەمایەوە شێوە و فۆڕمی تازەتری وەرگرت و ئافرەت لەو وەسفە ڕووتەی شیعری کلاسیکیدا نەمایەوە، کە باسکردنی تەنها لە چوارچێوەی جوانی ڕوخساردا بێت وەک (چواندنی باڵا بە عەرعەر و سەرو، برۆ بە هیلال، برژانگ بە تیر، ڕووی بە مانگ و ڕۆژ.....هتد)، بەڵکو لە قۆناغەکانی تردا، لا لە کێشەکانی کراوەتەوە "لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ئافرەت وەک ئەندامێکی گرنگی کۆمەڵ کە پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە و مافەکانی خۆی پێ بدرێ بە تایبەتی مافی خوێندن لای گەلێ لە شاعیران سەری هەڵدا و هۆنراوەکانیان بۆ پاڵپشتی ئافرەت خستە کار کە دیارترینیان حاجی قادری کۆیی یە" (عەلی، ١٩٨١، ٢١). بەم شێوەیە لە قۆناغەکانی تردا بەهۆی پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانییەوە "ئەم بابەتە لای شاعیرانمان...بە ناوەڕۆک و مەسەلەیەکی تری گرنگی وەک نیشتمانی و نەتەوەییان تێهەڵکێش کردووە، کە ئەمەیان هەندێک جار لە ئەدەبیاتی میللەتانی تر جیای دەکاتەوە" (کەساس-جەباری، ٢٠٠٨، ٢٥٩). واتە خۆشەویستی تەنها لە سنورێکی دیاریکراودا نەمایەوە لە پێناو ویستی خۆیدا بەڵکو خۆشەویستی بووە هەوێن ویستی هاندان و بەرەو پێشبردنی ئافرەتان وەک تاکێکی ئازا و ئازادی ناو کۆمەڵ.

جەلال مەلەکشا وەک هەر شاعیرێکی تری کورد دیوانەکەی بەدەرنییە لەم بابەتە، هەست و سۆز و خۆشەویستی خۆی بە شیعر دەربڕیوە، ئەگەرچی زۆرجار ڕەخنەی ئەوەی لێگیراوە و پێی وتراوە دڵت هەرنییە، بەڵام شاعیر لە وەڵامدا دەڵێت: "کاکە منیش دڵم هەیە، دڵیشم تەڕە، عاشقی چاوی جوانم، عاشقی باڵای بەرزم، عاشقی زوڵفی لوولم، عاشقی باڵای عەرعەرم، واش نییە، شیعری عاشقانەشم هەیە، بەڵام دیارە شیعرە عاشقانەکانم زۆر بڵاو نەکردۆتەوە" (نووسەر، ٢٠٢٠، ٤٣).

شاعیر سەبارەت بەوەی، کە لەم بابەتە شیعرییە شیعری کەمی هەن دەڵێت: "کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵی کوردەواری ئەو شیعرانەی هەڵنەدەگرت، کورد ئەوەندە دەرد و ڕەنجی هەیە، کورد زیاتر لە فارس دەرد و ڕەنجی هەیە، کەوایە مرۆڤی کورد کەمتر لە فارس بە دوای عەشق و ژن و چاودا دەگەڕێت" (نووسەر، ٢٠٢٠، ٤٣). مەلەکشا خۆی لە وەڵامی ئەو کەسانەدا کە ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگرن و پێی دەڵێن دڵت نییە بە شیعری (گلەیی) وەڵامیان دەداتەوە، تیایدا شاعیر گلەیی ئەوە دەکات، شیعرەکانی دیاری نێوان دڵدارانە و هۆکاری دروستکردنی پەیوەندی دڵداری و خۆشەویستی نێوان عاشقانە، بەڵام شاعیر بۆ خۆی تەنیایە و هەست بە غەمباری دەکات، چونکە کچێک نەهات لەحاڵی بپرسێت، دڵی بکات بە هێلانەی خۆشەویستی و ئەڤین، دەڵێت:

**شیعرەکانم**
**بوون بە گوڵ و**
**کەنیشکەکانی ئەم شارە**
**چەپک چەپک**
**کردیان بە هەدیەی دڵداری**
**بەڵام هەرگیز کچێ نەهات**
**بڵێ جەلال:**
**ئەی خۆت بۆ هێندە خەمباری؟!** (مەلەکشا، ١٣٩١، ٦٣)

لە شیعری (خۆشەویستی)دا (مەلەکشا، ١٣٩١، ٢١) شاعیر لە دەرد و خەمی خۆی دەدوێت، دابڕان لە نێوان خۆشەویستان، کە دەبێتە مایەی ئازار و ناڕەحەتی، شاعیر ڕوحی ناسرەوێ و وەک گوڵێک، کە لە زەوییەکی شۆرەکات و بێ باراندا دەژاکێ و ڕەنگی پێوە نامێنێ و دەمرێت، تەواو سۆزی عاشقانەی خۆی بۆ خۆشەویستەکەی دەردەبڕێت و هەست بە پەیامێکی ڕاستەقینەی دڵدار دەکەیت.

**خۆشەویستی من!**
**چۆن بەرایی دا،**
**چاوەکانت وا ببینێ من بە تەنیایی!**
**خۆ دڵی من کۆتری بن گوێسوانەی چاوەکەی تۆ بوو!**
**نەتئەزانی من بەبێ تۆ**
**ڕوحی نەسرەوتم؟**
**وەک گوڵی نێو شۆرەکاتی وەرزی بێ باران**
**زڕ دەژاکێ، سیس دەبێ، دەمرێ!**

هەڵبەت یەکێک لە ڕێگرییەکانی بەیەک گەیشتی دوو دڵدار جیاوازی چینایەتی نێوان دڵدارانە و شاعیر لەم وێنەیەدا خۆی هەژار و خۆشەویستەکەی زەنگین و لە خۆبایی، شاعیر سەرگەردان بووە و ژیانی سەختی تەنیایی تەنگی پێهەڵچنیوە و تەنانەت مەی و بادەش ئۆقرەی پێ نابەخشێت، لەبەر ئەوەی بەهۆی دەردی دووری دابڕانەوە تەواو دەردە دارە و بێ قەرارە.

**سەد مخابن! من ئەوینداری هەژار و تۆ لەخۆبایی...**
**ئێستە سەرگەردان...**
**وا دەپێوم کوێرەڕێی سەختی ژیانی تووش**
**توێشە خاڵی، دەس بەتاڵ و قاڵبێکی بێ دڵ و هەستم!**
**ئیتر ئەم تاڵاوە بادەش ئۆقرە نابەخشێ،**
**من تەژی دەردم**

لە کۆپلەی کۆتایی شیعرەکەدا شاعیر ژیانی تەنیایی و بێ یار بە مەرگ وەسف دەکات، بەڵام پەیامی وەفاداری خۆی دووپات دەکاتەوە تا مردنیش هەر ناوی یارەکەی لەسەر زار بووە، کەواتە شاعیر وەک مەرجێکی بنەڕەتی ئەوینداریی، وەفاداریی دەکاتە پێوەر و خۆی پابەندی تەواوی پێوەی هەیە و بەم جۆرە دەڵێت:

**خۆشەویستم! کاتێ من مردم**

**قەت مەپرسە چۆن بەبێ تۆ ژینم تێپەڕ کرد**

**ژین نەبوو هەر ساتە مەرگێ بوو**

**قەت هەواڵی شوێنی مەرگ و گۆڕەکەم لە کەس مەپرسە، بەس**

**من بەڵێنم بردەسەر، پەیمانەکەم نەشکاند**

**کاتی مەرگیش دواهەناسەم هەر بە یادی تۆوە هەڵکێشا**

**دواوشەم هەر ناوی تۆ،هەر ناوی تۆ، هەر ناوەکەی تۆ بوو!**

لە شیعری (پوورەی ئەوین)دا شاعیر تابلۆیەکی جوان وێنا دەکات لە یادی خۆشەویستەکەی و دەیچوێنێت بە شانەی هەنگوین و هەر ئەو شانەیەش نیشتمانی هەنگە شاعیریش کاتێک شەماڵی ئەوین لە دەروونیدا هەڵدەکات و یادی شیرینی خۆشەویستەکەی دەکات هەرچی وشەی جوان و ڕازاوە هەیە دەستی یەک دەگرن بۆ دەربڕینی هەستی ئەوینداری و خۆشەویستی، دەڵێت:

**گیانەکەم!**

**یادی تۆ وەک شانەی هەنگوینە**

**خێڵی هەنگ نیشتمان پەرستن**

**کەشنەی بای ئەوین هەڵئەکا و**

**ڕادەکەن، بەپەلە...**

**دەستی یەکتر دەگرن و**

**بە دەورتا گشت پوورە دەبەستن!** (مەلەکشا، ١٣٩١، ٥٣)

تامەزرۆیی بۆ دیداری یار بابەتێکی وردی نێو دنیای شیعری دڵداری مەلەکشایە، لە شیعری (سەفەرێکی نەهات)دا شاعیر دەڵێ لەسەفەر دەگەڕامەوە بە جانتایەک حەز و ئاواتەوە ئەوەندە تامی دووریم چێشتبوو تامەزرۆی گەیشتن بە دیدار بووم تا لە پەنای خۆشەویستەکەیدا تینوێتی بشکێنێت، ئەو دەیەوێت لە پەنای ئەم دڵدارییەدا بە هەناسەی گەرم هەرچی بەفر و بەستەڵەکی سەر ڕێگای ژیانی هەیە بیتوێنێتەوە و دەڵێت:

**بەرەو کوێستان ئەهاتمەوە**

**جانتام پڕ بوو لە ئاوات و حەز و تاسە**

**هێندە تینوو**

**هێندە تامەزرۆی دیدار بووم**
**دەمویست بەفریساڵی نەهات**
**بتوێنمەوە بە هەناسە!**
**بۆ لای کاڵێ ئەهاتمەوە**

بەهۆی درەنگ کەوتنی لە گەڕانەوەی هەموو ئەم خەون وتاسەیە دوای گەڕانەوەی پێچەوانە دەبێتەوە و پاش گەڕانەوەی هەوار چۆڵ و هۆڵ، ئاسمان لێڵ و جێژوانی خۆشەویستی بۆنی خەم و دڕک و ئازاری لێدەهات و هیچ ئاسەوارێکی نەمابوو ئیتر شاعیر دنیای لەبەرچاو تاریک دەبێت و دڵتەنگ و سەرگەردان و تەنیا، به نائومێدی وشەی فرمێسک و خوێن لە دڵیدا ئاپۆڕای شیعر دەبەستن و دەڵێت:

**دێر هاتمەوە، دێر هاتمەوە!**
**کوێستان چۆڵ بوو...**
**چاوی ئاسمان، لێڵ ئەیڕوانی**
**جێژوانەکەی جاران بۆنی**
**خەمێکی زەردی لێ ئەهات!**
**پڕ لە چقڵ و خاک و خۆڵ بوو!**
**ئیتر دنیا ڕەش ئەنوێنێ**
**لەناو دڵما کەوی تەنیای شیعر**
**دڵتەنگ دڵتەنگ،**
**دڵتەنگتر لە کوێستان**
**سیاوچەمانەی فرمێسک و خوێن ئەچریکێنێ.** (مەلەکشا، ١٣٩١، ١٠٨)

نەیارانی دڵداری ناحەزانی سەردەم بە شێوەی جۆراو جۆر لە هەموو کات و دۆخێکدا بوونیان هەبووە شاعیر هەست بەم مەترسییە دەکات و لە شیعری (تۆڵەی چاوپێکەوتن) دا ئاماژە بەو چاودێر و سانسۆرە دەکات، کە لەسەر ڕێگەی دڵداران و هەمووجوڵەکانی مرۆڤ دانراوە لە وڵاتێکدا بەرتەسک کردنەوەی ئازادی تا سنورێک یەکتر بینینی عاشقان نهێنییە و خۆشەویستی قەدەغە و تاوانە تا ئەوپەڕی سنوور ئازادی قەتیس کراوە و پۆلیس لە هەموو کوچە و کۆڵانێکدا ئامادەن و ناهێڵێن ئەوینداران لە ژوانی خۆشەویستیدا بەیەک بگەن و دەڵێت:

**ئەی گیانەکەم!**
**بڵا پۆلیسەکان بنوون**
**زیندان بنوێ**
**بێدەنگی گشت بەند و قاوشەکان بگرێ**

**دەلاقەی ژوورەکە داناخەم**

**چاوەڕوانم**

**بەڵێنت پێداوم شەوێ**

**بخزێیتە ناو خەونەکانم**

**کاتێ هاتی دەخیلت بم**

**کەس نەتبینێ**

**چونکە پۆلیس بە تاوانی نافەرمانی**

**تۆڵەی چاوپێکەوتنی تۆم لێدەستێنێ!** (مەلەکشا، ١٣٩١، ٣٣)

شیعری (کارەسات)، کە دیالۆگی نێوان باڵندە و گوڵە، شاعیر وێنەیەک لە قاچاخی دڵداری و قەتیس بوونی ئازادی نیشان دەدات لەسەر زمانی باڵندە و گوڵەوە وێنەیەکی جوانی دڵداریمان بۆ نمایش دەکات و داوا لە خۆشەویستکەی دەکات لەچکەکەی لادات تا جوانی ڕوخساری تاسەی ئەوینی بشکێنێت و دەڵێت:

**باڵندەیەک**

**چرپاندی بە گوێی گوڵێکدا**

**گوڵە گیان!**

**لەچکە سەوزەکەت نەختێ لادە**

**با خونچەی دەم**

**تاسەی ئەوینم بشکێنێ**

بەڵام گوڵ ئاماژە بەمەترسی هەوری نەیار و ناحەز دەکات و مەترسی ڕوودانی کارەساتی لێدەکات لە باجی دڵداریدا بیدات، بۆیە باڵندە لەم مەترسییە بەئاگا دێنێتەوە و دەڵێت:

**وتی شێتە!**

**ها... ئەو هەورە چۆن دەڕوانێ؟**

**حەیام دەچێ**

**ئارام بگرە تا سبەینێ!**

دوای ئەم دیالۆگە هەور وەک نەیار کاری خۆی کرد، دیالۆگی دڵداریی نێوان باڵندە و گوڵی گۆڕی بۆ کارەسات و مەرگ، کە دڵدار گەیشتە جێژوان چەند دڵۆپە خوێنێک و چەند پارچەیەک لە لەچکی خۆشەویستەکەی بەجێمابوو، مەرگی خۆشەویستەکەی بۆ کرابووە دیاریی دڵداریی بەم جۆرە وێنەکەمان بۆ دەنەخشێنێت:

**هەور گوێی لێ بوو**

**نەڕڕەی گوڕین**

**شریخ و هۆڕی خسته باخ و**
**بوو به تەرزە**
**دەمە و بەیان**
**کە باڵندە هات بۆ جێژوان**
**چەند دڵۆپێ خوێنی سوور و**
**سێ چوار تیکە لەچک مابوو**
**لە ئەو گوڵە باڵا بەرزە (مەلەکشا، ١٣٩١، ١٣٧)**

لە شیعری (گۆرانی) دا دوانەی نیشتمان و دڵدار پێکەوە بەستراون هەردووکیان وابەستەن بەیەکەوە دووری شاعیر و دڵدار بەهۆی وێڵی شاعیر بە دوای شوناس و ناسنامەی خۆیدایە هەر وەک خۆی دەڵێت (بە شوێن دەنگ و ڕەنگی ونبووی خۆما وێڵم) دواتر شاعیر دەڵێت: تاشە بەردی نیشتمان و تاڵە قژی خۆشەویستەکەی بە دونیا ناگۆڕێتەوە دووبارە خۆشەویستی هەردووکیان پێکەوە گرێ دەدات، دەنگی تفەنگ دەکاتە هێمای بەئاگا هێنانەوەی خۆشەویستەکەی و خەباتی دڵداری و گیانی بەرگریخوازی ئاوێتەی یەک دەکات، ئەو دەیەوێت لە کوردستانێکی ئازاددا گۆرانی عەشق و خۆشەویستی بۆ دڵدارەکەی بڵێت.

**دڵدارەکەم**
**بۆ من مەگری...**
**ڕاستە ئێستا**
**لە من دووری، لە تۆ دوورم**
**بەڵام گیانە!**
**بە شوێن دەنگ و ڕەنگی ونبووی خۆما وێڵم**
**دڵنیابە**
**تاشە بەردێ نیشتمان و**
**تاڵێ قژی تۆ بە دنیا ناگۆڕمەوە**
**هەرگیز، هەرگیز، کوردستان و خەیاڵی جێناهێڵم!**
**تۆ لە شاری، من لە کوێستان**
**هەر شەو کاتێ**
**بە شریخەی دەنگی تفەنگ ڕاچڵەکای**
**ئەوە منم،**
**لە کوێستانا**
**لەناو باخچەی کوردستانا**
**گوڵی سەربەستی ئەڕوێنم**

**گۆرانی عیشق و ئازادی،**

**بۆ کوردستان**

**بۆ تۆی ئازیزم ئەخوێنم! (مەلەکشا، ١٣٩١، ١٨٥)**

مەلەکشا دوای ئەوەی بە هۆی گوشاری دەسەلات و کێشە و نارەحەتی لە سالی (١٩٩٩ز) ڕوو دەکاتە باشووری کوردستان و بۆماوەی چەند سالێک لە شاری هەولێر دەبێت لە غوربەت ئەوینی خانمێک کاریگەریی لەسەری دەبێت. فەرەیدوون ئەرشەدی لەم بارەیەوە دەلێت: "مەلەکشا تووشی ئەوینێکی ناوادە و ناوازەش بوو کە کێشەی زۆرتر لە ژیانی غوربەت بۆ ساز کرد،... پاش تالاوی غوربەت ئەوینێکی ناکام گەڕایەوە شاری سنە و تا کاتێ کۆچی دوایی کرد هەر لەوێ مایەوە" (ئەرشەدی، ٢٠٢١، ٢٢٣) لەم ئەزموونەییدا کە لەگەل خاتوونێک، کە جیاوازی تەمەنیان زۆرە دەکەوێتە دلداری، شیعری (عەشقێکی پاوان)، کە لە سالی ١٩٩٩ز لە هەولێر نووسراوە، شاعیر لە ئەوینی خۆی دەدوێت بۆ کچێک وەک گول ناسک و جوانە وەک ئەوەی خوای گەورە بە تایبەت دروستی کردبێت شاعیر شەیدای بووە تا ڕادەی شێت بوون و دەلێت:

**کچێکم خۆش دەوێ**

**وەک پەڕەی گول وایە!**

**هێند جوان و ناسکە**

**هێند شیرین**

**کە دەلێی دەستکردی تایبەتی خودایە!**

**وەک پەری،**

**دەستی لێ وەشاندووم**

**هەر بۆیە شێت بوومە و**

**نازانم چی بکەم**

شاعیر دەلێت هەردووکمان تەنیاین و ئاگامان لە ترپەکانی دلی یەکترە و یەکترمان خۆشدەوێت، بەلام جیاوازی تەمەن ڕێگرە لەم نێوەندەدا دلدارەکەی لە مانگی یەکەمی بەهاری تەمەنی دایە، شاعیر لە مانگی کۆتایی زستانی تەمەنی دایە، کە ئاماژەدانە بۆ هەلکشانی تەمەنی شاعیر دواجار وەک دوو هێلی تەریب ناگەن بەیەک، بەلام ئەڤین و خۆشەویستی سنوور ناناسێ و بە بەربەستەکاندا تێپەڕ دەبێت و دل دەبڕێت ئەگەرچی بە ئاکامیش نەگات شاعیر دەلێت:

**شەوانە من تەنیام**

**ئەویش لە ژوورەکەی تەنیایە**

**هەناسە و خورپەی دل یەکتر دەبیسین!**

**ئەزانم، من چەندە دلخوازم**

**ئەویش وەک من وایە!**
**بەڵام ئاخ!**
**ئەو مانگی یەکەمی بەهارە**
**من مانگی کۆتایی زستانم**
**دوو هێڵی تەریبین**
**قەد ناگەین بە یەکتر**
**هەرچەند زۆر لە یەکتر نزیکین!** (مەلەکشا، ۱۳۹۱، ١٦٦)

ئەزموونێکی نوێی شاعیر لە شیعری (بۆ کچێکی قەرەج) (مەلەکشا، ۱۳۹۱، ٥١) دا، دیارە، کە ئەویش دەستبەرداربوونی لە نیشتیمانە کە ئەم هەمیشە وێڵ و عاشق و وابەستەی خاکەکەیەتی کە لە ساڵی (۱۹۹۳ز) نووسیویەتی دەردەکەوێت، شاعیر کچێکی قەرەج دەکاتە خۆشەویستی خۆی و نهێنی و ڕازی خۆشەویستی فێر دەکات شاعیر دەیەوێت لە تەکیا بژی و سنوورێکی بەدەوردا بکێشیَ کە ئەویش سنوری ئەوین و خۆشەویستییە، ئاشکرایە، سروشتی پێکهاتەی قەرەج جۆرێکە پابەندنین بە زەمین و جوگرافیایەکی دیاریکراوەوە ڕەگەزنامەی وڵاتێکی دیاریکراویان نییە بەتایبەتی لە سەردەمانی پیشوودا بەم جۆرە بووە، بەڵام شاعیر دەیەوێت بە ئەوین و خۆشەویستی سنورێکی بۆ بکێشی و لانەیەکی ئارام و جێگیری بۆ دابین کات و دەڵێت:

**کچێکی قەرەجم خۆش دەویست**
**ئەو ڕازی ئەوینی فێر کردم**
**وەک شەماڵ**
**ڕوحێکی ئازاد و ڕەها بوو**
**من دەمویست لە تەکیا بژیم و**
**بە دەوریا سنوورێک بکێشم**
**هەرێمی ئەوینی بۆ بکەم بە سامان!**

بەڵام وەک هەمیشە، ئەم ئەوینە دەبێتە قوربانی دەستی ناحەزی ڕۆژگار و لە ژێر هەڕەشەی نەیاردا بارگە و بنەی قەرەج دەکەوێتە ژێر هەڕەشە و ناچاری چۆڵکردن دەبن، لەتەک ئەویندا لێکدانەوەیەکی هەستی نیشتیمانییانەی شاعیر هەست پێدەکەین، (گوڵ) هێمای جوانی و خۆشەویستی و ڕەسەنایەتی، (گەردەلوول، بەفر)یش هێمای نەیار و ناحەزی جوانی و لەناوبردنی جوانییەکانە، شاعیر بێدەسەڵات و دەستەوستان بەدەم گریانەوە دیمەنی کۆچ و باری هۆبەی قەرەج و دڵدارەکەی دەبینێت، بۆیە شاعیر بەم جۆرە لەم دیمەنە بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

**ڕۆژێک لای ئێوارە**
**گەردەلوول بە زەبر**

**جاڕی دا بە گوێچکەی هۆبەدا**
**خێڵی گوڵ چۆڵی کەن بۆ بەفر!**
**من لە پشت پەنجەرەی دڵمەوە ئەگریام**
**ئەویش وەک خۆرەتاو**
**لە ئاسۆی شارەوە ئاوا بوو!**

بەڵام ئەم کۆچە نابێتە کۆچی یەکجاریی، دڵدار لە دڵی شاعیر دەرناچێت و بۆ هەمیشەیی تامەزرۆی دیداری یاردەبێت، لەو ڕۆژەوە شاعیر وەک قەرەج دەربەدەرو وێڵە بەدوای دڵدارەکەیدا شاعیر کۆتایی بە شیعرەکەی دەهێنێت و کچێکی قەرەج دەبێت بە نیشتیمانی لە هەمان کاتدا دەکرێت ئەم شیعرە لێکدانەوەیەکی نیشتیمانیانەی بۆ بکرێت، کە تەنانەت قەرەجیش نیشتمانی خۆی هەیە، کەچی ئەم هەر نەبوو بەخاوەنی نیشتمان. ، شاعیر دەڵێت:

**ئیتر لەو ڕۆژەوە**
**من بووم بە قەرەج و**
**ئەو بوو بە نیشتمان**

بیست ساڵ دوای ئەم شیعرەی مەلەکشا دەشێت بڵێین: (شێرکۆ بێکەس) بە سوود وەرگرتن لەم وێنەیە ناونیشانی دیوانێکی شیعریی دادەنێت بەناوی (ئێستا کچێک نیشتمانمە)، چونکە ئەم وێنەیە لە چەند شیعرێکی مەلەکشادا دووبارە دەبێتەوە و شاعیر خۆشەویستەکەی بە نیشتمانی خۆی دەزانێت شاعیر لە شیعری (دەرفەت)دا (مەلەکشا، ١٣٩١، ٧٢)، دەڵێت:

**من زۆر لە غەریبی دەترسم**

**وەرە با باوەشت بکەم بە نیشتمان**

بەم جۆرە مەلەکشا چ وەک مرۆڤێکی خاوەن هەست، چ وەک شاعیرێکی خاوەن هەڵوێست بابەتی دڵداری بابەتێکی زیندووی ناو دیوانە شیعرییەکەیەتی، شاعیر هەستی خۆی دەردەبڕێت بۆ خۆشەویستەکەی، لەهەمان کاتدا لە میانی پەیوەندی دوو دڵداردا هەمیشە ئەوەمان بیردێنێتەوە کە نەیار و ناحەز ئامادەییان هەیە و زۆرجار نەیار کۆشک و تەلاری بە گوڵ نەخشێنراوی ئەوێن تەخت و وێران دەکات، جیا لەوە سیما تایبەتییەکەی شاعیر لەم بابەتەشدا وەک هەمیشە ئامادەیی خۆی هەیە کە ئەویش گیانی بەرگری خوازی و نیشتیمان پەروەرییە، بۆیە دەبینین تاڵی قژی یار و تاشە بەردی نیشتیمان و دەنگی تفەنگ لە کوێستان بەخەربەرهاتنی ئاشقەکەی ئاوێزانی یەک دەبن، جیا لەوە شاعیر لە ئەزموونێکی ناوازەیدا، لە سەر زەمین و نیشتیمانی خۆیدا دەبێتە قەرەجێکی بێ شوین و ماڵ و کچێکی قەرەج دەبێتە نیشتیمانی ئەو و بەردەوام بە شوێنیدا وێڵە.

جەلال مەلەکشا لە شیعری (دڵتەنگیەکانی فەرهاد) دا  وێنەیەکی ئاوێتە لە فەلسەفی و دڵداری دەکێشێت تێیدا ڕەخنە لە دەسەڵاتی پەروەردگار دەگرێت، لەبەرانبەر خۆشەویستی لە ڕادەبەردەری بۆ دڵدارەکەی و دەڵێت:

**شیرین گیان!**

**من ئەگەر خوا بایام**

**تەنیا تۆم دەخوڵقاند**

**دەمکردی بە تەنیا ئافرەتی ڕووی زەوی**

**پەسنی تۆم دەکرد بە مەسحەف و**

**ڕۆژانە سەت  ڕەکات نوێژم بۆ دەکردی!** (مەلەکشا، ١٣٩١، ٦٠)

گەر بەشێوەیەکی گشتی سەیری ئەم شیعرەی شاعیر بکەین، لە دوو کۆپلە پێکهاتووەو دوو ڕەهەندی سەرەکی تیادا بەدی دەکرێت:

ڕەهەندی یەکەم کەوتووەتە کۆپلەی یەکەمەوەو ئەوەیە شاعیر خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەر و نائاسایی هەیە بۆ یارەکەی، کە بە شیرین ناوی بردووە. ئەم خۆشەویستییە شاعیری تووشی پارادۆکس کردووە، چونکە لە لایەکەوە ئاواتدەخوازێت خوا بووایە بۆ ئەوەی جگە لەم خۆشەویستەی خۆی هیچ ئافرەتێکی تری دروست نەکردایەو ئەم تەنیا ئافرەتی سەر رووی زەوی بووایە، کەچی لەلایەکی ترەوە دەڵێ پەسنی تۆم دەکرد بە مەسحەف و رۆژانە سەد رەکات نوێژم بۆ دەکردی. پارادۆکسەکە لەوەدایە خوا خولقێنەرەو سوجدە نابات بۆ هیچ دروستکراوێک، کەچی شاعیر لێرەدا دەیەوێت خوا بوایە و تەنها یارەکەی خۆی دروستبکردایەو و هیچ ئافرەتێکی تری نەخوڵقاندایە، بەڵام لەو لاوە دەیەوێ رۆژی سەد رەکات نوێژی بۆ بکات، واتە سوجدەی بۆ ببات، کە ئەمە لەگەڵ خوایەتیدا نایەتەوە. ئەوەی وایکردووە ئەم پارادۆکسە لەلای شاعیر دروست ببێت، ئەو خۆشەویستە زۆرەیە، کە بۆ یارەکەی هەیەتی. ئەم پارادۆکسە جوانییەکی عاشقانەی تیادایە، چونکە شاعیر ویستوویەتی دنیایەکی تایبەت دروست بکات، کە تەنها خۆی و یارەکەی تێدا بن و هیچ کەسێکی تری تیادا نەبێت و لەو دنیایەدا خەریکی نوێژی عیشق بێت بۆ یارەکەی.

ڕەهەندی دووەمیش، کە لە کۆپلەی دووەمدایە، تیایدا هەر ئاواتی ئەوەیە خوا بووایەو پارادۆکسەکەی کۆپلەی یەکەم لای شاعیر هەر ماوە، بەڵام خۆپەرستییەکی لەڕادەبەدەریشی بۆ زیاد بووە. واتە لێرەشدا دەیەوێت هەر خوایەکی عاشق بێت، بەڵام خوایەکی عاشقی ئەوەندە خۆپەرستە، دەیەوێت قابیز بنێرێت هەموو ئافرەتەکانی سەر ڕووی زەوی بمرێنێت، بۆ ئەوەی یارەکەی خۆی تەنیا خواژنی سەر زەوی بێت و سوژدەی بۆ ببات. واتە لێرەدا ئەوەندە خۆپەرستە دەیەوێت هەموو ئافرەتەکانی تر بکات بە قوربانی مانەوەی عەشقەکەی خۆی .

هەر لەم کۆپلەیەی دووەمدا جگە لەم خۆپەرستییە نەگوتراوێک هەیەو شاعیر نەیویستووە دەری ببڕێت. ئەویش ئەوەیە دەکرا بە بوونی ئافرەتەکانی تریش، لای شاعیر هەر تەنها یارەکەی خۆی خواژن بووایە و تەنها سوجدەی بۆ ئەو ببردایە، کەچی شاعیر ئەمەی ناوێت. نەگوتراوەکە ئەوەیە شاعیر گومانی لەوە هەیە بە ئامادەبوونی ئافرەتی تر بتوانێت خۆشەویستییە قووڵەکەی بەرامبەر بە یارەکەی بپارێزێت و وەک خۆی بمێنێتەوە، بۆیە دەیەوێت هەموو ئافرەتەکانی تر بمرێنێت، بۆ ئەوەی تەنیا یارەکەی خۆی بمێنێتەوەو چاوی نەچێتە سەر هیچ ئافرەتێکی تر.

بەشێوەیەکی گشتی بابەتی شیعرە دڵدارییەکانی ئاوێتەیە بە نیشتیمان و هەستی نیشتیمانی و زۆر جار دیدی فەلسەفی ئاوێتەی هەستە دڵدارییەکەی دەکات و گیانە بەگری خوازییەکەیشی وەک هەمیشە ئامادەیی هەیە.

# بەشی سێیەم:

## بنیاتی هونەریی دەقە شیعرییەکانی جەلال مەلەکشا

### پاری یەکەم: زمانی شیعریی

### پاری دووەم: وێنەی شیعریی

### پاری سێیەم: ئاوازی شیعریی

### پاری چوارەم: تەکنیکی شیعریی

## بەشی سێیەم:

## بنیاتی هونەریی دەقە شیعرییەکانی جەلال مەلەکشا

### بنیاتی هونەریی :

وشەی بنیات لە زمانە ئەوروپاییەکاندا لە "وشەی(stuere) لاتینییەوە هاتووە، کە بەمانای بنیاتنان و دروستکردن دێت. چەمکی وشەکەش ڕەگەزەکانی بینا دەگرێتەخۆ لە ڕووی هونەری تەلارسازی و بوونی جوانی،... واتە بنیات ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک پەیوەندییە لە نێوان ڕەگەزە جیاوازەکاندا و بە یەکگرتنیان بنیات پێکدێت و پێکهاتەی تایبەتی خۆی هەیە، بەگشتی پێی دەوترێت سیستم (نظام)، بۆیە هەمیشە لە شیکردنەوەی بنیاتدا بە دوای کۆمەڵێک ڕەگەز و پەیوەندییە بەیەکداچووەکاندا دەگەڕێین" (محمد، ٢٠٠٨، ١٣). بنیاتی هونەریی شیعر پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکانی پێکهاتەی شیعر دەردەخات، "ئەم ڕەگەزانەش ئەگەر ڕەگەزی ڕوخساری شیعر بوون وەکو زمان و ڕیتم و وێنە یاخود ئەگەر ڕەگەزەکان بابەتیانە بوون کە پەیوەندیان بە ناوەڕۆکەوە هەیە وەکو بیر و بابەت، چونکە بنیات چەمکێکە ناوەڕۆک و شێوە بە برِی ڕێکخستنیان بۆ ئەنجامدانی مەبەستە ئستاتیکییەکان دەگرێتەوە" (سعدون، ٢٠٠٦، ١٣). بەم جۆرە تا بنیات و پێکهاتەی شیعر لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە بەهێز و پتەو بێت ئەوەندە شیعریش ڕەسەن دەبێت و کاریگەریی لەسەر هەست و دەروونی مرۆڤ دروستدەکات و شیعرییەت بەرجەستە دەکات، "جگە لە بەهرەی خۆڕسکیی شاعیریی، ئەزموونی شیعریی شاعیر، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بنیاتی شیعرەکانیدا، چونکە هەرچەندە شاعیر قاڵبووی شیعر نووسین بێت و هۆکارە دەرەکی و ناوەکییەکان سەرچاوەی شیعریی شاعیر بن، ئەوەندە زیاتر شاعیر بایەخ بە تەکنیکی شیعرەکانی دەدات و بەرهەم و دەقێکی بەهادار پێشکەش بە خوێنەر دەکات" (سعدون، ٢٠٠٦، ١٤). لەم ڕووەوە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیەمان تەرخانکرد بۆ بنیاتی هونەریی شیعرییەکانی جەلال مەلەکشا.

### پاری یەکەم: زمانی شیعریی

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، هۆکارێکە بۆ لەیەک گەیشتن و پەیوەندی و گۆڕینەوەی بیروڕا لە نێوان مرۆڤەکان لەژیاندا، بەڵام زمانی شیعر جیاوازە لە زمانی قسەکردنی ڕۆژانە" یاکۆپسن شیعری بە ئەرکی جوانناسانەی زمان و هێرشی ڕێکخراو و شارەزایانە بۆ سەر زمانی ڕۆژانە ناودێر دەکات." (ئەوڕەحمان، ٢٠١٥، ١٧٢) بەو پێیەی زمانی شیعر،" زمانێکی چڕ و مۆسیقادار و سروش بەخشە... شاعیر تا ئەوپەڕی سێبەری مانا و سروشی دەستەواژەکان و ئەو واتایانەی کە پەیوەندییان

بە یادگاری و ئەزموونی کاریگەریی دەروونییەوە هەیە و هەروەها ئەو سۆزەی لەگەڵ خۆیدا هەڵی گرتووە بەکارئەهێنێ." ((بێدار)، ٢٠١٣، ٤٢) هەر بەهۆی زمانەوە شاعیر سۆز و هەستی جوانیناسانەی خۆی لەشیعردا بەرجەستە دەکات، کەواتە زمان ڕەگەزی سەرەکی بنیاتی دەقی شیعرییە.

هەروەها"زمان لایەنێکی گرنگی پێشکەوتنی ئەدەبە بە تایبەتی شیعر، بۆیە دەبینین چەندەها تیۆری تایبەت بە لێکۆڵینەوە لەسەر زمان لە مێژووی زانستی زمانەوانیدا هاتۆتە کایەوە." (سعدون، ٢٠٠٦، ٢٠٣) هەر گۆڕان و جمووجۆڵێک لەزماندا گۆڕان و پێشکەوتن لە ئەدەب و شیعر بەدوای خۆیدا دێنێت. بێگومان زمان بەردەوام لە گۆڕاندایە و زمانی شیعری نوێ جیاوازە لە زمانی شیعری کلاسیک، لە کلاسیکدا زیاتر زمانێکی کوردی تێکەڵ بە وشەی بێگانە و ڕازاوە بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەکاردەهێنرا، کە تێگەیشتن تاڕادەیەک  بۆ ڕۆژگاری خۆی ئەستەم بووە، بەڵام لە شیعری نوێ و هاوچەرخدا زمان بەرەو کوردی پەتی ڕۆیشتووە ئەگەرچی بەکارهێنانی ڕەمز و هێما و ئەفسانە لە شیعری نوێدا دیاردەیە، بەڵام لە شیعری نوێدا کێشەی تێگەیشتن کەمترە "زمانی شیعر حاڵەتێکی چەسپاو و نەگۆڕ وەرناگرێت و هەمیشە لە گۆڕانێکی بەردەوامدا دەبێت، چونکە بەپێی گۆڕانی باری دەروونی شاعیر دەربڕینە شیعرییەکانیش دەگۆڕێن، شێوەی جیاواز و هەمەجۆر وەردەگرن، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە شیعر سەرچاوەیەکی گرنگی نوێبوونەوەی زمانە، چونکە زمان پێویستی بە بووژانەوەیەکی بەردەوام هەیە بۆ ئەوەی وشک نەبێتەوە و نەزۆک نەبێت و شیعریش ئەو سەرچاوە سەرەکییە، کە زمان دەپارێزێت و نوێی دەکاتەوە" (کەلاری، ٢٠١١، ٥٩،٦٠).

لەم ڕووەوە دەوترێت: "زمان کیمیای شیعرە، شیعر و کیمیا لە یەک دەچن کیمیا کار لەسەر گاز و ماددە دەکات، شیعر کار لەسەر زمان دەکات،...شاعیریش سروشتی کیمیاگەری هەیە، بەڵام بە کەرەستەی خۆی، کە زمان و وشەیە. هەموو ئەو وشانەی لە دەقێکدا بەکاریان دەهێنێت، دەبێت ژیانێکی نوێیان پێ ببەخشێت، جۆرێک هارمۆنیا لە نێوان وشەکاندا دروست بکات، وشەکان مانا فەرهەنگییەکان جێ بهێڵن، ئەگەر ئەمە ڕووی نەدا ئەوا شتێک لە ئارادا نابێت بە ناوی کیمیای شیعر." (لەتیف، ٢٠٢١، ٩٢) ئەم کارەش لە ڕێگەی لادانەوە دەبێت لە یاساو ڕێساو دەستوورەکانی زمان، لادانیش " دەبێ بە شێوەیەکی لۆجیکی بێ کە بناغەیەکی  وردتر و باشتر لەو یاسا و دەستوورانەی هەیە دابهێنێ، ئەمەش تایبەتمەندی زمانی شیعر دیاری دەکات و لە زمانی ئاسایی جیای دەکاتەوە" (کوهن، ١٩٦٨، ٤٦). شاعیریش بۆ خوڵقاندنی شیعریەت و داهێنان لە شیعردا هەوڵی دوورکەوتنەوە لە زمانی فەرهەنگی دەدات، " گومان لەوەدا نییە کە هەر شاعیرێک فەرهەنگی شیعریی تایبەت بەخۆی هەیە، وە هەموو شاعیرێک تێڕوانینی خۆی هەیە بۆ دەربڕین و وشەکان، کە کۆمەڵێک پەیوەندی لە نێوان وشەکاندا دروست دەکات لەڕووی پێکهاتەیی و واتاسازییەوە ئەویش لە پێناو دەرککردن بە

دیوی ناوەوەی شیعر، بونیادنانی بەشێکی زۆری زمانی شیعریی تایبەت بەخۆی، کە دەبێت لەوانی تر جیای بکاتەوە، ئەگەرنا شیعرەکەی دەبێتە دەنگدانەوەی ئەوانی تر، ناتوانێت شوێنێکی تایبەتی هەبێت لە نێو شاعیرە داهێنەرەکانی تردا" (المراحلة، ٢٠١٥، ١٦)، شاعیر بەهۆی خەیاڵی داهێنەرانە و زمانی شیعرییەوە ڕوح دەکات بەبەر وشەکاندا و زیندوێتی و واتای نوێیان پێ دەبەخشێت، کە جیاوازە لە واتای فەرهەنگی.

لەمەوە دەگەینە ئەوەی، کە "زمانی شیعر دوو ئەرکی سەرەکی دەبینێت: سیمۆلۆژی و ئیستاتیکی، یەکەمیان بەوەی کە یەکە زمانییەکان واتای فەرهەنگی خۆیان ناگەیەنن، بەڵکو ئاماژە بە واتای تر دەکەن، دووەمیشیان ئەو جوانییەی لە شێوەی گوزارشتکردنەکەدا لە هەموو ئاستەکاندا مۆسیقا، وێنەی شیعری، ڕەوانبێژی، .....هتد، بەرهەمی دێنێت." (حسێن، ٢٠٠٨، ٩٣)

هەرچەندە وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکردووە جەلال مەلەکشا لەسەرەتاوە ئەزموونی شیعریی خۆی بە زمانی فارسی دەستپێدەکات، بەڵام دواتر، کە بەزمانی کوردی دەنووسێت هەر لە یەکەم هەنگاوەوە بە زمانێکی سادە و ساکار و بە کوردییەکی پەتی و ڕەوان دەنووسێت بەجۆرێک، کە کاریگەری زمانی فارسی لە ڕووی بەکارهێنانی وشە و زاراوەی فارسی لە شیعرەکانیدا بەدی ناکرێن، شاعیر خۆی دەڵێت: "شاعیری ڕەسەن و بەهرەدار و دەروەست(متعهد) قەڵەمەکەی لەسەرچاوەی زوڵاڵی مێژووی فەرهەنگی نەتەوەکەی پڕ دەکات." (مەلەکشاە، ٢٠٢١، ٢٤) شاعیر بەزمانی سادە و زمانێک، کە زۆرینەی توێژەکانی کۆمەڵگە لێی تێبگەن و خەڵکی خۆیانی تێدابببینەوە، هاوار و خەمەکانی کۆمەڵگە دەنووسێتەوە، ئاشکرایە زمانێکی لەو جۆرە پێشوازییەکی باشی لەناو کۆمەڵگەکەیدا لێدەکرێت. بە کەڵک وەرگرتن لەو جۆرە زمانە توانیویەتی پەیامی خۆی بگەیەنێتە خەڵکی، بەزمانێکی ڕوون و دوور لەدەمامک و ئاڵۆزیی و تەمومژ لەگەڵ خەڵکیدا بدوێت.

شیعری (چەپکێ تیشک)، کە یەکێکە لەو شیعرانەی لە ساڵی (١٩٧٩ز) و سەرەتای نووسینی شیعر بە کوردی نووسیوویەتی بە زمانێکی کوردی پەتی و ڕەوان، لەگەڵ خەڵکیدا دەدوێت بەڵگەی سەلمێنەری ئەوبۆچوونەیە، کە زۆربەی خەڵکی لێی تێدەگەن، ئەمەش لە پێناو هۆشیارکردنەوەی چینی هەژاران و زەحمەت کێشان و ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای ژیانیان لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە، کە وەک تفەنگ بەڕووی نەیاراندا دەوەستێتەوە، دەڵێت:

**بووم بە شاعیر،**<br>
**دەرد و ئازارم هەڵبژارد**<br>
**لە کارگەی چەوساوانا**<br>
**شیعرەکانم کردە تفەنگ**

**بەڵێنم داوە چەپکێ تیشک**

**لە خۆر بدزم بیدەم لە پرچی شەوەزەنگ!** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ١٥)

مەلەکشا لە وەڵامی ئەوکەسانەی، کە دەڵێن پێویست نییە خەڵک لە فیکر و ئەندێشەمان بگەن، چونکە خەڵکی ئاسایی دواکەوتوون و ئێمەی ئەدیب و هونەرمەند پێشەنگ و قافڵەسالارین... ئێمە دەبێ بۆ نەوەکانی داهاتوو بدوێین و بنووسین دەڵێت: "ئەڵبەتە ئەم قسەیە ڕاستە کە دەبێ ڕووناکبیر، نووسەر و هونەرمەند لەپێش خەڵکەوە هەنگاو هەڵگرێ و بیر و ئەندێشەی پێشکەوتووی هەبێ، بەڵام نەهێندە دوور لەخەڵک، کە بەرهەمەکانی بۆ هاوکوفانی خۆیشی لێکنەدرێتەوە...بەڕاستی ئاخۆ چەند لەسەدی ئەم خەڵکە لەم وشە و ڕستانەی، کە بەنێو شیعر لە گۆڤاران و بڵاڤۆکاندا بڵاو دەبنەوە حاڵی دەبن و دەیخوێننەوە، ئاخۆ ئەم جۆرە بەرهەمە پڕ تەم ومژانە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئەم ڕووناکبیرە پێشڕەوانەدا قابیلی دەرک و فامە." (نووسەران، ٢٠٢١، ٢١،٢٢)، بۆیە شاعیر هەر لە سەرەتاوە بە زمانێکی بێ گرێ و گۆڵ شیعرەکانی دادەڕێژێت و پەیامەکانی ئاڕاستەی وەرگر دەکات تا زۆرترین خەڵک لێی تێبگەن و دەنگی خۆی بگەیەنێتە جەماوەر بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە و ڕوون و ڕاشکاوانە وشەکان دەچنێت و دەیانخاتە پاڵ یەکتر بەجۆرێک ڕەنگدانەوەی ناخی شاعیرە، کە ئەمەش بۆ خۆی سەلیقە و لێهاتوویی شاعیر دەردەخات، کە چۆن لەو وشە سادە و ساکارانە شیعری ناوازە و جوان دەخولقێنێت.

مەلەکشا سەرەتای تەمەنی منداڵی لە لادێ بووە، لەم ژینگەیەوە فەرهەنگە زمانییەکەی گەشەی کردووە و سوودی لێوەرگرتووە بۆ نووسین و ئەزموونە شیعرییەکەی لەڕووی زمانەوە پێ دەوڵەمەندکردووە، حەزی شاعیر بۆ شیعر و ئەدەبیات هەر لە منداڵییەوە و خوێندنەوە و لەبەرکردنی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و شارەزایی لە گەنجینە پڕ بەهاکەی فۆلکلۆر بوونەتە هۆی ئاشنا بوونی شاعیر بەچەندین وشەی ڕەسەن، بەشێوەیەک شاعیر بۆ نووسینی شیعر بەبێ ماندوو بوون توانیویەتی سوودی لێ ببینێت.

## یەکەم: فەرهەنگی ناوچەیی

ئەگەرچی شاعیر بەشێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست و شێوە ستانداردەکەی شیعری نووسیووە، بەڵام شیعرەکانی بەدەر نین لە وشە و دەستەواژەیی ناوچەیی شاری سنە (ئەردەڵان) کەشوێنی ژیانی مەلەکشا بووە، شاعیر لە ڕێگەی بەکارهێنانی زاری ناوچەیی سیمایەکی جوانی بە شیعرەکانی بەخشیوە، کە بۆتە مۆرکێکی تایبەتی خۆی، زۆر شارەزایانە و سەرکەوتووانە وشەکانی پێکەوە گرێداون، ئەگەر چاوێک بە دیوانی شاعیردا بخشێنین بەر کۆمەڵێک لەو وشە و دەستەواژانە دەکەوین

له نێو هۆنراوەکانیدا وەک( کەکرە تاڵ، ڕکە، کەویر، وەردیانە، دەکارم، نیشەی دووپشک، ڕکەی جەستە، کۆڕژنی ئەسپەشێ، ئاخڵەی تیشک، ئەوناخ، دڵ خاوێر، جەردەی پەتیارە، مەلێکی سڵۆک، چووکە، بڵا، تەڵخەک، ژڵێوە، تونکەیێ، کۆترە برجیلە، دێر، کوانوو، پۆلوو، چمک، بلۆق، مەیژە، تاموور، عەرنەمووت، هەڵبڕووسکە، قالاوپووت، کۆتە، بێژگە، گەچلاندن، یاغر، پەرچین، پێدزکێ، نوقمەساز، بەترەف، بێژوو، گلووک، چەمەڕا، کوچکاوڕێک، گوارا، هەتلە، چەڕەدوو، تەژی، دیواخ، لاسامە، ئاوهەڵدێر، خەماژۆ، پەنگر، مەتەرێز) بۆ نموونە لە شیعری (داستانی دارەپیرە)دا دەڵێت:

**دەشتی سەوزی باوانی خۆت**

**بە <u>تاموور</u> و نیری بێگانە مەکێڵە!............**

**فریو مەخۆ، داوی نەیار بپچڕێنە**

**تف لە سیمای <u>عەرنەمووت</u> کە**

**<u>هەڵبڕووسکە</u> و چاوی دوژمن <u>قالاوپووت</u> کە!** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ١٢٨)

دیاردەیەک لە شیعری مەلەکشادا دەبینرێت، کە توانا و لێهاتوویی شاعیر دەردەخات لەڕووی زمانە شیعرییەکەیەوە ئەویش ئەوەیە، کە شاعیر لەشیعرەکانیدا زۆرجار لەیەک کێڵگەی واتایی وەک یەک(هاوواتا) یان نزیک لە یەک چەند وشەیەکی لەناو دێڕی شیعرەکانیدا پێکەوە چنیوە کە لەڕووی ئاواز و وێنە و مۆسیقای شیعرییەوە داهێنانێکی جوانی کردووە و وەک شێوازێکی تایبەتی خۆی لێهاتووە ئەمەش بەڵگەی تواناو دەسەلاتی شاعیر لە بەکارهێنای زمان و دەوڵەمەندی و بە پێزی زمانە شیعرییەکەی شاعیر دەردەخەن، هەروەها لە شیعری (سوارۆ)دا شاعیر سروشتی جوانی کوردەواری و گوندنشینی کوردستان بە زمانێکی شاعیرانە دەردەبڕێ و دەڵێت:

**لەسەر یاڵی قۆناغ**

**برووسکەی پزیسکی ناڵ و بەردە**

**کە وەحشەت ئەخاتە دڵی دۆڵی مێژوو!**

**خەوی زیندەوەر ڕادەچێنێ**

**<u>قریوە</u>ی سوار و <u>پڕمە</u>ی کەحیل**

**وە <u>زرمە</u>ی لە یەکدانی تاوێر و <u>قرمە</u>ی هەرەس!**

**شەڕی گاشەبەرد و سمی ئەسپە لەم درەنگانە وەختە** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٦٤)

هەر یەک لە وشەکانی (قریوە، پڕمە) و ( زرمە، قرمە) لەیەک کێڵگەی واتاین، هەروەها وشەکانی (یاڵ، بەرد، دۆڵ، سوار، تاوێر، گاشە بەرد، سمی ئەسپ) بۆ وەسفی ئەو ژینگە کوردەوارییە

گوندنشینیە بەکاردێنێت، کە هەموویان پێکەوە تابلۆیەکی جوان دەنەخشێنن، هەروەها لە شیعری(شمشاڵی دڵ) شاعیر دەڵێت:

**دڵم هێلانەی باڵندەی ئازارە**

**تیایا هەر نالَە و جریوە و هاوارە** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٢٥٦)

شاعیر زۆربەی جار چەند وشە و دەستەواژەیەک دەخاتە پاڵ یەک و لە دێڕە شیعرێکدا دایان دەرێژێت لە بواری (کات)دا (وەرز و ساڵ و سەدە) یان(سەدە و ساڵ و مانگ) لە بواری (کەش و هەوا)وشەکانی ( تەم، تۆز، با)، (بەفر و باران و تۆف و کرێوە) هەروەها لە بوارگەلی جیاوازدا بۆ نموونە وشەکانی (بزۆز و شێت و لاسار)، (لاوک و حەیران و سیاچەمانە)، (غوربەت و فیراق و تەنیایی)، (درک، گوڵنیخ، بزمار)، (دەرد، ڕەنج، داخ)، (پەرژین، موورد، تێمان)، (ڕەق، زەق، ناهەموار)، (تاسە، خۆزگە، ئاوات)، (ڕووخاو، خاپوور، شێواو)، (بریندار، لەت لەت، لە خوێنا گەوزاو)، (گڕ، کڵپە، بڵێسە)، (شێرین پڵنگین، نەبەردین)، (بیر و مێشک و ئەندێشە)، (مەردین پۆلاین، نەبەردین)، (باڵ و پەل و پۆ)...هتد، ئەمانە سێ سێ لە یەک دێڕی شیعرییدا بەدوای یەکدا دەهێنێت.

**دووەم: لادانی زمانیی**

لایەنێکی تری زمانی مەلەکشا لادانی زمانییە، وێڕای ئەوەی لەسەرەتاوە ئەوەمان خستە ڕوو، کە خاوەنی زمانێکی سادە و ڕوونە بەڵام لە هەمانکاتدا خاوەنی لادانی زمانی و داهێنراوی تایبەتی خۆیەتی لە دەستەواژەی تایبەتی کە لەرێگای لادانەوە بەدی هێناوە، کە ئەمەش یەکێکە لە سیماکانی شیعری نوێ و هاوچەرخ و یەکێکە لە بونیادەکانی زمانی شیعری نوێ، لادان "ئەو ڕێگایانەن کە نووسەران و شاعیران پەنای بۆ دەبەن بۆ دەربڕینی ئەو بیر و هەست و سۆزانەی، خۆیان دەیانەوێت بە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش، لە شێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانە نییە، ئەمەش بە کۆمەڵێک ڕێگا و شکاندنی یاسا و دەستوورەکانی زمان لە گشت ئاستە جۆراوجۆرەکان دەکرێت" (ئەحمەد، ٢٠١٢، ١٩). شاعیر لەڕێگەی لادانەوە داهێنان دەخوڵقێنێت، کە ئەویش بە تێکشکاندنی یاساکانی ڕێزمان و لادان لێیان، کە دەبێتە هۆی خوڵقاندنی زمانێکی شیعریی جیاواز لە زمانی ڕۆژانەی خەڵکی، جەلال مەلەکشای شاعیریش شارەزایانە ئەم یاسا ڕێزمانیانە تێکدەشکێنێت زمانێکی شیعریی و تایبەت بە خۆی بنیاد دەنێت و فەرهەنگێکی تایبەت بەخۆی بەدیدەکرێت، ئەگەر لەدیوانی ئەم شاعیرە بڕوانین و دەبینین شاعیر چەندین وشە و دەستەواژەی نوێی لەناوشیعرەکاندا ئەفراندووە و بۆتە مۆرکێکی تایبەت خۆی، وەکو ( چەپکێ تیشک، گاسنی وشە، قاڵدرمەی وشە، سێوی کاڵی دڵ، درەختی خەمەکان، دۆڵی دڵ، یاسای داڵ، پرچی سەوز، گاسنی خەم، گوڵجاری دڵ، گۆڕیچەی تاسە، گوێی

گەردوون، پەنجەرەی دڵ، دەستی باران، دەستی لم، گۆمی خنکاو، کۆگای قژ، ژیلەمۆی برژانگ، لغاوی مەبەست، مەرگەجاڕ، تەنووری تۆفان، سێبەری سڵ، مەرگەنووزە، بەردی خاراو، تەنافی شۆڕی قانوون، چەپکە گڕ، دەشتی خەیاڵ، گەرووی شمشاڵ، گۆچانی شک، سیاوچەمانەی فرمێسک و خوێن، وشەکوژان، کەڵبەی کەلەپچە، گۆمی گەندەڵ، دەستی مێشک، پەرداخی فیشەک، گوانی شەو، شیری تاریکی، تەوژمی پۆستاڵ، دەفری شەو، گاسنی زەمان، ئاسمانێکی تەسک، شەوی چڵکن، شمشاڵی لوولەی تفەنگ، کاتژمێری فێگرتوو، وەنەوزی گۆڕەپان، چاوی ڕۆژ، بزماری خەو، زریوەی فرمێسک، هەسانی گەردن، گەردنی ئاوات، خۆڵەمێشی یادەکان، درەختی جوانە مەرگ، پۆلە چۆلەکەی وشە، ناخی گەرمی تفەنگ، کێڵگەی تینووی دڵ، دڵی مەرگ، جۆگەی گڕ، مۆریانەی مەرگ، شەتڵی گیانی شەهید، قاڵدرمەی جەستە، هەوری قسر، سیپەی داو، قەفەزێ نەوسن)، بۆ نموونە شاعیر لە شیعری (ڕووداوێک)دا دەڵێت:-

**بلوێرێک بەسۆز**
**ناڵەی دەروونی کەژی دەچریکاند!**
**قەلێک لەچاوی کەژ سیمای ڕەشی**
**خۆی ئەشاردەوە!**
**قەفەزێ نەوسن**
**چۆڕاوەی ژینی**
**باڕە کەوێکی،**
**تک**
**تک**
**لەسیپەی داو ئەخواردەوە!** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٤٧)

هەریەک لە وشەو دەستەواژەکانی (ناڵەی دەروونی کەژ، چاوی کەژ، قەفەزێ نەوسن، چۆڕاوەی ژین، سیپەی داو) لادانی واتاییان دروستکردووە و توانای داهێنانی شاعیر دەردەخەن لە دەسەڵاتی بەسەر زمان و وشەدا بۆ ئەفراندنی ئەو وێنەیەی شاعیر دەیەوێت، کە بەهۆیەوە پەیامی خۆی بگەیەنێتە وەرگر، شاعیر لە شیعری (هەڵەبجە)دا دەڵێت:

**لە مێژوو بپرسن**
**نەورۆزی کام وڵات**
**ئاوری کۆگای قژ، بسکی خاو...**
**ژیلەمۆی برژانگی چاوی جوان**
**کاکۆڵ و پەرچەمی ساوایە!** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٧١)

شاعیر هەریەک لە دەستەواژەکانی (کۆگای قژ، ژیلەمۆی برژانگ) بەهۆی لادانی زمانییەوە دروستکردووە و لەپاڵ وشەکانی (بسکی خاو، چاوی جوان، کاکۆڵ و پەرچەمی ساوا) پێکەوە چنینێکی جوانی سازداوە، کە دیمەنێک لەو تاوانە نامرۆڤانەیەی هەڵەبجە بە زمانێکی شیعری تۆکمە دەخاتە بەر دیدەی خوێنەران.

لەگەڵ ئەوەدا، کە شاعیر توانایەکی باشی هەیە لە بەکارهێنانی وشە لە شوێنی خۆیدا و خاوەنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی تایبەت بەخۆی و زاراوەی ڕەسەنی کوردی پەتییە و وشەی بە واتا و چەمکی نوێ بەکارهێناوە. چەندین وشەی نوێی لە ڕێگەی لادانی زمانییەوە داهێناوە، کە بۆتە مۆرکێکی تایبەت بەخۆی، هەروەها وشە و زاراوەی ناوچەیی و شارەزایی لە سامانی نەتەوەیی فۆلکلۆردا بووەتە هۆی پتەوبوونی زمانە شیعرییەکەی، شارەزایانە مامەڵەی لەگەڵ وشەدا کردووە، بەڵام لە هەندێ شیعردا لە پێناوی گەیاندنی پەیامدا زمان زۆر سادە بۆتەوە تا ئەوڕادەیەی شیعر وەک گوتارێکی ئاسایی لێهاتووە و لە خزمەت پەیام و مەبەستدا بووە تا ئەوەی زمانێکی شیعریی بێت، ئەم بەرزی و نزمییە لە یاریکردن لە نێو ئەزموونی زمانە شیعرییەکەی بەپێی ئامانجەکەی بەردەوام لە هەڵکشان و داکشاندابووە، لە شیعری (گازندە ٢) دا شاعیر دەڵێت:

**ئێوە چین بتاندوێنم**

**هێندە چووکەن**

**تەنانەت بە مێرووڵەتان ناشوبهێنم**

**من شاعیری دڵی خۆمم**

**چیتان دەوێ بەرماوخۆران**

**بۆ چەقۆتان هەڵگرتووە**

**سینگی شیعرەکانم بدڕن!** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٩٨)

لێرەدا شاعیر لە پێناو گەیاندنی پەیامی خۆی بە نەیارانی شیعرەکانی و هەموو ئەوانەی ڕەخنەی لێدەگرن نەیتوانیوە توڕەیی خۆی بشارێتەوە، هەر بۆیە ئاستی زمانی شیعریی دابەزیوە و زمان زۆر سادە بۆتەوە و بەڕوونی هەست بە جیاوازی زمانەکەی دەکرێت و زیاتر لە گوتنێکی ئاسایی دەچێت.

## پاری دووەم: وێنەی شیعریی

یەکێکە لە هونەرە بنەڕەتییەکانی پێکهێنانی دەقی شیعریی و ڕەگەزی سەرەکی و هونەریی بنیاتی شیعرە، هەر لەکۆنەوە وێنەی هونەریی بەهاو گرنگی خۆی هەبووە و هەر لەبەر ئەم ڕۆڵە گرنگەشی بووە، بۆتە مایەی ئەوەی ڕەخنەگران و لێکۆڵەران "وێنەی شیعریی بکەن بە پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر دەقی شیعریی و جیاکردنەوەی دەقی داهێنراو لە دەقی لاسایکار." (کەریم، ٢٠٠٦، ١٤٨)، وەک ئاشکرایە "بنەمایەکی گرنگ لەو بنەما هونەرییانەی کە پرۆسەی داهێنانی شیعرییان پێ کامڵ دەبێت وێنەی شیعرییە." (عەلی، ٢٠٠٧، ١٦٨) ئەمەش ڕۆڵ و گرنگی بنیاتنانی وێنە دەردەخات لە داهێنانی شیعریدا، وێنەش، "یان بریتییە لەبەرجەستەکردنی ماتریالی، وەک ئەو وێنەیەی پەیکەرتاشێک لە هەڵکەندنی پەیکەرێکدا دەریدەخات، یان ئەو وێنەیەی نیگارکێشێک لە تابلۆیەکدا بەرجەستەی دەکات، یان بریتییە لە خەیاڵ، کە ئەدیب لە خەیاڵی خۆیدا دروستی دەکات و بە وشە دەریدەبڕێت. لەیەکەمیاندا وێنە بە چاو دەبینرێت و ماتریال و هەستپێکراوە و خەیاڵ دەوروژێنێت، بەڵام لە دووەمیاندا خەیاڵێکی ڕووت، دەبێتە دروستکەری وێنەکە لە هەردوو حاڵەتەکە خەیاڵ بوونی هەیە و هەست و سۆز دەورووژێنێت وێنە لە شیعردا دەبێت بە خوازە و میتافۆر و لێکچواندن." (ئەسوەد، ٢٠١٥، ٤٠٦)، عەلادین سەجادی لە کتێبی (نرخ شناسی)دا جیاوازی لەنێوان شاعیر و وێنەکێش دا دەکات و ڕای وایە "وێنەی شیعریی لە وێنەی وێنەکێش جیاوازە، شاعیر بەهۆی زمانەوە وێنە دەکێشێت، ئەمەش وادەکات شاعیری سەرکەوتوو ئازادییەکی زیاتری لە وێنەکێش هەبێ و وێنە لە هەست و سۆز و ئەندێشەی کەسایەتییەکان بکێشێ، کە هەرگیز هونەرمەند دەسەڵاتی بەسەردا نەشکێت." (سجادی، ١٩٦٩، ٧٦-٧٧) لێرەدا سەجادی ئاماژە بەوە دەدات، کە توانا و دەسەڵاتی شاعیر بۆ خولقاندنی وێنە زیاترە، هەروەها شاعیر و وێنەکێش لەو کەرەسانەی بەکاریدێنن جیاوازن. "شاعیر بەهۆی زمان و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و شێوازگەرییەوە، لەتەک پشتبەستن بە خەیاڵ وێنە دەکێشێت، بۆیە دەوترێت شیعر وێنەیەکی قسەکەرە و تابلۆش شیعرێکی بێدەنگە" (ئەسوەد، ٢٠١٥، ٤٠٦). ئەمەش کاریگەریی و بەهێزی وێنەی شیعریی دەردەخات، چونکە "ئەوەی شاعیر بەهۆی وشەکانییەوە گیانی دێنێتەبەر، هەمان شێوە بۆ وێنەکێش ناڕەخسێت" (عیسا، ٢٠٠٩، ٢١). ئاشکرایە، کە وێنەی شیعریش وێنەی دەقاودەقی شتەکان و دیاردەکانی نێو کەتوار نییە بەڵکو وێنەیکی نوێی شتەکانە و دەستکردی خەیاڵی شاعیرە، چونکە "وێنەی شیعریی لە بۆشاییەوە دروست نابێت، بەڵکو لە ڕەگەزەکانی ناو واقیع پێکدێت، کە شاعیر دەستکاریی دەکات بە شێوەی لابردن یان جەختکردن لەسەر لایەنێکیان، پاشان جارێکی تر لەبەر ڕۆشنایی هەڵچوونە تایبەتییەکەیدا پێکیدەهێنێتەوە تا دەبێتە وێنەیەکی نوێ" (کەریم-ب، ٢٠١٢، ٣٥).

بایەخ و گرنگی ئەم بنەما هونەرییەی شیعر وایکردووە چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ بکرێت، دڵشاد عەلی بەم جۆرە پێناسەی دەکات "وێنەی هونەریی زمانی ئەندێشەیە و هەموو ئەو دیاردە هەستپێکراو و هەستە دەروونی و بۆچوونە ئەندێشەییە بەرجەستەکراوانە دەگرێتەوە کە بەهۆی زمانەوە بۆ خوێنەر و گوێگر ئەنجام دەدرێ، بەم پێیەش دەشێ وێنەکە وشەیەک بێت، یاخود ڕستەیەکی لێکدراو بێت، یاخود سەرجەمی هەڵبەستەکە بۆ خۆی بەشێوەی وێنەیەک ئەنجام درابێت" (علی، ١٩٩٨، ٤٧). بەمجۆرە بەرفراوانی خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیر وێنەی شیعریی کاریگەر دەخوڵقێنێت، واتە ئەگەر "شاعیر خاوەن ئەندێشەیەکی بەربڵاو نەبوو ئەوا ڕوو لە وتەی ڕۆژانەی ناو خەڵک دەکات و وشەی فەرهەنگیی وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو خاوەن ئەندێشەیەکی داهێنەرانە بوو ئەوا لە ڕێگای شێوازەکانی ڕەوانبێژییەوە ئەو وێنانە ساز دەکات" (علی، ١٩٩٨، ٤٧-٤٨). هەر بەهۆی وێنەی شیعرییەوەیە شاعیر ئەزموون و جیهانبینی خۆی بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە و خەیاڵی داهێنەرانەی شاعیریش بەهای ئیستاتیکی بە دەقی شیعری دەبەخشێت، کەواتە "وێنەی هۆنراوەیی کەرەسەیەکە لە کەرەسەکانی هۆنراوە و ئەوزارێکی دەربڕینە هۆنیار بۆ بەرجەستەکردنی بیر و بۆچوونەکانی پەنای وەبەر دەبات هەبوونی وێنە لە نێو هۆنراوەدا گرنگە وەک گرنگی ئاو بۆ درەخت و ئاوێنە پڕ ڕەونەقەکەی هۆنراوەیە و شێوەیەکە بۆ باوەڕهێنان بە وەرگر لە ڕێی وێنە بابەتییەکەی نێو هۆنراوەکە، ئەم جۆرە باوەڕپێهێنانە... پێویستی بە ڕوونییە زیاتر لەوەی تەم و مژاوی و زۆر ئاڵۆز بێت" (سعدون، ٢٠٠٦، ١٥٨). وێنەی شیعری لە کۆمەڵێک ڕەگەزی جیاواز پێکهاتووە "هەست و بیر و ئەزموونی قوڵی شاعیر یەکیان دەخات بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا توانایەکی گوزارشتیان لێدەرچێت بەمەبەستی شیکردنەوەی وێنە" (گەردی، ٢٠٠٤، ٦٠)، هەریەک لەم ڕەگەزانەش ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە بنیاتی وێنەی شیعریدا و پشتگوێ خستنی هەریەکێکیان دەبێتە ناتەواویی و لاوازی لە وێنەدا .سەردار ئەحمەد گەردی لە نامەی دکتۆراکەیدا ئاماژە بە ڕەگەزەکانی وێنەی هونەریی دەکات، کە ئەمانەن: "زمان، ئەندێشە، واقیع، بیر، سۆز، نەست" (گەردی، ٢٠٠٤، ٦١-٨٨) شاعیری بە توانا بۆ خولقاندنی وێنەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش دەبێت بایەخ بەهەریەک لەم ڕەگەزانە بدات لە چوارچێوەی دەقی شیعریدا، هەروەها " ئەبێت ئەوەش بزانین کە وێنەی شیعریی وەک ئامرازێکی ڕەخنەیی و پێوەرێکی گرنگ بەکاردێت، کە ڕێگا بە ڕەخنەگر ئەدات، بە ناخی دەقدا تێپەڕ ببێت و نهێنییەکانی جیهانی دەق بەدی بکات" (ئەمین، ٢٠٠٢، ١١). بەمجۆرە وێنەی شیعری جێی بایەخ و گرنگی ڕەخنەگرانە، چونکە "ئامرازێکە بۆ ڕەخنەگری هاوچەرخ کە لە ڕێیەوە بە دواداچوون بۆ شیعر و هەڵوێستی شاعیر لەسەر واقیع دەکات و یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکانی حوکمدان لەسەر ڕەسەنایەتی ئەزموونەکەی، توانای شاعیر بۆ دارشتنی نەخشێک، کە سوود و ئەزموون بەدەست بهێنێت بۆ وەرگر" (الشنادی، ٢٠٠٣، ١٩)

لەشیعری کلاسیکیدا بەهۆی بایەخدانی زۆری شاعیران بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی، دەبینین "وێنەی شیعریش هەر لەسەر پایەکانی ئەو هونەرە وەستاوە و بەهۆی ئەو هونەرەوە دروستکراوە لە زۆر ڕووەوە تەنها بۆ جوانی و ڕازاندنەوەی دەقە شیعرییەکە بەکارهاتووە...، بەڵام وێنە لە شیعری نوێدا ڕەگەزێکی گرنگە، کە تەنها بۆ ڕازاندنەوە و جوانی شیعرەکە داناهێنرێت، بەڵکو شاعیر بەهۆی ئەندێشەی بەهێز و خەیاڵی داهێنەرانەیەوە، وێنەیەکی بەرجەستە کراوی هەست و نەست و باری دەروونی دەخوڵقێنێت، کە ئەمە لە زۆر ڕووەوە دەبێتە مایەی تێگەیشتن و نزیک بوونەوە لە فەزای گشتیی شیعرەکە، هەروەها دەبێتە کلیلێک بۆ کردنەوەی کۆد و هێماکان" (ئەسوەد، ٢٠١٥، ٤٠٧،٤٠٨).

سەبارەت بە جەلال مەلەکشای شاعیریش، وێنە ڕەگەزێکی شیعریی گرنگ و پێویست بووە لەلای و بەو جۆرەش لێی ڕوانیوە " شیعرێک وێنەی تێدا نەبێت نەزمێکی بێ تام و چێژە و هێزی شیعر لەوەدایە کە لە ڕێگەی وێنەوە چەمک و مەفهوم ببەخشێت نە لە ڕێگەی بەیانی عوریان و وەسفەوە! بەڵام مەفهومی دوور لە زەین و شتی سەیر و سەمەرە، نە تەنیا وێنەی شیعریی ناخوڵقێنێت، بەڵکو شیعریش دەکاتە موعەممایەکی ڕەمزاوی و ڕەنگە شاعیرەکەش نەتوانێت لێکی بداتەوە" (مەلەکشاە، ٢٠٢١، ٣٤، ٣٥).

### جۆر و بنیاتی وێنەی شیعریی

گەلێک پۆلێن و دابەشکردنی جیاواز بۆ جۆر و بنیاتی وێنەی شیعریی کراون، ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین بەپێی لاکردنەوە و بەکارهێنان و ئەزموونە شیعرییەکەی شاعیر، وێنە شیعرییەکانی جەلال مەلەکشا، جۆر و بنیاتی لە شیعرەکانیدا بخەینە ڕوو.

### یەکەم: جۆرەکانی وێنە لە ڕووی هەستییەوە

وێنەی هەستی هەموو ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ بەهۆی هەستەکانییەوە درکیان پێ دەکات واتە بەر یەکێک لە پێنج هەستەکەی مرۆڤ دەکەون، کە بریتین لە هەستی (بینین، بیستن، بۆنکردن، چەشتن، بەرکەوتن) هەستەکانی مرۆڤ ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە داهێنانی وێنەی شیعرییدا، چونکە هەموو ئەو شتە ماددییانەی نێو دنیای واقیع کاتێک بەر یەکێک لە هەستەکانی شاعیر دەکەون دەبنە هۆی وروژاندنی هەست و سۆزی شاعیر و بەشدار دەبن لە پێکهێنانی وێنەی شیعریی "وێنەی هەستیش بەرجەستەکردنی ئەو وێنانەن کە قەبارە و بارستاییان هەیە و شوێنێکی دیاریکراو داگیر دەکەن لە بۆشاییدا و بەر یەکێ یان زیاتر لە پێنج هەستەکان دەکەون" (گەردی، ٢٠٠٤، ٢٠١). شاعیر بۆ چنینی وێنەی شیعریی دیاردەکانی سروشت بە شێوەیەکی نوێتر و لەڕێگەی هەستەکانییەوە دەگوازێتەوە و لەم نێوەندەشدا هەست و سۆزی خۆی ئاوێتە دەکات بۆ نەخشاندنی وێنەی شیعری

جوان و ناوازە، وێنەی هەستی ئەگەرچی، لە خزمەتی چەمکی جۆری وێنەکەدایە، بەڵام توانای شاعیریش لە بنیاتنانی ئەو وێنانەدا دەردەخات، کە بەر هەریەکێک لە هەستەکان دەکەون.

- **هەستی بینین:**

هەموو ئەو وێنانە دەگرێتەوە، کە لە ڕێگەی چاوەوە دەبینرێت، " گەنجینەی شاعیران لە وێنەی بینراودا لە هەموو هەستەکانی تر دەوڵەمەندترە، بەو پێیەی ڕۆژانە سەدان شت و دیاردە بە ڕەنگ و شێوە و قەبارەی جیاوازەوە دەبینن و بە بەرچاویاندا ڕەت دەبن و سەرنجیان ڕادەکێشن، بەشێکی ئەم شت و دیاردانە لە یادەوەریدا هەڵدەگیرێن و لە کاتی پێویستدا دەرگا لەبەردەم وێنەی بینراودا دەکەنەوە و شاعیریش بە شێوازێکی هونەریی جوان ڕەنگڕێژیان دەکات" (کەریم-ب، ٢٠١٢، ٢٦٥). شاعیر لە شیعری (ئاخاوتن لە ئەوین)دا دەڵێت:

**بۆ ئاسمان مەڕوانە، گیانەکەم!**
**لەمێژە مانگ لە نێو**
**هەورێکی دێوجامەئاسایی**
**ئەسیرە!** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ١٢١)

- **هەستی بیستن:**

ئەو وێنانە دەگرێتەوە، کە بەر هەستی بیستن دەکەون و مرۆڤ بەهۆی گوێیەکانییەوە درکیان پێ دەکات، "هەر وێنەیەکی شیعریی لەسەر بنەمای دەنگ یا ئاواز یا مۆسیقا بنیات نرابێت، ئەوا لەڕێگەی هەستی بیستنەوە باشتر وەردەگیرێت و هەست بە خۆشی و جوانی وێنەکە دەکرێت" (گەردی، ٢٠٠٤، ٢٠٤). هەروەها جیاوازی هەستی بیستن لەگەڵ بینیندا لەوەدایە "هەستی بینین تاریکی دەبێتە بەربەست لەبەردەمیدا، بەڵام گوێ لەتوانایدا هەیە لەتاریکی و ڕووناکیشدا هەست بە دەنگەکان بکات، هەروەک چۆن لە دوور و نزیکیش دەیان بیستێت" (ئەوڕەحمان، ٢٠١٥، ١٩٣). بۆ نموونە شاعیر لە شیعری (بانگم دەکەن) دا دەڵێت:

**بانگم دەکەن**
**گوێ ڕادێرن، بانگم دەکەن!**
**زەریا، شەپۆلی چەواشە**
**هەور، دڵۆپی ئاوارە**
**ئاسمان، باڵندەی ئەسیر و**
**منیش یەکێ بانگم دەکا**

**دەنگی پێ دێ، دەنگی پێ دێ**

**زایەڵەی دەنگی پێی مەرگە، لە دالآنی دڵمەوە دێ**

**هەنگاو، هەنگاو، نێزیک گیانم دەبێتەوە!** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٤٠)

مەلەکشا لەم شیعرەدا لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە وێنەیەکی لە ئەزموونی ژیان و چەرمەسەرییەکانی دۆخی تایبەتی خۆیەوە بۆ بەرجەستەکردووین و بەم وێنە دەنگییە دۆخێکی پڕ مەترسی هێناوەتەدی.

- **هەستی بۆنکردن:**

ئەو وێنە شیعرییانە دەگرێتەوە، کە بەر هەستی بۆنکردن دەکەون و لە ڕێگەی (لووت)ەوە هەستیان پێ دەکرێت وەک لە شیعری (شیعر)دا شاعیر دەڵێت:

**شیعر کە هات**

**دڵیش ئیتر**

**ئۆقرە ناگرێ، ئەیدرکێنێ**

**پۆلیس بۆنی پێوە دەکا**

**بۆنی ئازادی لێوە بێ**

**هەر دەست بەجێ**

**بە تەنافی شۆڕی قانوون**

**ئەیخنکێنێ (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ١٠٣)**

- **هەستی چەشتن:**

ئەو وێنانە دەگرێتەوە، کە لە ڕێگەی هەستی چەشتن و تامکردنەوە هەستیان پێ دەکرێت وەک (تاڵی، شیرینی، سوێری.. هتد) شاعیر لەو ڕێگەیەوە وێنەی دیاردە خۆش و ناخۆشەکانی پێ دەنەخشێنێت، بۆ نموونە شاعیر لە شیعری (قولەی قافی ئاوات) دا دەڵێت:

**ئەگەرچی ژیانی بە ئەم چەشنە ڕژدە!**

**وەکوو کەکرە تاڵە** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٧٤)

- **هەستی بەرکەوتن:**

ئەو وێنانە دەگرێتەوە، کە بەهۆی هەستی بەرکەوتن و دەستلێدانەوە مرۆڤ درکیان پێ دەکات وەک (ساردی، گەرمی، نەرمی، ڕەقی، زبری، لووسی،...هتد) بۆ نموونە شاعیرلە شیعری (خەون ئەبینم، یان بێدارم؟) دەڵێت:

**بەناو چقڵا ئەڕۆیشتم**

**هەموو جەستەم بریندار بوو**

**لە دەست و پێم خوێن ئەچۆڕا!** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٤١)

لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتنەوە وێنەیەکمان بۆ دەکێشێت لە ڕۆشتن بەناو چقڵ و دڕکدا، کە چۆن جەستەی هەمووی بریندار بووە و خوێنی لێ دەچۆڕێت بەهۆی ئەوەی ئەوەندە دڕک لە دەست و پێی چەقیوە جەستەی زامدار و بریندار بووە.

**دووەم: وێنە لە ڕووی ڕوونبێژییەوە**

ڕوونبێژی بەشێکی گرنگ و چالاکی ڕەوانبێژییە و ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە بنیاتنانی وێنەی شیعریدا، ڕوونبێژی "ئەو زانستەیە کە بە چەند ڕێگەیەکی جیاواز یەک واتامان بۆ دەردەبڕێت و ڕوونکردنەوە لەسەر واتای مەبەست دەدات" (کەریم-ب، ٢٠١٢، ١٩٦). هەمیشە هونەرەکانی ڕوونبێژی بۆ شاعیران جێی بایەخ و گرنگی بوون و بۆ دەربڕینی مەبەستەکانیان چەندین وێنەی شیعری ڕازاوە و جوانیان لەڕێگەی ئەم هونەرانەوە بۆمان کێشاون، کە ئێمە لێرەدا بەکورتی و بەپێی ئەم هونەرە جۆرەکانی وێنە لای جەلال مەلەکشا دەخەینە ڕوو:

- **وێنەی چواندن:**

هونەرێکی ڕوونبێژییە، وێنەی شیعریی لەسەر بنیات دەنرێت، یەکێکە لە شێوازە باوەکان و شاعیران بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاریدەهێنن لەسەر بنەمای بەراوردکاری لە نێوان دوو شتدا دادەمەزرێت کە لەیەکیاندا سیفەتەکە زەق و زاڵترە " لێکچواندن نابێت لە نێوان دووشتدا دروست بکرێت کە لەگەڵی لایەنەوە یەک بن و هاوبەشی زۆریان لە نێواندا هەبێت چونکە لێکچواندن ئەگەر لە نێوان ڕەگەزە زۆر لەیەک نزیکەکان دروستکرا لێکچواندنێکی بێ تام دەردەچێت، خۆ ئەگەر لەسەر بنچینەی کۆکردنەوەی دوو ڕەگەزی لەیەک دوور بنیاتنرا لێکچواندنێکی داهێنراو دەردەچێت" (گەردی، ٢٠٠٤، ٢٢٨،٢٢٩). بۆ نموونە شاعیر لە شیعری (من ڕەوتەنیم) دەڵێت:

**من تاریکم وەک شەوەزەنگ**

**تۆ گیانی تیشکی، ڕووناکی**

**من ڕووبارم**

**تۆ وەک دەریا**

**مەنگ و خامۆش و سامناکی!**

**لە دۆزەخی عەشقی خۆتا بمسووتێنە** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٥٢)

من/ چوێنراو، شەوەزەنگ/ پێ چوێنراو ، وەک/ ئەوزار، ڕووی لێکچوون/ تاریکی

من/ چوێنراو، ڕووبار/ پێ چوێنراو

تۆ/ چوێنراو، دەریا/ پێچوێنراو، وەک/ ئەوزار، ڕووی لێکچوو/ مەنگ و خامۆش و سامناک

- **وێنەی خوازەیی:**

یەکێکە لە هونەرەکانی ڕوونبێژی، بریتییە لەوەی "وشە بەو مانای ڕاستەقینەیەی بۆی دانراوە بەکارنەهێنرێت، بەڵکو ئەو مانایە بۆ شتێکی دیکە دەخوازرێتەوە، هەر بۆیەش پێی دەگوترێت خوازە" (پارسا، ١٣٩٧هـ ٥٧). خوازە لەلایەن ڕەخنەگران و نووسەرانەوە بە گرنگ سەیر کراوە، بۆ نموونە کۆلّریدیج دەڵێت: "شیعری بەبێ خوازە بارستەیەکی بێ گیانە، هەروەها هیوم دەڵێت: شیعر مەسەلەی وێنە و خوازەیە، خوازە مانا هەستییەکان دەگۆڕێت بۆ وێنە" (شێخ_بزێنی، ٢٠١١، ١١١). شاعیر لە شیعری.(کورتە هەواڵ) دا کە لەڕێگەی هونەری خوازەوە کێشاویەتی دەڵێت:

**دوێنێ شەوێ**

**کوێستان ئەیوت**

**لەم ڕۆژانا، <u>ڕێوی</u> ڕاوە!**

**دیسان بۆ کۆشم دێنەوە**

**پۆل پۆل <u>پەڵەنگ</u>** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٢٠٥)

وەک دەبینین هەر دوو وشەی (ڕێوی، پەڵەنگ) بۆ واتای ڕاستەقینەی خۆیان بەکارنەهاتوون، کە گیاندارن، بەڵکو مەبەست لێی مرۆڤە، ڕێوی بۆ کەسی فێڵاوی و پڵنگ بۆ کەسی ئازا.

- **وێنەی خواستن:**

خواستن هونەرێکی ڕوونبێژییە، بریتییە لە "دانانی وشەیەک لە غەیری مانای ڕاستەقینە و قامووسی ئەو وشەیە بەو مەرجەی نیشانە یان بەڵگەی لێکچوون لە نێوان دوو ماناکەدا هەبێ لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین خواستن جۆرێک خوازەیە، کە نیشانەی لێکچوون ئەو لە خوازە...جوێ دەکاتەوە" (پارسا، ١٣٩٧هـ ٧١). هونەری خواستن "بەرهەمی ئەندێشە فراوانی مرۆڤ و بە بەراورد لەگەڵ لێکچواندندا لەدایکبووی قۆناغێکی پێشکەوتووتری ئادەمیزادە.... خواستن دەرکەوتووترین وێنەی ڕوونبێژی و قەشەنگترین دیمەنەکانی وێنەگرتنی هونەرییە" (کەریم-ب، ٢٠١٢، ٢٠٢). بۆ نموونە شاعیر لە شیعری (ڕووداوێک)دا دەڵێت:

**کەژێک بۆ دەنگی ون بووی ئەگەڕا**

**دوند و بناری هەموو پشکنی و**

**هەر نەیدۆزیەوە!**

**بلوێرێک بەسۆز**

**ناڵەی دەروونی کەژی دەچریکاند!**

**قەلێک لە چاوی کەژ سیمای ڕەشی**

**خۆی ئەشاردەوە!**

**قەفەزێ نەوسن**

**چۆڕاوەی ژینی**

**باڕە کەوێکی،**

**تک**

**تک**

**لە سیپەی داو ئەخواردەوە!** (مـەلـەکشا، ١٣٩١هـ ٤٧)

(کەژ) لەم دەقەدا خواستنە چونکە هەموو نیشانەکانی مرۆڤی پێ بەخشراوە وەک:گەڕان، پشکنین، دەروون، چاو. هەوەها قەفەز خواستنە چونکە سیفەتی مرۆڤی پێ بەخشیوە، کە نەوسنە.

- **وێنەی درکەیی:**

هونەرێکی ترە لە هونەرەکانی ڕوونبێژی بۆ شاردنەوەی واتا و مەبەستی ڕەسەن و دروست شاعیران پەنایان بۆ بردووە واتە وەک پەردەیەک واتا و مەبەستیان پێ داپۆشیوە، عبد القاهر الجرجانی لەبارەی درکەوە دەڵێت: " قسەکەر بۆ سەلماندنی مانایەک لە ماناکان، بەڵام بیەوێ ناوی نەهێنێ بەو وشەیەی، کە لە زماندا بۆی دانراوە، بەڵکو مانایەک دێنێتەوە کە بەدویدا دێت یاخود لە بووندا پاشکۆیەتی و دەیکات بەبەڵگە لەسەر واتاکەی تر" (جرجانی، ١٩٨١، ٥٢). جەلال مەلەکشاش ئەم هونەرەی لە پاڵ هونەرەکانی تردا بەکارهێناوە و هونەری درکە بۆتە بنەما بۆ هەندێک لە وێنەکانی بۆ نموونە شاعیر لە شیعری (ئێوارەی غەریبستان) دا دەڵێت:

**نازانم بۆچی هەر ئێواران**

**شاعیر و عاشق و دێوانە**

**ئۆقرەیان لێدەبڕێ**

<u>**دنیایان لێ دەبێ بە پێستە چۆلەکە و**</u>

**حەز دەکەن، لە خۆیان یاخی بن.**

**گەردوون و گشت جیهان ڕاپەڕن!** (مـەلـەکشا، ١٣٩١هـ ١٦٩)

لەم وێنەیەدا پێستە چۆلەکە بۆ واتای دروستی خۆی بەکارنەهاتووە ئیدیۆمێکە مەبەست لێی ئەوەیە کە دنیایان لێ تەنگ و تاریک و بچووک بووتەوە و  هیچ پەناگەیەک شک نابەن.

**سێیەم: جۆرەکانی وێنە لەڕووی شێوازەوە**

شێواز وەک پێکهاتەیەکی زمانی ڕێگەیەکە بۆ گوزارشتکردنی هەر نووسەرێک لەبارەی دیاردەکان "بەکارهێنانی ئامرازەکانی دەربڕینە، بەکارهێنانێکی هۆشیارانە بۆ مەبەستە ئیستاتیکییەکان، هەروەها دەرکەوتنی سیما زمانەوانییەکانە لە دەقێک یان کۆمەڵە دەقێکدا، کە خاوەن تایبەتمەندی ئیستاتیکین" (بودوخە، ٢٠٢١، ٣٠). لە کۆندا شێواز پەیوەست بووە بە ڕەوانبێژییەوە، بەڵام لە ڕەخنەی هاوچەرخدا هەندێک پێیان وایە، کە "شێواز وێنەیەکی زارەکییە لە گەیاندنی واتاکان، سەرکەوتووە لە هۆنینەوەی وشەکان و دانانی، بۆ گەیاندنی بیر و خستنەڕووی خەیاڵ، واتە دەقی ئەدەبی بە شێوەیەک بنیات بنرێت دابڕان لە نێوان ڕەگەزەکانیدا نەبێت" (صبح، ٢٠١٩، ١٦٠). پەیوەندی شێواز بە وێنەوە لەوەدایە، کە "شێواز پارچەیەکە کەرت ناکرێت، کە بیر و وێنە دەگرێتە خۆی، بەجۆرێک ئەگەر وێنەکە بگۆڕێت ئەوا بیرەکەش گۆڕانی بەسەردا دێت، وە ئەگەر بیر بگۆڕێت ئەوا بەهەمان شێوە وێنەش دەگۆڕێت،... بیر و وشە جیاناکرێتەوە لەنێوان بابەت و شیوەدا، چونکە وشە بوونەوەرێکی زیندووە، کە واتاکەی گیانەکەیەتی و وشەکە لاشەکەی، ئەگەر لەیەکیان جیاکەیتەوە گیان بوونی نییە و جەستەش بێگیانە" (صبح، ٢٠١٩، ١٦٣). بەمجۆرە وێنەی شیعریی "لقێکی شێوازە، کە دەرئەنجامی لێهاتوویە، وردبینییە لە بنیاتناندا، قوڵبوونەوەیە لە شێواز و کارامەیی لە هۆنینەوەدا" (صبح، ٢٠١٩، ١٦٣).

- **وێنەی ئەفسانەیی:**

ئەفسانە هەوڵدانی مرۆڤی سەرەتاییە بۆ تێگەیشتن لە دیاردە سروشتییەکان، هەروەها پەیبردن بە هۆکاری ڕوودانیان و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی گەردوون بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان مرۆڤ پەنای بردۆتە بەر ئەفسانە، "هەرچەندە  ئەم هەوڵانەش بۆ سەردەمی خۆیان بایەخدار بوون، بەڵام بەپێی پێشکەوتنی ئەمڕۆ بەشتێکی سادە و ساکار دادەنرێن، بەو پێیەی گەلێ شتیان تێدایە کە دوورن لە ژیرییەوە." (کەریم، ٢٠٠٦، ١٥٦) واتە ئەفسانەکان بەدەر نین لە خەیاڵ و ئەندێشەی مرۆڤ "ئەگەر ئەفسانە لە سەرەتای بیرکردنەوەی مرۆڤ  سەری هەڵداوە، بەردەوامیش لەگەڵ مرۆڤ و بیرکردنەوەکانیدا بووە، هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی، کە ئەفسانە خزاوەتە ناو زۆربەی بەرهەمە بیرکردنەوەییەکان و بەرهەمە دەستکردەکانی مرۆڤ" (کەریم-ب، ٢٠١٢، ٢١٧)، شاعیرانیش بۆ دەوڵەمەندکردنی شیعرییەکانیان سوودیان لە وێنەی ئەفسانەیی وەرگرتووە "شاعیری هاوچەرخ

لەسایەی ڕۆشنبیرییە فراوانەکەیەوە گەنجینەیەکی فراوانی ئەفسانەیی لەبەردەم دایە هەر لە ئەفسانەی سۆمەری، یۆنانی، ڕۆمانی، فیرعەونی، بابلی، ئەفسانەی کوردی...هتد، شاعیر سوود لەم ئەفسانانە دەبینیّ، وەکو ڕەمز دای دەڕێژێت بە جۆرێک کە لەگەڵ سەردەمی خۆی بگونجێت" (گەردی، ٢٠٠٤، ٤٨٤). شاعیرانیش ئەم ئەفسانانە لە نێو شیعرەکانیاندا زیندوو دەکەنەوە و بەکاریدەهێنن بە جۆرێک ، کە لەگەڵ مەبەستە شیعرییەکانیاندا بگونجێت.

لە شیعرەکانی جەلال مەلەکشادا ، گەلێک وێنەی ئەفسانەیی جۆراوجۆر دەبینرێت، کە بۆ بنیاتنانی وێنە سوودی لێوەرگیراوە و بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەزموونە شیعرییەکەی بەکاریهێناون، یەکێک لەو وێنانە لە شیعری (هەتا لوتکە چەندی ماوە)دا شاعیر دەڵێت:

**ئەی خوا گەورە و بچووکەکانی سەردەمی ویژدان تۆپیو**
**هەتا لوتکە چەندی ماوە؟!**
**مەهێڵن مە...**
**ئەمجارە کە گەیشتمە لووتکە**
**بەردی گیانم بەربێتەوە...**
**من نامەویّ ئەم زەوینە پڕ تاوانە لە ژێر پێما بخولێتەوە**
**ئاخر مەگەر نازانن من**
**ساڵگارێکە گاشەبەردەکەی (سیزیف)م لە کۆڵ ناوە؟** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ١٤٧)

لەم وێنەیەدا شاعیر ئاماژەی بە ئەفسانەی سیزیف کردووە، کە چۆن خواوەندەکان سیزفیان سزادا بە سەرخستنی گاشەبەردێک بۆسەر چیایەک و بەردەوام ئەم بەردە بەهۆی قورساییەکەیەوە لەسەر لوتکە بەردەبۆوە، چونکە خواوەندەکان باوەڕیان وابوو هیچ سزایەک ئەوەندەی بەردەوام ئەنجامدانی کارێکی بێمانا و بێهودە ترسناک نییە شاعیر بەسوود وەرگرتن لەم ئەفسانیە و هاوتا کردنی دۆخی خۆی و ناوەرۆکی ئەو ئەفسانەیە وێنەیەکی جوانی ئەفسانەیی بنیاتناوە.

- **وێنەی فەلسەفی:**

لەم جۆرە وێنەیەدا بیرکردنەوە و تێڕوانینی شاعیر بەرامبەر بە کێشەکانی ژیان و بوون و مردن و ..هتد ڕەنگدانەوەیان هەیە، "ئەو بیرانەی شاعیر هەیەتی ڕەخنەگر دەتوانیّ لەناو دەقی شیعرەکانیدا دەری بێنیّ ئەو بیروڕایانەش، گەر کۆبکرێتەوە بەگشتی فەلسەفەی شاعیر پێکدێنێت" (گەردی، ٢٠٠٤، ٢٤٦). شاعیران لە دەقە شیعرییەکانیاندا بیرکردنەوە و تێڕوانینی فەلسەفی خۆیان لە بارەی کێشەکانی گەردوون و ژیان و بوون...هتد، وەک ڕاستییەک دەردەبڕن ئەرکی فەلسەفەش گەڕانە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان، "فەیلەسوف (بیر)مان بە شێوەیەکی ڕووت پێشکەش دەکات، کەچی شاعیر لە خەیاڵ و

خەو و مەزندە خودییەکانی خۆی کراسیکیان دەکاتەبەر، بۆیە ئەو ڕەخنەگرەی کە بەدوای فەلسەفەی شاعیردا دەگەڕێ سەرەتا دەبێ ئەو جل و بەرگە لەبەر بیرەکە دابکەنێت تاوەکو بیرەکە وەکو خۆی ببینێت" (کەریم-ب، ٢٠١٢، ٢٢١). فەیلەسوف و شاعیر زمان وەک ئامرازێک بەکاردەهێنن بۆ دەربڕینی بیر و تێڕوانینەکانیان، بەڵام شاعیر زمانێکی شیعریی ئاوێتە بە هەست و سۆز و ئەندێشە و هونەرەکانی ڕوونبێژی بەکاردەهێنێت بۆ دەربڕینی بیر کە خۆی لە وێنەی شیعرییدا دەبینێتەوە واتە بیری شاعیر لە ڕێگەی وێنەوە دەگوازرێتەوە. شاعیر لە شیعری (سەرئەنجام؟)دا دەڵێت:

**پرسیار، پرسیار...**<br>
**تا چاو بڕکات**<br>
**خاڵ بەخاڵی ڕێگە هەموو**<br>
**هەر پرسیارە**<br>
**من ڕێبوارێکم ئەناسی**<br>
**بەدرێژایی ڕێگە تەنانەت نەیتوانی**<br>
**لە سێبەری وەڵامێکدا**<br>
**نەختێ ماندوویی خۆی دەرکا**<br>
**سەرئەنجام لە ڕێگا، عاسی**<br>
**خۆی بە ئەڵقەی پرسیارێکەوە هەڵواسی.** (مەلەکشا ١٣٩١، ١١٩)

لەم وێنەیەدا، کە تەواوی وێڵبوونە بەدوای پرسیاردا، پرسیاریش کرۆکی فەلەسەفە و بیری فەلسەفییە، مەلەکشا دەیەوێت بڵێت لەکۆی سیستەم و شێوەی ژیان و گەردوون هێندەی پرسیار هەیە، مەگەر بەمەرگ کۆتایی بە پرسیارەکان بێت، کە خۆی وەک ڕێبوارێکی ڕێگای ژیان دەبینێت و دواجار مرۆڤ دەبێتە ڕێبواری ڕێگای پرسیار و تا دەمرێت وەڵامی زۆر پرسیاری دەستناکەوێت.

- **وێنەی دەروونی:**

جۆرێکە لە وێنەی شیعریی، کە لە هەست و سۆزی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێت و گوزارشت لە بارە دەروونیی و خودییەکەی شاعیر دەکات، کە پێوەی دەناڵێت، چونکە "هەست لە دەروونی شاعیردا بە شاراوەیی دەمێنێتەوە و دوای پێکهێنانی لە وێنەدا بۆمان ئاشکرا دەبێت" (اسماعیل، ١٩٨٠، ٧٢). وێنەی دەروونی " لەدایکبووی ئەو بارە دەروونییەیە، کە شاعیری تیا دەژی یاخود دەربڕینی دەرەوەی بابەتییە لەو بارە ناوەکییە خودییەی کە شاعیر پێیەوە دەتلێتەوە، تەنیایی و هەستکردن بە نامۆیی هێزێکی پاڵنەرن بۆ تەقینی کانیاوی شیعر و تەعبیرکردن لەو بارە دەروونییە" (کەریم-ب، ٢٠١٢، ٢٢٨) ، بەمجۆرە باری دەروونی شاعیر " لەکاتی هەستکردن بە تەنیایی و لە دەستدانی خۆشەویستێکی و یاخود دوورکەوتنەوەی لە شوێنەواری خۆی" (سعدون، ٢٠٠٦، ١٧٠)، دەبنە

سەرچاوە و لەڕێگەی وێنەی دەروونییەوە دەردەبڕێن. هەربۆیە وێنەی دەروونی دەلاقەیەکە بۆ چوونە ناو  بارە تایبەتی و دەروونییەکانی شاعیر و هەڵچوونەکانی و درککردن و ئاشنابوونمان پێیان.

لەناو دەقە شیعرییەکانی جەلال مەلەکشاشدا هەندێک وێنەی دەروونی دەبینرێت، کە گوزارشت لەباری دەروونی شاعیر دەکات، وەکو (تەنیایی، دوورکەوتنەوە لە دڵدار و غوربەت) وەک لە شیعری (نامەیەکی تامەزرۆ)دا (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ١٧١)، کە لەساڵی ٢٠٠٠زاینی لە هەولێر نووسیوویەتی تیایدا شاعیر بەهۆی تەنیایی و دووریی لە خۆشەویستەکەی و غوربەت وێنەیەکی دەروونی دەکێشێت و دەڵێت:

**گیانەکەم!**

**لەمێژە نامەم بۆت نووسیووە**

**هەزاران دڵۆپە فرمێسکی فیراقی تێدایە!**

**لەمێژە ئەم نامەم**

**تامەزرۆی سەفەرە**

**چەمەڕای تەتەرە**

**بەڵام هەر ئەسیری نێو دوو تۆی دیوانە شیعرێکی شەیدایە!**

- **وێنەی ڕەمزی:**

ڕەمز هەر لە کۆنەوە لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا بەکارهاتووە، شاعیران وەک سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری دەقە شیعرییەکانیان پێ نەخشاندووەوە و داهێنانی ئەدەبیان پێ بەرجەستە کردووە، ڕەمز لە ئەدەبدا "بریتییە لە ئاماژەکردن بە وشەیەک کە واتای شتێکی هەستی یاخود ژیری دەگەیەنێت، بۆ مانایەکی دیاری نەکراو بە وردی و جیاواز بە پێی خەیاڵی نووسەر و خوێنەرانیش جیاوازن لە تێگەیشتن و دەرک پێکردنی مەوداکەی بە پێی ئاستی ڕۆشنبیرییان و ناسکی هەستیان، هەندێکیان لایەنێکی لێ دەبینن، هەندێکی تر لایەنێکی تر، یاخود بە ئاشکرای دەردەکەوێ و ڕۆشنبیر بە ئاسانی تێی دەگات" (گەردی، ٢٠٠٤، ٢٥٦). واتە ئەو وێنەیەی دەکێشرێت واتایەکی تر لە پشتییەوە هەیە و زانینی واتای ڕەمزیش پەیوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیریی خوێنەرەوە هەیە.

جەلال مەلەکشاش لە دەقە شیعرییەکانیدا بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕەمزی بەکارهێناوە و گەلێک وێنەی ڕەمزی لە شیعرەکانیدا بەگەڕ خستووە، کە سەرچاوەکەی کەرەسەی خۆماڵی کوردەواری و

داستان و ئەفسانە و چیرۆکی فۆلکلۆری و پەندی پێشینانن...هتد زۆر وێنەی  جوانی لێ بەرهەم هێناون. مەلەکشا لە شیعری (سەمبول)دا، دەڵێت:

**لە ڕەوتی مێژوودا**
**هێندێ کەس**
**دەبن بە ئوستوورە و**
**سەمبولی بەرخۆدان**
**وەک شێخ و**
**بارزانی و**
**پێشەوا**
**هێندێ ناو**
**دەبن بە ڕەمز و ڕاز**
**وەک بەردەقارەمان**
**ئاراز و**
**چوارچرا** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٢٢٣)

لەم نموونەیەی سەرەوەدا چەند سەرکردەیەکی کورد و چەند شوێنێکی پەیوەست بەناو و ئازایەتی و قارەمانێتی ئەوانی پێکەوە هێناوە و بەمجۆرە ئاوێتەی کردوون، هەریەک لە سەرکردەکانی کورد ( شیخ مەحمود، بارزانی و پێشەوا قازی محمد) لەگەڵ (بەردەقارەمان، ڕووباری ئاراس و مەیدانی چوار چرا)ی پێکەوە گرێداوە، کەهەریەکە لەم شوێنانە وابەستەیە بە ئازایەتی و قارەمانێتی ئەو سەرکردانەی کەناوی بردوون و تێیدا ئەم وێنەیەی وەک ڕەمزی کاریزمایی سەرکردەکان و وێنەی قوربانیدانی کورد پیشانداوە.

بەشێوەکی گشتی شاعیر لە ئەزموونی بەکارهێنانی وێنە خۆی پەیوەست نەکردووە بە جۆرە وێنەیەکەوە لەهەمان کاتدا توانیویەتی سوود لە هەر شتێک وەربگرێت بۆ بناتنانی وێنەی شیعریی و لەم ڕێگەیەشەوە زیاتر ئەزموونەکەی دەوڵەمەندبکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرترین وێنەی ئەفسانەیی و ڕەمزیی و خواستنی بەکار هێناوە بەراورد بە جۆرەکانی تری وێنە.

**پاری سێیەم: ئاوازی شیعریی**

ئاوازی شیعریی ڕەگەزێکی گرنگ و دیاری شیعرە، کە لە هەست و سۆزی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێت. "ئاواز وەک ڕەگەزێکی دیار و ئاشکرای...، هەڵبەست ڕەنگدانەوەی ئەو سۆز و هەڵچوونەیە کە تاقیکردنەوەکانی شاعیر بەرپای دەکەن و لە هەڵبەستی ڕەسەندا لەگەڵ سەرجەم ڕەگەزەکانی تردا ئاوێتە دەبێت و وەک چۆن ئەوان کار لە چۆنیەتی و ڕادەی بەرپابوونەکەی دەکەن، هەر بەو جۆرە ئەمیش کار لەوان دەکات و دەبێتە بنەمایەکی کاریگەری لایەنی دەربڕین و جوانی بنیاتەکە" (علی، ١٩٩٨، ٨٦)، واتە هەست و سۆزی شاعیر و ئەزموونە شیعرییەکەی ڕۆڵی کارا دەگێڕێن لە بنیاتنانی ئاوازی ناوازە و دڵگیر بۆ شیعر، کە لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری شیعردا ئاوێتە دەبێت. ئاوازی شیعریی بریتییە لە "هەرشتێک کە تایبەتمەندی دەنگی هەبێ و خاوەن کاریگەری ئێستاتیکی یان گوزارشتی بێت" (مستەفا، ٢٠٠٩، ١٠٧). پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان شیعر و ئاوازەکەیدا هەیە، "ئەگەر شیعر مۆسیقای نەبێت، کاریگەری لەسەر خوێنەر نابێت چونکە مۆسیقا لایەنێکی گرنگە لە شیعردا و نەبوونی شیعرەکە لاواز دەکات" (شێخ_بزێنی، ٢٠١١، ٦٣).

ئاواز وەک ڕەگەزێکی سەرەکی و بەهاداری هۆنراوە هەر لە کۆنەوە جێی سەرنج و بایەخدانی ڕەخنەگران بووە یەکێک بووە لە سیما جیاکەرەوەکانی شیعر "هەر ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان ئاواز و هۆنراوەشە کە سەرجەمی ڕەخنەگران یەک دەخات، چونکە تێڕوانینیان دەربارەی هۆنراوە و تایبەتییەکانی هەرچییەک بووبێت ئەنجام هەموو لەوەدا یەکدەگرنەوە کە ئاوازی هۆنراوە دیاردەیەکی دڵگەشی ئەوتۆیە کە گیان دەکات بە بەر وشەکاندا و ئەوەندەی تر مانا و مەبەستەکانیان بەرجەستە دەکات" (علی، ١٩٩٨، ٨٧). هەر لەبەرئەوەشە ئاواز و مۆسیقا ڕەگەزێکی گرنگ و پێویستە و بەبێ ئەو زمانی شیعر پێک نایەت، جوانی بە شیعر دەدات و شیعریەت دەخوڵقێنێت، هەروەها هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ جیاکردنەوەی شیعر لە پەخشان و قسەی ئاسایی.

لە ڕەخنەی هاوچەرخدا کە باس لە ئاوازی شیعر دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆر ئاواز دەستنیشان دەکرێت ئەوانیش: (ئاوازی دەرەوە و ئاوازی ناوەوە)

**یەکەم: ئاوازی دەرەوە**

ئاوازی دەرەوەی شیعر لە دوو ڕەگەزی سەرەکی پێک دێت ئەوانیش کێش و سەروان و بەشدارن لە بنیاتی دەقی شیعرییدا، ئاوازی دەرەوە بەوە پێناسە دەکرێت، کە "هاوسەنگی و ڕێکەوتنێکی دەنگییە لە نێوان بزواو و نەبزواو و پیت و برگە و یەکەکانی ڕیتمدا بەپێی پێوانەی کۆن و نوێ دەتوانین بە کێش و سەروا دەستنیشانی بکەین" (سەعید، ١٩٩٩، ١٦).

• **کێش:**

ڕەگەزێکی بنەڕەتی و سەرەکی شیعرە، کە شیعر لە ژانر و هونەرەکانی تری ئەدەب جیادەکاتەوە. "کێش و ترپە و مۆسیقا بنەمایەکن لە بنەماکانی هەڵبەست، بەیەکەوە پێوەندیدارن و بوونیان پێکەوە پێویستە و نەبوونی هەر یەکێکیان کەموکوڕییەک  بە لەشی واتایی و شێوە و ڕوخساری هەڵبەست دەدات، کێش بریتی یە لە سەرجەمی ئەو پێ یانەی دێڕە هەڵبەستێک دروست دەکەن، کە لە عەرووزی عەرەبی دا تەفعیلەی پێ دەڵێن" (بیمار، ١٩٩٢، ١٠). کێش وەک پێکهاتەیەکی گرنگی شیعر و وەک تەرازوویەک، شیعر لە لەنگی دەپارێزێت و "دەستورێکی بنەڕەتییە لە دەستوورەکانی شیعر، ئەگەر لەو دەستووره لادرا ئەوا ئاوازی شیعر ناساز دێتە گوێ و لە جیاتی خۆشی و هەژاندن گرژبوون و بێزاریمان تێدا دروست دەکات" (بێدار، ٢٠١٣، ٧١). هەروەها سیروس شمیسا بەم جۆرە پێناسەی کێش دەکات " هۆنینەوە و گونجانێکی تایبەتییە لە دەنگ ئەم هۆنینەوە و گونجانەی دەنگەکان لای میللەتان جیا جیا چەشنە ئاواز و مۆسیقایەک دەردەخات" (شمیسا، ١٣٧٤هـ ١٢٠). بەکارهێنانی کێش وەک بنیاتێکی سەرەکی شیعر تایبەت نییە بە میللەتێکی دیاریکراو، بەڵکو "وەک مەرجێکی سەرەکی لە قاڵبی شیعری هەموو نەتەوەکان بەکاردێ، بەڵام هەریەکە بەگوێرەی سەردەمی خۆی" (گەردی-ب، ١٩٩٨، ٦٨)، واتە هەر نەتەوەیەک بەپێی سروشتی زمانەکەی خۆی جۆرە کێشێک پەیڕەو دەکات، کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی زمانەکەیدا بگونجێت.

لە شیعری کوردیشدا بەپێی قۆناغ و سەردەم چەند جۆرە کێشێک بەکارهاتووە، سەرەتا لە شیعری میللی و فۆلکلۆری کوردیدا، هەروەها ئەو شیعرانەی کە بە زاری هەورامی نووسراون کێشی پەنجە (بڕگە)یی خۆماڵیان بەکارهێناوە، پاشان کێشی عەروز بەکارهاتووە لە شیعری کلاسیکیدا دواتر لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، کە بە کاریگەری شەپۆلی نوێکردنەوەی شیعری تورکی هاتە ناو ئەدەبی کوردی و عەرەبییەوە، شاعیران گەڕاونەتەوە سەر کێشی بڕگەی خۆماڵی، کە (گۆران)ی شاعیر ڕۆڵی دیاری لەو نوێکردنەوەیەدا هەبوو. ئەم کێشە تا سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم پەیڕەو دەکرا، "بەڵام لە ئەنجامی کارتێکردنی نوێکردنەوەی شیعری عەرەبی هەندێک لە شاعیرانی کوردیش توانیان گۆڕان لە کێشی خۆماڵی بکەن و کێش و سەروا ڕەت بکەنەوە و بایەخ بە پەخشانە شیعر بدەن کە پابەند نابن بە کێش و سەرواوە وەکو شێوازە کۆنەکەی" (سعدون، ٢٠٠٦، ١٨٩).

### ١- کێشی عەرووز:

کێشی عەرووز بریتی یە لە "ڕیزبوون و بەدواداهاتنی وەک یەکی پیتی بزواو و نەبزواو لە هەردوو دێڕی بەیتێکدا چەشنە کێشێکی پێک هێناوە و بەهۆی دەستەکردنی پێکانیشەوە ژمارەیەک

(بەحر)یان دیاری کردووە کە هەریەکە و کێشێکی تایبەتی خۆی هەیە" (علی، ١٩٩٨، ١٢٢). جگە لە شاعیرانی ئەدەبیاتی گۆرانی سەرجەم شاعیرانی کلاسیکی کوردی پەیڕەوی ئەم کێشەیان کردووە.

ئەگەر سەرنج لە دیوانی جەلال مەلەکشا بدەین دەبینین شاعیر چەند شیعرێکی بە کێشی عەرووز نووسیوون، کە ژمارەیان زۆر کەمە و لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن.

بۆ نموونە لە شیعری (پەریزادی ئەوین)دا (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٢٥٠) کە بە کێشی (هەزەج) نووسیوویەتی شاعیر دەڵێت:

**لەتاریکی ژیانا دڵ بە وێنەی شەم نەکەم چی بکەم**
**گوڵاڵەی خوێن بە ئاڵا و بەیرەق و پەرچەم نەکەم چی بکەم**
**ئەگەر شەرتی ئەویندارى، پەژارە و ماتەم و دەردە**
**دڵی خۆم نوقمی گێژاوی خەم و ماتەم نەکەم چی بکەم**
**کێشی شیعرەکە (هەزەجی هەشتی تەواو)ەو بەم شێوەیە:**

**ب - - -/ ب - - -/ ب - - -/ ب - - -**

**مفاعیلن/ مفاعیلن/ مفاعیلن/ مفاعیلن**

**٢- کێشی بڕگەی خۆماڵی:**

کێشێکی نەتەوەیی کۆن و ڕەسەنی کوردییە، کە پشت بە ژمارەی بڕگە دەبەستێت لە کێشانەکردنی شیعردا، هەروەها زۆرجار بەکێشی پەنجەی خۆماڵی ناو دەبرێت، چونکە بە پەنجەکانی دەست بڕگەکانی ناو دێڕە شیعرەکان دەژمێرێت لەم کێشەدا، "حیساب تەنیا بۆ ژمارەی بڕگەکانی دیڕە شیعر و دابەشبوونیان بەسەر پێدا دەکرێت، گوێ بە جۆری بڕگە (کورتی و درێژی)و چۆنیەتی ڕیزبوونیان نادرێت، ئەمە کێشی ڕەسەنی کوردییە، هەموو شیعری میللی کوردی بەم جۆرە کێشە گوتراوە، هەروەها نزیکەی هەموو شیعری زاری گۆران بەم جۆرە کێشە نووسراوە، جگە لە زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکە شیعرییە باوەکانی کوردەواری و چیرۆکە ئاینییەکان" (گەردی-ج ٢٠١٤، ٢٣٩) دەسنەپێ سەرەکییەکانی ئەم کێشەش بریتین لە (٣، ٤، ٥) بڕگەیی.

لەشیعرەکانی جەلال مەلەکشادا ئەوانەی بەشێوەی ستوونین و ناچنە ژێر خانەی شیعری ئازادەوە و بەکێشی بڕگەیی نووسراون ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست زیاتر نین لەوانیش تەنها یەک شیعری بە کێشی هەشت بڕگەیی و ئەوانی تر یازدە و دوازدە بڕگەیین، کە لێرەدا نموونەیان دەخەینە ڕوو:

له شیعری (نەورۆزی کوردەواری)دا (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٢٦٥)، کە بە کێشی یازدە بڕگەیی نووسراوە شاعیر دەڵێت:

**نر/کە و/ ها/ژەی/ قەڵ/بە/زەی/ سەر/ شە/تا/وان/** **٣+٤+٤**

**قاس/پەی/ کە/وی/ خاڵ/ لە/ م/لی/ بەر/ کا/وان/** **٣+٤+٤**

**گو/ڵ و/ سەو/زە و/ دا/رو/بەر/دی/ دە/را/وان** **٣+٤+٤**

**گیان/ دە/بەخ/شن/ ئە/ما/نە /بە/ هە/نا/وان** **٣+٤+٤**

**له شیعری (من خەڵکی دنیا نیم)دا** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٢٤١)**، کە بە کێشی دوازدە بڕگەیی نووسیویەتی شاعیر دەڵێت:**

**چی/ خە/می،/ دن/یا/یە/، لە/ دڵ/ما،/ وەک/ پوو/رە/** **٣+٣+٣+٣**

**گاز/ ئەگ/رن،/ لە/ ڕو/حم/، خێ/ڵی/ ژەن،/گە/ سوو/رە/** **٣+٣+٣+٣**

**٣- کێشی ئازاد(سەربەست):**

ئاشکرایە، کە خاسیەت و تایبەتمەندی دیاری شیعری ستوونی کێش و سەروایە "شیعری ئازاد لەم دوو خاسیەتەدا تەواو خۆی بە دەستووری شیعری ستوونی نابەستێتەوە، هەمان پێی شیعری ستوونی بەکاردێنێ، بەڵام خۆی بە ژمارەی پێیەکانی دێڕە شیعرەکە نابەستێتەوە، پێیەک وەردەگرێ و لەهەر دێڕێکدا (دێڕ لە کێشی ئازاددا وەکو کێشی ژمارەیی یەک ڕیزە) ئەوەندە جارەی خۆی بیەوێ و ئاوازی شیعرەکە پێویست بکات دووبارەی دەکاتەوە...پەیڕەوی دابەشبوونی وردی سەروای کلاسیکی ناکات ...، بەڵکو کەی بە پێویستی زانی بەکاری دێنێت" (گەردی-ج ٢٠١٤، ٢٥٩).

سامان عیزەدین لە توێژینەوەیەکدا بە ناوی(شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا) چەمکی شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا ڕووندەکاتەوە بەجۆرێک، لە پۆلێنەکەیدا ئەوە دەخاتە ڕوو، کە لە ئەدەبی کوردیدا شیعری سەربەست بە هەردوو چەمکی ڕۆژئاوایی و عەرەبی پەیڕەوکراوە و لای شاعیران و ڕەنگی داوەتەوە.

شیعری سەربەست بە چەمکە ڕۆژئاواییەکەی "ئەو شیعرەیە، کە پابەندی کێش و سەروای تەقلیدی نابێت و تەنها بایەخ بە جۆرێک ڕیتم دەدات کە بەهای شیعرییەتی تێدا پارێزراو بێت" (سەعدون، ٢٠١٥، ١٦٨). هەرچی پەیوەستە بە ئەم چەمکە لە ئەدەبی عەرەبیدا ئەوا ئەو شیعرەیە، "کە پابەندی کێش و سەروا دەبێت، بەڵام بە شێوازێکی دەستکاریکراو هەڵیان دەسوڕێنێ کە جۆرێک

له سەربەستی بۆ شاعیر تێدایە کاتێ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات" (سەعدون، ٢٠١٥، ١٦٨). سەبارەت بە جەلال مەلەکشا زۆربەی دەقە شیعرییەکانی بە کێشی سەربەست نووسیوون بە هەردوو چەمکی ڕۆژئاوایی و عەرەبی، چونکە مەلەکشا لەساڵی ١٩٧٩ز دەستی بە نووسینی شیعری کوردی کردووە و ئاگاداری ئەزموونی نوێگەری کوردستانی باشوور بووە، ئەم جۆرە کێشە لە باشووری کوردستان بەکارهاتووە و "یەکەم شاعیر لە بواری نووسینی شیعری بێ کێش و سەروا واتە بەو چەمکەی ڕۆژئاوا برایم ئەحمەد و هەروەها شاعیران (کامەران موکری و نوری وەشتی)یە دواتریش لەسەر دەستی لەتیف هەڵمەت پەرەی سەند و چەسپا، یەکەم شاعیریش لەبواری نووسینی شیعری سەربەست بەو چەمکەی کە لەسەر پێ دامەزراوە گۆرانە و دواتر لای دیلان و ع. ح. ب و کاکەی فەللاح و دڵزارەوە پەرەی پێدراوە لە هەفتاکاندا لەسەر دەستی کۆمەڵێک شاعیری قۆناغەکە بەتەواوی گەشەی کرد و ڕەگی داکوتا." (سەعدون، ٢٠١٥، ١٦٨). جەلال مەلەکشا وەک لەبەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێداوە لەژێر کاریگەریی شاعیرانی وەک گۆران و شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵا پەشێودا توانیویەتی ئەم جۆرە کێشە بە هەردوو چەمکەکە بەکاربهێنێت لە کاتێکدا کە پێشتر سوارەی ئێلخانی زادە شیعری کوردی بە کێشی نیمایی بەرەو نوێکردنەوە بردبوو.

شیعری (حەسرەت) (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ١١١) کە شیعرێکی سەربەستە بە چەمکە ڕۆژئاواییەکەی، کە تێیدا چەمکی بەیت تێکشکاوە و ژمارەی پێیەکان بە نایەکسانی بەسەر دێڕەکاندا دابەش بوون، بەم جۆرەیە:

**من بیر لەو بەهارە ڕەنگینە دەکەمەوە**
**هات و تێپەڕی و**
**ئێمە نەمانتوانی**
**بۆن بە گوڵێکیەوە بکەین!**
**بۆنی خوێن، مەستی کردبووین و**
**خوێنی یەکترمان**
**لە پەرداخی فیشەکدا فڕ دەکرد!**

شیعری (ڕێگەی دژوار) (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ١٥٣)نموونەیەکە لە شیعری سەربەست بە چەمکە ڕۆژئاواییەکەی.

**فریشتەکەم!**
**منیش ڕێبواری ئەم ڕێگە بزمارڕێژەم**
**هەر ئەڕۆم و چقڵ، سینگی هەستم دەدڕێ**

**هەزار هەزار چەقۆی دەمەزەردی سیخوڕ**

**شوێنی هەنگاوم هەڵدەگرێ**

**هانێ دەستم!**

**وەرە با پێکەوە بڕۆین**

شیعری (بۆسەی ئەوین)دا (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٤٦) شیعری سەربەستە بە چەمکە عەرەبییەکەی، کە شاعیر پەیڕەوی کێشی بڕگەیی کردووە پێیەکانی بە پێنج بڕگەیی دابەشکردووە، دێڕی وایە پێنج بڕگە و دێڕی وایە پێنج+پێنج دەقەکەی پێ بنیاتناوە، هەروەها سەروای شیعرەکەی لەسەر بنەمای کۆپلە ڕێکخستووە، نەک دێڕ و ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە داهێنان، بەمجۆرە:

**چاوە چاو مەکە ٥ بڕگە**

**بە مژێکی خەست ٥بڕگە**

**ڕێگە و دەر و بان، گشت داپۆشراوە! ٥+٥ بڕگە**

**دنیا خامۆشە ٥ بڕگە**

**وەرزێکی زردە ٥ بڕگە**

**ئەو گوڵەی کە تۆ بە دوایدا ویڵی ٥+٥ بڕگە**

**لە بۆسەیەکدا پەرژین کراوە! ٥+٥ بڕگە**

**ئەم ڕێگە ئاخۆ ٥ بڕگە**

**چەند ڕێبواری، لە پێی خستووە؟ ٥+٥ بڕگە**

**دێوی ڕێگری باخی ژین ئاخۆ ٥+٥ بڕگە**

**چەند پەتی مەرگی ٥ بڕگە**

**بۆ ڕێبوارانی ئەوین ڕستووە! ٥+٥ بڕگە**

لە کۆپلەی یەکەم و دووەم سەرواکان (داپۆشراوە، پەرژین کراوە) لە کۆپلەی سێیەم و چوارەم (خستووە، ڕستووە)

- **سەروا (قافیە):**

ڕەگەزێکی سەرەکی شیعرییە و لە گەڵ کێشدا پێکەوە ئاوازی دەرەوەی شیعر پێکدێنن و ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بنیادنانی دەقی شیعریدا، هەروەها ڕۆڵی هەیە "لە دروستکردنی کەش و هەوایەکی لەبار کە ڕێگا بۆ گەیاندن و گواستنەوەی بیر و سۆز و تاقیکردنەوەی شیعریی و شعوریش خۆش دەکات" (گەردی، ١٩٩٨، ٥). سەروا جوانی و ڕەوانی و لایەنی ئیستاتیکی بە شیعر دەبەخشێت و

ئاوازێکی دڵگیر و سازگار بە بەیتەکە دەبەخشێت و شیعر جوانتر دەکات، لەگەل ئەوەشدا ئەرکی پێکەوەبەستنی دێڕ و پارچەکانی دەقی شیعری لە ئەستۆدایە.

"سەروا سیستەمێکی تەواوە هەر لە سەرەتاوە شیعر پێش کێش ئاشنایەتی لەگەڵ پەیدا کردووە، دیاردەیەکی مۆسیقییە بەندە لەسەر دووبارە بوونەوە، واتە دووبارە بوونەوەی دەنگی کۆتایی لە هەموو دێرە شیعردا" (مبارک، ١٩٨٣، ١٧٩)، هەروەها دکتۆر مارف خەزنەداریش بەم جۆرە پێناسەی سەروا دەکات: "دێرە شییعرەکانی شیعر بە وشەیەک دواییان دێت، ئەم وشانە لەلایەن کێش یان ئاوازەوە لە یەکتری ئەکەن، وە بەلای کەمییەوە ئەبێت تیپی دوایی هەموو ئەم وشانەی دێرە شیعرەکان یەک بن، ئەم وشانەش قافیەیان پێ دەڵێن، ئەمە بە نیسبەت ئەو شیعرەی یەک قافیەی هەبێ، بەڵام ئەگەر هاتوو لە شیعرێکدا قافیەکان گۆڕان، ئەوکاتە هەر بەشە قافیەکی لە یەکچوو ئەو وتەی سەرەوەی بە سەروا تەتبیق دەکرێت" (خەزنەدار، ١٩٦٢، ٥٦). ئاشکرایە، کە سەروا لە شیعری هەموو نەتەوەکاندا وەک یەک نییە، بەڵکو "هەر نەتەوەیەک بەپێی خاسیەتی تایبەتی فۆنۆلۆجی زمانی خۆی و قۆناغی پێشکەوتنی ئەدەب و ڕۆشنبیری گشتی و پەیوەندییە زانستییەکانی تر جۆرە سەروایەکی پەیڕەو کردووە" (کەریم، ٢٠٠٦، ١٨٢). سەبارەت بە سەروای شیعری کوردی د. دڵشاد عەلی دەڵێت: "دەنگێ یان زیاتری دووبارەکراوەی ناو بنیاتی هەڵبەستێکە و بەگشتی دەکەونە کۆتایی دواپێی ئەو دانە ئاوازەییانەی کە هەڵبەستەکەی لێپێکدێت، وەک دێڕ و بەیت و ڕستەی هۆنراوەیی ئەرکیشیان پێک هێنانی نەغمەیەکی دڵکێشە و بەشێک لە ئاهەنگ و ئاوازی دەرەوەی هەڵبەستەکە بەدی دەهێنن، دیارە مەبەستیشمان لە تەنها دەنگێ، هەر بزوێنە درێژەکانە، ئەگینا نەبزوێن بەتەنها ناتوانێ قافیە پێک بهێنێ ئەگەر بزوێنێکی لەگەڵدا نەبێت، دەبێ بزوێنی پێش نەبزوێنەکان وەک یەک بن نەک هەر نەبزوێنەکان خۆیان" (علی، ١٩٩٨، ١٠٢).

شاعیرانی نوێخواز لە شیعرەکانیاندا خۆیان پابەندی یاسایەک ناکەن، کە لە شیعری کۆندا بۆ نموونە سەروای یەگرتوو بەربەستێک بوو بۆ شاعیران، کە نەیاندەتوانی بە ئازادی بیرەکانیان دابڕێژن، بەڵام شاعیری نوێ بەپێی پێویستی سەروا بۆ شیعرەکانیان دادەنێن ئەمەش شاعیر ئازاد دەکات لە هێنانەوەی سەروای جیاواز دا، عەزیز گەردی لەم بارەیەوە ڕای وایە "شاعیر بە هیچ جۆرێک خۆی بە هیچ جۆرە دەستوورێکی سەرواو هیچ قاڵبە سەروایەک نابەستێتەوە،. لە سەروا هێنانەوەدا گوێ بە یاسای دەرەوە نادات، تەنیا گوێ لە هەست و سوز و بیری خۆی دەگرێ، سۆز و بیری کەی و چ جۆرە سەروایەکی بوێ، پەیڕەوی ئەو سەروایە دەکات، واتە هەست و سۆز و بیری شاعیر ناترینجێنرێتە ناو بۆتەی تەسکی قاڵبە سەرواوە، بەڵکو سەروا ملکەچ دەکرێت بۆ هەستی ناوەوەی شاعیر و چۆنیەتی کارکردنی لە خوێنەر" (گەردی، ١٩٩٨، ٣٠٨)، هەر بۆیە شاعیران بایەخیان بە

جۆرێکی تر لە مۆسیقای شیعریدا، کە پشت بە سەروای ناوەوە دەبەستێت ئەمەش شاعیر ئازاد دەکات بۆ دەربڕینی هەر بیر و هەست و سۆز و ناوەڕۆکێکی شیعریی.

هەر لەم ڕووەوە کاتێک لە شیعرەکانی جەلال مەلەکشا ورد دەبینەوە شاعیر چەند جۆرێک سەروای بەکار هێناوە لەوانە:

**١- سەروای یەکگرتوو:**

بریتییە لە پەیڕەویکردنی یەکێتی سەروا لەسەرەتاوە تا کۆتایی هونراوەکە کەواتە "ئەو پارچە قەسیدە و غەزەلانە دەگرێتەوە کە هەموو لەتەکانیان یان هەموو دێڕەکانیان لەسەر یەک سەروا بێت" (گەردی، ١٩٩٨، ١٠٥). زۆربەی شیعری کلاسیکی بەم سەروایە نووسراوە، مەلەکشا لە دوو دەقی شیعریدا ئەم سەروایەی بەکارهێناوە، بۆ نموونە شیعری (مەرگەسات) (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٢٦٠)

**شەو کڵافێکی ڕەش و شێواوە بۆم هەڵناکرێ**
**زوڵمەتێکی قووڵە ئاسان ناڕەوێ، تێک نادرێ**
**من کە ڕێبواری بیابانی ژیانی سەخڵەتم**
**ڕێ دەپێوم لەم کڕێوە و تۆفەدا بۆ ئاگرێ**
**هێندە ژارم چێشتووە و زوقمی خەمم لێ نیشتووە**
**تەن بووە وەک هەیکەلی ئازار و ئیتر نامرێ**

دێڕی یەکەم لە هەردوو لەت هاوسەروان لە دێڕەکانی تریشدا نیوە دێڕی دووەم لەهەر دێڕێکدا هەمان سەروای دێڕی یەکەمیان هەیە، وشەکانی سەروا بریتین لە (هەڵناکرێ، نادرێ، ئاگرێ، نامرێ) کە هەموویان لە دەنگی (رێ) هاوبەشن قاڵبی سەرواکە بەم شێوەیەیە تا کۆتایی:

AA,BA,CA

هەروەها مەلەکشا چوار دەقی شیعریی هەیە، کە پاش سەروای تێدا بەکارهێناوە، پاش سەرواش بریتی یە "لەو وشەو دەستەواژانەی کە بەهەمان واتا لەدوای وشەی سەرواوە لە کۆتایی لەت یان دێڕە شیعرەوە دووبارە دەبنەوە، کە ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاویان هەیە لە بەخشینی ئاوازی زیاتر بە هۆنراوەکە" (ئەورەحمان، ٢٠١٥، ١٧٨). لە شیعری (نیشتمانی خۆم دەوێ) (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٢٥٧) شاعیر دەڵێت:

**من کە سووتاوی فیراقم ئیتر <u>ئاوم</u> <u>بۆ چیە</u>**
**خەزنەداری گەنجی عەشقی تۆم <u>دراوم</u> <u>بۆ چیە</u>**
**کەم بە شمشێری برۆ قەسدی دڵی زارم بکە**
**من شەهیدی تیغی تیژی تازە <u>ساوم</u> <u>بۆ چیە</u>**

وشەکانی سەروا بریتین لە (ئاوم، دراوم، ساوم) وشەی (بۆ چیە) پاش سەروایە لە کۆتای وشەکانی سەروادا و بەهەمان واتا دووبارە بۆتەوە.

### ٢- سەروای هەمەڕەنگ

سەروای هەمەڕەنگ یەکێکە لە سیماکانی شیعری نوێی کوردی، کە مەبەست لێی ئەوەیە سەروای شیعر لە سەرەتاوە تا کۆتایی وەک یەک نەبێت ئەم جۆرە لە سەروا بواری داهێنان لەبەردەم شاعیرندا فراوان دەکات و سەربەستی دەدات بەشاعیر و "ئاسۆیەکی ئەوتۆی لەبەردەم شاعیراندا کردۆتەوە کە بتوانن سەربەستانە مامەڵە لەگەڵ قافیەدا بکەن و ئاوازی دەقەکانیان، لە یەک نەسقی دەرباز بکەن." (عەلی، ٢٠٠٧، ٢٢١) هەروەها سەروای ڕەنگاوڕەنگ ئاوازی هەمەڕەنگ بە هۆنراوە دەبەخشێت و ڕازاوەتری دەکات. ئێمە لێرەدا تەنها باس لەو جۆرانە دەکەین کە شاعیر بەکاری هێناون.

- ✓ **مەسنەوی (جووت سەروا)**

جۆرێکە لەشیعر کە هەر دێرە و سەروای تایبەتی خۆی هەیە کە جیاوازە لە سەروای دێڕەکانی تر ئەم جۆرە سەروایە زیاتر لە شیعری فۆلکلۆری و شیعری شێوە زاری گۆرانی و داستان و هۆنراوەی دوور و درێژدا بەکارهاتووە. جەلال مەلەکشا (١٢) دەقی شیعریی هەیە کە بەم جۆرە سەروایە نووسیوویەتی، شاعیر لە شیعری (نەورۆزی کوردەواری)دا (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٢٦٥) دەڵێت:

**خەم چۆڵی کرد هاتەوە ڕۆژی شادی**

**شەختەبەندی ژیانی نامورادی**

**ڕۆیی زستانی بەدفەڕی دەرۆزە**

**جەژنی کوردانە، نەورۆزی پیرۆزە**

لێرەدا هەر دێڕێک سەروای تایبەتی خۆی هەیە وشەکانی سەروا بریتین لە (شادی، نامورادی، دەرۆزە، پیرۆزە) قاڵبی سەرواکەش بەم شێوەیەیە: AA, BB

- ✓ **سەروای چوارین:**

هونەرێکی شیعرییە لە چوار لەتە شیعر پێکدێت "چوارینە پارچەیەکی چوار لەتییە کێش و سەروای تایبەتی خۆی هەیە، پارچەیەکی تەنیایە و مەبەستێکی تایبەتی دەردەبڕێت وەکو (سۆفیزم، دڵداری، فەلسەفە، مەی، مەیخانە، قسەی نەستەق، دانایی و شتی تر)" (گەردی، ١٩٩٨، ٢٠٤)

جەلال مەلەکشا تەنها (٦) چوارینی هەیە، کە چواریان چوارینی ناتەواون، لەم چوارینەدا نیوە دێڕی یەکەم و دووەم و چوارەم هاوسەروان و نیوە دێڕی سێیەم سەرواکەی جیایە قاڵبی سەرواکەش بەم شێوەیەیە: (AABA)

**کڵاو چەرخانە ژین دەڕوا بەپرتاو**

**کە چوو بێهودەیە، نایگاتێ هەنگاو**

**وەرە ساقی پیاڵەی تر بگێڕین**

**نەکا مەرگ ئێخەمان بگرێ لەناکاو** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٢٣٩)

وشەکانی سەروا بریتین لە (بەپرتاو، هەنگاو، لەناکاو) لە دەنگی (او) سەرواکە دروست بووە، سەروای نیوە دێڕی سێیەم جیایە.

جەلال مەلەکشا (٢) چوارینی تری هەیە کە بە سیستەمی سەروای (ABCB) نووسیوویەتی ئەم جۆرە سەروایە "لە شیعری ئەوروپیدا لە بەلاد (ballad) بەرچاو دەکەوێت، کە گۆرانییەکی چیرۆک ئامێزە و بەدەم سەماوە دەگوترێت باوترین پارچەی بالاد چوارینەیە و بەزۆری تەنیا لەتی(٢،٤)ی هاوسەروان، بەلاد هەر ئەم قاڵبە سەروایەی نییە، ئەگەرچی ئەمەیان زۆر باوە و ناسراوە" (گەردی، ١٩٩٨، ٢١٤). بەلاد لە چوارینێکدا دروست دەبێت کە لەتی یەکەم و سێیەم هیچ پەیوەندییەکی سەروایان نیە و سەروا لە لەتی دووەم و چوارەمدایە. قاڵبی سەرواکەش بەم شێوەیە: ABCB

**بە هەر لا دەنۆڕم وەکوو یادگارێ**

**کەلامێک و نەخشێک لە ڕابردوو ماوە**

**لەسەر سینگی ئەو دارەپیرە دەبینم،**

**دڵی خۆم و خۆتە کە تێکەڵ کراوە** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٢٦٧)

وشەکانی سەروا بریتین لە (ماوە، کراوە) دەنگی (اوە) سەرواکەی دروستکردووە سەروای نیوە دێڕی یەکەم و سێیەم جیاوازە.

- ✓ **سەروای ئازاد:**

سەروای ئازاد ئەوەیە "کە شاعیر خۆی بە هیچ قاڵبی دەرەوە نابەستێتەوە، هاتنی بەپێی یاسای دەرەوە نییە، بەپێی هەست و نەستی شاعیرە، بەپێی دابەشبوونی ڕستەو دەستەواژەی شیعرەکەیە، شاعیر کەی ویستی و بە چاکی زانی سەرەتای سەروا دادەمەزرێنێ و کەی بۆی گونجاو بێ زۆر لە خۆکردن، سەرواکە دووبارە دەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەوڵ دەدا سوود لە ڕەگەزی تری دەنگ و وشە وەربگرێت بۆ قوڵ کردنەوەی ریتمی شیعرەکە و پتەوکردنی سەرواو دەوڵەمەندکردنی ئیحا و دەلالەتی وشەکان" (گەردی، ١٩٩٨، ٣٠٥)، هەر بۆیە سەروای ئازاد بوار بە شاعیر دەدات هەست و نەستی بە ئازادانە دەرببڕێ و خۆی گیرۆدەی داوی سەروا نەکات، کە ئەمەش داهێنان لەبەردەم شاعیراندا واڵا دەکات. هۆنراوەی کوردیش "لە حەفتاکان بەدواوە هەندێ گۆڕانکاری بەسەر

سەرواى شیعردا هێنا، نەریتی باوی سەرواى کلاسیکی و جووت سەروا و چوارینی شکاند و کەمتر لە پێشوو خۆی پابەندی سەروا دەکرد" (سعدون، ٢٠٠٦، ١٩٢). بەمجۆرە شیعری کوردی هەنگاوێکی نوێی نا بۆ خۆنەبەستنەوە بە سەروایەکی دیاریکراوەوە لە شیعردا جەلال مەلەکشا وەک شاعیریکی ئەو قۆناغە و بەو پێیەی زۆربەی شیعرەکانی شیعری ئازادن، کە تێایدا پەیڕەوی سەروایەکی دیاریکراوی نەکردووە و چۆنی ویستبێت ئاوا سەرواى شیعرەکانی بنیاد ناوە و ئاوازی دەرەوەی پێ ڕێکخستووە.

شاعیر لە شیعری (ئاواز)دا (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ١٠٦) نموونەیەکە لە سەرواى ئازاد، کە شاعیر دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **١- دڵێکیان شکاند** | A |
| **٢- شیعرێک قیژاندی** | B |
| **٣- چەند وشەی باڵدار** | C |
| **٤- خۆیان کرد بە ناو دڵۆپێ خوێنا** | D |
| **٥- دڵۆپە خوێنیش دای لە شەقەی باڵ!** | E |
| **٦- قامیشەڵانی کردە هێلانە** | F |
| **٧- شوانێکی دڵدار** | C |
| **٨- قامیشی بڕی** | H |
| **٩- ئیتر لەوساوە** | I |
| **١٠-چەند وشەی باڵدار** | C |
| **١١- وەک کورتە شیعرێک** | G |
| **١٢- بوون بە ئاوازی نێو گەرووی شمشاڵ!** | E |

لەم شیعرەدا شاعیر (٩) جۆر سەرواى بەکارهێناوە، سەرواى نیوە دێڕەکان جیاوازن، جگە لەسەرواى نیوەدێڕی (٣،٧،١٠)، کە سەرواى(C) هاوسەروان، هەروەها نیوە دێڕی (٥، ١٢) سەرواى (E)هاوسەروان، شاعیر خۆی بە سەروایەکی دیاریکراو نەبەستۆتەوە و پەیڕەوی سەرواى ئازادی کردووە.

**دووەم: ئاوازی ناوەوە**

ئاوازی ناوەوە لایەنێکی گرنگ و کاریگەری دەقی شیعرییە، کە پێکەوە لەگەڵ ئاوازی دەرەوەدا ئاوازی گشتی هەڵبەست پێک دێنن "کێش کە ئەرکی پێکهێنانی ئاوازی دەرەوەی هەڵبەست دەگرێتە ئەستۆ و دەبێتە چوارچێوەیەکی پتەو بۆی و لە پەرش و بڵاوی دەیپارێزێت، هەر بەتەنها ئەو ئاوازی

هەڵبەست ئەنجام نادات بەڵکو لەپاڵیدا ئاوازێکی تر لەئارادا دەبێت کە ئاوازی ناوەوەی هەڵبەستەکەیە. (علی، ١٩٩٨، ٨٨). ئاوازی ناوەوەی شیعریش بەهۆی ڕێکخستنی جوانی وشەکان لە دێڕە شیعرەکاندا و پاش و پێشخستنیان و دووبارەکردنەوەی پیت و دەنگ و وشەکان، کە پێکەوە ئاوازو مۆسیقایەکی دڵگیر و ڕەوان بە شیعر دەبەخشن.

ئاوازی ناوەوە بریتییە لە "نەغمەی دەنگەکان و لێکدان و پێکەوە گونجانیان و پاش و پێشخستنی وشە و بە کارهێنانی هەندێ لە ئامڕازە زمانییەکان، بە جۆرێکی ئەوتۆ کە زۆر جار لە کێشەکان کاریگەرتر دەبن" (علی، ١٩٩٨، ٨٩). دووبارەکردنەوەی دەنگەکان لە وشەکانی ناوەوەی شیعردا لای فۆرمالیستەکانی وەک (جاکۆبسن) "یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئاوازی ناوەوەی دەقی شیعریی" (جیدة، ١٩٨٠، ٣٦٠)، بەلای (ئیلیۆت)یشەوە "ئاوازی وشە ئەنجامی پەیوەندی وشەکان خۆیانە بە پێش و دوای خۆیانەوە، هەروەها بە سەرجەمی ئەو دەقەی کە تیایدایەتی ئەمە جگە لەوەی کە ئاوازی وشە لە توانای بزواندنەکەیدا دەبینرێت" (بکار، ١٩٨٣). بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی، کە ئاوازی شیعر دەیبینێت لەبنیاتنانی مۆسیقای شیعردا شاعیران هەر لە کۆنەوە پەنایان بۆ بردووە و شاعیرانی کلاسیک لە ڕێگەی دانانی کێش و سەرواوە بۆ شیعرەکانیان ئاوازی دەرەوەی هۆنراوەکانیان پێکهێناوە و لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی پیت و دەنگ و وشە و دەستەواژەوە ئاوازی ناوەوەیان لە شیعردا بەرجەستە کردووە، هەرچەندە ئاوازی ناوەوە لای شاعیرانی نوێ و هاوچەرخ زیاتر بەدی دەکرێت. هەر شاعیرێکیش بە جۆرێکی تایبەت مامەڵە لەگەڵ کەرەستە زمانییەکان دەکات، کە پەیوەندی بە کارامەیی و لێهاتووی شاعیرو ئەو هەست و سۆزەوە هەیە کە دەریدەبڕێت بەمەبەستی پێکهێنانی ئاوازی ناوەوە بۆ شیعرەکەی، هەر بۆیە " هەموو دەقێکی شیعریی ریتمێکی ناوەوەی تایبەت بە خۆی هەیە، گەڕان بەدوای ئەم ڕیتمەدا، تێگەیشتن و هەستکردن بە ئێستاتیکای دەقەکە قووڵ دەکاتەوە" (حسێن، ٢٠٠٨، ١٩٨). جەلال مەلەکشا وەک شاعیرێکی نوێخواز لە شیعرەکانیدا سەلیقەیەکی وردی بەکارهێناوە لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی دەنگ، وشە، دەستەواژە، ڕستە و کۆپلەوە ئاوازی ناوەوەی شیعرەکانی پێکهێناوە، کە ئەمەش مۆسیقایەکی خۆش و ناوازەی بەشیعرەکانی بەخشیوە.

- **دووبارەکردنەوەی دەنگ:**

دووبارەکردنەوەی دەنگێک یان زیاتر لە (وشەیەک، دێڕێک، کۆپلەیەک)دا یان لە سەرجەمی شیعرەکەدا مۆسیقا و ڕیتمی ناوەوە دروست دەکات "دووبارەکردنەوەی پیتەکان هۆکارێکی سەرەکی دروستبوونی ریتمی ناوەوەی شیعرە، کە شاعیرەکان هانای بۆ دەبەن و بایەخی پێ دەدەن لە نووسینی شیعردا" (سعدون، ٢٠٠٦، ٢٠٤). لە شیعرەکانی مەلەکشادا دیاردەی دووبارەبوونەوەی

دەنگیی بە شێوەیەکی بەرفراوان دەبینرێت وەک لە شیعری (بەخشش)دا (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٣٦) شاعیر دەڵێت:

**خەڵکی وڵاتی گریانم**
**کێڵگەی کامتان وشک و برینگە**
**هەردوو چاوم پێشکەش ئەکەم**
**وەک شەم لەناو شەوەزەنگا**
**دەسوتێم و دەتوێمەوە**
**شەوگاری کامتان زۆر ڕەشە**
**دڵی ڕوونم دابەش ئەکەم**

ئەگەر سەرنجی ئەم شیعرە بدەیین دەبینین دەنگی نەبزوێنی (ک، ش) چەند جارێک دووبارە بوونەتەوە، دەنگی (ش)، کە هەر لەناونیشانی شیعرەکەوە تا کۆتایی (١٠)جار دووبارە بۆتەوە، هەروەها دەنگی (ک) (٨)جار دووبارەبۆتەوە و دەنگی (م) (١٠)جار، دەنگی (گ) (٥)جار دووبارەبۆتەوە، هەروەها بزوێنە کورتی(ە) (١٨)جار دووبارە بۆتەوە دووبارەکردنەوەی ئەم دەنگانە لە تەنها شیعرێکدا توانا و لێهاتوویی شاعیر دەردەخات بۆ یاری کردن بە دەنگەکان لە وشەکاندا، و خۆنەبەستنەوەی شاعیر بە یاسا و دەستوور دەردەخات، کە ئازادانە ئەوەی ویستوویەتی و مەبەستی بووە بە شێوازێکی جوان دەریبڕیوە، کە ئەمەش ئاوازێکی ناوازەی بە شیعرەکەیداوە.

- **دووبارەکردنەوەی وشە و دەستەواژە و ڕستە:**

دووبارە کردنەوەی وشە و دەستەواژە و ڕستە رۆڵی خۆیان دەگێڕن لە دروستکردنی ئاوازی ناوەوەی شیعردا و ماناو مەبەستی شاعیر قوڵ دەکەنەوە، لەبەرئەوەی "دووبارەکردنەوە تەنیا پەیوەست نییە بە مۆسیقا، بەڵکو لەگەڵ بیرۆکەدا پێکەوە مۆسیقای تێکست دابیندەکەن." (عوسمان، ٢٠١٨، ٢٤٣) ئەم دیاردەیەش لای جەلال مەلەکشا لە شیعرەکانیدا دەبینرێت وەک شیعری (سوارۆ) (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٦٤)

**سوارۆ گڕێکە شەو ڕادەماڵێ**
**سوارۆ شەمێکە کە سێبەر سەر ئەبڕێ**
**سوارۆ سەمای عیشق و خوێنە**
**سوارۆ پەیامی بەهارە**
**سوارۆ بەر بەرۆکی ژیان و گوڵووکی ئەوێنە**

لەم شیعرەدا بە ناونیشانەکەوە شاعیر (٦)جار وشەی (سوارۆ)ی بە شێوەی ستوونی دووبارەکردۆتەوە، کە بەهۆی ئەم دووبارەکردنەوەیەوە شاعیر مەبەست و بیری خۆی دەربڕیوە و جوڵە و بزاوتنێکی بە شیعرەکە بەخشیوە و سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و مۆسیقا و ئاوازێکی دڵگیر بە هۆنراوەکەی دەدات،

شاعیر لەباری ئاسۆییدا وشەی دووبارە کردۆتەوە وەک شیعری (تەنیا) (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ١٨)

**ئێستا تەنیا، تەنیا، تەنیا**

**لە شەقامە چۆڵەکانی ڕۆحی خۆمدا، سەرگەردانم!**

**وەک شەپۆلێکی یاخیم و لە دەریای خۆم هەڵبڕاوم**

**هیچ بەندەرێک باوەشم بۆ ناکاتەوە!**

شاعیر وشەی (تەنیا)ی (٣)جار بە شێوەی ئاسۆی و بە دواییەکدا دووبارە کردۆتەوە، کە دەیەوێت جەخت لە دۆخی تەنیایی و بێکەسی خۆی بکات لە ڕێگەی ئەم هونەرەوە مۆسیقا و ئاوازی شیعرەکەی بەرجەستە کردووە، هەروەها لە شیعری (دوو تابلۆی ژیان) (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٨٥) نموونەیەکە لە هونەری دووبارە کردنەوەی وشە، کە تیایدا شاعیر دەڵێت:

**چاوەڕوانین!**

**هەموو کاتەکانی ژیانمان**

**چاوەڕوانی ڕووداوێکین**

**ڕووداوەکان ڕوو دەدەن و**

**ئێمە هەروا چاوەڕوانین!**

**لەدایک بوون، ڕووداوێکە**

**مردن ڕووداوێکی دیکە**

**ژین مەترسی نێوان ئەو دوو ڕووداوەیە!**

شاعیر هەردوو وشەی (چاوەڕوانی، ڕووداو)ی چەند جارێک دووبارە کردۆتەوە، وشەی (چاوەڕوانی) سێ جار و وشەی (ڕووداو) پێنج جار دووبارە کردۆتەوە کە بەهۆیەوە ڕیتم و مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکەی پێکهێناوە، کە مانایەکی قوڵی فەلسەفی بەرجەستە کردووە.

هەندێک جار شاعیر دەستەواژەیەکی چەند جارێک دووبارە کردۆتەوە و ئاوازی ناوەوەی شیعرەکەی پێ بەرجەستەکردووە، وەک شیعری (داستانی دارەپیرە) (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ١٢٣)

**دارەپیرە، بەر لە مێژوو**

**لە نێو ئەم خاکە ڕوابوو...**

**دارەپیرە ڕیشەی ژینی**

**تا نێو دڵی گابۆڕ و ماسی کوتا بوو!!!**

شاعیر لە سەرجەمی شیعرەکەدا (١٥) جار دەستەواژەی دارەپیرەی دووبارەکردۆتەوە کە بەهۆی ئەم هونەرەوە جەخت لە گەیاندنی پەیامەکەی ئەکاتەوە، کە مەبەستی دێرینی و ڕەسەنایەتی نەتەوەی کوردە لەسەر نیشتمانی خۆی و ئاوازی ناوەوەی شیعرەکەی پێکهێناوە .

دووبارەکردنەوەی ڕستە لەشیعری (پەری شیعر)دا (مەلەکشا، ١٣٩١هـ) هونەرێکی ترە، کە مەلەکشا ئاوازی ناوەوەی شیعرەکەی لێ پێکهێناوە لە دیوانەکەیدا و لە هەندێ شیعردا بەرچاودەکەون.

**پەری!**

**دەرکەم لێ کەرەوە**

**خەم خەریکە دڵم ئەخوات، پێدەکەنێ**

**هاکا لەبەر دەرکەکەدا**

**سینگی شەق بێ گوڵ خەندەران!**

ڕستەی (پەری! دەرکەم لێ کەرەوە) لە سەرجەمی شیعرەکەدا (٤) جار دووبارە بۆتەوە، کە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و شاعیر هەست و سۆزی خۆی پێ دەربڕیووە بۆ خۆشەویستەکەی و ئاوازی ناوەوەی شیعرەکەی پێ جۆشداوە.

- **دووبارەکردنەوەی کۆپلەیی:**

ئەم هونەرە بریتییە لە دووبارەکردنەوەی کۆپلەیەک لە سەرەتا و کۆتایی شیعرێکدا، یان لە سەرەتای پارچەیەک لە شیعرەکەدا وەک لە شیعری (هێلانەی من...) دا (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ١٩٩)

**<u>هۆ کیژۆڵە قژ سەوزەکەی دارستانی هەست و شیعرم</u>**

**<u>چۆن بێمەوە؟</u>**

**ئەم گێژاوە دەمخنکێنێ**

**لەم لێمشتە سامناکە چۆن بپەڕمەوە؟!................**

**<u>هۆ کیژۆڵە قژ سەوزەکەی دارستانی هەست و شیعرم</u>**

**<u>چۆن بێمەوە؟!</u>**

**لە نێوانی من و تۆدا**

**شمشێرێکە و**

**خوێنی هەزار ئەویندارى لێ دەچۆڕێ**

ئەم شیعرە، کە لە چوار کۆپلە شیعر پێکهاتووە و لە سەرەتای هەر چوار کۆپلەکەدا کۆپلەی هێڵ بەژێردا هاتوو دووبارەبۆتەوە و ئاوازی ناوەوەی بە شیعرەکە داوە.

## پاری چوارەم: تەکنیکی شیعریی

### یەکەم: گێڕانەوە

چیرۆک بریتییە لە گێڕانەوەی ڕووداو بەشێوەیەکی هونەری "لەکۆنترین سەردەمەکانەوە هاوەڵی هونەری شیعرییە، نموونەی ئەوەش داستانە شیعرییە کۆنەکانە... شیعر هەتا هەنووکەش لەهونەری گێڕانەوە یان چیرۆک هەڵدەگۆزێت و لێیەوە سروش وەردەگرێت و بەرهەمی خۆی پێ چڕوپڕ دەکات و پێشدەخات، ئەمەش گرنگی بەخشیوە بە هونەری شیعریی و بەو پێیەی کە هونەری چیرۆک و گێڕانەوە نزیکە لە هەستەوەری شیعرییەوە" (ئەمین، ٢٠١٤، ٤٠). نزیکبوونەوەی ئەم دووژانرە و ئاوێتە بوونیان لەگەڵ یەکتری دەبێتە هۆی دروستبوونی شێوازێکی نوێ، چونکە "تێکەڵکردنی ژانرە ئەدەبییەکان، یان کاریگەری ژانرێک بەسەر ژانرێکی دیکەوە شێوەیەکی هەڵتەکاندنی دەقە، کە بونیادی ئاسایی دەق تێک دەشکێنێ و زمانێک دادەهێنێ، کە لە هەموو لایەکەوە بتەقێتەوە... لە دەرەنجامی ئەم کردەیەدا دەق جوانتر دەبێ و ئیستاتیکا بە پێکهاتەی دەبەخشێ، لەبەر ئەوە ژانرەکانی( پەخشانە شیعر و چیرۆکە شیعر(الشعر القصصی) و شیعری چیرۆکئامێز) لەم ئاوێتە بوونە بەرهەم هاتوون" (خۆشناو، ٢٠١٠، ٥٤).

واتە شیعر و چیرۆک دەکرێت سوود لە ڕەگەز و تەکنیکەکانی یەکتر وەربگرن بەبێ ئەوەی ناسنامەی خۆیان لە دەست بدەن، ئاشکرایە "بە تەنیا شیعر سوودی لە توخمە هونەرییەکانی ڕۆمان و چیرۆک و شانۆنامە و سینەما و شێوەکاری وەرنەگرتووە.. ئەوانیش بە تایبەتی ڕۆمان و چیرۆک و شانۆنامە سوودیان لە هەندێ توخمی شیعریی وەرگرتووە و زمانێکی شیعرییانەیان تێکەڵ بە زمانە پەخشانییەکانیان کردووە و بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان (نەک بۆ وەسفەکان)" (خۆشناو، ٢٠١٠، ٥٨) ، لە شیعردا زۆرجار "ڕەگەزەکانی گێڕانەوە دێنە پاڵ ڕەگەزە شیعرییەکان، بەو واتایەی دەوترێت بە شێوەیەکی گشتی شیعر یان وەسف دەکات، یان دەگێڕێتەوە، دواجاریش زۆربەی وەسفەکان دەگەن بە وێنە و گێڕانەوەکانیش بە گوتار لە هەردوو بارەکەدا شیعر تایبەتمەندی خۆی بەهۆی پێکهاتەی شیعرییەتەوە دەپارێزێت و لە یەک کاتدا توانای وەسفکردن و گێڕانەوەشی هەیە" (محەمەد، ٢٠٢٢، ١٨٧). بەمجۆرە شیعر زۆرجار پشت بە تەکنیکی گێڕانەوە دەبەستێت و تەکنیکیش لە سادەترین پێناسەدا "بریتییە لە چۆن نووسین، واتە چۆن پرۆسێسەی گێڕانەوە دەنووسین نەک چی دەنووسین"

(مەنتک، ٢٠١٨، ١٤٤). هەر بەهۆی تەکنیکەوەیە، کە نووسەر دەتوانێت شێوازی نوێ لە گێڕانەوەدا بخولقێنێت.

زمانیش ئەو هۆکارەیە، کە بۆ گێڕانەوەی دەقی ئەدەبی پشتی پێ دەبەسترێت و بەتایبەت لە شیعردا چڕ دەکرێتەوە " گرنگی گێڕانەوە خۆی لەو پەیوەندییە بەرجەستە کراوە دەبینێتەوە، کەلە لەگەڵ زمانی دەقدا دروستی دەکات و هاوسەنگی نێوان خۆی و زمانیشی پێ دەپارێزێت" (مستەفا، ٢٠٢١، ٢٤). شاعیرانیش سوودیان لە تەکنیکی گێڕانەوە وەرگرتووە لە پێناوی ئەفراندنی جۆرێکی نوێی شیعر پەنایان بردۆتەبەر ئەم هونەرە، لەئەنجامی ئەمەشدا جۆرێک لە شیعر بەرهەم هاتووە، کە دەگێڕێتەوە و هەناسەی چیرۆکی تێدایە.
گێڕانەوە لە ئەدەبیاتی کوردیدا ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە و لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و میللی و ئەدەبیاتی کلاسیکیشدا دەبینرێت و یەکێک لە سیما و خەسڵەتەکانی شیعری نوێ و هاوچەرخیش بەکارهێنانی تەکنیکی گێڕانەوەیە لەبنیادی شیعردا.

جەلال مەلەکشا لە شیعرەکانیدا سوودی لەم هونەرە وەرگرتووە لە دیوانەکەیدا چەندین دەقی شیعری دەکەونە بەرچاو، کە شاعیر تەکنیکی گێڕانەوەی بەکارهێناوە بۆ گوزارشتکردن لە ئەزموونی شیعریی خۆی و نموونەی ئەمەش، شیعری(ئیعدامی)یە، کە شاعیر لە ڕێگای بەکارهێنانی تەکنیکی گێڕانەوەوە سەربوردە و چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، دەڵێت:-

**لە گۆڕەپانی شارێکا**
**جەلادەکان، داریان هەڵخست**
**جاڕیان کێشا**
**ئەوەی ویستیان...**
**بە تەشییە کۆنەکەی خۆیان**
**بۆ خەڵکیان ڕست**
**وتیان: تاوانی ئیعدامی**
**گەچڵاندنی خەوی شارە**
**سزای ئەوەش لە قانوونی ئەساسیدا**
**بۆ چاوترسێن خەڵکی، دارە!**
**وتیان: تاوانی ئیعدامی**
**وروژاندنی بورکانە دامرکاوەکان**
**بۆ تەکان و بوومەلەرزە و ئاژاوەیە** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ١٤٢)

لە کۆپلەیەکی تری ئەم شیعرەدا شاعیر ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە هەریەک لە دەسەڵاتی (دادوەری، ئاینی، دەوڵەت) پێکەوە دێن و هەمووان یەک داواکارییان هەیە و دەڵێت:

**هاتن، هاتن...**

**قازی، مەلا، پۆلیس و میرغەزەب هاتن**

**وتیان: هانیۍ! ئەوە پێنووس**

**وەسیەتنامەکەت بنووسە**

**وتی: دەبێ سڵاو بنێرم بۆ کوێستان**

**وتیان: نابێ...**

**ئەویش لە وەسیەتنامەدا**

**تفەنگەکەی دا بە سبەی** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ١٤٤)

شیعری (داستانی دارە پیرە)، کە درێژترین شیعری جەلال مەلەکشایە و شاعیر بە سوود وەرگرتن لە پەندێکی پێشینانی کوردی "دار پوازی لە خۆی نەبێت ناقڵیشێ" (بەهرامی، ١٣٩٤هـ ٣٦٤). لەبەر ڕۆشنایی ئەم پەندەدا چیرۆکێک دەخولقێنێت، کە هەر لە ناونیشانی شیعرەکەوە دیارە شاعیر داستانێک دەگێڕێتەوە لەڕێگەی تەکنیکی گێڕانەوەوە و هەر لەسەرەتاوە بە دەستەواژەی (هەبوو نەبوو) دەستپێدەکات کە سیمایەکی هەقایەتە میللی و فۆلکلۆرییەکانە، شاعیر زنجیرەی ڕووداوەکانی بە شێوەیەک دارشتووە لە سەرەتاوە تا کۆتایی، کە خوێنەر پەلکێش دەکات شوێن ڕووداوەکان بکەوێت تا کۆتایی، دەڵێت:

**هەبوو نەبوو... ساڵانی زوو**

**لەسەر باڵی بەرزی مێژوو**

**پیرەدارێک بەساڵاچوو، ڕاوەستابوو!**

**سەری نابووە کۆشی خەیاڵ**

**بیری لە ژین ئەکردەوە!**

**دەنگ و چریکەی باڵندەکان**

**لە ئامێز و نێو شاخ و پەل و پۆیدا،**

**تاڵی ژینی لە یادی ئەو ئەبردەوە!** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ١٢٣)

لە شیعری (ئێوارەی غەریبستان)دا شاعیر تەکنیکێکی نوێی پەیڕەوکردووە، کە خۆی لە ئاوێتەکردنی دوو ژانری پەخشان و شیعردا دەبینێتەوە لەیەک تێکستدا، لە سەرەتاوە بە پەخشان دەستپێدەکات دوای نووسینی بیست دێڕ بە شێوەی پەخشان پاشان بنیاتەکە دەبێتە شیعر، هەروەها

شاعیر تەکنیکی گێڕانەوەی تێدا پەیڕەو کردووە و لە دیوانەکەیدا لەم تەکنیکە شیعرییە تەنها ئەم شیعرەی هەیە، شاعیر ئەزموونی خۆی لە نووسینی ئەم شێوازەی شیعردا تاقیکردۆتەوە، کە لێرەدا بەشێکی دەخەینە ڕوو:

**ئێواران غەم دێت و لە دەرکە دەدا، لە پەنجەرەوە هەڵدێم. دەڕۆم خۆم لە نێو شووشەی بادەدا بشارمەوە! کەچی دەبینم غەم پێش لە من لەسەر کورسی بەرامبەرم دانیشتووە و چەمەڕایە! دەست لەملم دەکا و دەڵێ: دڵنیا بە، من وەک شادی بێ وەفا نیم! هەر لە یەکەم ڕۆژی ژیانتەوە لەگەڵتدا بوومە و هەتا دوا ڕۆژ بە جێت ناهێڵم! هەڵدەستێ و ڕۆ دەچێتە شوشەی بادەکەوە، دەیخۆمەوە و تک تک لە چاوەکانمەوە دادەچۆڕێ و دبسان دەگەڕێتەوە لام و بەرامبەرم دادەنیشێ...**

**ئێواران**

**نازانم بۆچی هەر ئێواران**

**شاعیر و عاشق و دێوانە**

**ئۆقرەیان لێدەبڕێ**

**دنیایان لێ دەبێ بە پێستە چۆلەکە و**

**حەز دەکەن، لە خۆیان یاخی بن**

**بەرەو ڕووی،**

**گەردوون و گشت جیهان ڕاپەڕن!** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ١٦٩)

**دووەم: دیالۆگ و مۆنۆلۆگ**

- **دیالۆگ:**

دیالۆگ تەکنیکێکی گێڕانەوەیە، هەر"لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە ئامرازێکی پەیوەندیکردن بووە لە نێوان مرۆڤەکاندا، هۆکارێک بووە بۆ دەربڕین و لەیەکتر گەیشتن، بەهۆی زمانی گوزارشتکردن لە نێوان (من و تۆ)دا، کە ئامانجی گۆڕینەوەی زانیاری گەیاندنی مەعریفە و بەردەوامیی پەیوەندیکردنە وە ڕەگەزێکی گرنگ و کاریگەری گێڕانەوەی ئەدەبییە" (محمد، ٢٠٢٢، ١٣٩). دیالۆک گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، بەهۆی ئەم تەکنیکەوە شاعیر بیرۆکە و زانیارییەکانی خۆی بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە و بۆ بەردەوامی ڕەوتی گێڕانەوە شاعیر پەنا دەباتە بەر هونەری دیالۆک سادەترین پێناسە بۆ دیالۆگ بریتییە لە گفتوگۆ لەنێوان دوو کەس یان زیاتردا، یان "ئەو ئاخاوتنەیە لە نێوان کارەکتەرە مرۆییەکانی نێو دەقێکی چیرۆک یاخود شانۆنامەیەکدا یان فلیمنامەیەکدا دەکرێت" (دەوڵەت، ٢٠١١، ١٧٨).

دیالۆک لە شیعردا جیاوازە وەک لە دیالۆگ لە چیرۆک ، ڕۆمان، شانۆ ، دیالۆگ لە شیعردا "واتا و چەمکی جوانیناسی و دیدگای شیعریی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، کە وەرگری ئاسایی دەتوانێت لە قووڵاییەکەی تێبگات و ماناکانی شیبکاتەوە، هەندێک لە ڕەخنەگران باسیان لەوە کردووە دیالۆگ لە شیعردا ناتوانێت بەرهەمێکی چیرۆک ئامێزمان پێبدات، نزیک نابێتەوە لە ڕووداوێکی دیاریکراو، بۆیە لە شیعردا پشت بە دیالۆک نابەسترێت بە تەنها، بەڵکو بۆ سەرنجڕاکێشان و باوەڕپێهێنانی بەرامبەرە" (عزر، ٢٠١١، ٣١٤) هیچ دیالۆگێک دروست نابێت لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا بەبێ بوونی دووکەس یان زیاتر، کە پێکەوە قسە بکەن و بیروڕا بگۆڕنەوە.

دیالۆگ "شێوەیەکە لە شێوەکانی گوزارشتکردن، کە کەسێتییەکان پێی دەدوێن و گفتوگۆکانیان نزیک دەکاتەوە لە بابەتگەری و ڕوونی و ڕاشکاوی ئەویش ئەو شێوازەیە کە قسەکردن پشتی پێ دەبەستێ بە ڕێگەیەک کە جێی... بایەخی بێت، کە ئەویش پابەندە بە هاوسەنگی و ڕێکخستنەوە لە ڕووی ئاواز و ڕێکوپێکی شێوازەکەیەوە" (مەنسور، ١٩٩٩، ٨٢).لە شیعردا دیالۆگ "دەنگێکی سۆزداری ئامادە و بەهێزە بۆ ئەو پرسانەی کە کپ کراون، وە دەنگێکی زیندووە بۆ خستنەڕووی ناخی مرۆڤ و وێژدان و سۆزی، کە لەنێو دێڕەکانی شیعردا بەرجەستەیان دەکات" (محمد، ٢٠٢٢، ١٣٧).نووسەر یان شاعیریش "پێویستە شێوازێکی گفتوگۆی ئەدەبی هەڵبژێرێت و بیخاتە سەر زمانی کارەکتەرەکانی، بەشێوەیەک کە گفتوگۆکان بەرەو چڕی و سفتیی و تۆکمەیی ئاڕاستە بکات، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی گفتوگۆکان لە قسەی ئاسایی ڕۆژانەوە بگوازێتەوە بۆ ئاستێکی بەرز کە وشە و پێکهاتە و بابەت و ئاماژەگەلێکی وای تێدا بێت کە پێویستە لەهەر دەقێکی ئەدەبیدا هەبێت" (سەعید، ٢٠١٣، ١٩). جەلال مەلەکشاش وەک شاعیرێکی بەسەلیقە و بەتوانا سوودی لە تەکنیکی دیالۆگ وەرگرتووە و لەڕێیەوە بیر و پەیامی خۆی لەشیعردا دەربڕیوە.

لەشیعری (کوردستانم بۆ بێنەوە)، کە لەچەند کۆپلەیەک پێکهاتووە و تەواوی شیعرەکە گفتوگۆیە و لەسەر بنەمای دیالۆگ دارشتووە، جۆرێکە لە دیالۆگی دەرەکی، کە "پرۆسەیەکە لە نێوان دووکەس یان زیاتر لە چوارچێوەی دیمەنێکدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، هەروەها دیالۆگی جێگرەوەشی پێدەوترێت، کە کەسەکان لەنێوان خۆیاندا نۆرە دەکەن، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ئەم نۆرە کردنە سیمای دیاری ڕواڵەتی دیالۆگە" (السلام، ١٩٩١، ٢١) شاعیر ئەم شیعرەی بە تەکنیکی دیالۆگ لە نێوان خۆی و دایکیدا دارشتووە بۆ گێڕانەوەی سەربووردەی نەتەوەیەکی ژێردەستە و چەوساوە، کە چەندین ساڵە مافەکانی لێ زەوت کراوە و وڵاتی داگیرکراوە شاعیر پەنای بردۆتە بەر ئەم تەکنیکە و لەڕێگەیەوە بەردەوامی بە ڕەوتی گێڕانەوەکەی دەدات و ناسنامەی خۆی دەخاتە ڕوو، دەڵێت:

**کە خۆم ناسی،**

**وتم: دایە!**

**من کێم و چیم؟**

**خەڵکی کام شار**

**کام مەڵبەندی ڕووی سەر زەویم؟**

**وتی: ڕۆڵە...**

**تۆ کوردی و دیل و هەژار**

**نیشتمانت کوردستانە**

**بەڵام ناوی نیشتمانت،**

**لەسەر نەخشەی جیهان نییە**

**بێ نیشانە!!** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ١٩٥)

شیعری (کارەسات)، کە دیالۆگی نێوان باڵندە و گوڵە، شاعیر وێنەیەک لە قاچاخی دڵداری و قەتیس بوونی ئازادی نیشان دەدات لەسەر زمانی باڵندە و گوڵەوە وێنەیەکی جوانی دڵداریمان بۆ نمایش دەکات و داوا لە خۆشەویستکەی دەکات لەچکەکەی لادات تا جوانی ڕوخساری تاسەی ئەوینی بشکێنێت و دەڵێت:

**باڵندەیەک**

**چرپاندی بە گوێی گوڵێکدا**

**گوڵە گیان!**

**لەچکە سەوزەکەت نەختێ لادە**

**با خونچەی دەم**

**تاسەی ئەوینم بشکێنێ**

بەڵام گوڵ ئاماژە بەمەترسی هەوری نەیار و ناحەز دەکات و مەترسی ڕوودانی کارەساتی لێدەکات لە باجی دڵداریدا بیدات، بۆیە باڵندە لەم مەترسییە بەئاگا دێنێتەوە و دەڵێت:

**وتی شێتە!**

**ها... ئەو هەورە چۆن دەڕوانێ؟**

**حەیام دەچێ**

**ئارام بگرە تا سبەینێ!** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ١٣٧)

- **مۆنۆلۆگ:-**

تەکنیکێکی تری گێڕانەوەیە مێژوویەکی دێرینی هەیە لە ئەدەبدا بە تایبەتی لەدرامادا بە یەکێک لە"کۆنترین فۆڕمەکانی گوزارشتی ئەدەبی دادەنرێت بەجۆرێک دەتوانین لەئەدەبیاتی شارستانییەتە جیاوازەکان وەک شارستانێتی میسری و چینی نموونەی بۆ بەدەستبهێنین" (مەجید، ٢٠٢١، ٤١).

مۆنۆلۆگ "گەیشتنە بە جیهانی ناوەوەی مرۆڤ، بیروباوەڕ و ئارەزووەکانی، لە مۆنۆلۆگدا دوو دەنگ هەیە بۆ یەک کەس، یەکێکیان دیالۆگە (دیالۆگی دەرەکی) ئەم دەنگە ڕووی لە ئەوانی ترە، دەنگەکەی تر دەنگێکی ناوەکی تایبەتە کە کەس نایبیستێت جگە لە خۆی" (عبدالوهاب، ١٩٩٧، ٥٢)

مۆنۆلۆگ گفتوگۆکردنە لەگەڵ خوددا، واتە قسەکەر لەگەڵ خودی خۆیدا دەدوێت. "ئەم هونەرە بەمەبەستی خستنەڕووی دیوی ناوەوە...، واتە دیوی نەستیی (لاشعوریی) کەسەکە بەکاردێت، کە لە ئەنجامی تیۆرەکانی فرۆیدەوە دەربارەی شیکردنەوەی دەروون هاتە کایەوە." (دەوڵەت، ٢٠١١، ١٨٥) فرۆید پێی وابوو"ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمی نەست و جیهانی ناوەوەی ئەدیب و شاعیرانە، تەنانەت ئەگەر بەوپەڕی ئاگاییەوە پابەند بێ بە یاسا و ڕێسا چەسپاوەکانەوە، کە لەنووسینی دەقدا بەرجەستەیان دەکات، چونکە فرۆید دەڵێ شاعیر بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێ، جیهانی نەستی دزە دەکاتە نێو هەستییەوە و خۆی بە ناڕاستەوخۆ دەخزێنێتە نێو دێڕە شیعرەکانییەوە." (سەعدون، ٢٠١٥، ٥١) جا بۆ دەربڕینی خواست و حەزە کپکراوەکانی پەنا دەباتە بەر کارەکتەری مرۆڤ و بە تەکنیکی مۆنۆلۆگ دواندنیکی بێدەنگ لەگەڵ ناخی خۆیدا دەکات.

مۆنۆلۆگ" ئەو وشە و دەستەواژە و ڕستانەن کە لەناو هۆش و زەینی مرۆڤدا لە حاڵەتی بەئاگابوونیدا بەبێ دەنگی و بە شاراوەیی ئاڕاستەی خود خۆی دەکاتەوە، واتە مۆنۆلۆگ وتەی تاکلایەنە، کە کەسێک بەتەنیا ئەنجامی دەدات." (مەجید، ٢٠٢١، ٤٢) لە ڕێگەی تەکنیکی مۆنۆلۆگەوە دەتوانرێت پەی بە جیهانی ناوەوەی کەسایەتی و ناخی ببرێت، مۆنۆلۆگ" لەو کاتەدا لەدایک دەبێت کە دایەلۆگ نەتوانێت گوزارشت لە زمان و باری دەروونی ناخە پەنگ خواردووەکەی کارەکتەر و نووسەرەکە بکات" (عەبدوڵا، ٢٠٠٨، ٨١). هۆکاری بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنۆلۆگ بۆ گێڕانەوە دەگەڕێتەوە بۆ :-

١-"لادان لە شێوازی میتۆدی گێڕانەوەی تەقلیدی...،پێشکەشکردنی ڕووداوەکان لە ڕێی زەین و دیوی ناوەوەی کارەکتەر" (مەجید، ٢٠٢١، ٤٥).

٢-" کەسایەتی، مۆنۆلۆگ بە کەشێکی گونجاو دەزانێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو بیر و تێڕوانینانەی لە ناو ناخ و هزریدا هەن و تا ڕادەیەک لەوانی دیکەی شاردۆتەوە. زەمینەیەکی بۆ ڕەخساوە تاکو بە تەنیا لە میانەی لێ وردبوونەوە و تێڕامانەوە لە بارەیانەوە بدوێت، لەم حاڵەتەشدا... بەجۆرێک لە خۆ بەتاڵکردنەوەی دەروونی دەگات. بەم پێیەش ئارامی و ئاسوودەییەکی دەروونی وەدەست دێنێت" (صالح، ٢٠٢٠، ٢٧٢).

مۆنۆلۆگ لە شیعردا "ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە، چونکە شاعیری بەتوانا بەهۆیەوە هەست و هۆش و هەڵچوونەکانی دەخاتەڕوو، کە ناتوانێت دەریان ببڕێت بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە و هونەریی قووڵ

بەهۆی مۆنۆلۆگەوە نەبێت، کە لادانی پەردەیەکە بۆ خستنەڕووی ئەوەی لە پەنهانیدا هەبووە" (عبدالوهاب، ١٩٩٧، ٥٣)

جەلال مەلەکشا ئەم تەکنیکە نوێیەی لەنێو دەقەشیعرییەکانیدا بەکارهێناوە و هەندێجار بۆ مەبەستی گێڕانەوە پەنای بردۆتە بەر تەکنیکی مۆنۆلۆگ و دەقی شیعریی پێ دەوڵەمەند کردووە.

شاعیر لە شیعری(خەون ئەبینم، یان بێدارم؟) بە تەکنیکی مۆنۆلۆگ لە زەینی قسەکەر و بە بەکارهێنانی جێناوی کەسی (من، م) بەردەوامی بە گێڕانەوە دەدات و لێرەدا جێناوی(من) سێ جار بەکارهاتووە و جێناوی(م) یازدە جار بەکارهاتووە، کە مەبەست لێی کەسی یەکەمی تاکە و ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی کارەکتەرەوە پرۆسەی گێڕانەوەکە ئاڕاستەی خو ێنەر دەکرێت، بەم جۆرە:

**ئێرە کوێیە؟!**

**لەخۆم پرسی!**

**من چۆن لێرە گیرسامەوە؟**

**کوانێ ئەسپ و قەڵەمەکەم؟!**

**من خۆم بەرەو پەرپەرۆچکەی ئاسمان ئەچووم؟.......**

**ئێرە کوێیە؟** (مەلەکشا، ١٣٩١هـ ٤٣)

هەروەها لە شیعری (سەرگەردان)دا (مەلەکشا،١٣٩١هـ ١٦٢) لە ڕێگەی تەکنیکی مۆنۆلۆگەوە هەموو ئەو خەم و ناسۆرانەی کە لەنێو دڵیدان و وەک تاکێکی کورد و لە نیشتمانی خۆیدا بەسەری هاتوون لە ناخیدا پەنگی خواردۆتەوە بە شێوەی پرسیارکردن لە خۆی دەریدەبڕێت، دەڵێت:

**ئەم گەردەلوولە**

**بەرەو کوێم دەبا؟**

**من قارەمانی**

**شانۆی کام قەڵەم شکاوی شێتم؟**

**وشەی داکەوتووی**

**کام دێڕی مێژووم؟**

بەم شێوە وەک خستمانە ڕوو سوود وەرگرتن لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە و دیالۆگ و مۆنۆلۆگ ئەو ئامراز و ڕێگایانەی کە شاعیر پەنای بۆ بردوون بەمەبەستی دەربڕین و گەیاندنی بیر و مەبەستی خۆی و توانیویەتی ئامانجەکەی خۆی بپێکێ و لەهەمانکاتیشدا لەڕووی ئیستاتیکییەوە دەقێ شیعریی جوان و ناوازە بخوڵقێنێت..

## ئەنجام

- جەلال مەلەکشا لەژێرکاریگەریی ئەدەبیاتی فارسی بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی ئەحمەد شاملوو، توانیویەتی لەڕووی وێنەی شیعریی و بنیاتی دەقی شیعرییەوە سوود وەربگرێت و لەڕێیەوە دەقی شیعریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەنگاوێک بباتە پێشەوە.
- بەسوود وەرگرتن لە بزاڤ و گروپە نوێخوازەکانی باشوری کوردستان و بەتایبەتی شاعیرانی نوێخوازی وەک: شێرکۆ بیکەس، لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵا پەشێو، شیعریی نوێی کوردی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دەباتە قۆناغێکی نوێتر و ڕێچکەیەکی نوێ دەگرێتە بەر، کە جیاوازە لە نەوەی پێش خۆی و مەلەکشا وەک ڕابەری ئەم نەوەیە دەردەکەوێت.
- مەلەکشا بە شیعرە نیشتیمانییەکانی وێڕای ئەوەی وێنەی نیشتیمان وەک دۆزەخێک دەکێشێت بەهۆی جەوروستەمی نەیارانەوە، بەڵام پێداگری مانەوە لەو دۆزەخە دەستکردە دەکات و بەهیچ شێوەیەک دەستبەرداری نابێت و تەنانەت شیعرە دڵدارییەکانیشی، پەیوەست دەکاتەوە بە نیشتیمان و هەستی نیشتیمانی.
- شیعری بەرەنگاریی سیمای دیاری دەقە شیعرییەکانی مەلەکشایە، بەجۆرێک دەکرێت وەک شاعیری بەرەنگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیناسین و بەمەش هەمیشە گیانی بەرگریخوازی ئەو زیاتر لەهەر بابەت و مەبەستێکی تر ئامادەیی گەورەی هەیە.
- پرسی مرۆڤ و داکۆکیکردن لەماف و ئازادییەکانی جێگای بایەخی مەلەکشایە، مرۆڤ لە هەرکوێیەکی دونیا بێت خۆی بەداکۆکیکاری دەزانێت، تەنانەت لەکۆی بابەتەکانی تریشیدا مرۆڤ و مافەکانی لای مەلەکشا چەقی بابەتە و ئەوەیتر لە پێناویدایە.
- بابەت و پرسیار گەلی فەلسەفی وەک: پرسەکانی ژیان و مردن و چارەنووس و ڕاستی، لەشیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە لەڕێگایەوە گومان و پرسیارەکانی خۆی دەخاتەڕوو، بەمەش بیری شاعیر بەرجەستە دەبێت لەوەی، ڕەخنە لە دەسەڵاتی گەردوون و سروشت و ئاسمان دەگرێت.
- لەبەکارهێنانی زمانی شیعرییدا لەیەک کاتدا سوودی لە زمانی ناوچەیی و فەرهەنگی خۆماڵی و ژینگە و سروشتی کوردستان وەرگرتووە و لەهەمان کاتیشدا خاوەنی چەندین دەستەواژە و دەربڕین و لادانی واتایی تایبەت بەخۆیەتی وەک فەرهەنگێکی تایبەتی شاعیر دەناسرێنەوە.

- لەبنیاتی وێنەی شیعرییدا توانایەکی بەرچاوی هەیە، کە بەچەندین پۆلێن وێنەکانیمان جیاکردۆتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کارامەیی شاعیر لەڕووی بنیاتنانی هونەریی وینەکانەوە.
- لە ڕووی بەکارهێنانی کێشی شیعرییەوە، وێڕای بەکارهێنانی کێشی عەرووز و پەنجەی خۆماڵی بەژمارەیەکی کەم، زیاتر کێشی ئازادی بەکارهێناوە بەهەردوو چەمکی عەرەبی و ڕۆژئاوایی، بەمەش مەلەکشا جیادەکرێتەوە لە شاعیرانی نوێخوازی پێش خۆی کەتەنها بە چەمکی عەرەبی کیشی ئازادیان بەکارهێنابوو.
- لەبەرکارهێنانی سەروادا، سەراوی یەکگرتوو و سەروای هەمەڕەنگی بەکارهێناوە، بەڵام بەشی زۆری شیعرەکانی بەسەروای ئازاد نووسیوە.
- بەهۆی ئەوەی، کە خۆی چیرۆک نووس و وەرگێڕی چیرۆک بووە، بەهۆی نزیکبوونەوەی ژانرەکان وەک شیعر و چیرۆک لەیەکتری لە ڕووی تەکنیکەوە سوودی لە بابەتەکانی گیڕانەوە، دیالۆگ و مەنەلۆگ بینیوە بۆ بنیاتی دەقی شیعریی.

## سەرچاوەکان:

### کتێب

### بەزمانی کوردی


- ✓ ئابادی ,مەحموود دەوڵەت. ۲۰۲۱. *گوێزەل*. Translated by جەلال مەلەکشا. هەولێر : چاپخانەی ڕۆکسانا.
- ✓ ئاگرین, عەبدوڵا. ۱۹۹۹. *کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردیی کوردستانی عێراقدا (۱۹٦۱-۱۹۷۰)*. هەولێر، چاپی یەکەم :چاپخانەی کوردستان.
- ✓ ئەبوبەکر ,هەڤاڵ. ۲۰۱۰. *پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەشیعری کوردیدا*. سلێمانی : غەزەلنووس.
- ✓ ئەحمەد, سافیە محەمەد. ۲۰۱۲. *لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا*. هەولێر :چاپخانەی حاجی هاشم.
- ✓ ئەحمەد ,قازی۱۳٦۱ .هـ. *دیوانی سیف القضات*. ؟ :چاپخانەی سبز.
- ✓ ئەحمەدی ,مادح. "۲۰۲۰. جەلال مەلەکشا لە نێوان شیعر و سیاسەتدا." In *پیرەدار*, by کۆمەڵێک نووسەر. ٥٤ –۲۳ ,سلیمانی، چاپی یەکەم :چوارچرا.
- ✓ ئەرشەدی ,فەرەیدوون" .۲۰۲۱. ئەگەر قەڵەم نەبوایە، چۆن ئەم ژینە مەرگەم ڕائەبوارد؟ "...... In*جەلال مەلەکشا لە ئەدەبی کوردیدا*. ۲۲٤-۲۰۰ ., by هەولێر :چاپخانەی ڕۆکسانا.
- ✓ ئەسوەد, نەوزاد ئەحمەد. ۲۰۱۵. *فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان* . تاران، چاپی یەکەم :ناوەندی غەزەلنووس.
- ✓ ئەلیاسی ,ئاکۆ" .۲۰۲۰. خۆشەویستی نیشتیمان لە شیعری شاعیری ڕاساو و شۆڕشگێڕی کورد، جەلال مەلەکشا." In *پیرەدار*, by کۆمەڵێک نووسەر. ۱۹۰-۱٦٥ ,سلێمانی :چوارچرا.
- ✓ ئەمین ,عبدالقادر محەمەد. ۲۰۰۲. *وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسی کوردیدا*. سلێمان : دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- ✓ بودوخە ,مەسعود. ۲۰۲۱. *شێوازناسی و تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعرییەت* . Translated by . صافیە محەمەد ئەحمەد، چاپی یەکەم... :
- ✓ بێدار ,جمال حبیب الله. ۲۰۱۳. *دەروازەی شیعر ناسین*. هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست :نارین.
- ✓ بێکەس ,شێرکۆ. ۲۰۰۹. *دیوانی شێرکۆ بێکەس (کەژاوەی گریان)*. سوید، بەرگی یەکەم : غەزەلنووس.

- ✓ بیمار ,عبد الرزاق .١٩٩٢ .*کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی* .بەغداد، چاپی یەکەم : چاپخانەی دار الحرية.
- ✓ بەرزنجی، عەلی تاهیر. ٢٠١٤. چەند توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی. هەولێر، چاپی یەکەم: چاپخانەی حاجی هاشم.
- ✓ بەهرامی ,ئەحمەد١٣٩٤ .هـ .*پەندی پیران و فەرموودەی ژیران* .سنە، چاپ ئەوەل :زمستان.
- ✓ بەهرەوەر ,محەممەد١٣٩٥ .هـ .*شیعر و پەخشانی سوارە ئێلخانی زادە* .تاران ، چاپی یەکەم :ئارمان نیگار.
- ✓ پارسا ,سەید ئەحمەد١٣٩٧ .هـ .*ڕوونبێژی لە ئەدەبی کوردیدا* .سنندج :انتشارات نالی.
- ✓ پەشێو ,عەبدوڵا .٢٠٠٨ .*هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا* .هەولێر، چاپی سێیەم :چاپخانەی کوردستان.
- ✓ پەشێو ,عەبدوڵلا .٢٠١٤ .*پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە* .کوردستان چاپی چوارەم : چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- ✓ جەباری .,(مەحەمەد ئەحمەد سەعید )کەساس .٢٠٠٨ .*کەرکوک و بزاڤی شیعری کوردی* . سلێمانی، چاپی یەکەم :سەردەم.
- ✓ حسێن ,جەبار ئەحمەد .٢٠٠٨ .*ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠-١٩٧٠).*سلێمانی، چاپی یەکەم :دەزگای سەردەم.
- ✓ حوسێن .,هیمداد .٢٠٢٠ .*ئەدەبی نوێی کوردی* .هەولێر، بەرگی دووەم،چاپی یەکەم :ناوەندی ئاوێر.
- ✓ حوسێن , هیمداد .٢٠٢٠ .*ئەدەبی نوێی کوردی* .هەولێر، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم : ناوەندی ئاوێر.
- ✓ حەسەنیانی)هاوار ,(عەلی .١٣٩٠ .*گوناه)دیوانی شیعر* .(مەهاباد، چاپی سێهەم :پەخشانگای ڕامان.
- ✓ حەمە ,ئازاد .٢٠٢١ .*چیەتی فەلسەفە یان چی بە فەلسەفە ناودەبرێت؟* .تاران :چاپخانەی تاران.
- ✓ حەوێز ,سروشت جەوهەر .٢٠١٨ .*ئازاد دڵزارو تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا* .هەولێر، چاپی یەکەم :چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
- ✓ خۆشناو ,هێمن عومەر .٢٠١٠ .*شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی* .هەولێر :چاپخانەی ڕۆشنبیری.
- ✓ خۆشناو ,ئەبوبەکر .٢٠٠٢ .*شیعری بەرەنگاریی کوردی* .سلێمانی :چاپخانەی ڕووناکبیری.

- خەزنەدار ,معروف .١٩٦٢ .*کێش و قافیە لە شیعری کوردی دا* .بغداد :چاپخانەی الوفاء.
- دەشتي, .عوسمان .٢٠٠٩ .*شیعری ناوچەی موکریان، نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم* . سلێمانی :چاپخانەی ڕەنج.
- دەوڵەت . ,مەریوانی عومەر .٢٠١١ .*سیما و خەسڵەتی کارەکتەر لە کورتە* چیرۆکی کورد*یدا* .سلێمانی :دیلان.
- رسول ,عیزەدین مستەفا .١٩٧٨ .*شێخ ڕەزای تاڵەبانی* .بخداد :چاپخانەی علاء.
- ڕەحمانی ,دیاکۆ" .٢٠٢٠ .ژیاننامەی جەلال مەلەکشا In ".*پیرەدار* by ,کۆمەڵێک نووسەر , ٢٢ –١٣سلێمانی :چوارچرا.
- زادە . ,ڕەهبەر مەحموود١٣٩٧ .هـ" .بەراییەک بۆ ناسینی قوتابخانەی شیعری موکریان In ". *دەلاق، ڕابوون، شیعری هاوچەرخی کوردی لە کوردستانی ئێران* by ,شەریف فەلاح –٢٩ , ٥٣سنە، بەرگی دووەم :مادیار.
- زادە ,ڕەهبەر مەحموود" .٢٠٠٨ .دیالێکتیکی هەڵکشان و داکشان لە مێژووی شیعری نوێی کوردیدا ".*ڕازی مانەوەی خاک* )خانی.٢٠١–١٧٥ (
- سادق ,فوئاد تاهیر .١٩٨٩ .*ڕۆشنبیری* .بغداد :وزارة الثقافة والعلام، دار الثقافة والنشر الكردية.
- سجادی ,عەلادین .١٩٦٩ .*نرخ شناسی* .بەغدا :چاپخانەی مەعارف.
- سەعدون ,سامان عیزەدین .٢٠١٥ .*دەقە شیعرییەکانی گۆران لەڕوانگەی دەروونناسییەوە* . تاران، چاپی یەکەم :ناوەندی غەزەلنووس.
- سەعید ,جەلال ئەنوەر .٢٠١٣ .*گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجی خواروودا* .سلێمانی : کەمال.
- شاملوو ,ئەحمەد .٢٠١٣ .*ئەحمەد شاملوو* Edited by .بەڕۆژ ئاکرەیی .سلێمانی ، چاپی یەکەم :ناوەندی غەزەلنووس.
- شوان ,ئیبراهیم احمد .٢٠١٤ .*بەراوردی ئەدەبی )تیۆری و پراکتیکی* .(هەولێر :چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
- شەبەق ,حوسێن" .٢٠١٣ .ئەدەبی بەرەنگاری لە دیمانەیەک ".*ڕۆچنەیەک بۆ ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان* )چاپخانەی کەمال(
- عوسمان ,هەرێم .٢٠١٨ .*لیریکی گۆران لە ڕوانگەی ونیادگەری* .سلێمانی، چاپی یەکەم : چاپخانەی حەمدی.

- ✓ عیسا ,هاوژین سلێوه .٢٠٠٩ .*بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا* .سلێمانی، چاپی یەکەم :دەزگای سەردەم.
- ✓ عەبدوڵا ,پەروین .٢٠٠٨ .*ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیرکی کوردیدا* .سلێمانی :سەردەم.
- ✓ عەبدولڕەحمان ,لهۆن قادر .٢٠١٤ .*دوالیزمی دژیەک لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزیدا* .تاران، چاپی یەکەم :رجایی.
- ✓ عەزیز ,شەرمین ئیبراهیو .٢٠٠٦ .*پەشێوو تازەکردنەوە لەشیعری کوردیدا* .هەولێر : چاپخانەی ڕۆشنبیری.
- ✓ عەلی . ,دڵشاد .١٩٩٨ .*بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا* .سلێمانی :چاپخانەی ڕەنج.
- ✓ عەلی ,دڵشاد .٢٠٠٧ .*دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری* .سلێمانی، چاپی یەکەم :دەزگای سەردەم.
- ✓ عەلی ,دڵشاد .١٩٨١ .*دیلان شاعیر و ئازادیخواز* .بەغدا :چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.
- ✓ فەلاح ,شەریف .٢٠٢٠-١٣٩٩ .*دەلاقە، ڕابوون، شیعری هاوچەرخی کوردی لە کوردستانی ئێران* .سنە :چاپی یەکەم، بەرگی دووەم :دەزگای ماد.
- ✓ کاکی ,حمەنووری عومەر .٢٠١٢ .*شێوازی شیعری نوێی کوردی کرمانجی ناوەڕاست ١٩٧٠-١٩٢٠.* سلێمانی :چاپخانەی روون.
- ✓ کەریم . ,فەرهاد قادر .٢٠١٢ .*بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی دا* .هەولێر :چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- ✓ کەلاری ,حوسێن .٢٠١١ .*شێواز لە هۆنراوەکانی فەرهاد شاکەلی دا* .سلێمانی، چاپی یەکەم : چاپخانەی یاد.
- ✓ کەمال ,محەمەد .٢٠١٧ .*فەلسەفەی هونەر* .سلێمانی، چاپی یەکەم :دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- ✓ گۆران ,عەبدوڵڵا١٣٩٣ .هـ .*دیوانی گۆران* .تهران، چاپی پێنجەم :پەخشانگای پانییز.
- ✓ گەردی ,عەزیز .٢٠١٤ .*کێشناسیی کوردی* .هەولێر، چاپی یەکەم :دەزگای نارین.
- ✓ گەردی ,عەزیز .١٩٩٨ .*سەروا* .هەولێر، چاپی یەکەم :چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.
- ✓ گەردی ,عەزیز .١٩٩٨ .*کێشی شیعری کلاسیکی کوردی* .هەولێر، چاپی یەکەم :چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.
- ✓ گەردی، عەزیز .١٩٧٤ .*ئەدەب و ڕەخنە* .بغداد :چاپخانەی الحوادث.
- ✓ گەردی ,سەردار ئەحمەد حەسەن .٢٠٠٤ .*بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا* . سلێمانی :دەزگای سەردەم.

- ✓ لەتیف ,حسێن .٢٠٢١ .*عەقڵی شیعری* .سلێمانی، چاپی یەکەم :چاپخانەی سەردەم.
- ✓ محمد ,عبدالقادر حمە امین .٢٠٠٨ .*بنیاتی کارنامەیی لە دەپی نوێی کوردیدا* .سلێمانی، چاپی یەکەم :چاپخانەی تیشک.
- ✓ مستەفا ,نەزیرە سابیر .٢٠٢١ .*پراگماتیک و شێوازگەری* .هەولێر، چاپە یەکەم، :ناوەندی ئاوێر.
- ✓ مستەفا ,ئاسۆ عومەر .٢٠٠٩ .*بەها ئیستاتیکی یەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ صالح و گۆران* .دهۆک، چاپی یەکەم :چاپخانەی خانی.
- ✓ میرە ,ئەحمەد .٢٠١٢ .*کاریگەری بزووتنەوە ڕۆشنبیری و ئەدەبییە کوردییەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردی باشووری کوردستان* .سلێمانی، چاپی یەکەم :چاپخانەی ڕەنج.
- ✓ مەجید ,دیار فایەق .٢٠٢١ .*شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی کوردیی* .کەلار :ناوەندی خاک.
- ✓ مەحموود , سالار عەزیز .٢٠١٤ .*هزری فەلسەفی لە شیعرەکانی مەلای جزیری دا* .هەولێر، چاپی یەکەم :چاپخانەی موکریانی.
- ✓ مەلەکشا ,جلال١٣٩١ .هـ .*جەلال مەلەکشا کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی* .تهران،چاپ دوم : پانیذ.
- ✓ مەلەکشا، جەلال .٢٠٢١ بۆ کێ دەنووسین In ".*جەلال مەلەکشا لەئەدەبی کوردیدا* by , دەستەیەک نووسەران .٢٣-١٨ ,هەولێر :چاپخانەی ڕۆکسانا.
- ✓ مەلەکشاه ,جەلال" .٢٠٢١ .شیعری نوێی کوردی و In "....*جەلال مەلەکشا لە ئەدەبی کوردیدا* .٣٦-٢٤ ., by ,هەولێر :چاپخانەی ڕۆکسانا.
- ✓ مەنتک ,حەمە .٢٠١٨ .*هونەرەکانی چیرۆک نووسین* .تاران :چاپخانەی تاران.
- ✓ مەنسور ,ئەحلام .١٩٩٩ .*بینای هونەری لە چیرۆکی کوردی ١٩٨٠-١٩٧٠*سلێمانی : سەردەم.
- ✓ نووسەر ,کۆمەڵێک .٢٠٢٠ .*پیرەدار* .سلێمانی، چاپی یەکەم، چوارچرا :ناوەندی چوارباخ.
- ✓ نیا ,ئیبراهیم ئەحمەدی" .٢٠٢١ .جەلال مەلەکشا پێشەنگی کاروانی شیعریمانە In ".*جەلال مەلەکشا لە ئەدەبی کوردیدا* .٥٤-٤٩ ., by ,هەولێر :چاپخانەی رۆکسانا.
- ✓ هێمن .٢٠١٤ .*سەرجەم نووسینەکانی مامۆستا هێمن* .هەولێر :چاپخانەی هەولێر.
- ✓ هەڵمەت ,لەتیف .٢٠١٤ .*دیوانی لەتیف هەڵمەت* .سلێمانی، چاپی یەکەم :ناوەندی غەزەلنووس.
- ✓ هەینی ,شێرزاد .٢٠١٥ .*٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا* .سلێمانی، چاپی دووەم : چاپخانەی پیرەمێرد.

- ✓ یەعقوبی ,عەبدولخالق" .٢٠١٧ .ئاوڕێکی جوانیناسانه له )خەوه بەردینه (ی سواره ئیلخانیزاده ".*باران* )دەزگای ئایدیا.

**بەزمانی عەرەبی**

- ✓ اسماعیل ,عزالدین .١٩٨٠ .*التفسیر النفس الادبی* .بیروت :دار الثقافة.
- ✓ السلام .,فاتح عبد .١٩٩١ .*الحوار القصصي تقنياته و علاقاته السردية* .بیروت، لبنان، ط :١ المؤسسة العربية للدراسات النشر.
- ✓ الشنادی ,علی الغریب محمد .٢٠٠٣ .*الصورة الشعرية عند الاعمى التطيلى* .القاهرة، ط :١دار مکتبه الاداب.
- ✓ العویشق ,عبدالله محمد .١٩٧٠ .*الادب فی خدمة الحیاة والعقیدة* .بیروت :دار العربیة للطباعة والنشر.
- ✓ بكار ,يوسف حسن .١٩٨٣ .*بناء القصيدة في النقد العربي القديم* .بیروت ,لبنان ,ط ٢ :دار الاندلس.
- ✓ جرجانی ,عبدالقاهر .١٩٨١ .*دلائل الاعجاز* .بیروت، لبنان :دار المعرفەو النشر بیروت.
- ✓ جیدة ,عبدالحمید .١٩٨٠ .*الاتجاهات الجدیدة فی الشعر العربی المعاصر* .بیروت، لبنان : المؤسسة نوفل.
- ✓ حنامینه .١٩٧٨ .*ناضم حکمەت السجن، المرأة، الحیاة* .بیروت :دار الادب.
- ✓ حورانی ,البرت .بدون سنة .*الفکر العربی فی عصر النهضة (١٧٩٨-١٩٣٩)*. Translated byکریم عزقول .لبنان، بیروت :دار النهار للنشرة.
- ✓ رسول ,عزالدین مصطفی .١٩٦٦ .*الواقعیه فی الادب الکردی* .بیروت :بیروت.
- ✓ صبح ,علي علي مصطفی .٢٠١٩ .*الصورة الادبية تاريخ و نقد* .القاهرة، مصر، ط : ١دار احياء الكتب العربية.
- ✓ صعب . ,حسن .١٩٧٧ .*علم السیاسه* .بیروت:،ط٢، دار العلم للملایین.
- ✓ طامین ,جویل جارد .٢٠٢١ .*قاموس النقد الادبی* .ماری کلود هوبر . Edited by Translated byمحمد بکای .بیروت، لبنان :الحمرا.
- ✓ عزر ,حاكم حبيب .٢٠١١ .*ملامح السرد القصصي في الشعر العربي قبل الاسلام* .ديمشق، سوريا، ط :١تموز للطباعة والنشر والتوزيع.
- ✓ کوهن ,جان .١٩٦٨ .*بنية اللغة الشعرية* .محمد الوالی Translated by andمحمد العمری . المغرب :دار توبقال.

- ✓ مبارك ,محمد رضا .١٩٨٣ .*اللغة الشعرية فى الخطاب النقد العربى* .بغداد :مطبعة دار الشؤون الثقافة العامة.


**بەزمانی فارسی**


- ✓ اسوار ,موسی ١٣٨٤ .هـ .*شيعر امروز ايران* .تهران :فرهنگستان زبان و ادب فارسی.
- ✓ داد ,سيما١٣٩٢ .هـ .*فرهنگ اصطلاحات ادبی* .تهران،چاپ ششم :انتشارات مرواريد.
- ✓ شاملو ,احمد١٣٩٨ .هـ .*احمد شاملو مجموعه أثار* .تهران ,چاپ هفدهم :مؤسسه انتشارات نگاه.
- ✓ شكری ,غالی١٣٦٦ .هـ .*ادب مقاومت* .تهران، چاپ اول :نشر نو.
- ✓ شميسا ,سيروس١٣٧٤ .هـ .*اشنائی با* عروض *و قافيه* .تهران :چابخانه رامين.


**گۆڤار:**


- ✓ عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ" .١٩٨٥ .شیعری تازەی کوردی ".*گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ* ١٩٣- ٢٠٢.
- ✓ تەها .,عەدنان عەبدولڕەحمان" .٢٠١٧ .بەرگریی نیشتمانی لەشیعری )لەتیف هەڵمەت (و )مهدی اخوان ثالث (دا ".*زانکۆی سلێمانی* )زانکۆی سلێمانی١٣٠ - ١٠٧ (
- ✓ حمەامین ,ئیسماعیل .٢٠٢١ .گۆڤاری *کلتورمەگەزین* .،ژمارە، ١٠.
- ✓ حەبیبی ,هادی" .٢٠١٤ .شیعری هاوچەرخ و ئەدەبی بەرگری ".*ڕامان* )ئاراس.٦٦-٦١ (
- ✓ حەبیبی ,هادی" .٢٠٢٠ .گۆران پێشەنگی شیعری کوردی ".*گۆڤاری ڕامان* )دەزگای ئاراس ( ٩٢-٩٧.
- ✓ حەسەن ,ناڵە" .٢٠١٧ .شیعر و فەلسەفە یان فەلسەفە و شیعر ".*ڕامان* )ئاراس.٩٢-٨٥ (
- ✓ ساڵح ,بەدرەدین" .١٩٩٨ .بەدوای ون بوویەکدا دەگەڕێم هێشتا نەمدۆزیوەتەوە ".*ڕامان* .
- ✓ سەعدون ,سامان عیزەدین .٢٠١٥" .شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا ".*گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە ٣،*
- ✓ سعدون ,سامان عزالدین" .٢٠١٨ .ڕۆڵی شیعری سیاسی لە جوڵانەوەی نەتەوەیی کورددا ". *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان* )زانکۆی گەرمیان.٤٠٤-٣٨٣ :٥ (
- ✓ عەلیخا ,قادر" .٢٠١٣ .شیعر شمشێری بەرەنگاربوونەوە ".*ڕامان* )ئاراس.١٥٧- ١٥١ (
- ✓ عبدالله ,ئازاد عبدالواحد کریم ، م .ی سەعید محمد" .٢٠١٠ .شیعر لەنێوان پەیوەستبوون و یاخیبووندا ".*زانکۆی سلێمانی* )زانکۆی سلێمانی.٢٤_٧ (

✓ علی ,دڵشاد" .٢٠٠٧ .گۆران و داهێنان و نوێخوازی ".*زانکۆی سلێمانی* )زانکۆی سلێمانی ( ٣١-٦٣.
✓ گەردیگلانی ,ئەمین" .٢٠٠٦ .وەرگێڕان لەلای زۆر کەس مانا کردنەوەیە، بەڵام لەلای من مانا گەیاندنە ".*ڕامان* )دەزگای ئاراس.٥٣-٤٧ (
✓ مەلەکشا ,جەلال١٣٧٠ .هـ" .قامووس ".*سروە* )ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی سەلاحەدینی ئەیوبی.٥٢ (
✓ مەلەکشا ,جەلال١٣٧١ .هـ" .قامووس ".*سروە* )ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی سەڵاحەدینی ئەیوبی.٥٦ (
✓ مەلەکشا ,جەلال" .٢٠٠٠ .مزگێنی ".*پڕشنگ* )ناوەندی ئەدەبی و ڕووناکبیری خانی.٢٧ (
✓ مەلەکشا ,جەلال١٣٧٨ .هـ" .وەرگێران هونەرە ".*سروە* )ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی سەڵاحەدینی ئەیوبی.٤٥ (
بەزمانی عەرەبی
✓ محمد ,عیشە ابراهیم" .٢٠٢٢ .البنیة الحواریة فی شعر بشری البستانی، *مجلة ابحاث کلیة التربیة الاساسیة* )جامعة الموصل.١٤٨-١٣٢ :١
✓ طقوس, ا. د. بسا. ٢٠٢٢. السقوط فی التشیؤ, مجلة رصین. کانون الثانی ٧.
✓ عباس, یوسف. ٢٠٢٠. "الشعر اللبنانی المقاوم و دوره فی معرکه التحریر." اوراق ثقافیه (بیروت) ٣٣ - ٤٤.
✓ عبدالوهاب, محمد. ١٩٩٧. "الحوار فی الخطاب المسرحی." مجلة الموقف الثقافی (دار الشؤون الثقافة العامة) ١٠: ٤١-٥٨.

✓ **نامەی ئەکادیمی:**
**بەزمانی کوردی**
✓ ئەمین ,باخان ئەحمەد حەمە .٢٠١٤ .*شیعری چیرۆکئامێز لە ئەدەبی کوردیدا* .سلێمانی،نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان :زانکۆی سلێمانی.
✓ ئەوڕەحمان ,صدیق .٢٠١٥ .*حەقیقی شاعیر ژیان و بەرهەمیی* .سلێمانی،نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان :زانکۆی سلێمانی.
✓ شێخ_بزێنی ,سعد فاروق یوسف .٢٠١١ .*بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی ئەحمەد موختار جاف دا* .هەولێر،نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە :زانکۆی سەلاحەدین.

- ✓ بەرزنجی ,عەلی تاهیر .٢٠٠٠ .*کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا* .سلێمانی، نامەی ماستەر،کۆلێژی زمان :زانکۆی سلێمانی.
- ✓ تەها ,عەدنان عبدالرحمان .٢٠١٤ .*چەمکی مرۆڤایەتی لەشیعرەکانی ئەحمد شاملو و عەبدوڵا پەشێودا* .سلێمانی،نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان :زانکۆی سلێمانی
- ✓ حسێن ,ئەبوبەکر عەبدوڵا .٢٠٠٨ .*لێکچوون و جیاوازییەکانی نوێکردنەوە لای گۆران و نیما یوشیج،نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان. زانکۆی* سلێمانی.
- ✓ دەشتی ,عوسمان .٢٠٠١ .*هێمن دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی شیعرەکانی هێمن* .هەولێر،نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب :زانکۆی سەلاحەدین
- ✓ جەمال ,کوێستان .١٩٩٦ .*سروشت لە شیعری نوێی کوردیدا* .هەولێر،نامەی ماستەر،کۆلێژی ئاداب :زانکۆی سەلاحەدین.
- ✓ سعدون ,سامان عیزەدین .٢٠٠٦ .*بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا،نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردی ئیبن ڕوشد* .بەغدا :زانکۆی بەغدا.
- ✓ طاهر, ئامر. ٢٠٠٦. نیما یوشیج و عەبدوڵڵا گۆران – نوێکردنەوەو دابڕان. سۆربۆن: زانکۆی سۆربۆن
- ✓ کەریم ,فەرهاد قادر .٢٠٠٦ .*ڕێبازی شیعریی کاکەی فەللاح* .سلێمانی،نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان  :زانکۆی سلێمانی.
- ✓ محەمەد ,بوشرا قادر کاکە .٢٠٢٢ .*ئێستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا* .سلێمانی، نامەی دکتۆرا،کۆلێژی زمان :زانکۆی سلێمانی.
- ✓ مستەفا ,سەرحەد حسێن .٢٠١٥ .*بیری نەتەوەیی و بەرەنگاریی لە شیعرەکانی کامەران موکری دا* .سلێمانی،نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان :زانکۆی سلێمانی.
- ✓ مستەفا ,محمد فازل .٢٠٠٨ .*دەنگی پیرەمێرد لە بزوتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا،نامەی دکتۆرا،کۆلێژی زمان. زانکۆی* سلێمانی.
- ✓ موفتی ,پەری صاڵح حەمید .٢٠٠٦ .*عاسی ژیان و بەرهەمی* .کۆیە،نامەی ماستەر،کۆلێژی پەروەردە :زانکۆی کۆیە.
- ✓ مەحموود ,شنۆ محەمەد .٢٠٠٦ .*ڕۆڵی سوارەی ئیلخانی زادە لە نوێگەری شیعری کوردیدا .* کۆیە، نامەی ماستەر،کۆلێژی پەروەدە :زانکۆی کۆیە.

**بەزمانی عەرەبی**

- ✓ أحمد ,باقي .٢٠١٧ .*وعي الحداثة و التجربة الشعرية لدى أدونيس* .جزائر، رسالة دكتورا :كلية الاداب واللغات و الفنون، قسم اللغة العربية و ادابها.
- ✓ المراحلة ,شهيرة حمد .٢٠١٥ .*جماليات اللغة الشعرية دراسة في ديوان راشد عيسى* .الاردن : ، رسالة ماجستيرجامعة موئة.
- ✓ ريغي ,لاميه .٢٠١٥ .*جماليات شعر المقاومه* .جزائر،رسالة ماجستير :جامعه محمد بوضياف –المسيلة.
- ✓ سەعيد ,شاهو .١٩٩٩ .*دلالات البناء الاقاعي في الشعر* .سليمانية، رسالة ماجستير :جامعة السليمانيه.
- ✓ فروجي ,رابح .٢٠١٢ .*التجربه الشعريية في الشعر بدوي الجبل* .سطيف –الجزائر،رسالة دكتورا :جامعة فرحات عباس، كلية الاداب واللغات.

**پێگەی ئەلیکترۆنی :**

- ✓ روباری ,بیار" .٢٠٢١ .الفلسفه والشعر ."*صوت كوردستان* . http://Sotkurdistan.net
- ✓ العوضى ,أ .عطية .٢٠١٠ .*موقع الدكتوره سلوى للابحاث والدراسات* .سبتمبر ١٤. http://Kenanaonline.com
- ✓ حەسەنی ,کەژاڵ .٢٠١٨ .*هەولێر* .تشرینی یەکەم ٣١. ٢٠١٧/. www.http://.hawlir.in/index.php
- ✓ *جەلال مەلەکشاهـ* .ئەیلوول،٢٠١٩ . ١٥. www.http://.jalalmalaksha.com.
- ✓ *دەنگەکان* .فیبریوەری،٢٠٢٠ ،٢ . http://dengekan.info.

# Abctract

Jalal Malaksha is one of the prominent and innovative poets of Eastern Kurdistan. He enters into the world of poetry and literature at his early youth and he enhances his poetic experiences by taking advantage of Persian and Southern Kurdistan innovative poets. He is known as a leader of innovative movement in Eastern Kurdistan. The distinctive features of this poet are his national and resistance poetries, for this reason he faces imprisonment and many sufferings.

In view of the importance of Kurdish literature in Eastern Kurdistan and the innovation movement in the region, this thesis is devoted to study this poet entitled (the Poetic Experience of Jalal Maleksha) to shed light on the experience and poetic world of the poet.

The thesis consists of three main sections: first, includes a short biography and works of Maleksha in the fields of poetry, tale, dictionary writing, journalism and translation. Maleksha was also influenced by Persian poets, especially Ahmad Shamlou, and by the poets of Southern Kurdistan, and these influences on his poetic experience are shown here and innovation in poetic experience of this poet is discussed as well. In the second section, the poetic content of Maleksha regarding national, resistance, philosophical, humanitarian and love issues is revealed. In the third section, the structure of his poetry concerning the poetic melody, artistic image, poetic language, story, narrative, dialogue and monologue are discussed and explained with poetry examples. Finally, we have reached several conclusions, and the references used are listed scientifically.

# The Poetic Experience of Jalal Maleksha

A thesis submited to the Council of the College of Education and language at charmo University-Chamchamal in Partial Fulfilment of the Requirements for the Degree of MSc in Kurdish literature.


By

Thuraya Ahmed Abdulla

BSc Degree in Kurdish language- University of Sulaymanya (2000)


**Supervised by**

Assistant Prof Dr.saman ezadin saedwn

October 2022 Xezelwer 2722